# خۆم و
# ئەستێرە گەشەکان

# خۆم و
# ئەستێرە گەشەکان

نەجمەدین عەزیز سمایل

## بەرگی حەوتەم

کوردستان- هەولێر - ٢٠٢٣

* ناوی کتێب: خۆم و ئەستێرە گەشەکان - بەرگی حەوتەم
* نووسینی: نەجمەدین عەزیز سمایل
* هەڵەچن و پێداچوونەوەی زمانەوانی: بەهادین جەلال مستەفا
* نەخشەسازی و بەرگ و سەرپەرشتیی چاپ: عوسمان پیرداود
* تیراژ:(٢٥٠)دانە
* چاپخانە: چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر
* مافی لە چاپدانەوەی تەنیا بۆ نووسەرە.
* نرخی (١٠،٠٠٠) دینارە.
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٨١٠)ی ساڵی ٢٠٢٣ی پێدراوە.

# پێشکەش

❊ بە هەموو ئەوانەی کە بەشدار بوون لە فێرکردنم.

❊ بە هەموو ئەوانەی کە مافیان لەسەر من هەیە.

❊ بۆ هاوسەرە ئازیزەکەم.

❊ بۆ هەموو منداڵە چاوگەشەکانم

# خۆم و ئەستێرە گەشەکان
# پرۆژەیەکی کراوە و ناکۆتا

ئامادەکردن و بەچاپگەیاندنی حەوت بەرگ لە کتێبی(خۆم و ئەستێرە گەشەکان) بۆ دوورە ولاتێکی وەک مامۆستا نەجمەدین عەزیز سمایل، کە بە ئاسانی دەستی بە پێداویستییەکانی خۆڵقاندنی فەرهەنگێک بۆ ناوداران ناگات، وێرای ئەوەی کارێکی سەخت و تاقەت پڕوکێنە، جورئەتێکی ئەدەبیشی پێویستە، لە بەر ئەوەی دەستی بۆ بابەتێکی هێندە ئاڵۆز و فرە ڕەهەند بردووە، هیچ نووسەرێکی ئەم جۆرە نووسینە لە ڕەخنەی توند و تەنانەت دڵ لێ ڕەنجانیش ڕزگاری نابێت. ئەم ستایلە لە کتێب کە هاوشێوەی(فەرهەنگی ناودارانی کورد)ە، نووسەر دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی گەورە، دەرهەق بە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبیی میللەتەکەی لە ڕێی باسکردنی ژیان و بەرهەمی ناوداران یان وەک مامۆستا دەڵێت(ئەستێرە گەشەکان)ەوە، هەر وەک چۆن نووسەر دەخاتە بەردەم ئەو پرسیارەیشەوە: ئەو نووسەرانە کێن کە شایستەی ئەوەن لە لاپەڕەکانی ئەم جۆرە کتێبانەدا هەبن و کێن ئەوانەی نابێت لەوێدا جێگەیان هەبێت؟ کێ بڕیار لە سەر شایستەبوون و نەبوونی ناودارێک دەدات؟!

هەروەها دەکرێت بپرسین: کام ئاستە لە نووسەرانی ناودار ئەم کتێبە دەیانگرێتەوە؟!

ئایا ناوداربوون بەسە بۆ ئەوەی نووسەرەکە یان هونەرمەندەکە یان بیرمەندەکە بخاتە خانەی باشترینەکانی بواری ڕۆشنبیری و هونەرەوە؟!

لە سەردەمی هیچگەرییەدا، جاری وایە خراپترینەکان بەناوبانگترینەکانن!

کەواتە مەرج نییە ناوبانگ هاوتای بەتوانایی و داهێنان بێت، ڕوویداوە هەندێ لە ئەستێرەکان زۆر درەوشاوەبوون و وەک خۆر و مانگ نکوڵی لە گرنگی و تیشکی داهێنانیان نەکراوە، هەشیانە مانگی دەستکردبوون و ئامادەکار یان نووسەری ئەم جۆرە فەرهەنگانە، مانگە دەستکردەکانیشیان لێ بووە بە ئەستێرەی پرشنگدار!!

لەگەڵ ئەوەیشدا کە ناتوانرێت هەموو بیر و بۆچوونەکان قایل

بکەین بەکارەکانمان، بەڵام دەکرێت ئەستێرەی دەستکردیان لێ نەکرێت بەڕاستەقینە. لە سۆنگەی نزیکیمەوە لە نووسەری ئەم کتێبە کە لە ڕیز و گەورەیی خۆیەوە هەندێ جار پرسیاری پێشنیازکردنی ناوی نووسەرانی لێکردووم، خۆشحاڵم زۆر زوو بە مامۆستا نەجمەددینم ڕاگەیاند ژمارەی ژنانی ناودار لە بەرگی یەکەمدا کەمە و پێویستە دادپەروەرانە باڵانسی جەندەریی لە بەرگەکانی دواتری ئەو کتێبەدا ڕابگیرێت. تەنانەت زۆربەی ئەو خانمانەی لە بەرگەکانی کتێبەکەدا هەن یان ناوەکان و ناونیشانیانم بە نامە بۆ مامۆستا ناردووە یان جار هەبووە وێنە و سەرچاوەشم بۆ ناردووە. هەر بەرگێک چاپ بووبێت لە کتێبەکە دڵخۆشبووم ئەو خانمانەی بەسەرکردۆتەوە کە نازانم بۆ چی کتێبەکانی مێژووی ئەدەبی و مێژوو بەگشتی ناوەکانیان لە یاد دەکات.

پێم وایە نووسەری حەوت بەرگەکەی(خۆم و ئەستێرە گەشەکان) شایستەی ستایش و دەستخۆشییە. هەر لە بەر ئەوە نا کە قوربانیی داوە بەکاتی حەوانەوە و دارایی خۆی و زێڕی هاوسەرەکەی لە پێناوی خولیای کۆکردنەوەی ناوی ناودارە کوردەکانی سەردەم و قۆناغە جیاوازەکان لە کتێبێکی چەند بەرگیدا، کە ئێستا بەرگی حەوتەمە و لەوانەیە لە ئایندەدا بەرگی دیکەش بێتە بەرهەم. بەڵکو لە بەرئەوەی بەرگەی ڕەخنە و ڕێگری و دڵشکاندنیشی گرتووە. پڕۆژەی کتێبەکە کراوەیە بەسەر ڕێگایەکی ناکۆتادا، چونکە بەردەوام ئەستێرەی نوێ لە دایک دەبن و لە ئاسمانی کۆن و نوێشماندا زۆر ئەستێرەی پرشنگدار نادیدەکراون، دڵنیام بەدەستی ئەنقەست نەبووە و مامۆستا نەجمەدین بەردەوام دەپرسێت و بۆچوونی هاوڕێ نووسەرەکانی وەردەگرێت.


پێشنیاز دەکەم تەواوی ئەم حەوت بەرگە یان بەرگەکانی ئایندەی(خۆم و ئەستێرە گەشەکان)لە یەک بەرگدا و بەیەک پێشەکی و بە سەلیقەیەک و وردبینییەکی زیاتر و بێ هەڵە و گرێ و گۆڵترەوە چاپ و بڵاوبکرێتەوە. هەر وەک چۆن د. محەمەد عەلی سوێرەکی کە نووسەرێکی کوردی ئوردنە کتێبی(معجم أعلام الكرد)واتە فەرهەنگی ناودارانی کوردی لە یەک بەرگدا و لە دوتوویێ ٨٤٩ لاپەڕەدا لە دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە لە سلێمانی چاپ کردووە.

بۆ دەرچوونیشی لە کێشەی پۆلێن نەکردنی زانستییانەی بڵاوکردنەوەی ژیاننامە و بەرهەم و وێنەی ناودارەکان یان ئەستێرەکان دەکرێت بەپێی پیتەکان یان هەر پۆلێنێکی ئەکادیمی لە کتێبەکەدا ڕێکبخرێن. بۆ نموونە وەک ئەو ڕێکخستن و پۆلێن کردنەی میربەسرِی لە کتێبی(أعلام الكرد) دا کردوویەتی. کۆکردنەوەی پرۆژەکە لە یەک بەرگدا ئەو کێشە زەقەیش چارەسەر دەکات کە شەش بەرگی بەناونیشانی(خۆم و ئەستێرە گەشەکان) و یەک بەرگ بەناونیشانی(من و ئەستێرە گەشەکان)ە.

لە کۆتاییدا حەزدەکەم ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بدەم، ئەگەر لە واقیعدا کۆکردنەوەی هەموو کورد نزیک بێت لە مەحاڵ، بە هۆی دۆخی سیاسی و دوژمنەکانی کورد و کێشەی جوگرافی و جیاوازییەکانی زمان و شێوەزارەکان و زۆر هۆکاری دیکە. جێگەی خۆشحاڵییە ئەم کتێبە و هاوشێوەکانی سنوورە دەستکردەکانیان بەزاندووە و تابووەکانیان شکاندووە و لە ڕێی ئەستێرەکانی ئاسمانی بەرینی کوردبوونەوە، کوردستانێکی یەکگرتوویان بۆ نەخشاندووین.

**کەژاڵ ئەحمەد**

**سلێمانی ٢٥– ٧ – ٢٠٢٣**




# مەلای گەورەی کۆیە

لە وتە بە ناوبانگەکانی:( بێ ویژدانییە خۆت بەڕەڵاکەی، ژن بە مادییەن و مەعنەویەن بخەیتە قەفەس، ئەمما بزانە، دڵ کرمێ بوون لەگەڵ غیرە جوودایە).

ئەو هەرگیز مەلایەکی تەقلیدی و کلاسیکی نەبووە، زانا و ڕووناکبیرێکی سەردەمی خۆی بووە، زانا و شاعیر و ئەدیبی ناوداری کورد، ڕەوانشاد مەلای گەورەی کۆیە ....

ناوی تەواوی(مەلا محەمەد کوڕی حاجی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا ئەسعەدی جەلیزادە)یە، بە مەلای گەورە ناسراوە، دایکیشی عائیشە خانی کچی حاجی بەکر ئاغای حەوێزییە، لە ساڵی ١٨٧٦ لە شاری کۆیە لە دایک بووە.

مەلای گەورە سەرەتا لای موستەعیدەکان(فەقێ ئەقدەمەکان)ی باوکی دەستی بە خوێندنی ئایینی کردووە تا کتێبی(الخادم)ی تەواوکردووە، کتێبی(الخادم) باپیری مەلای گەورە نووسیویەتی تا ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووش(سوختە) واتە قۆناغی یەکەمی خوێندنی فەقێیاتی، لەگەڵ کتێبی(احمدي و فتح القریب) و چەند کتێبێکی دیکە دەخوێندران، ئەو تەمەنی منداڵیی خۆی هەر لە حوجرە بەسەربردووە، هەر زۆر زوو


**مەلای گەورەی کۆیە**

قۆناغەکانی خوێندنی لای باوکی تەواوکردووە، یەکێک بووە لەو کەسە زیرەک و بلیمەتانەی ساڵی ١٨٩٤ کە تەمەنی(١٨) ساڵ بووە ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە.

بەهۆی بوونی کتێبخانەیەکی گەورە لە حوجرەی باوکی و لە ماڵەوە، دەرفەتێکی باشی بۆ هەڵکەوتووە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە خوێندنەوە و سوود وەرگرتن لە بەهرە و توانا و ئەزموونی باوکی، هەر لە مزگەوتی باوکی بۆتە وانەبێژی ئایینی و دەرسی بە فەقێیان داوە، دواتر بۆتە جێگری بەڕێوەبردنی حوجرەکەی باوکی، لە ساڵی ١٩٠٨ کە باوکی کۆچی دوایی


KOYA UNIVERSITY

جمهورية العراق الفدرالي
حكومة اقليم كوردستان
وزارة التّعليم العالي والبحث العلمي
جامعة كويه

**دراسة كتاب**

**" الجهود الإصلاحية للعلامة محمد جليزاده (ملای گەورە) في المجالات التربوية، الاجتماعية، السياسية"**

**لمؤلف اسماعيل شيخاني**

بحث مقدم إلى مجلس قسم التّربية الدّينية ، فاكلتي التّربية في جامعة كوية ، و هي جزء من متطلّبات نيل شهادة البكالوريوس في التربية الدينية

من قبل الطّالب:

( ژير خالد مصطفى )

إشراف

أ.م.د ( زوراب ابراهيم مولود )

٢٠٢٢ م ١٤٤٤ هـ ٢٧٢٢ ك

دەکات، ئەو تەمەنی (٣٢) ساڵان بووە، ڕاستەوخۆ دەبێتە بەڕێوبەری حوجرە و مەدرەسەکەی باوکی، ناو و ناودەنگی بە هەموو کوردستان بڵاودەبێتەوە هەتا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هاتوونەتە لای بۆ وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی.

مەلای گەورە لەساڵی ١٩١٢ بۆتە موفتیی شاری کۆیە، پاش سێ ساڵ بووە بە ئەندامی زانستی لە شاری مووسڵ، دواتر لە ساڵی ١٩١٩ گەڕاوەتەوە کۆیە بووەتە قازی قوزاتی(قاضی القضاة)ی کۆیە، تەنانەت لە شارە گەورەکانی کوردستان(هەولێر، سلێمانی) مەسەلە و گیروگرفتی شەرعییان هێناوەتە لای.

ئەو لەساڵی ١٩٢٤ بۆ ماوەی چوار ساڵ نوێنەری کورد بووە لە ئەنجومەنی تەشریعی (پەرلەمان)ی عێراقی لە بەغدا، لە ساڵی ١٩٢٨ گەڕاوەتەوە شاری کۆیە، بەیەکجاری وازی لەکاری حکومەت هێناوە، وەک زانا و بیرمەندێکی گەورە هەموو ژیانی خۆی بە وانە وتنەوە لە قوتابخانەی (جەلیزادە) و نووسینەوە بەسەربردووە.

مەلای گەورە مەلایەکی تەقلیدی و کلاسیکی نەبووە، ڕووناکبیر و زانایەکی سەردەمی خۆی بووە، ناسنامەی نوێی بەبەر کورد و کوردایەتیدا کردووە، ئەوەتا دەڵێت:

**هەتا دەمرم لە بۆ کوردان دەناڵم**
**عیلاجیان چۆن بکەم هاوار بەماڵم**
**دەبێ من کەیفی چیم بە دونیا بێ**
**قەومی من وا ڕەزیل و ڕیسوا بێ**

ئەو وەکو مەلایەکی بیر و ئاسۆ فراوان هەمیشە لەگەڵ مافی ئافرەتدا بووە، لەساڵی ١٩٢٤ یەکەم کەس بووە لە کوردستان ڕێچکەشکێنی کردووە، کچەکەی خۆی (نەجیبە خان)ی ناردۆتە قوتابخانەی کوڕان لە کۆیە، ئەو بەم هەنگاوەی دوو ئامانجی پێکاوە، یەکەم: ڕێگە خۆشکردن بووە بۆ کچان کە بچنە قوتابخانە و بخوێنن، دووەم: نەهێشتنی جیاوازی لەنێوان

ڕەگـەزی نێـر و مـێ.

ئەوەتا سـەبارەت بە ئافرەت وەکو(ژن ، دایک) دەڵێت:

« بێ ویژدانییە خۆت بەڕەڵاکەی، ژن بـە مادییـەن و مەعنەویـەن بخەیتە قەفـەس، ئەممـا بزانـە، دڵ کرمـێ بـوون لەگـەڵ غیـرە جوودانـە».

هەرووەها دەڵێت:

بۆ ئەساسی تەربیەت، ژن فەوقی پیاوە

ژن لای کوردان بێ قیمەتە، بۆیە کورد نابنە ئینسان


هەزار ناصحی وەک من، نابێ بە دایکێکی چاک!»


چەندین مـەلا ئیجازەیـان لەسـەر دەسـتی مـەلای گـەورە وەرگرتـووە، هـەر یەکەشـیان لـە شـوێنی خۆیـان بوونەتـە خاوەنـی پێگـە و بیـر و فیکـر و ڕای خۆیـان و هەڵگـری بیـر و فیکـرە شۆڕشـگێڕی و پێشـکەوتنخوازەکەی ئـەو بوونـە لەوانـە (مـەلا ئەحمـەدی ئاکرێ، مـەلا محەمـەدی مودەڕیس لـە دهـۆک، مـەلا شـێخ محەمـەدی تاهیـری شوشـێ، مـەلا ئەبوبەکـری کۆیـە، مـەلا سـادقی ماویلیـان، مـەلا عەبدولقـادری کانـی دەربەنـدی، مـەلا شـێخ عەبدولکەریمـی ئۆمـەراوە، مـەلا محەمـەدی شـێروانی، مـەلا مەحمـودی ڕاجی، مەلا مەعسـوومی هەورامـی و چەندانـی دیکـە).

مـەلای گـەورە چەندیـن بەرهەمـی بـە زمانـی کـوردی و عەرەبـی نووسـیوە، بەشـی زۆریـان لـە چاپدراون و بڵاوکراونەتـەوە کـە ئەمانـەن:


بەرهەمە عەرەبییەکان:

- المصقول في الاصول.
- القائد في العقائد.
- الكلام الجديد.
- حقيقة الإيمان.
- المشاهد.
- الإله و الطبيعة والعقل والنبوة.
- المعجزات والكرامات.


















- حقيقة الإسلام.
- أبهى المأرب وإثبات الواجب.
- كشف الاستار في مسألة الاختيار.
- ضياعان عظيمان.
- الاشخاص الستة.
- الحدس سلم الإرتقاء.
- خراب العالم.
- غايتي و املي في علمي و عملي.
- الوسيلة في علم اصول الفقه.

بەرهەمە کوردییەکان:


- حکایات خەون و کەرامات.
- دیاری مەلا محەمەدی کۆیی.


- عەقیدەی ئیسلام.
- نوێکەرەوە.
- فڕی فڕی قەل فڕی.
- تەفسیری قورئانی پیرۆز بە کوردی، ساڵی ١٩٤٣ تەواویکردووە، ساڵی ١٩٦٨ چاپکراوە.

زۆر لە بەرهەمە عەرەبییەکانی مەلای گەورە تا ئێستاش لە لایەن فەقێیەکان دەخوێندرێت، بەرهەمە کوردییەکانیشی زۆر لە نووسەر و لێکۆڵەری کوردی، لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیان لەسەر کردووە لەوانە:

- لە چوارچیوەی پڕۆژەی کتێبی nrt٤، کتێبی مەلای گەورە، سەرپەرشتیی نووسەر خەبات نەوزاد، ئامادەکردنی نووسەر دانا جەلیزادە.
- بەسەرهات و ژیانی زانا و ئەدیب و شاعیری ناوداری کورد مەلا محەمەدی کۆیی، نووسەر عەبدولخالق عەلائەدین.
- فڕی فڕی قەل فڕی، ئامادەکردن و پەراوێز نووسین، نووسەر قانع خورشید.
- گوڵی دڵی مەلای گەورەی کۆیی، لە نووسینی مەلا حوسێنی گورژی.
- دەردو دەرمانی زانایان، لیکۆڵینەوە لەسەر تەفسیرەکەی مەلای گەورە، نووسین و ئامادەکردنی نووسەر هێمن عومەر خۆشناو.

سەبارەت بە مەلای گەورە زۆر لە نووسەر و ئەدیبان باسیان کردووە، ئەواتا نووسەر و ڕووناکبیری گەورەی کورد، مەسعود محەمەد کە کوڕی مەلای گەورەیە، لە کتێبی(گەشتی ژیانم)باسی باوکی دەکات و دەڵێت:(باوکم تاکە مرۆڤێکە تەئسیری بێسنووری لێم کردبێ، ئەو تەئسیرە لە زۆر ڕووەوە بوو، بەڵام من تەنها باسی دوو ڕووی دەکەم کەوا زۆر بە سەیری پێچەوانەی یەکترن، ڕووی یەکەم: ئەوەیە کە حەقپەرستی و ڕاستگۆیی و ڕاستڕۆیی ئەو لەمندا ماکی تەقدیسی ڕاستی ڕسکاند، ئەو تەقدیسەش کێشایەوە سەر هەندێ کە تا ڕادەی قێز هاتنەوە و سل لە درۆزن و لە درۆ بکەمەوە بە تایبەتی لە مەیدانی کۆمەڵایەتیدا، ڕووی دووەمیش: ئەوەیە شەخسییەتی زێدە بە هێزی باوکم لە مندا وردە وردە هەستی لەخۆ






پەیکەری مەلای گەورەی کۆیە

ڕازیبوون بەخۆمدا کز کردەوە، ساڵ لە دوای ساڵ بە شێوەیەکی ئاشکراتر بۆم ڕوون دەبۆوە کە من هەر چی هەبم ناگەم بەو باوکە....هتد).

مەلای گەورە خودی خۆی و بەرهەمەکانی چەندین لێکۆڵینەوە و دیراسات و توێژینەوەیان لەسەرکراوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەر لە زانکۆکانی کوردستان لەوانە:

- الجهود الإصلاحية للعلامة محمد جليزاده(مەلای گەورە) في المجالات التربوية، الإجتماعية، السياسية، تأليف إسماعيل شيخاني، لێکۆڵینەوەیەکە لە لایەن قوتابی (ژێر خالید مستەفا) پێشکەش بە بەشی دینی کۆلێجی پەروەردەی کۆیە کراوە، بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، بە سەرپەرشتیی دکتۆر زۆراب ئیبراهیم مەولود.

- بەشی زانستییە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتیی زانکۆی سلێمانی وەک بەشێک لە داواکاری بڕوانامەی بەکالۆریۆس. لە ساڵی ٢٠٢١ قوتابی (ئیمان سدیق نامیق) توێژینەوەیەکی شیکاریی بە

ناوی(ڕۆڵی مەلای گەورە لە نووسینەوەی مێژوودا) بەسەرپەرشتیی دکتۆر بەهمەن ساڵح محەمەد پێشکەشکردووە.

چەندین لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی دیکەش.

دیارە پەیکەرێک بۆ مەلای گەورە دروستکراوە و لە کۆیە داندراوە.

لە ڕۆژی ١٢- ١٠- ١٩٤٣ کۆچی دوایی کردووە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت و گڵکۆی پڕ نوور و ڕەحمەت بێت.

سەرچاوەکان:

١ - پەیجی ئەلیکترۆنیی کوردڕاوم، نووسینێکی نووسەر کوردۆ شابان.

٢- History of Kurdish، وتارێکی نووسەر زریان ئەحمەد، لە ٣٠-٣-٢٠١٧.

٣ - کوردیپیدیا.

٤ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٥ - ماڵپەڕی فەیسبووک بە ناوی مەلای گەورە.

٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## محەمەد ئۆزون

خاوەنی ڕۆمانی(هاواری دیجلە)، کە باس لە مێژووی کورد و مێژووی بۆتان دەکات، دڵۆپ دڵۆپ ئاوی دیجلە شاهیدی(خۆشی، ئازار، غەدر، کوشتن و بڕینی کوردە)، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕۆماننووسی گەورەی کورد ڕەوانشاد محەمەد ئۆزون...

نووسەر و ڕۆماننووس محەمەد ئۆزون، لە ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی (سوێرەکا)ی سەر بە ناوچەی(ڕەها- ڕحا- اورفە) لە باکووری کوردستان لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەوێ تەواوکردووە، هەر زوو لە تافی لاوێتیدا تێکەڵ بە ڕێکخراوە چەپڕەوەییەکانی باکووری کوردستان بووە و دەستی بە کار و خەباتی سیاسی کردووە، لە کودەتایەکەی ١٢ی مایسی ساڵی ١٩٧٢، لەگەڵ چەند گەنجێکی دیکەی کورد دەستگیرکراوە و بە(٨)ساڵ حوکمدراوە، دواتر بە لێبووردنی گشتی ئازادکراوە، بەڵام ئەو هەر سووربووە لەسەر چالاکی و هەڵوێستەکانی، ساڵی ١٩٧٤ بۆتە سەرنووسەری گۆڤاری(ڕزگاری)ی کوردی، دواتر لە ساڵی ١٩٧٧ بە ناچاری وڵاتی بەجێهێشتووە و ڕووی لە وڵاتی سوید کردووە و لەوێ نیشتەجێبووە..

ڕۆماننووس محەمەد ئۆزون، یەکێکە لە دامەزرێنەرە سەرەکییەکانی




**لە لای ڕاستەوە: ڕۆماننووسی گەورەی( تورکی- بەڕەچەڵەك کورد)**
**یەشار کەمال، ڕۆماننووس محەممەد ئۆزون**

گۆڤاری(رزگاریا کوردستان) لە وڵاتی سوید، لە ساڵی ١٩٨٥ دەستی بەنووسینی چیرۆک و ڕۆمان کردووە، نۆبەرەی نووسینەکانی بە ڕۆمانی(تو) دەستپێکردووە و هەمان ساڵ بڵاوی کردۆتەوە، لە بەشی زۆری ڕۆمان و پەخشان و نووسینەکانی دیکەی باری سەختیی ژیان و ئازار و ئەشکەنجە و غەدر و ناهەموارەکانی گەلی کورد لە تورکیا و هەموو کوردستان ڕەنگی داوەتەوە، ئەو کەوتۆتە ژێر کاریگەریی بیروباوەڕی سۆشیالیزمی و بەرهەمەکانی بەشێوەیەکی نیمچە ڕیالیزمی(واقعي) نووسیوە، بە سەرقافڵە و پێشڕەوی ڕۆمانی نوێی کوردی دادەنرێت، بە زمانەکانی کوردی و تورکی و سویدی و ئەڵمانی و ئینگلیزی نووسیویەتی، کۆمەڵێک شاکاری بە نرخی لەدوای خۆی بەجێهێشتوە، ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

- تو، ڕۆمان، ١٩٨٥.

- ڕۆژەک ژ ڕۆژێن ئەڤدالێ زەینکێ، ڕۆمان، ١٩٨٧.
- مرنا کالەکی ڕند، ڕۆمان، ١٩٨٩.
- سیا ئەڤینێ، ڕۆمان، ١٩٨٩.
- دەستپێکا ئەدەبیاتا کوردی، ڤەکۆلین، ١٩٩٢.
- هێز و بەدەویا پێنووسێ، پەخشان، ١٩٩٣.
- ئانتۆلۆژیا ئەدەبیاتا کوردی، بەرگی دووەم، ١٩٩٥.
- بیرا قەدەرێ، ڕۆمان، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٨.
- ڕۆنی مینا ئەڤینێ تاری مینا مرنێ، ڕۆمان، ١٩٩٨.



ڕۆماننووس محەمەد ئۆزون

- هاواری دیجلەیێ،(١) ڕۆمان، ٢٠٠١.
- هاوارێ دیجلەیێ،(٢)، ڕۆمان، ٢٠٠٣

چەندین بەرهەمی دیکەش بە زمانەکانی تورکی و سویدی و ئەڵمانی و ئینگلیزی.

یەک لە هەڵبەستەکانی محەمەد ئۆزون(دەستانا عەگیدەکی) کە هونەرمەند جوان حاجۆ کردوویەتییە گۆرانی.

بەرهەمەکانی ڕۆماننووس محەمەد ئۆزون بۆ زیاتر لە(١٠) زمانی بیانی وەرگێردراون لەوانە(ئینگلیزی، سویدی، ئیتالی، فارسی، تورکی، نەرویجی...).

ئەو یەکەم کەس بووە لە تورکیا ڕۆمانی بە زمانی کوردی نووسیوە، لە ڕۆمانی(هاواری دیجلە) کە بە شێوەزاری کرمانجی نووسیویەتی، نووسەر سروە سۆران وەریگێڕاوەتە سەر شێوەزاری سۆرانی، لە ڕاستیدا هاوارێکە لە ناخی نووسەر محەمەد ئۆزون دەربارەی کورد و مێژووی بۆتان، ڕۆمانێکە جگە لە دیجلە کەس ناتوانێت بیگێڕیتەوە، دڵۆپ دڵۆپ ئاوی دیجلە شاهێدی(خۆشی، ئازار، غەدر، خیانەت، کوشتن و بڕینی کوردە) هەموو دڵۆپەکانی باس لە غەدر و بەرخودان دەکەن).

ڕۆمانی(ڕووناک وەک ئەوین، تاریک وەک مردن)ی محەمەد ئۆزون، کە لە ساڵی ١٩٨٨ بڵاویکردۆتەوە، لەسەر ئاستی جیهانی جێگای مشتومڕ و گفتوگۆ بووە، کە تێیدا باسی عەشقی کچە گەریلایەکی کورد دەکات لەگەڵ فەرماندەیەکی سەربازیی تورک کە بەدوای ڕەچەڵەکی خۆیدا دەگەڕێت، بە زمانی کوردی(شێوەزاری کرمانجی) نووسراوە، وەرگێڕدراوەتە سەر زیاتر(١٠) زمانی بیانی و زیاتر لە(١٠) جاریش چاپکراوەتەوە.

ڕەخنەگرانی(کورد، تورک، سویدی، ئەوروپی) تیشکیان خستۆتە سەر بەشی زۆری بەرهەمەکانی و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیان لەسەرکردووە.

ئەو نەخۆش بووە لە نەخۆشخانەی زانکۆی دیجلە لە (دیاربەکر- ئامەد) هاوڕێی دێرینی ڕۆماننووسی گەورەی(تورک- بەڕەچەڵەک کورد) یەشار کەمال سەردانی کردووەو وتوویەتی:(تۆ نووسەرێکی گەورە و گرنگی، لە






پۆلێك ئەدیب و رۆشنبیری لەسەر ئارامگای نووسەر محەمەد ئۆزون

دوارۆژدا رەخنەگران ئەمە ئاشکرا دەکەن، تۆ قامەتێکی گەورەی ئەدەبی کوردی...، وەکو نووسەرێکی گەورەی کورد دەچیتە ناو مێژووەوە، چونکە لەسەر ئیش و ئازار و ئاواتەکانی میللەتەکەت بە زمانی کوردیت نووسیوە، منیش کوردم!!، بەڵام تۆ کوردتری لە من، چونکە بە زمانی کوردیت نووسیوە، نەک هەر نووسین بە زمانی کوردی بەڵکو قسەکردنیش سزا و لێپێچینەوەی لەسەربوو).


لە پێنجەمینساڵیادی کۆچی دوایی نووسەر و رۆماننووس محمەد


ئۆزون، نووسـەر حەسـەن جەمـال میللەتی، نووسـینێکی سـەلاحەدین بایەزیدی لـە تورکییـەوە وەرگێڕاوە، کـە محەمـەد ئـۆزون خـۆی وتوویەتی:(یەکـەم ڕۆژی چوونـە قوتابخانـەم لـە سـیڤەرێک زلـلـەیەکم وێکـەوت، تەنانـەت تـا ئـەم سـاتەش لـە یادمـە، لـە حەسـاری قوتابخانـە کـە هەوڵمـان دەدا لەیـەک ڕیـزدا بوەسـتین بـە کـوردی قسـەمان دەکـرد، مامۆسـتای ئەسـتەنبوولی کـە ئەفسـەرێکی(یەدەگ- إحتیاط)بـوو، زلـلـەیەکی لێدام، گوتـی بـە تورکـی قسـە بکـە، بـەڵام خـۆ مـن تورکیـم نەدەزانـی).


سـاڵی ٢٠٠١ ئـەو کاتـەی لەلایـەن دادگای ئاسایشـی ئەسـتەنبووڵ بـە تاوانـی تیرۆر و جووداخـوازی تاوانبـار کرابـوو، ئـەم تۆمەتانـە بوونـە هـۆی ناڕەزایـی لەسـەر ئاسـتی نـاوەوە و دەرەوەی تورکیـا، لـە ئەوروپـا براوەکانـی خەڵاتـی نۆبـل هـەر یـەک لە(نادیـن گۆردیمـە، گونتیزگـراس، ئێلـیَ ویسـبێل و ئەندامانـی ئەکادیمـی دانیمارکـی و ئەندامانـی ئەکادیمـی سـویدی وچەندانـی دیکـە) نامەیـان واژۆ و ئاراسـتەی لێپرسـراوانی دەوڵەتـی تورکیـا کـردووە.

ئەو لە چەندین بواری دیکە چالاکی هەبووە لەوانە:

- یەکێک بـووە لـە دامەزرێنـەرە سـەرەکییەکانی ڕێکخراوی(پێنووسـی کـورد) لـە وڵاتـی سـوید.
- لێپرسـرا و سـەرنووسـەری گۆڤـاری ڕزگاری کـورد بـووە، لـە تورکیـا، لـە سـویدیش.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی سویدی بووە.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی سویدی و جیهانیی بووە.
- لە زۆر لەدەزگا و ڕێکخراوە ڕۆشبنیرییەکانی ئەورپا چالاکی نواندووە.
- فلمێـک لەسـەر محەمـەد ئـۆزون لەلایـەن هونەرمەنـد ئەحمـەد گوینەشـی وێنەگر دەرهێنراوە، نووسـەر مەعسـووم ئەلماس، لە فلیمەکەدا شـیعرەکەی محەمـەد ئـۆزون بـە کـوردی دەخوێنێتـەوە، شـاعیر یلمـاز ئەردۆغانیـش شـیعرە تورکییەکـەی کـە لاواندەوەیـە بـۆ ئـۆزۆن لەسـەرەتای فلیمەکـە دەخوێنێتـەوە، بـە ڕاسـتی زۆر کاریگـەرە.












**بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی ڕۆماننووس محەمەد ئۆزون**

- چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە لە(تورکیا و سوید و ئەلمانیا لە باشووری کوردستانیش.

ئەو هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو زۆزان کردبوو، کچێکیان هەبووە بە ناوی(زریان).

لە ڕۆژی ١٣-٧-٢٠٠٦ لە وڵاتی سوید نەخۆش کەوتووە، گەڕاوەتەوە باکووری کوردستان (دیاربەکر- ئامەد) پێشوازییەکی گەرمی لە لایەن سەرۆکی شارەوانی ئامەد بەڕێز(عوسمان بایدەمیر) و ڕۆشنبیران لێکراوە، بۆیە هەر ئەو کات وتوویەتی:(ئامەد گیانی پێ بەخشیمەوە)، پاش نزیکەی ساڵێک و سێ مانگ چۆتە ئەستەنبووڵ و دواتر گەڕاوەتەوە سوید، بەڵام باری تەندروستی بەرەو خراپی ڕۆیشتووە و هاتۆتە ئامەد لە نەخۆشخانەی زانکۆی دیجلە لە ئامەد، وەسیەتی کردووە کە هەر لە ئامەد بینێژن و وتوویەتی(من خۆم بە قەرزاری گەلەکەم و ڕۆشنبیرییەکەی دەزانم)، لە ڕۆژی ١١-١٠-٢٠٠٧ کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە

بێت، گڵکۆی پڕ گوڵ و گوڵزار و چراخان بێت.

ڕۆشنبیرانی کورد و هەوادارانی لە باکووری کوردستان و شارەکانی دیکەی هەموو کوردستان ساڵانە یادی دەکەنەوە و سەردانی ئارامگاکەی دەکەن

.


سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی فەیسبووکی Mem u Zin، لە ١٣- ٤- ٢٠٢١.

٢ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی ANF News، لە ١١-١٠-٢٠٢١.

٣ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی Roj News، لە ١١- ١٠ -٢٠٢٠.

٤ – ماڵپەڕی Politic، لە ٢٦- ٤- ٢٠١٩.

٥ - کوردیپیدیا.

٦- Wikiwan.

٧ - ماڵپەڕی فەیسبووکی،Dirok u bandoren Kurdan، لە ٥- ١ - ٢٠١٩.

٨ - ماڵپەڕی(ملتقى الحضارات))..

٩ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# خەلیلێ چاچان مورادۆڤ

نووسەر و ڕۆژنامەنووسی کوردی ئێزیدیی یەکێتیی سۆڤییەتی جاران، ڕەوانشاد خەلیلێ چاچان مورادۆڤ...

خەلیلێ چاچان مورادۆڤ لە ساڵی ١٩٢٤ لە وڵاتی ئەرمەنستانی یەکێتیی سۆڤییەتی پێشوو لە خانەوادەیەکی ئێزیدیی دڵسۆز و کوردپەروەر لەدایک بووە، لای هەمووان ڕوون و ئاشکرایە کە کوردانی ئەرمەنستان لە ماوەی زیاتر لە(١٠٠)ساڵی ڕابردوو زۆر نووسەر و زمانەوان و فەرهەنگنووس و ڕۆژنامەنووس و میدیاکاری گەورە و بە ناوبانگیان تێدا هەڵکەوتووە، کە خزمەتێکی زۆری زمان و ئەدەب و کەلتوور و فۆلکلۆری کوردییان کردووە، خەلیلێ چاچان مورادۆڤ یەکێکە لەو کەسانەی کە لە ساڵی ١٩٥٧ تاوەکو ساڵی ١٩٨١ بەڕێوەبەری ڕادیۆی کوردی یەریڤان بووە، لە کاتی ئەودا سەدان گۆرانیبێژی کورد ڕوویان لەم ڕادیۆیە کردووە، لە سەرەتادا(٣) گۆرانیبێژ کاریان تێداکردووە ئەوانیش(بێمالێ کەکۆ، سوسیکا سمۆ، مەمێ خلۆ) دواتریش(کاراپێتی خاچۆ و داودی خلۆ) هاتوون و گۆرانییەکانیان تۆمارکردووە.

ئەو زۆر هەوڵی داوە دەنگی گۆرانیبێژانی کورد لە ڕادیۆی یەریڤان بەردەوام بێت و نەبڕێت، زۆریش لە خەمی تۆمارکردن و بە ئەرشیفکردنی گۆرانیی گۆرانیبێژانی کورد بووە، هەتا لەسەر ئەرک و خەرجیی خۆی



**ستافی ئێزگەی کوردیی یەریڤان سالانی پەنجا و شەستەکانی سەدەی ڕابردوو**

ستۆدیۆی بۆ بەکرێ گرتوون، ئەوەتا تەیمور چاچان کە کوڕی خەلیلێ چاچانە دەڵێت:(گۆرانیبێژ شەرۆیێ برۆ لە تەبلیسی دەژیا و نەدەهاتە یەریڤان، باوکم تایبەت بۆ بینینی ئەو چووە بەتلیسیی و ماوەی یەک حەفتە لەوێ مایەوە و ستۆدیۆیەکی تایبەتی بەکرێ گرت و دەنگ و گۆرانیی شەڕۆیێ برۆی تۆمارکرد و هێنایەوە بۆ ڕادیۆی یەریڤان)، لە ماوەی(٢٤) ساڵ کە بەڕێوەبەری ڕادیۆکە بووە، زیاتر لە(١٤٠٠) گۆرانیی فۆلکلۆریی کوردی تۆمارکردووە.

کاتێک سەرکردەی نەمر مەلا مستەفای بارزانی سەردانی ئەرمەنستان دەکات، کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵی لەسەر پەخشی ڕادیۆی کوردی سازدەکات. یەکێک لە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە خەلیلێ چاچان مورادۆڤ بووە، تێموورێ خەلیل چاچان لەبارەی ئەو دیدارە دەڵێت:(مەلا مستەفای بارزانی تایبەت بۆ بینینی کورد هاتە ئەرمەنستان و سەردانی ئەلەگەز و هەکۆی کرد، هەروەها سەردانی ڕادیۆی یەریڤانیشی کرد و پرسیاری لە باوکم کرد کە ئەوان چۆن دەتوانن هاوکاریی ڕادیۆ بکەن، ئەوکاتە باوکم و عەرەبێ شەمۆ و مەلا مستەفا بارزانی چوونە ژوورێک، باوکم نامەیەکی

دایـه دەسـت بارزانـی کـه بـه زمانـی ڕووسـی نووسـیبووی و داوای لێکـرد بیداتـه کاربەدەسـتانی دەوڵەتـی سـۆڤیەت، لـەو نامەیـەدا داوای کردبـوو کاتـی پەخشـی ڕادیـۆ زیـاد بکرێـت، دیـارە دوای سـێ مانـگ کاتەکـە ٣ بەرامبـەر زیادکـرا).


هـەروەها نووسـەری بەناوبانـگ وەزیـری ئەشـۆ سـەبارەت بـە نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس خەلیلـێ چاچـان مـورادۆڤ دەڵێت:(خەلیـل مـورادۆڤ بـە هـۆی تۆمارکردنـی گۆرانییـەکان، کارێکـی زۆر گـەورەی کـرد لـە پێنـاو ڕزگارکردنـی هـەزاران گۆرانیـی کـوردی لـە مـردن و فەوتـان، بـۆ خـۆم بینیـم کـە بەهـەر شـێوەیەک بووبێـت هونەرمەنـد و دەنگبێژانـی لـە ڕادیـۆی کـوردی کۆدەکـردەوە و زۆرجاریـش لەنێـو ژوورەکانیـدا تێسـتی بـە دەنگبێـژان دەکـرد).

نووسـەر خەلیلـێ چاچـان چەندیـن بەرهەمـی بـە زمانـی کـوردی بـە پیتـی لاتینـی نووسـیوە کـە ئەمانـەن:

- کلامێن جماعەتا کوردان (Kilamên Cimaeta Kurdan)، ١٩٦٣.
- دوو پۆئێـم (Du Poêm) چیرۆکـە فۆلکلۆرییەکانـی مەمـێ و عەیشـێ، و زەمبیلفـرۆش، ١٩٦٥.
- قسێن جماعەتێ (Qisên Cimaetê) کۆکراوەی فۆلکلۆر، ١٩٦٩.



خەلیلێ چاچان



**لە لای ڕاستەوە: خاتوو ئەزنیفا ڕەشیدی هاوسەری خەلیلێ چاچان، تەیموریێ خەلیلێ چاچان، خەلیلێ چاچان**

- مۆریێ نەنێ (Morîyê Nenê)، ڕۆمان، ١٩٧٢.
- بەنێ من قەتیا (Benê Min Qetiya)، ٢٠٠٧.
- جەواهرێن کوردی (Cewahirên Kurdî)، ٢٠١٠.

نووسەر خەلیلێ چاچان مورادۆڤ ڕۆژنامەنووسێکی بە تواناش بووە، چەندین وتاری لە ڕۆژنامەکانی(ریا تازە، ئازادی ئەرمنستان، دەنگێ کۆمار، ڕۆژا کوردستان و چەند ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکەی ئەو سەردەم) بڵاوکردۆتەوە.

کە باسی کار و ڕەنجەکانی نووسەر و ڕۆژنامەنووس خەلیلێ چاچان، لە ڕادیۆی کوردیی یەریڤان دەکەین، نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت کە هاوسەرەکەی ڕەوانشاد خاتوو(ئەزنیفا ڕەشیدی)، ئەویش ساڵی ١٩٥٥ وەکو یەکەمین ژنە بێژەری کورد لە ڕادیۆی یەریڤان کاریکردووە، دیارە بێژەری ژنی دیکەش هەبووە لەوانە(زەینەبا ئیۆ) کە هاوسەری نووسەر حەجیێ جندی بووە، لە ڕادیۆی لۆکاڵی کوردی کاریکردووە کە حەفتانە تەنیا(١٠) دەقیقە پەخشیان هەبووە.

نووسەر خەلیلێ چاچان مورادۆڤ ئەندام بووە:

- لە حیزبی شیوعیی سۆڤیەت.
- ئەندامی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی سۆڤیەت، ئەرمنستان بووە.
- ماوەیەک سکرتێری کۆمیتەی ناوچەی ئێلیگێزێی ئەرمنستان بووە، چەندین جموجۆڵ و چالاکیی دیکەی هەبووە.

چەندین نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەری کورد تیشکیان خستۆتە سەر ژیان و بەرهەم و کارەکانی بۆ پاراستنی هونەر و فۆلکلۆری کوردی لەوانە (قەناتی کوردۆ، حەجیێ جندی، ئەمەریکێ سەردار، جگەرخوێن،



**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، خەلیلێ چاچان**




**گڵکۆی خەلیلێ چاچان و خاتوو ئەزنیفا ڕەشیدی**

فێرکێ ئـووس، چەندانـی دیکـەش)، هەتـا نەمـر مـەلا مسـتەفای بارزانـی باسـی خەلیلـێ چاچـان مورادۆڤـێ بـەم جـۆرە کـردووە (ڕادیـۆی کوردیـی یەریڤـان و بەڕێوەبەرەکـەی خەلیـل چاچـان ڕۆلێکـی گەورەیـان هەبـووە لـە وشـیارکردنەوەی گەلـی کـورد).

خەلیلـێ چاچـان مـورادۆڤ لـە ١٣ - ١١ - ١٩٨١ کۆچـی دوایـی کـردووە، ڕەوانـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێت.

سەرچاوەکان:


١- Rudawnet، وتارێکی نووسەر ساڵحێ کەڤربڕی، لە ٣-٢- ٢٠١٤.

٢ - کوردیپێدیا.

٣ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٤ - نووسـەر و ڕۆشـنبیر جەمیل مـەلا قـەرە، هەندێ وێنـە و نووسـینێکی بـە پیتـی لاتینی بۆ نـاردووم، سوپاسـی دەکـەم.

٥ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ناهیدە ڕەفیق حیلمی

وەکو باس دەکرێت ڕەوانشاد ڕەفیق حیلمیی باوکی بە ناوی یەکێک لە پیرۆزییەکانی ئاایینی زەردەشتییەوە ناوی ناوە(ئەناهید- ناهیدە)، ئەو لە ژنە هەرە ڕووناکبیرە گەورەکانی کورد بووە لە سەدەی بیستەمدا، نووسەر و چالاکوان و ڕووناکبیر، ڕەوانشاد خاتوو ناهیدە ڕەفیق حیلمی..

نووسەر ناهیدە ڕەفیق حیلمی لە ساڵی ١٩٢٨ لە شاری کەرکووک لە دایک بووە، پاش تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی لە ساڵی ١٩٤٨ کە تەمەنی(٢٠) ساڵان بووە، چووەتە بەیرووتی پایتەختی وڵاتی لوبنان (٢) ساڵ زمانی ئینگلیزی خوێندووە، لە ساڵی ١٩٥١ وەکو یەکەمین ژنی کورد چۆتە ئەمەریکا لە زانکۆی (کلارک) بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستی جوگرافیا بەدەستهێناوە، دواتر چەند ساڵێک لە وڵاتی سوید ژیاوە و لە تەمەنی (٣٤) ساڵیدا بڕوانامەی ماستەری لە زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وەرگرتووە، ماوەیەکیش لە وڵاتی هۆڵەندا ژیاوە و بڕوانامەی دبلۆمی باڵای لە زانستی خزمەتی کۆمەڵایەتی لە شاری لاهای وەرگرتووە، دواتر گەڕاوەتەوە عێراق لە بەغدا ژیاوە، لە پاش ساڵی ٢٠٠٠وە، کە نەخۆش کەوتووە گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی.

نووسەر و ڕووناکبیر ناهیدە ڕەفیق حیلمی هەر لە منداڵییەوە لەبەر دەستی ڕەفیق حیلمیی باوکی گەورە بووە، زۆر خولیای خوێندنەوەی زانستە جیاوازییەکان بووە، ئەو یەکێکە لەو ژنە کوردە دەگمەنانەی کە زۆر




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس دوڕیە عەونی، نووسەر ناهیدە ڕەفیق حیلمی، سەرکردەی نەمر مەلا مستەفای بارزانی، لە کاتی هاتنەوەی لە سۆڤییەتی جاران، سەردانی ماڵی ڕەفیق حیلمی کردووە، لە ساڵی ١٩٥٨**

ئازا و بوێرانە چۆتە ناو دنیای نووسین و چالاکیی ئەدەبی و ڕۆشنبیری، بە تایبەتیش لە بواری مافی ژنان، بەشداریی لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدەبیی کوردی و عەرەبی ئەو سەردەمی کردووە لە بەغدا، پەیوەندییەکی باشیشی لەگەڵ شاعیر و نووسەرە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەم هەبووە، لەوانە(لەمیعە عەباس عیمارە، عاتیکە خەزرەجی، ئەمیرە نورەدین، نازک مەلائیکە، عەبدولوەهاب بەیاتی، نزار قەبانی، مەحمود دەروێش و چاندانی دیکە)، چەندین کۆڕی شیعری عەرەبی و کوردیی بەڕێوە بردووە.

خاوەنی چەندین کتێبە لە بوارەکانی سیاسی و مێژوو و گژوگیا و دروستکردنی خواردەمەنی و بیرەوەرییەکانی، سەرەڕای بڵاوکردنەوەی دەیان وتار و لێکۆڵینەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە عەرەبی و کوردییەکاندا بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، لە بەرهەمەکانی:

- دلیل المسافر، قاموس مفردات و محادثات، بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی، ساڵی ١٩٨٥ چاپکراوە.
- مسیرة حیاتي منذ طفولتي حتی الآتي عبر العالم في رحلاتي، صدرت عن بیت المتنبي في بغداد عام ٢٠١٦.
- کتێبی(بەسەرهاتی ڕەفیق حیلمی)، کە شاعیری دیار و ناسراوی کورد




خاتوو کەژاڵ ئەحمەد پێداچوونەوەی لە ڕووی زمانەوانی و ڕێنووسەوە بۆ کردووە.

– کتێبێک لەسەر گژوگیا و دروستکردنی خواردەمەنی بەشی زۆری وڵاتانی جیهانی.

ناهیدە ڕەفیق حیلمی وەکو ژنە چالاکوانێکی کورد، لە هەموو ئەو گەشتانەی کە لەگەڵ ئافرەتانی عێراقی لە ڕێکخراوە پیشەیی و ڕۆشنبیرییەکان بۆ وڵاتانی عەرەبی و جیهانی کردبێت، وەکو ژنە کوردێکی کوردپەروەر، گەلانی ئەو وڵاتانەی بە بارودۆخی کورد و مافە ڕەواکانی ئاشنا کردووە.

سەبارەت بە ناهیدە ڕەفیق حیلمی، خاتوو ژیان ڕەفیق حیلمیی خوشکی دەڵێت:( بیست ساڵ خزمەتی ناهیدەی خوشکم کرد، ئەو کاتەی لە ناو جێگادا کەوتبوو، لە لای دادەنیشتم و وردە وردە بیرەوەرییەکانی بۆ باس دەکردم و منیش بۆم دەنووسییەوە، دواتر خۆم لە کتێبێکدا بە ناوی(ئەمە منم، ئەوەش ئێوە) بە چاپم گەیاند، هەروەها وتارەکانیشی کە یەکێک لە



نووسەرە ناودارەکانی عێراق و عەرەبی لە وێنەکەدا یەك ئافرەتی تێدایە لەلای چەپ لە سەرەوە: ناهیدە ڕەفیق حیلمی



ناهیدە لە نەخۆشخانە، لە لای ڕاستەوە: خاتوو ژیان ڕەفیق حیلمی، نووسەر مەجیدساڵح

ئاواتەکانی بوو لە هەمان کتێبدا بڵاوم کردوونەتەوە، ئەو هەمیشە چاوی لە ئازادی و سەربەخۆیی گەلەکەی بوو).

بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی سلێمانی کتێبێکی بەڕێز نووسەر مەجید ساڵح سەبارەت بە ژیانی ناهیدە ڕەفیق حیلمی لە چاپداوە و پەیکەرێکیشی بۆ دروستکردووە لە پێش بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردی سلێمانی دانراوە.

نووسەر و ڕووناکبیر ناهیدە ڕەفیق حیلمی پاش(٢٠) ساڵ لە نەخۆشی، لە ڕۆژی ١٩-٦-٢٠١٩ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانیشاد و ئارام و ئاسوودە بێت.


سەرچاوەکان:

١ – وزارة الثقافة العراقية، الثقافة الكردية، وتارێک لە ٢٠-٦-٢٠١٩.

٢ – ماڵپەڕی ئاوێنە، لە ٢٠-٦-٢٠١٩.

٣- Wikiwand.

٤- Mewda Midia، لە ٣- ٢ – ٢٠٢٢.

٥ – کوردیپێدیا.

٦- Rudaw، وتارێکی نووسەر عومەر شایان، ٣٠-٥- ٢٠١٩.

٧ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئەحمەد ئابڵاخی

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ، ڕەخنەگر و لێکۆڵەری فیکری و فەلسەفی، ڕەوانشاد ئەحمەد ئابڵاخی...

ناوی تەواوی(ئەحمەد محەمەد ئابڵاخی)یە، لە ناوەندی ڕۆشنبیری بە ئەحمەد ئابڵاخی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی(ئابڵاخ) کە ئەو کات لە نزیک شاری سلێمانی بووە، ئێستاش کەوتۆتە ناو شاری سلێمانی لە خێزانێکی مام ناوەند لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لە گوندی ئابڵاخ تەواوکردووە، خوێندنی ناوەندیشی لە ناوەندیی سیروان تەواوکردووە، ئامادەیی بازرگانی بە پلەیەکی زۆر باش تەواوکردووە و لە کۆلێجی(کارگێڕیی و ئابووری- الإدارة و الإقتصاد) لە بەغدا وەرگیراوە، لەبەر نەبوونی و دەستکورتی نەیتوانیوە بەردەوام بێت لە خوێندن، چووەتە بەشی(ژمێریاری- محاسبة) لە پەیمانگای کارگێڕی لە سلێمانی و بەسەرکەوتوویی تەواوی کردووە، چونکە زۆر حەزی لە خوێندن بووە، دواتریش کۆلێجی کارگێڕی و ئابووریشی هەر بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە، لە ١٥-١٠-١٩٧٧ وەکو(نووسەری ژمێریاری- کاتب حسابات) لە کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار دەستبەکاربووە، لەبەر بەتوانایی لە بواری پسپۆڕیی خۆی پاش(٥) ساڵ بۆتە بەڕێوەبەری ژمێریاری، تا ساڵی ١٩٨٩



**لەلای ڕاستەوە: هاوسەری شاعیر و نووسەر ئابلاخی، شاعیر و نووسەر ئەحمەد ئابلاخی**


بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە هەمان شوێن، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ۱۹۹۱ خزمەتی خۆی گواستۆتەوە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان چەندین وەزیفەی دیکەی بینیوە، دواتر مۆڵەتی بە بێ مووچەی وەرگرتوە لە کۆمپانیای(ئاسیا سێل) دەستبەکاربووە تا خانەنشینی.

ئەو زۆر حەزی لە خوێندنە، بۆیە بڕوانامەی ماستەریشی لە بواری کارگێڕی و ژمێریاری بەدەستهێناوە.

شاعیر و نووسەر ئەحمەد ئابلاخی، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، بۆ بژێوی ژیانی خۆی ماوەیەک کاری(هەڵەچن)یی لە ڕۆژنامەی هاوکاری کردووە، وەکو قوتابییەکی کوردیش بەردەوام هاتوچۆی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی لە بەغدا کردووە و بەتەواوی حەز و خولیای چۆتە سەر ئەدەب و نووسین، ئەو لە ساڵی ۱۹۷٦ وەکو هەر گەنجێکی دیکەی کوردیی ئەو سەردەم بە شیعر نووسین دەستی پێکردووە، دیوانێکی شیعری بەناوی(بەهار و نێرگز و چاوەکانت) بڵاوکردۆتەوە.

لە ساڵی ١٩٧٧ لە شیعر نووسین دوورکەوتۆتەوە، ڕووی لە نووسینی لێکۆڵینەوەی و ڕەخنەی ئەدەبی و فیکریی و فەلسەفیی کردووە، دواتریش وەرگێڕان، ئەو کۆمەڵێک شانۆنامەی جیهانیی و نووسینی فیکریی و فەلسەفیشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، خاوەنی(٩) کتێبی چاپکراوە کە دیوانێکی شیعرییە و ئەوانی دیکەش هەندێ لێکۆڵینەوە وەرگێڕانە، کە ئەمانەن:

- دیوانی شیعری(بەهارو نێرگز و چاوەکانت)، ساڵی ١٩٧٦.
- لێکۆڵینەوە دەربارەی خەیام لەبەر ڕۆشنایی شیعرەکانیدا، وەرگێڕان.
- شانۆنامەی(چاوەڕوانی گۆدۆدا)، لە نووسینی سامۆئێل بێکت، وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراق چاپیکردووە.
- مرۆڤە ترسناکەکان، وەرگێڕان، کۆمەڵە چیرۆکیکی نووسەرێکی سوورییە.



شاعیر و نووسەر ئەحمەد ئابلاخی

- پێنخ وتاری شانۆیی، وەرگێڕان، بە هاوبەشی لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لقی سلێمانی.
- نامیلکەی(لینین دەربارەی ڕۆلی ئافرەت لە کۆمەڵدا)، وەرگێڕان.
- شانۆنامەی تەبایی، وەرگێڕان.
- ئاوەداکردنەوەی کوردستان.
- نامەیەک بۆ هاوڕێیەک، وەرگێڕان، لەنووسینی لینین.
- ئەلف و بێی کۆمۆنیستی، وەرگێڕان، نووسەر کەمال ڕەئوف پێشەکی بۆ نووسیوە، چەندین بەرهەمی دیکەش
- دەیان لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ڕۆشنبیریی و ڕەخنەیی و فیکریی و فەلسەفی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.

نووسەر و لێکۆڵەر ئەحمەد ئابلاخی چەندین چالاکیی ئەدەبی ڕۆشنبیری و هونەریی و میدیاکاری نواندووە لەوانە:

لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ماوەیەک بەرنامەی(گەورە پیاوانی جیهان)ی لە ڕادیۆی کوردی بەغدا ئامادە و پێشکەشکردووە.

- پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بووەتە ئەندام لە کۆمەڵی هونەر و وێژەی




بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر ئەحمەد ئابلاخی

سلێمانی، پاش(٥)ساڵ بووەتە سەرۆکی بەشی ئەدەبی، لەم ماوەیەدا بە هاوکاری و هاوبەشی نووسەر و هونەرمەندانی دیکە توانیویانە(١٢) کتێب لە بوارەکانی ئەدەبی و هونەری نواندن و مۆسقا و چەندین شانۆنامە لەچاپبدەن.

- ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی هەرێم بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٨ەوە، ئەندامی دەستەی یەکێتیی نووسەرانی کورد بووە، ماوەیەکییش ئەندامی دەستەی بەڕیوەبردنی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی بووە.

- سەرنووسەری گۆڤاری(ڕۆژی سلێمانی)بووە.

سەبارەت بە شاعیر و نووسەر ئەحمەد ئابڵاخی، نووسەر و هونەرمەند یاسین قادر بەرزنجی دەڵێت:(ئەحمەد ئابڵاخی یەکێکە لەو ڕووناکبیر و خاوەن قەڵەمانەی کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ژیانی ئەدبی و هونەری من هەبووە، هەر لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە یەکێک بووە لەو ڕەخنەگرە خاوەن پەیامانەی کە بە شوێن بەرهەمە شانۆییەکانی ئێمە کەوتووە و بە ووردی لەسەری ئەنووسێت، ئەو یەکێکە لەو ڕۆشنبیرانەی کە پاشخانێکی ئەدەبی و فیکریی یەکجار باشی هەیە، لەهەر مەسەلەیەک بدوێت بەرپرسانە ئەدوێت، بۆیە من گەلێک سوودم لێی وەرگرتووە، هەمیشە بە مامۆستای خۆمی ئەزانم).

خزمەتێکی زۆری بواری ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردی کردووە، لە ڕۆژی ٢٤-٤- ٢٠٢١ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانیشاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

١- Gksattv، فلمێکی دوکیومێنتاری.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## دکتۆر جەمال رەشید

یەکەمین مێژوونووسی کوردە کە چۆتە بنج و بنەوانی مێژووی کۆنی کورد و کوردستان و بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی نووسیویەتی، مامۆستای زانکۆ و پسپۆری مێژووی کۆنی کورد، ڕەوانشاد پڕۆفیسۆر دکتۆر جەمال رەشید ...

ناوی تەواوی(جەمال سەید ڕەشید سەید ئەحمەد شاهۆیی)یە، لە ناوەندی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بە دکتۆر جەمال ڕەشید ناسراوە، لە ٣-٦- ١٩٤١ لە(قەڵای کەرکووک) لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەکانی(قەڵای یەکەم و دووەم) تەواوکردووە، ناوەندی و دواناوەندیشی لە(ثانویة المصلی- دواناوەندی موسەڵڵا) تەواوکردووە، لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا تەواوکردووە، بۆ درێژەدان بە خوێندن لە ساڵی ١٩٦٨ چووەتە وڵاتی بولگاریا و لە شاری(سۆفیا) بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرای لە مێژووی کۆنی کورد بەدەستهێناوە، لە ساڵی ١٩٧٣ گەڕاوەتەوە عێراق، لە بەشی کوردیی زانکۆی سلێمانی وەکو مامۆستای مێژووی کوردی دەستبەکار بووە، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلوول کردووە و بۆتە پێشمەرگەی



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر کوردستان موکریانی، دکتۆر جەمال ڕەشید**

کوردستان، لە کاتی بۆردمانکردنی شاری قەڵادزێ و زانکۆی قەڵادزی ئەو لەوێ بووە، پاشان بۆتە مامۆستا لە پەیمانگای کادیران لە(زینوێ شێخی)، لە ساڵی ١٩٧٥ پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ(میر تەحسین بەگ) میری ئێزیدییان چووەتە شاری دیمەشق، لەوێشەوە پاش ماوەیەک چۆتە وڵاتی هۆڵەندا و لەوێ نیشتەجێ بووە.

دکتۆر جەمال ڕەشید لە ساڵی ١٩٨٠ گەڕاوەتەوە کوردستان و وەکو مامۆستای مێژووی کورد لە زانکۆی سەلاحەدین خزمەتی کردووە، لە ساڵی ١٩٨٢ پاش خۆپیشاندانەکانی قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین و جەماوەری شاری هەولێر، تاوانبارکراوە بە ڕێکخەر و پشتگیریکردنی خۆپیشاندانەکە، بۆیە وەکو سزایەک فەرمانی گواستنەوەی دەرچووە بۆ شاری (بەسرە) لە خوارووی عێراق، بەڵام ئەو فەرمانەکەی جێبەجێ نەکردووە و نەچۆتە بەسرە، دواتر لە ڕێگای چەند هاوڕێ و کەسانێک گواستراوەتە بەشی مێژوو لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا، هاوسەرەکەشی دکتۆرە کوردستان موکریانی گواستراوەتە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا، بۆتە سکرتێری نووسینی گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، دکتۆر جەمال ڕەشید

پاش ماوەیەک دووبارە گواستراوەتەوە زانکۆی سەلاحەدین دەرێژەی بە خزمەتی خۆی داوە.

لە ناوەڕاستی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو گەڕاوەتەوە وڵاتی هۆڵەندا، هەموو کاتی خۆی بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد تەرخان کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٣ جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە کوردستان وەک ئەندام لە کۆڕی زانیاریی کورد دامەزراوە.

دکتۆر جەمال ڕەشید، یەکەمین مێژوونووسی کوردە بە شێوازێکی ئەکادیمی و زانستییانە بەتەواوی چووەتە بنج و بنەوانی و ڕەگ و ڕیشەی مێژووی کورد و کوردستان، پێش ئەو هیچ کەسی بیانی و هیچ کوردێکیش بەم شێوە ڕاستگۆیانە مێژووی کوردی نەنووسیوەتەوە، ئەو هەر چەندە زمانی کوردی باش زانیوە، بەڵام بەرهەمەکانی بە زمانی عەرەبی نووسیوە، بۆ دوو مەبەست یەکەمیان: ڕاستەوخۆ هەر بە زمانی خۆیان وەڵامی ڕەگەزپەرستان و شۆڤینییە عەرەبەکانی داوەتەوە، کە هەندێکییان(ڕەگەزی کورد دەگێڕنەوە سەر(جنۆکە)، دووەمیش: گەلانی عەرەبی و ئەوانەی زمانی عەرەبی دەزانن بە مێژووی کۆنی کورد و کوردستان ئاشنا کردووە،



**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز مینواس کوڕی دکتۆر جەمال ڕەشید، دکتۆر جەمال ڕەشید**

ئەو لە بواری پسپۆری خۆی چەند بەرهەمێکی زۆر بە نرخی نووسیوە گرنترینیان:

- مێژووی کۆنی کورد، بەهاوبەشی لە گەڵ دکتۆر فەوزی ڕەشید، بە زمانی عەرەبی نووسراوە، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی کوردی و تورکی و ئینگلیزی، لە بەشی مێژووی زانکۆی سەلاحەدین و گەرمیان دەخوێندرێت.
- ظهور الكورد في التاريخ - دراسة شاملة عن خلفية الامة الكوردية و مهدها- سەرهەڵدانی کورد لە مێژوودا)، چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠٣، چاپی دووەم هەولێر ٢٠٠٥.
- المعتقدات الدينية في بلاد سوبارتو، بەغدا ١٩٨٤.
- تاريخ الشرق القديم، كتاب منهجي لقسم التاريخ بجامعة بغداد، بغداد ١٩٨٨.
- لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی وڵاتی کوردەواری، بەغدا ١٩٨٨.










**دکتۆر جەمال ڕەشید**


- تاریخ الکورد القدیم، کتاب منهجي لقسم التاریخ بکلیة التربیة بجامعة صلاح الدین، اربیل ١٩٩٠.
- مع بعثة ابن فضان، کراس طبع علی نفقة قسم التاریخ بکلیة التربیة في جامعة بغداد، بغداد ١٩٩٠.
- لقاء الاسلاف(الکورد و اللان في بلاد الباب و شیروان)، المملکة المتحدة ١٩٩٢، نووسەر ئاسۆس محەمەد مەلا قادر وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی، ساڵی ٢٠٠٤.
- کارەساتەکانی هەڵەبجە لە زاتی مێژوونووسێکی کورددا، هۆڵەندا ١٩٩٤.
- رؤیة تاریخیة عن الکرد و قضیتهم الوطنیة و مستجداتها، هولندا، ١٩٩٦.
- کرکوک في العصور القدیمة، اربیل ٢٠٠٢، نووسەر حەسەن جاف وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی ٢٠٠٨.
- کەرکوک و ناوچەی گەرمیان و مافی کۆنترۆڵکردنەوەیان لە لایەن کوردەوە، هەولێر ٢٠٠٨، لە لایەن نووسەر مینواس جەمال ڕەشید













**بەرهەمەکانی دکتۆر جەمال ڕەشید**

وەرگێردراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی، هەولێر ٢٠٢١.

- کتێبێک لە سەر شۆڕشەکانی کورد، کە تێیدا تیشکی خستۆتە سەر شۆڕشەکان و پارت و ڕێکخراو و کەسایەتییەکانی کورد، نزیکەی(١٤٠٠) لاپەڕەیە ئامادەیە بۆ چاپکردن.

دکتۆر جەمال ڕەشید مرۆڤێکی کوردپەروەر و دڵسۆزی گەل و نیشتمانەکەی بووە، جگە لە بەرهەمە بە نرخەکانی چەندین چالاکی و هەڵوێستی دیکەی هەبووە لەوانە:

- لە دەوروبەری مانگی پێنجی ساڵی ١٩٨٢ من لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و لاوانی سەر بە ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان لە هەولێر، سەرۆکی بەشی ( التأليف و التعضيد و النشر ) بووم، بەڕێز شامل مەردان ئاغا بەڕێوەبەری ڕۆشنبیریی جەماوەریی هەولێر بوو بە

وەکالەت، داوای لە پرۆفیسۆر دکتۆر ڕەوانشاد جەمال ڕەشید کردبووە کە کۆڕێکیان لەسەر مێژووی کورد لە هۆڵی ڕۆشنبیریی جەماوەری بۆ ئەنجام بدات، ئەویش ڕازی ببوو، دیارە کاک شامل داوای لە دکتۆرە کوردستان موکریانی کردبووە کە ئەو کۆڕەکە بەڕێوەببات بەو پێیەی دکتۆر جەمال هاوسەریەتی، ئەوسا بارودۆخ زۆر ناخۆش بوو شەڕی پێشمەرگە و حکومەتی بەعس لە گەرمەیدا بوو، قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین سەرقاڵی خۆپیشاندان و مانگرتن بوون، دکتۆر جەمال باسەکەی خۆی بە مێژووی کورد و ستایشی بن و بنچینە و ڕەگەزی کورد بە تێر و تەسەلی باس کرد، بووە هۆی هاندانی قوتابیان کە کۆڕەکە تەواو بوو، قوتابییەکان بە دەم سروودی ئەی ڕەقیب چوونە دەرەوە و دیارە پیاوانی ڕژێمیش ئامادە ببوون ئیتر کەوتنە ڕاونانیان، بەلام کەسیان پێدەستگیر نەکرا، لە سەر ئەم ڕووداوە دکتۆر جەمال ڕەشید و دکتۆرە کوردستان موکریانی سین و جیمێکی زۆریان لە گەڵدا کراو خەریک بوو دەستگیریان بکەن و ڕەوانەی بەغدا بکرێن، بەلام سەرۆکایەتیی زانکۆی سەلاحەدین و کاک محەمەد محێدین کە ئەو کات جێگری ئەمینداری گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان بوو هەوڵێکی زۆریان داو مەوزوعەکە گەمارۆ دراو دکتۆرە کوردستان موکریانی و دوکتۆر جەمال ڕەشید ڕزگاریان بوو.

- لە ساڵی ١٩٨٩ بە نهێنی بزووتنەوەیەکی دامەزراندبوو بە ناوی بزووتنەوەی دیموکراسی و مرۆڤایەتی.
- لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ کۆمەڵێک گەنجی شاری هەولێر دەوریان هەبووە و خۆشی دەوری هەبوو لە پاراستنی کتێبخانەی زانکۆی سەلاحەدین لە فەرهود(تالان)کردن.
- خاوەنی پێشنیاری دامەزراندنی(المعهد الاستراتیجي للامن القومي الكردي- پەیمانگای ئیستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی کورد) بووە، بەلام بەداخەوە ئەم خەونەی نەهاتەدی.

دکتۆر جەمال ڕەشید لە ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ دکتۆرە کوردستان موکریانی هاوسەرگیرییان کردووە، خاوەن کوڕێک و کچێکن بە ناوەکانی(مینواس و

شارا)، خوا تەمەن درێژیان بکات. پاش چوار ساڵ لە ململانی لەگەڵ نەخۆشی ڕۆژی ١٨- ١٢- ٢٠١٦ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە، تەرمەکەی لە گۆڕستانی کەسنەزان بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

دوای مردنی خۆی، هاوسەرەکەی دکتۆرە کوردستان موکریانی، کتێبخانەکەی دکتۆر جەمال ڕەشیدی پێشکەش بە کتێبخانەی زانکۆی کەرکووک کردووە.

سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی فەیسبووکی بەڕێز مینواس جەمال ڕەشید، لە ١٩-١٢-٢٠١٦.

٢ - ماڵپەڕی دکتۆر کوردستان موکریانی، لە ١١- ٣-٢٠١٦.

٣- bas news، لە ٧- ٥- ٢٠٢٢، دیمانەیەکی نووسەر محەمەد هەستانی لە گەڵ دکتۆر جەمال ڕەشید، لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٠، لەشاری ڕواندز ئەنجامیداوە.

٤ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی وشە، وتارێکی نووسەر ستار جەباری، دەربارەی ژیان و بەرهەمی دکتۆر جەمال ڕەشید، لە ٤ - ٨ - ٢٠١٩.

٥ - سایتی کوردستان پۆست، وتارێکی نووسەر ئیبراهیم عەبدوڵڵا محەمەد، لە ٢٧- ٣- ٢٠٢١.

٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر جەبار قادر

مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد، لێکۆڵەر و توێژەر و وەرگێڕ، پرۆفیسۆر دکتۆر جەبار قادر...

ناوی تەواوی(جەبار قادر غەفوور زەند)ە، لەساڵی ١٩٥١ لە گوندی(یەنگیجە)ی سەر بە ناحیەی داقوق(کە ئێستا بووەتە قەزا)ی پارێزگای کەرکووک لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی(یەنگیجە و چەورکە) تەواوکردووە، ناوەندی لە ناوەندیی داقوق و ئیمام قاسمی ناو شاری کەرکووک تەواوکردووە، ئامادەییشی لە ئامادەیی(مصلی- موسەلا) بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٧٢ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی مێژووی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بە پلەی یەکەم لەسەر هاوپۆلەکانی بەدەستهێناوە، هەر لە هەمان ساڵدا حکومەتی عێراق خۆماڵیکردن (تأمیم)ی نەوتی ڕاگەیاند و دامەزراندن ڕاوەستا، ئەو بۆ ماوەی چەند مانگێک بەگرێبەست وەکو وانەبێژ لە ئامادەیی کوردستان لە شاری کەرکوک دامەزراوە، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٣ لە ڕێگای کوڕی زانیاریی کورد چووەتە یەکێتیی



دکتۆر جەبار قادر بە منداڵی



لەلای ڕاستەوە: هونەرمەندی ڕەوانشاد شەماڵ سائیب، دکتۆر جەبار قادر

سۆڤیەتی جاران، لە ئینستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستیی سۆڤیەت لە مۆسکۆ دەستی بە خوێندنی مێژووی بزووتنەوەی کورد لە تورکیا کردووە، لەژێر سەرپەرشتیی پرۆفیسۆر(میخائیل سیمیۆڤیچ لازاریف) لە مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٧٧ بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە، نامەی دکتۆراکەی بە ناونیشانی (بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە تورکیا لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا ١٩١٨-١٩٣٩) بووە.

دکتۆر جەبار قادر لە ١١-٩- ١٩٧٨ گەڕاوەتەوە عێراق، لە ساڵی ١٩٧٩ تا ساڵی ١٩٨١ لە زانکۆی سلێمانی وەکو مامۆستای مێژووی نوێی کوردی و عێراقی وڵاتانی عەرەبی دەستبەکار بووە، لەساڵی ١٩٨٢ گواستراوەتەوە زانکۆی موسڵ، تا ساڵی ١٩٩٠ مامۆستای مێژووی نوێی ئەورووپا، فەلسەفەی مێژوو، مێژووی نوێی ئێران و تورکیا بەردەوام بووە لە خزمەتکردن پلەی زانستیشی بۆتە پرۆفیسۆری یاریدەدەر، لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ گەڕاوەتەوە زانکۆی سەلاحەدین، پاش کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ ڕووی لەوڵاتی هۆڵەندا کردووە و وەکو پەنابەر لەوێ نیشتەجێبووە، لە ساڵی ١٩٩٣ ماوەیەکی کورت گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان، لە ساڵی ١٩٩٤ بەهۆی خراپی

بارودۆخی باشووری کوردستان دووبارە گەڕاوەتەوە هۆڵەندا، لە ساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٥ لە بواری ڕۆژنامەگەری و وەرگێڕان و ڕاگەیاندن کاری کردووە.

دکتۆر جەبار قادر لە ساڵی ٢٠٠٧ دیسان گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان لە زانکۆی کۆیە وەکو مامۆستا و ڕاگری کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان درێژەی بە خزمەتکردنداوە، لە ساڵی ٢٠٠٧ پلەی زانستی کراوەتە پرۆفیسۆر، لە ساڵی ٢٠٠٩ - ٢٠١١ ماوەیەک ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بووە بۆ کاروباری خوێندنی باڵا، هەر لە ساڵی ٢٠٠٧- ٢٠١٦ وەکو ئەندامی کارای ئەکادیمیای کورد بەردەوام بووە لە خزمەتکردن، لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ وازی لە ئەکادیمیای کوردی هێناوە و گەڕاوەتەوە هۆڵەندا.





دکتۆر جەبار قادر



دکتۆر جەبار قادر

دکتۆر جەبار قادر، هەردوو شێوەزاری کوردی (بەهدینانی و سورانی)، عەرەبی، ڕووسی، تورکی، هۆڵەندی و ئینگلیزی دەزانێت، تا ئێستا (١٥) کتێبی لە بواری مێژووی نوێ و هاوچەرخی کوردی و وەرگێڕان و بابەتی مێژوویی دیکە لەچاپداوە، زیاتر لە (٤٠٠) وتار و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و ئامادەکردن و پێداچوونەوە و ساغکردنەوە لە بوارەکانی مێژووی نوێ و کۆن و هاوچەرخ و بزووتنەوە سیاسیەکانی باکوور و باشووری کوردستان لە ڕۆژنامە وگۆڤار و سایتە ئەلیکترۆنییەکانی کوردی و عێراقی و چەند وڵاتێکی عەرەبیش بڵاوکردۆتەوە، ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

- ئەبولقاسمی لاهوتی، کورد و کوردستان، ڕۆتردام، ١٩٩٨. (لە ڕووسییەوە وەریگێڕاوە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە). لەبەر ئەوەی ئەم کتێبە



لەلای ڕاستەوە: خاتوو سۆزان چاوشلی هاوسەری دکتۆر جەبار قادر، دکتۆر جەبار قادر

کەم بینرا، بۆیە لە کتێبی "لاهووتی کرماشانی – شاعیری شۆڕشگێری کورد" ی ئەنوەر سولْتانی وەک پاشکۆی دووەم و لە لاپەڕەکانی ١٨٥ – ٢٥٦ جارێکی دیکە بڵاوکراوەتەوە. ئەم کتێبەی ئەنوەر سولْتانی لە بنکەی ژین لە سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٦ بڵاوکراوەتەوە.


- چەند بابەتێکی مێژووی کورد، سلێمانی، ١٩٩٩.
- م. س. لازارێف، کورد و کوردستان، فاکتەرەکانی دروستبوونی دۆزەکە، سلێمانی، ٢٠٠٠ (لە ڕووسییەوە کردوویەتی بە کوردی و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیووە).
- ناعەقڵانییەت لە گوتاری بەرەی تورکمانیدا، سەباح ئیسماعیل لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، کەرکوک، ٢٠٠٥.

- کەرکووک، نەفرەتی نەوت و ستەمی دیموگرافیا، کوردستان، ٢٠١٩.
- بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە تورکیا لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا (١٩١٨ – ١٩٣٩)، مۆسکۆ، ١٩٧٧. (نامەی دکتۆرا بە زمانی ڕووسی).
- قضايا كردية معاصرة – كركوك – الأنفال – الكرد وتركيا، طبعة برلين، ٢٠٠٦، طبعة أربيل، ٢٠٠٦.
- تركيا المعاصرة، جامعه الموصل، ١٩٨٨، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، لە ساڵی ٢٠٠٨ بڵاوکراوەتەوە.
- دراسات في التاريخ الأوربي الحديث، جامعة الموصل، ١٩٨٨، بە هاوبەشی لەگەڵ چەند نووسەرێکی دیکە.
- من وثائق ثورة أيلول – مجلس قيادة الثورة، جامعة دهوك، ٢٠٠٩.
- إستخدام الأسلحة الكيمياوية ضد الكرد في ضوء الوثائق الرسمية العراقية، أربيل، ٢٠١١. (باللغتين العربية والإنجليزية).
- قرارات مجلس قيادة الثورة المنحل الخاصة بالكورد وكوردستان، أعدها مع الكاتب طارق جامباز، أربيل، ٢٠١٣.
- (کردلر) کتێبێکی هەڵبەستراو و نووسەرێکی خەیاڵکرد، داڵی ٢٠٢٠.
- أوراق جلادت وروشن بدرخان – أعدها للطبع و قدم لها و ترجم قسما منها.
- الاثار الكاملة، الدكتور كمال مظهر، (١٠) اجزاء بالمشاركة مع كل من( الدكتور دلشاد محمود، الدكتور ازاد عبيد، الدكتور كامران محمد).

لێکۆڵینەوە و وتارەکانی بە زمانی کوردی:




بەرهەمەکانی دکتۆر جەبار قادر



بەرهەمەکانی دکتۆر جەبار قادر

- ڕۆژنامەی "کورد" و چەند زانیارییەکی نوێ، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (٣٢)، هەولێر، ١٩٨٥. یاسین خدر شەریف کردوویەتی بە عەرەبی و لە ژمارە (٧٢)ی هەمان گۆڤار لە ساڵی ١٩٨٩دا بڵاوی کردووەتەوە.
- ڕووناکبیری کورد دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت (١٨٦٩ – ١٩٣٢) گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (٣٧)، هەولێر، ١٩٨٥، دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی عەرەبی و لە ژمارە (٤٦) هەمان گۆڤار لە ساڵی ١٩٨٦ بڵاوی کردۆتەوە.
- دەربارەی سەرچاوە تورکییەکانی مێژووی کورد، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژمارە (١٠٦)، بەغدا، ١٩٨٥.
- ژیان و بەرهەمەکانی کوردناسانی یەکێتیی سۆڤییەت، بەشی یەکەم، نێرگز، چەپکی دووەم، کەرکوک، ١٩٨٥.
- ئیسماعیل بێشکچی– نموونەی زانای خاوەن هەڵوێست، گۆڤاری(ڕابوون)، ژمارە (٢٠)، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧.
- هاوکاری دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان لە دژی گەلی کورد، گۆڤاری (ڕابوون)، ژمارەکانی (١٦ – ١٧)، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٦.
- ژیاننامەی شەرەفخان و نەمری شەرەفنامە، ئەم باسە لە کۆنفراسی (شەرەفنامە) لە ئایاری ١٩٩٨ لە بەرلین پێشکەش کراوە، دواتر لە گۆڤاری (ڕابوون)، ژمارە (٢٧)، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٩ بڵاوکراوەتەوە.
- کوردناسی ڕووس خاتوو ژیگالینا، گۆڤاری (دڵانپار)، ژمارە (١)، هێلسنکی، ١٩٩٥.

- لـه بـارەی دەقـە تورکییەکانـی پیرەمێـردەوە (١٩٠٨ -١٩١٩)، گۆڤـاری ئەکادیمیـای کـوردی، ژمـارە (١٨)، هەولێـر، ٢٠١١. ئـەم لێکۆڵینەوەیـە لـە کاتی خۆیدا لە کۆنفرانسی "پەنجا ساڵەی کۆچی دوایی پیرەمێرددا" لە لەندەن پێشکەش کراوە، لە گۆڤاری(باسکار) بڵاوکراوەتەوە. کۆنفرانسـەکە لە لایـەن سـەباحی غالیبـەوە (دکتـۆر سـەباحی غالیب) و لەسـەر ئەرکـی خـۆی ڕێکیخسـتبوو و گۆڤارەکـەش هـەر خـۆی دەریدەکرد.
- ژنانـی کـورد لـە مێـژوودا، گۆڤـاری ئەکادیمیـای کـوردی، ژمـارە (١٣)، هەولێـر، ٢٠٠٩.
- خەسـڵەتەکانی دەوڵـەت و دۆزی کـورد لـە تورکیـا، گۆڤـاری ئەکادیمیـای کـوردی، ژمـارە (٢١)، هەولێـر، ٢٠١١.
- مێـژووی کوردۆلۆژیـا لـە ئینسـتیتوتی ڕۆژهەڵاتناسـی لـە سـاڵانی ١٩٥٩ – ٢٠٠٥، نووسـینی: پرۆفیسـۆر زایَ یوسـوپۆڤا، وەرگێڕانـی: پرۆفیسـۆر جەبـار قـادر، گۆڤـاری ئەکادیمیـای کـوردی، ژمـارە (٢٣)، هەولێـر، ٢٠١٢.
- بەبۆنـەی کۆچی دوایی کوردناسی ڕووسـەوە پرۆفیسـۆر ژیگالینا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٧)، هەولێر، ٢٠١٣.
- کرۆنۆلۆجیای ڕاپەڕینی شـێخ سـەعیدی پیران (١٩٢٥)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٥)، هەولێر، ٢٠١٣.
- قانـون دانانـی تورکـی و کـورد، نووسـینی پرۆفیسـۆر م. ئـە. هەسـراتیان، وەرگێڕانـی: پرۆفیسـۆر جەبـار قـادر، گۆڤـاری ئەکادیمیـای کـوردی، ژمـارە (٢٥)، هەولێـر، ٢٠١٣.
- گەڕەکەکانـی شـاری کەرکـوک لـە ڕۆژگاری پاشـایەتیدا (١٩٢١ – ١٩٥٨)، بـە هاوبـەش لەگـەڵ دکتـۆر دڵشـاد مەحمـود.

وتارەکان بە زمانی عەرەبی:

- التاريـخ، تأليـف الاسـتاذ الدكتـور كمـال مظهـر أحمـد، مراجعـة: الدكتـور عبدالجبـار قـادر غفـور، مجلـة (كاروان)، العـدد (٢٣)، أربيـل، آب ١٩٨٤.
- أربيـل فـى السـالنامات العثمانيـة، مجلـة (كاروان)، العدد (٩١)، أربيـل، ١٩٩٠. دراسـة قدمـت فـي نـدوة أربيـل التـي نظمتهـا جامعـة صـلاح الديـن فـي (١٦

– ١٧) مايس ١٩٨٩، أعيد نشرها بعد مراجعتها في مجلة الأكاديمية الكردية، العدد (٢٦)، أربيل، ٢٠١٣.

- انقلاب عام ١٩٦٠ فى تركيا– تحليل دوافعه السياسية والاقتصادية، دراسة قدمت فى المؤتمر الأول للدراسات التركية بجامعة الموصل في حزيران ١٩٩٠، ونشرت فى العدد الأول من مجلة الدراسات التركية، الموصل، ١٩٩١.
- التركيبة الأثنية لسكان كركوك خلال قرن (منتصف القرن التاسع عشر حتى عام ١٩٥٧)، دراسة قدمت في مؤتمر كركوك بالعاصمة البريطانية لندن في تموز ٢٠٠١ ونشرت فيما بعد في كتاب (كركوك: مدينة القوميات المتآخية)، ٢٠٠٢.
- السياسات الحكومية في كركوك خلال العهد الملكي (١٩٢١ – ١٩٥٨)، قدمت الى نفس المؤتمر، ونشرت في الكتاب المشار إليه أعلاه.
- الأنفال تجسد لقسوة البعث وعنفه، دراسة قدمت في ندوة لاهاي ربيع عام ٢٠٠١.
- الأنفال- نتاج أيديولوجيا البعث ونظامه الشمولي.
- تطورات القضية الكردية في تركيا من منظور باحث أرمني، دراسة مفصلة عن ما كتبه الباحث الأرمني السوفيتي البروفسيور مانڤيل أرسينوڤيچ هسراتيان عن القضية الكردية في تركيا منذ نهاية الحرب العالية الأولى وحتى التسعينات من القرن الماضي.
- القضية الكردية في تركيا – محاولة لقراءة جديدة.
- الدكتور إسماعيل بيشكجي – نموذج العالم المنصف- دراسة مكثفة عن الجهود العلمية الرائدة لعالم الإجتماع التركي الدكتور إسماعيل بيشكجي عن القضية الكردية في تركيا وتضحياته الكبيرة التي قدمها على هذا السبيل.
- ليلى زانا- نموذج المرأة الثورية الكردية. تتناول الدراسة بالتدقيق حياة ونضال السياسية الكردية المشهورة على الصعيد العالمي ليلى زانا و دورها في التعريف بالقضية الوطنية الكردية.

- الدستور التركي أداة لقهر الكرد – دراسة نشرت في جريدة (المنار الكردي) التي كانت تصدر في لندن قبل سقوط نظام صدام حسين.
- دراسات عن الكورد وكوردستان باللغة الروسية خلال (١٧٨٠ – ١٩٩٠)، عرض ببيليوغرافي، مجلة الأكاديمية الكوردية، العدد (١١)، أربيل, ٢٠١٠.
- إضافات محمد علي عوني العلمية من خلال ترجماته وهوامشه ومقدماته، دراسة قدمت فى مؤتمر تكريم المترجم والمؤرخ الكردي المصري الكبير محمد علي عوني الذي عقد في ٢٠٠٧ بأربيل ونشرت في مجلة الأكاديمية الكوردية، العدد(٢٢)، أربيل, ٢٠١٢.
- القرارات السرية لمجلس قيادة الثورة المنحل، مجلة الأكاديمية الكوردية، العدد (٢٨)، أربيل, ٢٠١٤.
- كورد الاتحاد السوفيتي، بقلم: البروفيسور م. أ. هسراتيان، ترجمة: البروفيسور جبار قادر، مجلة الأكاديمية الكوردية، العدد (٢٤)، أربيل, ٢٠١٣.
- ضرب كوردستان بالأسلحة الكيميائيه عام ١٩٨٧ كما ترويه الوثائق الرسمية العراقية، مجلة (الأنفال).
- نصائح رجل حكيم لم تستمع إليها الحكومات العراقية، الدراسة عبارة عن ترجمة مذكرة المؤرخ والوزير الكردي محمد أمين زكي الى الملك فيصل الأول من اللغة الكردية الى اللغة العربية مع مقدمة وافية، نشرت أولا في (الملف العراقي)، بلندن ومن ثم في جريدة الإتحاد بالسليمانية في ٢٠٠٢.
- النظام الفدرالي- تعايش التنوع والوحدة على سطح واحد، قدمت فى مؤتمر دعم الديموقراطيه فى العراق الذي عقد فى لندن خلال الفتره ٢٨ – ٣١ من تموز ٢٠٠٥.
- معوقات توطين الديموقراطية في العراق، دراسة قدمت فى ندوة جمعت التيارات السياسية العراقية المختلفة في هولندا تحت عنوان(معوقات تطبيق الديموقراطية في عراق ما بعد صدام) في مدينة ديلفت الهولندية قبل سقوط نظام البعث في العراق.
- في ضوء مذكرات مقرر لجنة عصبة الأمم حول مشكلة الموصل أينار

ڤيرسـن: المعطيـات الإحصائيـة والحقائـق التاريخيـة تدحـض المزاعـم والإدعـاءات، قـراءة تحليلية لمـا ورد فـي مذكـرات الديبلوماسـي السـويدي عـن مشـكلة الموصـل وخاصـة التركيبـة الأثنيـة لسـكان الولايـة. نشـرت فـي أكثـر مـن مـكان.

- القضيـة الكرديـة – عـود الـى البديهيات. نشـرت فـي العديـد مـن المواقـع علـى شـبكة الإنترنيـت.

دەیـان نووسـەر و ڕەخنەگـری کـورد و عـەرەب، تیشـکیان خسـتۆتە سـەر بەرهەمەکانـی دکتـۆر جەبـار قـادر، هەندێکیشـیان وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی عەرەبـی.

دکتۆر جەبار قادر، وەکو پسـپۆڕیکی خـاوەن ئەزمـوون جگە لە نووسـینەکانی چەندین چالاکی دیکەشی نواندووە لەوانە:

- لـە سـاڵانی ١٩٨٢- ١٩٩٠ ڕۆڵێکـی گرنگـی هەبـووە لـە کردنـەوەی سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی تورکـی لـە زانکـۆی موسـڵ، لـە یەکەمیـن کۆنفراسـی لێکۆڵینـەوەی تورکیـدا بەشـدار بـووە.
- لە ساڵانی ١٩٩٤- ١٩٩٥ لە ڕێکخراوی(فاو)ی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان، تەلەفزیۆنی Medtv، Midiatv, Rojtv، کاریکردووە و چەندین بەرنامـەی بۆ ئامادەکردوون.
- بەشـداریی چالاکییـە ڕۆشـنبیری و سیاسـییەکانی ڕێکخراوی(دیاسـپۆرا)ی کـوردی لـە ئەوڕوپـا کـردووە.
- ماوەیـەک ئەنـدام و سـەرنووسـەی گۆڤـاری ئەکادیمیـای کـوردی بـووە لـە هەولێـر.
- بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و وتارەکانی بەشداری لە دەیان کۆڕوکۆبوونەوە و کۆنفـراس و کۆنگـرەی زانسـتی و مێـژوویـی و سیاسـیی و ئەدەبـی لـە نـاوەوە و دەرەوەی وڵات کـردووە.
- لەسـەر کێشـەی کەرکـووک و ئەنفـال و کیمیابارانکردنـی هەڵەبجـە دەیـان کۆڕوکۆبوونـەوە و سـیمیناری پێشـکەش کـردووە.
- لـە کەناڵـە ڕادیۆیـی و تەلەفزیۆنییـە لۆکالـی و ئاسـمانییەکان، دەیـان دیمانـە

و چاوپێکەوتنی ئەنجامداوە، زۆریش بەڕاشکاوانە بیروڕای دەربڕیوە و دەردەبڕێت.

- سەرپەرشتیی چەندین نامەی ماستەر و دکتۆرای بۆ قوتابیانی زانکۆکانی موسڵ، سەلاحەدین، کۆیە، کردووە.

دکتۆر جەبار قادر هاوسەرگیری کردووە، خاوەنی دوو کچ و کوڕێکە بە ناوەکانی(تارا، ئارام، ئەڤین) خوا تەمەن درێژیان بکات، بۆ خۆشی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت لە خزمەتکردن بۆ ئاشناکردنی نەوەکانمان و گەلانی هەموو دنیان بە مێژووی نوێ و هاورچەرخی کورد.


سەرچاوەکان:

١- Kurd collect.

٢- کوردیپیدیا.

٣- Kurdish VOA news، وتارێکی نووسەر سمکۆ عەزیز، لە ٢٧-١- ٢٠٢١.

٤- Kurdistan net، وتارێکی دکتۆر جەبار قادر، لە ٢٣-١-٢٠٢٢.

٥ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی چاوی کورد، وتارێکی دکتۆر جەبار قادر، لە ٩- ٣- ٢٠٢٣.

٦ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی مێژووی کورد- History of Kurd، نووسینێکی نووسەر ئامانج نازم بە ناونیشانی(کورتەیەک لە ژیان و قۆناغەکانی خوێندنی دکتۆر جەبار قادر)، لە ١٦-١-٢٠٢٠.

٧ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# نارین عومەر

شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس، مامۆستای پەروەردە و چالاکوانی بواری ئافرەتان و کاری ڕێکخراوەیی، خاتوو نارین عومەر...

بەپێی ناسنامەی باری شارستانێتی ناوی تەواوی(حەلیمە عومەر سەیفەدین)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بە نارین عومەر ناسراوە، هەر ئەو ڕۆژەی لە شاری(دیریک)ی ڕۆژئاوای کوردستان لە خێزانێکی ڕۆشنبیر و ئەدەبدۆست لە دایک بووە، باوک و دایکی بە(نارین) بانگیان کردووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری دیریک تەواوکردووە، دواتر بەشی زمان و ئەدەبی عەرەبی لە کۆلێژی ئاداب و زانستە مرۆییەکان لە زانکۆی دیمەشق بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە و بۆتە مامۆستای زمانی عەرەبی لە گوندەکانی دەوروبەر و ناو شاری دیریک، ئەو زیاتر لە(٢٥)ساڵ وەکو مامۆستا لە بواری پەروەردە خزمەتی کردووە، بە هۆی بارودۆخی خراپی سوریا، ڕووی لە هەندەران کردووە و لە وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێ بووە.

شاعیر خاتوو نارین عومەر، لە خێزانێکی ئەدەبدۆست و ڕۆشنبیر پەروەردە و گۆشکراوە، ئەو خوشکی شاعیری ناسراوی کورد(عادل عومەر سەیفەدین)ە، هەر لە ڕێگای ئەویشەوە لە منداڵییەوە ئامادەی ئەو






**شاعیر و ڕۆماننووس نارین عومەر**

کۆڕوکۆبوونـەوە ئەدەبـی و ڕۆشـنبیرییانە بـووە کـە لـە ماڵەکـەی خۆیـان ئەنجامـدراوە، بۆیـە حـەز و خولیای چۆتـە سـەر زمـان و ئـەدب و شـیعر، بـە هاندانـی خوشـکێکی بـە ناوی(پەریخـان) لـە بۆنـە نیشـتمانی و نەتەوەییەکانـی وەکـو شـەوانی نـەورۆز و ڕۆژی جیهانیـی ئافرەتـان و چەندیـن بۆنـەی دیکـە ئامـادە بـووە، لـە سـاڵی ١٩٨٠ ئـەو هێشـتا قوتابیی ناوەندی بـووە، کـە دایکی کۆچـی دوایـی کـردووە، یەکـەم پارچـە شـیعری خـۆی نووسـیوە بـۆ کەسـوکار و ئەوانـەی دەوروپشـتی خوێندۆتـەوە، ئیتـر کەوتۆتـە نـاو دنیـای شـیعر و پەخشـان و چیـرۆک و ڕۆماننووسـینەوە، بـە زمانەکانـی کـوردی و عەرەبـی و ئەڵمانی دەنووسـێت، کۆمەڵێـک بەرهەمـی پوخـت و جوانـی چـاپ کـردووەو و بڵاوکردۆتـەوە، چەندیـن بەرهەمیشـی لەژێـر چاپـە و هەندێکـی دیکەشـی ئامادەیـە بـۆ چـاپ، کـە ئەمانـەن:


SAZIYA 21 Ê NEWROZÊ YA RAHÊNAN Û FÊRKIRINÊ
ریكخراوي ٢١ نه وروز بو راهینان و فیركردن
BAWERNAMA RÊZGIRTINÊ
21 NEWROZ
SAZIYA 21 Ê NEWROZÊ YA RAHÊNAN Û FÊRKIRINÊ LI KURDISTANA ERAQÊ VÊ BAWERNAMÊ DIYARÎ XATÛN : M. NARÎN OMER DIKÊ JI BO KAR Û XEBATA WÊ DI WARÊ ÇAND Û HUNERÊ DE HER WEHA BIZAVA WÊ DI WARÊ AŞTÎ Û AZADÎ Û KOMELAYTÎ Û LÊBORÎN Û MAFÊ MIROVA DE
المحبة والسلام
DI 29 / 1 / 2019
DIKTORA BALYOZA : RONAK ÇAV
SEROKA SAZIYA 21 Ê NEWROZ YA RAHÊNAN Û FÊRKIRINÊ

- کۆمەڵـە شـعري(پەریخانا مـن، Perîxana min) ، بـە زمانـی کـوردی، سـاڵی ٢٠٠٨، لـە(دار الزمـان) لـە دیمەشـق چاپکـراوە.
- کۆمەڵـە شـیعری(حیث الصمـت


HNRKS
رابطة الكتاب والصحفيين الكورد في سوريا
تمنح جائزة الشاعر الراحل ملا أحمد بالو
للشاعرة نارين عمر
تقديرا لجهودها في خدمة الأدب الكردي
قامشلو 2012

يحتضر) بە زمانی عەرەبی، ساڵی ٢٠٠٨، لە(دار الزمان) لە دیمەشق، چاپکراوە.

- ڕۆمانی(موسم النزوح إلى الغرب)، بە زمانی عەرەبی، ساڵی ٢٠١٨، لە(دار الخليج للنشر والطباعة) لە چاپدراوە.
- ڕۆمانی(عناق القلم لفصول الروح) بە زمانی عەرەبی، لە(دار السكرية للنشر والطباعة بجمهورية مصر).
- ڕۆمانی( Henasên jiyanê, Koçberiya bê henas) بە کوردی، بە پیتی لاتینی.

-(أنفاس الحياة)، بە زمانی کوردی، لە خانەی(سە رسەرا) لە بەرلین، ئەڵمانیا.

- کۆمەڵە شیعری Kenê Şanya (ضحكة شانيا)، بە زمانی کوردی،




**شاعیر و ڕۆماننووس نارین عومەر**





لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان- سوریا، ساڵی ٢٠١٨.

- ڕۆمانی(همسات الذاکرة)، بە زمانی عەرەبی، کە خەڵاتی یەکەمی وەرگرتووە لە کێبڕکێی دەزگای(دار الکلمات للروایة العربیة) لەسەر ئاستی هەموو وڵاتانی عەرەبی لە جەزائیر.
- کتێبێک دەربارەی هونەرمەندە کوردەکانی(ژن Tîrêjên vejînê)، لە(دەزگای سەرسەرا)، لە بەرلین، ئەڵمانیا.
- کۆمەڵە شیعری(Çavên Dil)، بە زمانی کوردی، لە(دەزگای سەرسەرا) ساڵی ٢٠١٩.
- کتێبی(ناودارانی کورد- مشاهیر الکرد) کتێبێکی مێژووییە، بە هاوبەشی لەگەڵ نووسەر و مێژوونووس بەهجەت ئەحمەد، ساڵی ٢٠٢١.

ئەم کتێبانەشی لە(دار النخبة للطباعة و النشر) لە وڵاتی میسر لە ژێر چاپدایە:


- مجموعة قصصية باللغة العربية بعنوان(مفكرة أمي).
- مجموعة شعرية باللغة الألمانية بعنوان( عيون القلب).
- مجموعة شعرية مترجمة إلى اللغة بعنوان» بصمة المحبين» ترجمة الدكتور صبحي حسين.

جگە لە(١٥) کتێبی دیکە کە ئامادەن بۆ چاپ، لەوانە دوو کۆمەڵە چیرۆک














بەرهەمەکانی شاعیر و ڕۆماننووس نارین عومەر










**بەرهەمەکانی شاعیر و ڕۆماننووس نارین عومەر**

بۆ منداڵان، کە هەندێکیانی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و سایتە ئەلیکترۆنییەکان بڵاوکردۆتـەوە، کتێبێـک دەربـارەی هونەرمەندانـی کورد(پیـاو)، کتێبێکـی تایبەتیش بـە گۆرانییـە فۆلکۆرییەکانی کـوردی دەربـارەی (بـووک و زاوا).

چەندیـن بەرهەمەکـی شـاعیر و نووسـەر ناریـن عومـەر وەرگێڕدراونەتـە سـەر زمانەکانی(ئینگلیـزی، ئیسـپانی، فەرەنسـی).

شـاعیر و نووسـەر نارین عومـەر، هـەر لـە منداڵییـەوە وەکو کچـە کوردێک حـەزی لـە تێکەڵبوونـی کاری ئەدەبی و ڕۆشـنبیری و ڕێکخراوەیی ئافرەتـان بـووە، ئـەو دەوری سـەرەکی لـە دامەزراندنـی چەندیـن کۆمەڵـە و ڕێکخـراوی ڕۆشـنبیری و ئەدەبی و چالاکیی ئافرەتـان هەبـووە کـە ئەمانـە هەندێکیانن:

- لەسـاڵی ١٩٨٣، هـەر لـە قوتابخانـە لـە شـاری دیریـک لەگـەڵ کۆمەڵێـک دەستەخوشـکان و هاوپۆلەکانـی( گروپـی ڕۆشـنبیری)یان دامەزرانـدووە.
- لە ساڵی ١٩٨٩ هەر لە شـاری دیریک بانگهێشتی زیاتـر لـە(٢٠) لـە کچـە هـاوڕێ ئەدەبدۆسـتانی خـۆی لـە ماڵەکـەی خۆیـان کـردووە، لـە ئەنجامـدا گروپی(ڕۆشـنبیریی کۆمەڵایەتی)یـان دامەزرانـدووە.




- لـە سـاڵی ١٩٩٠-١٩٩٣، گروپێکـی تایبـەت بـە زمانـی کوردییـان پێکهێنـاوە بـۆ خزمەتکردن لـە بـواری ئافـرەت و منـداڵان.
- لـە سـاڵی ١٩٩٥، لەگـەڵ چەندانـی دیکـە لـە

ڕۆشنبیران و مامۆستانی هاوڕێی کۆمەڵەی(دیریک)ی ڕۆشنبیرییان دامەزراندووە.

- لەساڵی ٢٠٠٤، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی ژن کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیریی و فیکری و ئەدەبییان دامەزراندووە بە ناوی(Tevna çand û hunera kurdî).

- لە ساڵی ٢٠٠٥، گروپی(بێستانی دیرکا حمکۆ)یان دامەزراندووە، کە تایبەت بووە بە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و چالاکیی ژنان، تا ساڵی ٢٠١٢ بەردەوام بووە.

- لەساڵی ٢٠٠٦، گروپێکی تایبەت بە(زمانی عەرەبی)یان دامەزراندووە کە تایبەت بووە بۆ مامۆستایانی زمانی عەرەبی ژن و پیاو.

- لەسەر بیرۆکەی ئەو لە ساڵی ٢٠١٢ یەکێتیی ئافرەتانی کوردی سوریا، لە ١٣ ی شوباتی هەمان ساڵ دامەزراوە.

- ئەندامی رابیتەی نووسەرانی دیریک،ە.

- ئەندامی یەکێتیی مامۆستایانی کوردە لە دیریک.

- تا ئێستاش ئەندامە لە یەکێتیی گشتی نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی کوردی لە سوریا، ئەو کاتەی لەوێ بووە، لێپرسراوی نووسینگەی دیریک بووە.

- بەشداری لە چەندین ڕێکخراوی ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردی دیکەی لە قامشلۆ و سەریکانیی و عامودا کردووە.

- یەکەم ئافرەتی کورد بووە، بۆتە ئەندام لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی لە سوریا، وەکو نوێنەری ئافرەتانی کورد و لە لێژنەی ناوچەی دیریکیش بووە.

- لەسەر داخوازیی ڕێکخراوی یەکگرتن و نەهێشتنی ڕەگەزپەرستی لە شاری(کارلسوە)ی ئەڵمانیا، شیعری نەورۆزی بەهەر سێ زمانی(کوردی و عەرەبی و ئەڵمانی) خوێندۆتەوە.

به هۆی بەرهەمە جوان و ناوازەکانی لە بواری شیعر و پەخشانە شیعر و ڕۆمان، زیاتر لە(٢٠) جار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە، لەوانە:

- خەڵاتی داهێنانی شاعیری کورد تیریژ.
- خەڵاتی شاعیر و زانا مەلا ئەحمەدی پالۆ، لە لایەن یەکێتیی نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی کورد لە سوریا، ساڵ ٢٠١٢.
- خەڵاتی یەکێتیی ئافرەتانی کورد لە سوریا، ساڵی ٢٠١٣.
- ویسامی باشترین نووسەر لە لایەن سایتی ئەلیکترۆنی(دلجان) ساڵی ٢٠٠٩.
- خەڵات و پێزانین لەلایەن ڕێکخراوی(٢١ نەورۆز) بۆ خوێندن و فێرکردن و وشیارکردنەوەی باشووری کوردستان.
- خەڵاتی سوپاس و پێزانین لە ڕێکخراوی شارستانێتی لە ئەوڕوپا.
- خەڵاتی یەکەمی ڕۆمانی عەرەبی لە لایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی(دار الکلمات للنشر و الطباعة) لە وڵاتی جەزائیر. لەسەر رۆمانی(همسات الذاکرة).
- خەڵاتی سێیەمی کورتە چیرۆک، لە لایەن دەزگای ئەدیبان و ڕۆشنبیران، بەسەرپەرشتیی(شێخە خلدیە آل خەلیفە).
- خەڵاتی نۆزدەمین فیستیڤاڵی شیعری کوردی لە قامشلۆ، ساڵی ٢٠١٤.

چەندین خەڵاتی دیکەش.

ئەو بەبەردەوامی دیمانە و چاوپێکەوتنی لەگەڵ کەناڵە لۆکالی و ئاسمانییە کوردی و عەرەبی و جیهانییەکان کردووە و دەکات، زۆریش بوێر و ئازاو ڕاشکاوانە بیروڕای خۆی دەردەبڕێت.

هاوسەرگیری لەگەڵ بەڕێز ڕەزوان عەلی رمو کردووە، خاوەنی سێ منداڵ و دوو نەوەن، بە ناوەکانی(داستان، سازین، شیرین) نەوەکانیش(شانیا، ئەریام) خوا تەمەن درێژیان بکات.

بۆ شاعیر و نووسەر خاتوو نارین عومەر هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیری.

دوو نموونەی شیعری شاعیر نارین عومەر- تان بۆ دەنووسمەوە:

**(١) یەکەم بە کوردی بە پیتی لاتینی:**

**Welatê Eşqê**

Kenê çavan kenê lêvan
Nerînên dil dibin mêvan
Pevokên geş bi wan xweş tên
Demarên wate bûn rêvan
Ne poşman im ji vê Eşqê
Sipasdar im ji van lêvan
Hemî peyvên te xweş tamin
Wekî hinguv wekî sêvan
Li ser ritma dilê mestyar
Niyaz xweş bûn li gel lavan
Sirûşta reng bi demsalan
Dibin bînahiya çavan
Di seyrana giyanê pak
Didavêjim bi lez gavan
Em in rengê bihara dil
Hunermend im tu helbestvan
Welato her dimînî xweş
Tu rêzan î ez Im rêwan
Siha daran hemî çaxan
Li daristan li nav mêwan
Hemêz û sîng du paytext In
Nikarim ez bijîm bê wan

Bimînî war ji bo kurdan
Tu yî sîber tu yî sêwan.

**(٢) به زمانی عەرەبی:**

**نوروز**
نوروز ضحكة طفل
يرتمي في حضن أمّه
في لحظة ولادته الأولى
حنان أمّ
وهي تنسج لأطفالها
قصص محبّة وسلام لغد أفضل
نظرة المحبّ لمحبوبه
في لحظات لقاء
بعد غياب طويل
نوروز هو كل هذا
وهو العمر الذي
لا ينتهي
مهما طال الأمد

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک ژیاننامەی شاعیر نارین عومەر، کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ - ماڵپەڕی فەیسبووکی شاعیر نارین عومەر.
٣ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی ROJ AVA NEWS، لە ١٢-١٠-٢٠١٧.
٤ - ڕادیۆیREBAZ FM.
٥ - منبر حر للثقافة و الفكر و الادب، لە ٢٤-٦-٢٠٢٠.
٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## شەفیق بەیاد

مرۆڤێکی بلیمەت و زیرەک و بە توانا، شاعیرێکی خۆڕسک و هەست و وشە ناسک و جوان، شاعیر و نووسەر شەفیق بەیاد...

ناوی تەواوی(شەفیق کوڕی ئەحمەد ئاغای عومەری مەعروف ئاغای غەفوری)یە، لە ناوەندی ئەدەبی بە شەفیق بەیاد ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٢ لە گەڕەکی(قەڵات) کە یەکێکە لە چوار گەڕەکە کۆنەکانی شاری کۆیە، لە داوێنی چیای باواجیی سەرکەش لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، باوکی، پیاوێکی ڕەنجدەر بووە بژێوی خۆی و خێزانەکەی و چەند کەسانێکی دیکەی بە باغەوانی پەیداکردووە.

شاعیر شەفیق بەیاد، هێشتا زۆر منداڵ بووە بەسەر پێیان نەکەوتووە، کە ئاوی گەرمی ناو سەماوەر بەسەر دەم و چاویدا ڕژاوە، بەم هۆیەوە هەردوو چاوەکانی لە دەستداوە و نابینا بووە.

لە تەمەنی(١٠)ساڵیدا لەگەڵ هاوڕێ و هاوتەمەنەکانی لە ڕێگای ڕادیۆی کوردیی بەغدا ئاشنای شیعر و ئەدەب و هونەری کوردی بووە، زۆر زیرەک و بلیمەت بووە، هەرچەندە نابینا بووە، بەڵام بەبێ(گۆپاڵ- گۆچان) هەموو کۆچە و کۆڵانەکانی شاری کۆیەی ناسیوە و گەڕاوە، ئەو زۆر هاوڕێی نووسەر فازیل شەوڕۆ بووە، بەیەکەوە سەردەمی هەرزەکارییان



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی، شاعیر شەفیق بەیاد**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر کازم کۆیی، شاعیر شەفیق بەیاد**

بە شیعر خوێندنەوە و گۆرانیی وتن بردۆتە سەر، ئەو ناسناوی(بەیاد)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و نووسەر فازیل شەوڕۆش ناسناوی(شەوڕۆ) بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

هەر لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ هەست و ڕوحی کوردایەتی لە دڵ و دەروونی نەشونمای کردووە، ئیتر خولیای کەوتۆتە سەر شیعری(بەرەنگاربوونەوە- شعر المقاومة)، لە ساڵی ١٩٦٣ تەها شەکەرچی ئامیر لیوای ١٤ی سوپای بەعس،(حەمەدەمین)ی برای

شـەفیق بەیادی لەگەڵ چەند لاوێکی دیکە دەستگیر کردووە و گولـلە بارانی کـردوون، ئـەم ڕووداوە زۆر کاریگـەری کردۆتـە سـەر.


شـاعیر شـەفیق بەیـاد، زۆر زووش دەسـتی بـە ئەزبەرکردنـی شـیعری شـاعیرانی کلاسـیکی لەوانە(حاجـی قـادری کۆیـی، ئیبراهیـم ئەحمـەد، خالیـد دلێـر، هـەژار، دڵدار، دڵـزار، عەونیـی شـاعیر) هـاوکات شـیعرە غەزەلییەکانـی شـاعیران(نالی، وەفایی، شـێخ ڕەزای تاڵەبانـی، مەحوی، کوردی)شـی ئەزبـەر کـردووە.




لە لای ڕاستەوە: شاعیر شەفیق بەیاد، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆماننوس سابیر ڕەشید، شاعیر شەفیق بەیاد



له لای ڕاستەوە: شاعیر شەفیق بەیاد، دکتۆر عومەر پەتی



شاعیر سابیر گۆران، شاعیر شەفیق بەیاد

لە ١٧ - ١١ -١٩٨٣ ئەو کاتەی فەرمانبەر بووە لە وەزارەتی ئەوقاف لە کۆیە، لە گەڵ چەند گەنجێکی دیکە دەستگیر کراوە، پاش ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر ڕەوانەی(هەیئەی کەرکووک) کراوە، ماوەی(٤٠) ڕۆژ ماوەتەوە، دواتر بە(٧) ساڵ حوکم دراوە و ڕەوانەی بەندیخانەی(ئەبو غرێب) کراوە، دوای(٩) مانگ بەر لێبووردنی گشتی کەوتووە و ئازادکراوە و گەڕاوەتەوە شاری کۆیە.

لە ساڵی ١٩٩٧ لە گەڵ(خاتوو گوڵزار حەسەن قادر) کە ئەویش نابینا

بووە، هاوسەرگیری کردووە خاوەنی کچێکن بە ناوی(سارێژ).

شاعیر شەفیق بەیاد سەرەتا دەستی بە شیعر نووسین کردووە، هەر یەک لە بەڕێزان(دڵزار فایەق و سەید جەبار ئەحمەد) هاوکارییان کردووە و شیعرەکانیان بۆ نووسیوەتەوە، دواتر کە خاتوو سارێژی کچی فێری نووسین بووە، هەموو نووسراوەکانی بۆ باوکی نووسیوەتەوە و بۆتە (نووسەر- کاتب)ی باوکی، یەکەم بەرهەمی خۆی لە ساڵی ١٩٧٣ بڵاوکردۆتەوە، زیاتر ڕاپۆرتی نووسیوە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان



لە لای ڕاستەوە: شاعیر شەفیق بەیاد، بەڕێز بنیاد مارف خەزنەدار



لە لای ڕاستەوە: نووسەر عەبدولخالیق بەرزنجی، شاعیر شەفیق بەیاد

بڵاوی کردۆتەوە لەوانە(ڕۆژنامەی جەماوەر، هاوکاری، کوردستان ڕاپۆرت، برایی، ئاسۆ، ستاندەر...چەندانی دیکەش).

تا ئێستا کۆمەڵێک بەرهەمی لە شیعر و هەندێ نووسینی دیکەی لە بواری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی گشتی نووسیوە و چاپی کردوون و بڵاویشی کردوونەتەوە، کە ئەمانەن:

- شەوبەندی، کۆمەڵە شیعر، ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی حوکمی زاتی ساڵی ١٩٨٥ بۆی چاپکردووە.
- سرووشتی شیرین، کۆمەڵە شیعر، ساڵی ١٩٨٩ لە لایەن ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان لە هەولێر چاپکراوە.
- پەیام، کۆمەڵە شیعر، ساڵی ١٩٩١ لە سەر ئەرکی بەڕێز مامۆستا سەعدوڵڵا شێخانی چاپکراوە.
- کتێبی(ئافرەت تەرازووی ژیانە) کە ناوەڕۆکەکەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پەروەردەییە، لە ساڵی ٢٠١٣ چاپکراوە.
- خاوەنی زنجیرە ڕاپۆرتێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پەروەردەییە، کە(٨) زنجیرەی لە ڕۆژنامەی جەماوەر و(٣) زنجیرەی لە گۆڤاری ستاندەر و(٣)زنجیرەشی لە ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت بڵاوکراوەتەوە، دوا نووسینیشی ڕاپۆرتێک بووە لە ساڵی ٢٠١٩.

ئاواز بۆ چەندین پارچە شیعری دانـدراوە و کراوەتە گۆرانی، لەوانە هەڵبەستی(وەسفی دولبەر) لە لە لایەن هونەرمەند سەروەت کۆیی ئاوازی بۆ دانراوە و گۆرانیبێژ ئەحمەد هاشم وتوویەتی.

بابزانین ئەم نووسەر و ڕۆشنبیرانەی کورد، سەبارەت بە شاعیر شەفیق بەیاد چ دەڵێن:

مامۆستا هەمزە عەباس فەقێ دەڵێت:(لە هەشتاکان، شەفیق بەیاد، لەو کاتەوە وەک کەسێکی چالاک لە چەند بوارێک دەرکەوتووە، من سێ بوار دەستنیشان دەکەم: چالاک لە بواری جەندەری، کە دوای بیست سی ساڵ ئەوجا خەڵکانێک یان ڕێکخراوگەلێک ویستوویانە قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەن. لە بواری کۆمەڵایەتییەوە، مامۆستا کەسێکی چالاک بوو، بەردەوام لە نووسینەکان لە کۆڕ و سیمینار و مەجلیس و قسەکردن باسی لەو




بەڕێز جەبار ئەحمەد، شاعیر شەفیق بەیاد


دیـاردە و لـەو حاڵەتـە نامۆیانـە دەکـرد کـە لەنـاو کۆمەڵگـەی کوردەواریـدا هەبـوون و لـە کۆتاییـدا ئافـرەت باجەکـەی دەدا. وەکـو بابەتـی ژن بـە ژن و گەورە بە بچووک و مەسـەلەی سوڵح کـردن بـە ئافرەت و تەنانـەت هێندێ بابەتـی تایبـەت کـە ئافرەتـی لەسـەر دەکوژرا و بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان دەچەوسـێنرایەوە، بەیاد بە دەنگێکی زۆر دلێرانە داکۆکی لەو لایەنە دەکرد. دواییـن بـوار هۆشـیاریی کۆمەڵایەتییـە، واتـا هۆشـیاریی ئایینـی. ئـەو زۆر مەبەسـتی بـوو کـە لـە بـواری ئایینـی خـاوەن دید و تێگەیشـتنی خـۆی بـێ، بۆ خۆتـان دەزانن، بۆ کەسـێک بـەو حاڵەتە تایبەتمەندییـەوە وەک نابینایەک، لەوانەیـە ئەمـە قـورس بـێ).


نووسـەر بەڕێـز ڕابـەر سـەید برایم دەڵێت:(شـەفیق بەیـاد شـاعیرێکی ناسـک و جوانی کورد و کوردستانە. شیعرە جوانەکانی زیرەکییەکەی لە ڕادە بەدەرە گەرچی نابینایە، بـەڵام مێشـکی چـاوە. مـن چەنـدان زیرەکـی و تواناییم لێ دیوە کە بە ڕاسـتی موهیمەتێکی وای کردوە لە شیعر و لە جوانیدا کە بۆ خـۆم دەزانـم، بـۆ خـۆی دەزانـێ شـوێنەکە چۆنـە،




لە بەرهەمەکانی شاعیر شەفیق بەیاد








**بەرهەمەکانی شاعیر شەفیق بەیاد**

خەڵک جوانە، ناشیرینە، لاوازە، قەڵەوە هەر بە دەنگ، شیعرەکانی کە بڵاوکردووەتەوە جوانییەکانی جوانی چاوە. چەندان دەقە شیعریشی کراوە بە گۆرانی. ئەو نەک هەر شاعیرە، نووسەریشە).

مامۆستا کاوە حەمید سەعید دەڵێت:( بەیاد شاعیر و ئەدیب و نووسەرێکی دیارە، شارەزاییەکی باشی لە قورئان و شەریعەتی ئیسلام هەیە هەروەها شارەزایی باشی لە پاراسیکۆلۆژی هەیە).

بۆ شاعیر و نووسەر شەفیق بەیاد هەر سەرکەوتوو سەرفراز و بیت بۆ خزمەتی شیعر و ئەدەب و زمانی کوردی

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر شەفیق بەیاد، لەسەر داخوازیی من نووسەر و لێکۆڵەر فازیل شەورۆ بۆی ناردووم سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم

مامۆستای زانکۆ و نووسەر و لێکۆڵەر و توێژەر، وەرگێڕ و میدیاکار، پرۆفیسۆر دکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم ...

ناوی تەواوی(ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید)ە، لە ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی(سمایل بەگ)ی سەر بە شاری(طوزخورماتوو- دوزخورماتوو)ی پارێزگای کەرکووک لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی تەواوکردووە، دواتر چووەتە شاری بەغدا، قۆناغی ناوەندی و ئامادەییشی لە بەغدا بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە.

لە ساڵی ١٩٦٨ باوکی کۆچی دوایی کردووە، ئەو کات ئەو قوتابیی ناوەندی بووە، بۆ بژێوی ژیانی خۆی و خێزانەکەیان ماوەیەک شانی داوەتە بەر کارکردن دواتر لە ١-٣- ١٩٧١ سەرەتا وەکو ئەرشیفەوان لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا وەکو(وەرگێڕ و بێژەر- مترجم و مذیع) دامەزراوە، چەندین بەرنامەی ئەدەبیی و ڕۆشنبیری و ئامادە و پێشکەشکردووە لەوانە بەرنامەی(دەرگای ژیان).

دکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم لە ساڵی ١٩٧٨ بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا تەواوکردووە، بووەتە مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی لە ئامادەیی کوردستان لە شاری کەرکووک، دواتر



**لە لای ڕاستەوە: پرۆفیسۆر نازم جقسی، میدیاکار نازم کەریم سەرحەد، میدیاکار مەحمود موفتی، دکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، نەناسراوە، نووسەر و میدیاکار جەمال بەرواری**

گواستراوەتەوە ناوەندیی باباگوڕگوڕ، هەر لەو ماوەیەش ماوەی (٦) مانگ لە تەلەفزیۆنی کەرکووک وەکو(مذیع- بێژەر)کاری کردووە، لە بەر ئەوەی نەبۆتە بەعسی کەوتۆتە ژێر گوشاری دام و دەزگاکانی ڕژێم لە کەرکووک، بەناچاری خزمەتی خۆی گواستۆتەوە بەغدا، ماوەیەک لە پەروەردەی کەرخ دەستبەکار بووە، لە هەمان کاتیش لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا دەستی بە کارکردن کردۆتەوە.

ئەو زۆر حەزی لە خوێندن بووە، بۆیە درێژەی بە خوێندنی بالا داوە، ساڵی ٢٠٠١ بڕوانامەی ماستەری لە زمان و ئەدبی کوردی لە کۆلێژی پەروەردی زانکۆی بەغدا بە پلەی نایاب بەدەستهێناوە، ناو نیشانی نامەی ماستەرەکەی(ئەسیری ژیانی و شیعرە بڵاوکراوەکانی) بووە، لە ساڵی ٢٠٠٤ ماوەیەک وەک جێگری بەڕێوەبەری دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی هەر لە بەغدا دەستبەکار بووە، لە ساڵی ٢٠٠٥ بڕوانامەی دکتۆرای لە هەمان بەش و هەمان کۆلێژ و زانکۆ دیسان بە پلەی نایاب وەرگرتووە، نامەی دکتۆراکەشی بە ناوی(ئەدەبی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی بەغدا ١٩٧٠-١٩٧٤، قۆناغێکی نوێ) بووە، لە ساڵی ٢٠٠٥ وەکو مامۆستای زمانی کوردی لە کۆلێژی پەروەردەی زنکۆی بەغدا لە خزمەتکردن بەردەوام بووە، لە ساڵی ٢٠١١ بووەتە سەرۆکی بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی زمان لە

هەمان زانکۆ تا خانەنشینبوونی لە ساڵی ٢٠١٩.

دکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، سەرەڕای خزمەتکردنی وەکو مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی، چەندین لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و بابەتی کەلتووری و کۆمەڵایەتیی کوردەواری نووسیوە و وەرگێڕاوە، ئەو بەرهەمەکانی لە چەند کتێبێکی ئاست بەرز و بەنرخ چاپکردوون، کە ئەمانەن:

- ئەدەبی ڕۆژنامە نووسیی کوردیی بەغدا- ١٩٧٠ -١٩٧٤، قۆناغێکی نوێ، دەزگای ڕۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی بەغدا. ٨٤٥ لاپەڕە. بەغدا. ٢٠٠٥.
- ئەسیری شاعیری نەتەوەخوازی کورد، لە سەر ئەرکی یەکێتیی ئەدیبان و نووسەران - لقی کەرکووک چاپکراوە، ساڵی ٢٠٠٦.
- شیعرە بڵاوکراوەکانی ئەسیری، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری سلێمانی، ٢٠٠٨.
- بابەتی ئەدەبی، دەزگای ڕۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا چاپی کردووە، ساڵی ٢٠٠٧.
- ڕووداوەکانی کوردستان لە ئاوێنەی ئەدەبدا، دەزگای موکریانی- هەولێر، ٢٠١٠.



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی دەرهێنەر و تەکنیککار عیزەت بریفکانی، دکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید**

- ئەدەبی گەنجان لە ڕاگەیاندنی بیستراوی کوردیدا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ٢٠١٣.
- وتوێژ بۆ خوێندکارانی پۆلی دوومی بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی بەغدا، چاپخانەی زانکۆی بەغدا، ٢٠٠٩.
- هەڵکشان بەرەو ئامانج، چاپخانەی زاکی، بەغدا، ٢٠١٨.
- خەرمانی زانست، کۆمەڵە توێژینەوەیەکی زانستی و بابەتی کوردەواری، دەزگای ڕۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی- بەغدا، ٢٠٢١.
- کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسیدا، ئامادەکردنی د. بدرخان




**لە لای ڕاستەوە: میدیاکار نازم کەریم سەرحەد، پرۆفیسۆر نازم جقسی، میدیاکار و نووسەر جەمال بەرواری، دکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید**





**دکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، لە دوو چالاکیدا**



**لە لای ڕاستەوە: میدیاکار نازم کەریم سەرحەد، هونەرمەندی دەرهێنەر ناسر حەسەن، دکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید**



**دکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، بەڕێز هاریتۆن......، میدیاکار نەجمەدین عەزیز سمایل، میدیاکار نازم کەریم سەرحەد، لە یەکێ لە موحازەراتە هاوبەشەکانی بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا ساڵی ١٩٧٥**

سندی، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە دکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨.

دکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم، سەرەڕای کاری مامۆستایی و نووسینەکانی، میدیاکارێکی بە توانا و سەرکەوتوو بووە، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا، بەندەش لەوێ (بێژەر) بووم، زۆر چالاکی نواندووە، وەکو نووسینی زنجیرەی ناودارانی کورد کە(٣٠) ئەڵقە بووە، بەڵام کاتی خۆی لە بەر چەند هۆیەکی سیاسی بڵاونەکراوەتەوە،



بەرهەمەکانی دکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید

لەگەڵ میدیاکار ڕەوانشاد محەمەد جیهاد حەسەن ماوەی(١٠) ساڵ بەرنامەی(دەرگای ژیان)یان بەیەکەوە ئامادە و پێشکەشکردووە، کە بەرنامەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە، لە بەشی زۆری وڵاتانی جیهان نامە بۆ ئەو بەرنامەیە دەهات، وا نامەی هەوادارێک کە لە شاری(شیکاغۆ)ی ئەمەریکا بۆ ئەو بەرنامەی ناردووە، لە گەڵ نووسینەکەم هاوپێچ کردووە.

بۆ هاوڕێ و هاوکار و هاوپیشەم دکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی دکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ماڵپەڕی فەیسبووکی ڕادیۆی کوردی، لە ٢١ - ٧ - ٢٠٢٣.

٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عوسمان چێوار

هونەرمەندی خۆڕسک، عاشق بە شانۆ و دراما، خاوەنی ڕێبازی ڕیالیزمی ڕەخنەیی و سایکۆلۆژی، شاعیر و هونەرمەندی شێوەکار و ئەکتەر و وێنەگر و وەرگێڕ و دەرهێنەری شانۆ و تەلەفزیۆن، ڕەوانشاد عوسمان چێوار....

ناوی تەواوی(عوسمان محەمەد ئەحمەدە)ە، لە ناو دنیای هونەردا بە عوسمان چێوار ناسراوە، لە ساڵی ١٩٤٦ لە گەڕەکی(سەرکارێز)ی ناو شاری سلێمانی لە خێزانێکی هەژار و کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٦٩ پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایانی تەواوکردووە، وەکو مامۆستا ماوەی چەند ساڵێک لە ناوچەکانی(چۆمان، شارباژێر، قەرەداغ، هەڵەبجە دواتریش ناو شاری سلێمانی)دەستبەکار بووە، ئەو هەر زوو تێکەڵ بە کار و چالاکیی سیاسی بووە، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و وەکو ڕابەری سیاسی و لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان دەستبەکار بووە، پاش نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ بۆتە لێپرسراوی چالاکیی قوتابخانەکان لە پەروەردەی سلێمانی.

شاعیر و هونەرمەندی شێوەکار و شانۆ و دەرهێنەر عوسمان چیوار،



**لە لای ڕاستەوە ڕیزی یەکەم: هونەرمەند ئەحمەد سالار، نەناسراوە، هونەرمەند عوسمان چێوار، ڕیزی پشتەوە: پۆلێك هونەرمەندی کورد**

هونەرمەندێکی خۆڕسکە، دەرچووی هیچ پەیمانگا و ئەکادیمییەکی هونەری نەبووە، تەنها چەند ڕۆڵیکی نواندنی لە بەغدا بینیوە، لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو هەر لە دامەزراندنی تیپی شانۆی خەبات و کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی دواتریش دامەزراندن و سەرۆکایەتیکردنی تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی بەردەوام لە خزمەتی هونەری تەمسیلییە و شانۆ و درامای کوردی بووە، هەر چەندە ئەو وەکو ئەکتەر چەندین دەوری سەرەکی بینیوە هەر لەشانۆگەریی بریار و ئەنجامەوە بۆ ڕۆڵی یوسف لە ڕەجەب و پیاوخۆرەکان و دەوری لە شانۆگەریی خەج و سیامەند تا شاکارەکەی ئەحەی کۆڕنۆ، کە گڕوتینێکی بەرچاوی داوەتە پێشخستنی شانۆ و درامای کوردی.

هونەرمەندی دەرهێنەر عوسمان چێوار وەکو دەرهێنەرێکی بە توانا و خاوەن ئەزموون عاشقی شانۆ و درامای کوردی بووە، خاوەنی ستایل و ڕێبازی تایبەت بە خۆی بووە، هەڵگری ڕێبازی ڕیالیزمی ڕەخنەیی و سایکۆلۆژییە، دەستی بۆ هونەری کۆمیدیاش بردووە، لە بواری شانۆی منداڵانیش سێ ساڵ لەسەر یەک خەڵاتی یەکەمی وەرگرتووە لە فیستیڤاڵەکانی شانۆی منداڵان لەسەر ئاستی هەموو عێراق، زۆر سەرسام بووە بە هونەرمەندانی جیهانی لەوانە(ستانسلاڤیسکی و چیخۆف).



كاروان عوسمان چێوار

ئەو لە بواری نواندن و دەرهێنان خاوەنی چەندین کاری جوان و ئاست بەرز و کاریگەرە لە تەمسیلییە و شانۆگاری و درامای کوردی ، ئەمانە هەندێکیانن.

- بڕیار و ئەنجام.
- سەرینی باداری.
- لانەوازان.
- پاڵتۆ.
- ئابڵۆقە.
- خەج و سیامەند.
- گوڵەمێخەک.
- بەهەشتیکی سووتاو (فیلمی سینەمایی).
- ئەحەی کوڕنو (شانۆگەری).
- مرۆڤ و شارەکەی.
- مەلی دەریا.




**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند عوسمان چێوار، نەناسراوە، شاعیری گەورەی کورد نەمر شێرکۆ بێکەس، نەناسراوە**

- دڕندەی تۆروس.
- شانۆگەریی گوڵعومەر.
- لە ساڵی ١٩٨٦ شیعری بۆ شانۆگەریی(ئاسکۆڕیاڵ) نووسیوە.
- شانۆگەریی منداڵان(بەیتی ڕێزان کێ، داپیرەی دانا، گورگی بێ شەوهەر)، چەندین شانۆگەریشی بە تەنیا و لەگەڵ هونەرمەندانی دیکە وەرگێڕاوە و دەرهێناوە.

هونەرمەند عوسمان چێوار، مرۆڤێکی کوردپەروەر بووە، زۆر سادە و ساکار و هەتا بە هەژارییش ژیاوە، ئەو هەموو کات لە کارە هونەرییەکانی ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەوخۆ لایەنی کوردایەتی و نەتەوەیی لە کارەکانی بەدیکراوە، ئەمانەش هەندێک لە هەڵوێست و چالاکییەکانین:

- لە ساڵی ١٩٧٤ لە هۆڵی(خولد) لە بەغدا شانۆگەرییەکی نەتەوەیی پێشکەشکردووە، هێندەی نەمابوو لە سەر ئەم کارەی دەستگیر بکرێت، هەر هەمان شەو بەغدایان بەجێهێشتووە و بەرەو شاخ ڕۆیشتوون.
- لەگەڵ هونەرمەند سیروان جەمالی هاوڕێی بەدەستی خۆی دارتاشی



هونەرمەند عوسمان چێوار و دایک و باوک و خوشك و براکانی



له لای ڕاستەوە: نەناسراوە، هونەرمەندی دەرهێنەر زوهێر عەبدولمەسیح، هونەرمەند عوسمان چێوار، نەناسراوە



هونەرمەند عوسمان چێوار و دوو لە منداڵەکانی

کردووە و سەکۆیەکی خنجیلانەی لە شەقامی(تووی مەلیک) بۆ تیپی پێشرەوی شانۆی کوردی دروستکردووە.

- لە ساڵی ١٩٨٨ بە ئاشکرا و بە دەنگی بەرز لە بەردەم سەرای سلێمانی بەرامبەر کاربەدەستانی ڕژێمی بەعس وتوویەتی:(وەرن من بکوژن، بەڵام گەلەکەم ئەنفال مەکەن)، لەسەر ئەم هەڵوێستەی نەوێراون







هونەرمەند عوسمان چێوار لە چەند کارێکی هونەریدا

بیکوژن لە ترسی خۆپیشاندان، بەڵام بە قەمە بریندارییان کردووە، ئەو لە حەیفا ویستوویەتی خۆی بکوژێت.

- لە ساڵی ١٩٩١ خۆی و خێزانەکەی ماوەیەک لە پێنجوێن بوونە، بە هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکار(کامیل ئەحمەد)کاری لە سەر پۆستەرە شیعرێک کردووە بە ناوی(پێنجوێن گوڵە زەردە) وا وێنەی ئەم پۆستەرە شیعرییەم هاوپێچ کردووە.
- لە ساڵی ١٩٩١ یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، یەکەم کار و بەرنامە و بەرهەمی ئەو تەلەفزیۆنە لە ماڵەکەی خۆیدا تۆمارکردووە، چەندین کاری گرنگی دیکەی بۆ خزمەتی شانۆ و


درامای کوردی کردووە.

شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس، لە ساڵی ١٩٩٧ بە پارچە شیعرێک ستایشی هونەرمەند عوسمان چێواری کردووە، وا لەگەڵ نووسینەکەم هاوپێچم کردووە.

با بزانین ئەو هونەرمەندانەی هاوڕێ و کاریان لەگەڵ هونەرمەند عوسمان چێوار کردووە، سەبارەت بە خودی خۆی و کارە هونەرییەکانی چ دەڵێن:

هونەرمەند سمکۆ ناکام دەڵێت:(زۆر ڕیزی لە شانۆنامە دەگرت، بە دەگمەن نەبێت دیالۆگی لە گیرفانی خۆی دەرنەئەهێنا، چێوار بە قووڵی دەچووە بنج وبنەوانی بابەتەکەوە، وەکو ئەندازیارێک تێکست و دەقەکانی شانۆی بە وردی هەڵدەبژارد).

- هونەرمەند خاتوو بەدیعە دارتاش دەڵێت:(زۆر ئامادە بوو بۆ ئەوەی ڕوحی خۆی دەربێنێ بۆ خزمەتی میللەتەکەی بە هەموو شێوە باشەکانییەوە، بە تایبەتی عاشقی شانۆ و درامـا بوو).





لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند کەمال سابیر ، هونەرمەند عوسمان چێوار ، ساڵی ١٩٧٨




**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند سیروان جەمال، هونەرمەند عوسمان چێوار، ساڵی ١٩٨٠ گیراوە**











**بەرهەمەی هونەرمەند عوسمان چێوار**

- هونەرمەند سیروان جەمال کە هاوڕێی گیانی بە گیانی چێوار بووە دەڵێت:(وەکو مامۆستایەک بە قسەمان دەکرد، من خۆم بە قەرزباری ئەو دەزانم).

- هونەرمەند مستەفا ئەحمەد دەڵێت:(ئێمە زۆربەی زۆرمان خۆمان بە قوتابی ئەو دەزانین بە تایبەتی من، چونکە ڕێنمایی و بەشداری پێدەکردین لە کارە هونەرییەکاندا).

هونەرمەند عوسمان چێوار لە ساڵی ١٩٧٢ هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو(ئەختەر) کردووە خاوەنی پێنج منداڵن بە ناوەکانی(کاروان، دالیا، ڕەنج، کۆسار،گەورەکەیان جوانەمەرگ بووە) خوا تەمەنی منداڵەکانیان درێژ بکات.

لە ڕۆژی ٢١- ٥-١٩٩٦ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.


سەرچاوەکان:

١ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٢ - کوردپێدیا.

٣ - فلمێکی دوکیومێنتاری لە کەناڵی کوردسات، دەربارەی ژیان و کارە هونەرییەکانی هونەرمەند عوسمان چێوار.

٤ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر عوسمان دەشتی

مامۆستای زانکۆ و نووسەر و لێکۆڵەر، توێژەر و وەرگێڕ و ئامادەکردن و پێداچوونەوە و ساغکردنەوەی تێکستی شاعیرانی کلاسیکی، پرۆفیسۆر دکتۆر عوسمان دەشتی...

ناوی تەواوی(عوسمان حەمەد خدر)ە، لە ناوندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە عوسمان دەشتی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی(ماستاوە)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێر لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، ماڵیان هاتۆتە ناو شاری هەولێر، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری هەولێر تەواوکردووە، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١، پاش نسکۆی شۆڕش هاتووەتەوە، لە ساڵی ١٩٧٥ پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایانی لە هەولێر تەواوکردووە و بووەتە مامۆستا لە گوندەکانی ناوچەی(پشدەر و ڕانیە) تا ساڵی ١٩٨٠، دواتر هاتۆتەوە ناو شاری هەولێر، لە ساڵانی ١٩٨٢- ١٩٨٩ دووبارە بۆتەوە پێشمەرگەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان.

پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ درێژەی بە خوێندن داوە، لە ساڵانی ١٩٩٢- ١٩٩٦ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردی لە کۆلێژی



**لە لای ڕاستەوە: ڕۆژنامەنووس پیری، دکتۆر مارف خەزنەدار، شاعیر جەلالی مەلەکشا، دکتۆر عوسمان دەشتی، لە سەر گڵکۆی هونەرمەند حەسەن زیرەك هاوینی ٢٠٠٥**

پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووە، ساڵی ٢٠٠١ بڕوانامەی ماجستێری لە زمان و ئەدەبی کوردی لە کۆلێژی زمان لە هەمان زانکۆ وەرگرتووە، نامەی ماجستێرەکەشی بە ناو نیشانی(ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە شیعری هێمن موکریانی) بووە، لە ساڵی ٢٠٠٧ یش بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی لە هەمان کۆلێژ و زانکۆ بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە، نامەی دکتۆراکەشی بە ناونیشانی(شیعری ناوچەی موکریان- لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم) بووە، ئەو وەکو مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی کۆیە، بەردەوام بووە لە خزمەتکردن تا ١-٧- ٢٠٢٢ خانەنشیکراوە.

نووسەر و لێکۆڵەر و توێژەر دکتۆر عوسمان دەشتی، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، چۆتە ناو دنیای ئەدەب و ڕۆشنبیری و نووسین و ڕۆژنامەگەرییەوە، تا ئێستا زیاتر لە(٢٥) کتێبی لە بوارەکانی زمان و ئەدەب و لێکۆڵینەو و توێژینەوە ئامادەکردن و پێداچوونە و ساغکردنەوەی تێکستی شاعیرانی کلاسیکی و چەندین بابەتی هەمەجۆری دیکە، بە تەنیا

و هەندێکیان بە هاوبەشی لەگەڵ نووسەرانی دیکە، هەمووشی بە زمانێکی کوردیی سادە و ساکار و جوان و ڕەوان نووسیوە و چاپی کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە، سەرەڕای نووسین و بڵاوکردنەوەی زیاتر لە(٢٠) لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی لە گۆڤارە زانستییەکانی زانکۆکانی کوردستان و گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ئەمانە هەندێ لە بەرهەمە چاپکراوەکانییەتی:

- هێمن، دەربارەی ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شیعرەکانی، نامەی ماجستێرەکەیەتی.
- شنەی هەیبەت سوڵتان، بەرگی یەکەم و دووەم، کۆبەرهەمی شیعر و نووسینەکانی جەلال جۆبار، ساڵی ٢٠١٠ و ٢٠١٨.
- دیوانی وەفایی، دەستنووسێکی دەگمەنی شیعری کلاسیکیی کوردییە، دەستخەتی میرزا عیسای گەورک. ٢٠٢٢.
- بارگەی یاران، سەرجەم شیعرەکانی هێمنی شاعیر.
- حاجی قادری کۆیی، نووسینی نووسەر قەدری یلدرم، وەرگێڕان لە پیتی لاتینییەوە.
- لە ئاستانەی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا، هەولێر، ٢٠٢٢.



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر عوسمان دەشتی، بەڕێز ئاغای جەعفەری مەزروعی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس مامۆستا فەرهاد عەونی**

- دیوانی محەمەد ڕەسوڵ هاوار، بە هاوبەشی لەگەڵ نووسەر سدیق ساڵح.
- هەواری خاڵی، سەرجەم نووسینەکانی هێمن.
- لە زمانەوانییەوە بۆ ئەدەبیات، بەرگی یەکەم و دووەم، وەرگێڕانی دکتۆر عوسمان دەشتی و پێداچوونەوەی دکتۆر یوسف شەریف سەعید.
- شیعری ناوچەی موکریان.



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر مارف خەزنەدار، دکتۆر عەزیز گەردی، دکتۆر حەمە نوری عارف دکتۆر دڵشاد عەلی، تاوتۆکردنی نامەی ماجستێرەکەی لەهۆڵی فەرهادی- کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین



لە لای ڕاستەوە: پرۆفیسۆر دکتۆر دڵشاد عەلی، دکتۆر عوسمان دەشتی، دکتۆر شوکریە ڕەسوڵ، ڕۆژی گفتوگۆکردن لە سەر نامەی دکتۆراکەی لە ١٧-٣- ٢٠٠٧



**لە لای ڕاستەوە؛ دکتۆر عوسمان دەشتی، ڕەوانشاد مامۆستا عوسمان کێخوا عەولاّ خەزنەیی**

- دیوانی وەفایی، ئامادەکردنی سەعید عوبەیدولّلا ئەیوبییان، ئامادە و ساغکردنەوە و پێشەکی نووسینی دکتۆر عوسمان دەشتی.
- دیوانی ڕاجی، مەلا عەبدولڕەحمانی بارانی شارەزووری، مەسعود محەمەد پێشەکی بۆ نووسیوە، محەمەدی مەلا کەریم پێداچوونەوەی بۆ کردووە، دکتۆر عوسمان دەستی و بەڕێز ئیسماعیل ڕاجی ئامادەیان کردووە و ساغیان کردووەتەوە و لە چاپیان داوە.
- هێمن نامە، دوو بەرگ.
- لە خزمەتی ئەدەب و لە پێناوی ڕاستیدا، شیعر و ژیان و خەباتی هێمن، ٢٠٢٢.
- مەلا مەعسومی هەورامی. مەلا و زانا و وڵاتپەروەر، ٢٠١٥.
- لە بارەی بنیات و زمان و شێوازی شیعر، تێکست و لێکۆڵینەوە، ٢٠١٣ ئەزموونی شیعری موکریان و شوێنی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، چەندانی دیکەش.

دکتۆر عوسمان دەشتی، چەندین چالاکیی دیکەشی لە بوارەکانی ڕۆژنامەگەری و ڕێکخراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان نواندووە لەوانە:

- سەرپەرشتیی چەندین نامەی ماجستێر و دکتۆرای قوتابیانی زانکۆکانی





**لە لای ڕاستەوە: خاتوو هاوسەری دکتۆر عوسمان دەشتی، دکتۆر عوسمان دەشتی، لە گەرەوانی خواروو لە کاتی پێشمەرگایەتی هاوینی ساڵی ١٩٨٣**


کوردستان کردووە، وەکو لێژنەی تاوتوێکردنیش لە چەندانی دیکەش بەشدار بووە.


- بەشداریی چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفراسی زانستی و ئەکادیمی نێودەوڵەتی لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان کردووە.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی(IFJ)، یەکێتیی نووسەرانی کوردە.
- بەردەوامە لە ڕێنمایی و سەرپەرشتی و بەشداریکردن لە گفتوگۆکردنی نامەی ماستەر و دکتۆرای قوتابیانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.
- لە ١٥-١٢- ٢٠٢١، زانکۆی کۆیە، لە ڕێوڕەسمێکی شایستە، هۆڵی(پرۆفیسۆر دکتۆر عوسمان دەشتی) کراوەتەوە، خۆشی سەرجەم بەرهەمەکانی پێشکەش بە کتێبخانەی زانکۆی کۆیە کردووە.


دکتۆر عوسمان دەشتی، خێزاندارە، خاوەنی دوو کچ و سێ کوڕە بە ناوەکانی(ساوێن، ئاریان، هێژا، ڕۆژا، کاڵێ) خوا تەمەن درێژیان بکات، بۆ خۆشی هەر سەرکەوتوو بەردەوام بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و وشەی کوردی.





















**بەرهەمەکانی دکتۆر عوسمان دەشتی**

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامەی دکتۆر عوسمان دەشتی، لە پەیجی خۆی وەرگیراوە.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.




## ڕۆستەم باجەلان

خاوەنـی پڕۆژەی(ئەدەبی منـدالان)، شـاعیر و نووسـەری بـواری ئەدەبـی منـدالان، ڕەوانشـاد ڕۆسـتەم باجـەلان....

نـاوی تەواوی(ڕۆسـتەم سـەلام محەمـەد ئەمین)ە، لـە ناوەنـدی ئەدەبـی و ڕۆشنبیری بە ڕۆستەم باجەلان ناسراوە، لە ١ - ٧- ١٩٤٦ لە گەڕەکی(خانەقا) ی نـاو شـاری هەولێر لـە خێزانێکی کوردپـەروەر لـە دایک بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەندی و ئامادەی هـەر لـە شـاری هەولێر تەواوکـردووە، بـە هـۆی هەڵوێسـتە سیاسییەکانی سـاڵی ١٩٦٨ ماوەیـەک دەسـتگیرکراوە، پـاش ئـازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر ئازادکراوە.

لـە سـاڵی ١٩٧٣ بەشـی زمـان و ئەدەبی کوردی لـە کۆلێژی ئادابی زانکـۆی بەغدا بەسـەرکەوتوویی تەواوکردووە و بووەتـە مامۆسـتای زمانـی کوردی بـە میلاکی(معلـم جامعي) لـە قوتابخانـە ناوەندی و ئامادەییەکانی شـاری هەولێر.

شـاعیر و نووسـەر ڕۆسـتەم باجـەلان، لـە نیـوەی شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو، دەسـتی بـە نووسـینی شـیعرکردووە، لـە سـەرەتای حەفتاکانیـش بەرهەمەکانی خـۆی لـە ڕۆژنامـەی هـاوکاری و گۆڤـاری بەیـان بڵاوکردۆتـەوە، دواتـر ڕووی لـە نووسـینی شـیعر و چیرۆک و ڕۆمـان و ئۆپەرێت و شـانۆی منـدالان کـردووە، ئـەو بـە خاوەنـی پڕۆژەی(ئەدەبی منـدالان) دادەنرێـت، لـە



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر ڕۆستەم باجەلان، ئاری فاروق نانەکەلی، نووسەر و لێکۆڵەر د.عەبدوڵڵا ئاگرین**

کۆتایی ساڵی ١٩٨٤ پێشنیاری ئەو پڕۆژەیەی کردووە، لە گەڵ هەریەک لە شاعیر و چیرۆکنووسی بواری منداڵان(نەجات ڕەفیق حلمی، پیربال مەحموود، ئیسماعیل تەنیا، سەلاح سەلیم سەیدۆک، خالید شەیدا، فەیسەڵ دێهاتی) ژمارە یەکی ئەم پڕۆژەیان لە سەر خەرجیی خۆیان چاپ کردووە و بڵاوکردۆتەوە، ژمارەی دووەمیش لە ساڵی ١٩٩٠ کۆڕی زانیاریی کوردی لە بەغدا چاپی کردووە.

شاعیر و نووسەر ڕۆستەم باجەلان، کۆمەڵێک بەرهەمی لە بواری ئەدەبیاتی منداڵان و بابەتی هەمەجۆری دیکە چاپ کردووە و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- ژان و ئەوین، کۆمەڵە شیعر، ساڵی ١٩٧٧.
- شاعیرێکی تێنوو لە پەڕاوی بیرەوەریدا، ، ساڵی ١٩٧٨.
- دڵدارەکەم لە شارێکی ترە، شیعر، ساڵی ١٩٨٠.
- سۆلین، شیعر، ساڵی ١٩٨٠.
- دەریا، شیعر، ساڵی ١٩٨١.
- پێناو تۆدا دەمرم، شیعر، ساڵی ١٩٨٢
- باخچەی منداڵان، شیعر بۆ منداڵان، ساڵی ١٩٨٣.

- نیشتمانی منداڵ و ڕەشەبا، بە هاوبەشی ساڵی ١٩٨٣.
- منداڵ و جیهانی وەرزش، ساڵی ١٩٨٤.
- دەریای منداڵ، ڕۆمان بۆ منداڵان.
- گرانەتا، پێنج چامەی شیعرییە.
- غەریب، چامەیەکی شیعریی درێژە.

لە ساڵی ٢٠٠٨ قوتابی هیوا قاسم عەلی، لە بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی سەلاحەدین، وەکو پێداویستییەکانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، لێکۆڵینەوەیەکی بە ناونیشانی(شیعری منداڵان لای شاعیر ڕۆستەم باجەلان) پێشکەش کردووە، کە دکتۆر نەجم ئەڵوەندی سەرپەرشتیی کردووە.

شاعیر و نووسەر ڕۆستەم باجەلان، بە یەکێک لە شاعیرە پێشەنگەکانی ئەدەبی منداڵان دادەنرێت، جگە لە نووسینەکانی وەکو مامۆستای پەروەردەیی و کوردپەروەرێک چەندین چالاکیی هەبووە لەوانە:

- وەکو مامۆستای پەروەردەیی، زیاتر لە(٢٣) کۆڕی شیعری و چیرۆک و شانۆ و ئۆپەرێتی بۆ قوتابیانی بەهرەمەند ڕێک خستووە، هانیداون کە




لە لای ڕاستەوە: شاعیر ڕۆستەم باجەلان، شاعیر و نووسەر ئیسماعیل تەنیا

زیاتر بخوێننەوە و فێری خوێندنەوەی شیعر و بەکارهێنانی مایکرۆفۆن و چالاکیی ڕۆشنبیریی ببن.

- لە ٢٢ - ٤ - ٢٠٠٩، (٢٢) شاعیر و نووسەری کۆکردۆتەوە، لە شاری کەرکووک کۆڕی بۆ ڕێکخستوون، لە کۆڕەکەدا سروودی(ئەی ڕەقیب و ئەی شەهیدان)یان وتووەتەوە، بەبێ گوێدان بە مەترسییەکان.
- لە ساڵی ٢٠٠٨ لەگەڵ هەر یەک لە شاعیر و نووسەران(عەباس عەبدوڵڵا یوسف و دکتۆر کەمال مەعروف) بڵاوکراوەی(بزافی تەغریبی)یان بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بڵاوکردۆتەوە، کە بڵاوکراوەیەکی



لە لای ڕاستەوە: شاعیر ڕۆستەم باجەلان، هونەرمەند و نووسەر ڕەوانشاد شێرزاد عەبدولڕەحمان



ڕۆژنامەنووس و میدیاکار قەهار شێخانی، شاعیر ڕۆستەم باجەلان



**شاعیر ڕۆستەم باجەلان**

نوێخوازی بووە، بەڵام ئەم بزاڤە هەر لە شوێنی خۆی پووکایەوە، کاتی خۆی نووسەر عەبدولغەنی عەلی یەحیا لە ڕۆژنامەی(العراق) نووسینێکی لە سەر ئەم بزاڤە نووسیوە.

- ئەو کاتەی نووسەر و هونەرمەند ڕەوانشاد شێرزاد عەبدولڕەحمان بەرنامەی(ئەدەب و هونەر)ی لە تەلەفزیۆنی کەرکووک پێشکەش دەکرد، مێوانداری شاعیر ڕۆستەم باجەلانی کردووە، شیعرێکی نیشتمانپەروەری خوێندۆتەوە، لەسەر ئەم شیعرە بەرنامەی(ئەدەب و هونەر) بۆ ماوەیەک ڕاگیرا.
- یەکێک بووە لە دەستەی دامەزراندنی بڵاوکراوەی(هاودەنگ) کە زمانحالی قەڵەمە نوێخوازەکانی ئەو کات بووە.

لە ٢٦- ٧ - ٢٠١٧، کۆمپانیای شادی بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری بە هاوکاریی ڕێکخراوی ئاشتیی خێرخوازی جیهانی، لە ماڵی وەفایی مەڕاسیمێکی ڕێزلێنانیان بۆ شاعیر و نووسەر ڕۆستەم باجەلان سازکردووە.

شاعیر و نووسەر ڕۆستەم باجەلان لە ڕۆژی ١٥- ٣- ٢٠١٨ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.




بەرهەمەکانی شاعیر ڕۆستەم باجەلان

سەرچاوەکان:

١- Rudaw، نووسینێکی نووسەر پەسار فایەق، لە ١٥-٣-٢٠١٨.

٢ - ماڵپەڕی دەنگەکان، نووسینێکی نووسەر ئیسماعیل تەنیا، لە ١٣-٥ - ٢٠١٨.

٣ - کورتە نووسینێکی ڕۆژنامەنووس و میدیاکار قەهار شێخانی، هاوڕێم شاعیر و هونەرمەند و میدیاکار سالار کۆشار بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٤- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# جان تۆماس

هونەرمەندی مۆسیقاژەن و نووسەر، خەمخۆری هونەری مۆسیقا و ئاواز و گۆرانیی کوردی، ڕەوانشاد جان تۆماس...

ناوی تەواوی(جان تۆماس جانۆ)یە، لە ٤-٤- ١٩٤٧ لە خێزانێکی(کریستیان- مەسیحی- دیان)ی هەژار و زەحمەتکێش لە شارە جوان و ڕەنگینەکەی کۆیە لە دایک بووە، ئەوان بەڕەچەڵەک خەڵکی باکووری کوردستانن، لەگەڵ بنەماڵەی هونەرمەند(ولیەم یۆحنا)خزمایەتییان هەبووە، لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانی، بەهۆی گرانی و نەبوونی و نەهاتی و سەختیی ژیان، ڕوویان لە عێراق کردووە و لە شاری بەعقوبە لە ئۆردوگایەک گیرساینەوە، لە ساڵی ١٩٢١ بە بڕیاری مەلیک فەیسەل هەموو ئاشووری و مەسیحیە ئاوارەکان ڕێیان پێدراوە وەکو هاووڵاتییەکی عێراقی سەربەست و ئازاد بژین، بنەماڵەی جان تۆماس ڕوویان لە شاری کۆیە کردووە، ئەو لەو شارە دێرینە لە باوەشی تۆماس جانۆی باوکی و خاتوو(ڕۆمی)ی دایکی گۆش و پەروەردە کراوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری کۆیە تەواوکردووە،



هونەرمەند جان تۆماس



تیپی باواجی

ئامادەییشی لە شاری هەولێر تەواوکردووە، دواتر خانەی مامۆستایانی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە و بووەتە مامۆستا لە شارەدێی(هاودیان) لە نزیک ناحیەی(دیانە) هەر لەوێش هاوسەرگیری کردووە و ماڵ و خێزانی پێکهێناوە، دواتر هاتۆتە ناو شاری هەولێر وەکو مامۆستای هونەری لە قوتابخانەکانی هەولێر بەردەوام بووە لە خزمەتکردن، لە ساڵی ١٩٧٦ لە چالاکیی قوتابخانەکانی سەر بەپەروەردەی هەولێر بووە، لە ساڵی ١٩٧٧ وەکو مامۆستای هونەری(ئینتداب)ی ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی حوکمی زاتی بووە هەر لە هەولێر، دواتر بووەتە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی تاوەکو خانەنشینبوونی.

لە ساڵی ١٩٥٧ هونەرمەندی ڕەوانشاد مامۆستا باکووری لە قوتابخانەی ناوەندیی کۆیە مامۆستای زمانی ئینگلیزی بووە، تیپێکی هونەری بەناوی( تیپی مۆسیقای باواجی) لەو قوتابیانەی کە حەزیان لە مۆسیقا بووە پێکهێناوە، هونەرمەند جان تۆماسیش یەکێک بووە لەو قوتابیانە، ئیدی ئاشنای مۆسیقا و ئامێرەکانی مۆسیقا بووە.

هونەرمەند جان تۆماس ئەو کاتەی قوتابی بووە لە پەیمانگای مامۆستایانی سلێمانی بۆ ماوەی دوو ساڵ لە سەر دەستی هونەرمەند(ولیەم یۆحنا) کە ئاشنایەتی و خزمایەتییان هەبووە، فێری مۆسیقا و نۆتەی مۆسیقی



جان تۆماس



تیپی باواجی

بووه  هەر ئەو کاتیش خۆی فێری ئامێری(ڤیۆلۆن) کردووه، دواتر عود و کەمانچە.

هونەرمەند جان تۆماس، لە ماوەی ژیانی هونەریدا کە لە نیوەی دووەمی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بە تەواوی چۆتە ناو دنیای هونەر و مۆسیقاوە، لە گەڵ چەند تیپێکی هونەر و مۆسیقا و کارە هونەرییەکانی خۆی ئەنجامداوە، لەوانە( تیپی مۆسیقای سلێمانی، تیپی هونەریی هەولێر، تیپی مۆسیقای باواجی، تیپی مۆسیقای خانزاد، تیپی مۆسیقای باکووری ڕۆژئاوایی)، چەندین چالاکیی هونەری و ڕێکخراوەیی دیکەشی نواندووە، ئەمانە هەندێکیانن:

- لە ساڵی ١٩٦٦- ١٩٦٨ لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی چەندین کاری هونەری ئەنجامداوە.
- لە ساڵی ١٩٧٢ تا ١٩٧٤ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی تیپی مۆسیقای باواجیی کۆیە بووە، هەر چەندە ئەو ماڵی لە عەنکاوە-هەولێر بووە، بەڵام لە هەموو ئاهەنگ و چالاکییەکانی ئەو تیپە لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان ئامادە بووە.
- لە بەهاری ساڵی ١٩٧٤ لە گەڵ تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە، لە



**لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە ، نەناسراوە، میدیاکار هاشم جەباری، جان تۆماس**



لەلای ڕاستەوە: میدیاکار سەلام باپیر بالیسانی، جان تۆماس

میهرەجانی هونەری کوردی لە هۆلی(خولد) لە شاری بەغدا بەشدار بووە، ئەو کات بەندە قوتابیی بەشی کوردیی کۆلیژی ئادابی زانکۆی بەغدا بووم لەم میهرەجانە ئامادە بووم، تیپی مۆسیقای سلێمانی بە پلەی(ممتاز- نایاب) دەرچوو، تیپی باواجیی کۆیەش بە پلەی یەکەم دەرچوو، هونەرمەندان(وریا ئەحمەد، سەردار ئەحمەد، زاهیر محەمەد، جان تۆماس و چەندین مۆسیقاژەنی دیکەش) ئامادە و بەشدار ببوون.

- لە ساڵی ١٩٧٦- ١٩٧٩ لەگەڵ مامۆستا یوسف باکووری تیپی(جۆزێف تریۆ)یان دامەزاندووە، چەندین چالاکیشیان نواندووە.
- لە ساڵی ١٩٧٧ تا ساڵی ١٩٨٠ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی تیپی هونەریی هەولێر بووە، لە ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ هەر یەک لە هونەرمەندان( وریا ئەحمەد و ڕزگار خۆشناو و ئەندامانی دیکەی تیپی مۆسیقای هەولێر)، (٢١) گۆرانییان بۆ تەلەفزیۆن لە بەغدا تۆمار کرد، کە بە وەرچەرخانێکی گەورە بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی گۆرانی و مۆسیقای کوردی دادەنرێت.
- لە ساڵی ١٩٨٠ تا ساڵی ١٩٨٤ سەرپەرشتیاری تیپی مۆسیقای(خانزاد)



له لای راستەوە: جان تۆماس، فەرهەنگ غەفور

بووە، چەندین ئاهەنگ و چالاکیی هونەریان پێشکەش کردووە.

- لە هەموو میهرەجان و چالاکییەکانی چالاکیی قوتابخانەکان لەسەر ئاستی کوردستان عێراق بەشداریکردووە.
- ئەندامی کارگێڕیی ئۆرکسترای کوردستان بووە و وەکو مۆسیقاژەنیش بەشداری لە چالاکییەکانی کردووە.
- لە ساڵی ١٩٧٧ەوە، ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان - لقی هەولێر بووە، لە ساڵی ٢٠٠١ بۆتە سەرۆکی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان - لقی هەولێر.
- وەکو مامۆستا و ڕاهێنەر و فێرکار، بەشداری لە چەندین خولی فێرکردنی مۆسیقا کردووە، چەندین مۆسیقاژەنی گەنج لەسەر دەستی ئەو فێری مۆسیقاژەنین بووینە.
- ئەو لە گەڵ هونەرمەند وریا ئەحمەد و هونەرمەند ڕزگار خۆشناو بەشدار بووە لە ئامادەکردن و تۆمارکردنی مۆسیقای بەشی زۆری گۆرانییەکانی هونەرمەند(حەمە جەزا و ناسری ڕەزازی).
- لە گەڵ هونەرمەندان وریا ئەحمەد و ڕزگار خۆشناو، مۆسیقای

گۆرانییە بە ناوبانگەکەی هونەرمەند ڕەوانشاد(قادر کابان)یان ئامادە و تۆمارکردووە، کە دەڵێت:( هەموو ڕۆژێ لە بەر سەیری بتی ئەو بەژن و باڵایە- لە سەر ڕێیە ئەوەستم هەتاکە ئاوی پێم دایە)، کە شیعری شاعیر ئەحمەد هەردییە و ئاوازی قادر کابان خۆیەتی.

- دەیان وتار و نووسینی دەربارەی مۆسیقا و بابەتی هونەری دیکە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوکردۆتەوە، ساڵی ١٩٩٨ کتێبێکیشی بەناوی(ڕەزمەکانی مۆسیقای کوردی) چاپ کردووە و بڵاوکردۆتەوە.

با بزانین هونەرمەندانی کورد، چ دەڵێن سەبارەت بە هونەرمەند جان تۆماس:

هونەرمەندی مۆسیقاژەنی گەورەی کورد ئەنوەر قەرەداغی دەڵێت:( براو هاوڕێی هونەرمەندم جان تۆماس، لەساڵی (١٩٦٢) وە دەناسم و پەیوەندی برایانە و هونەریمان پێکەوە هەیە ، کەسێکی جوان و هەست ناسک و هونەرمەندێکی بەتوانا لە بواری ژەنینی ئامێری ڤیۆلۆن، ماوەی چەند ساڵێک لە تیپی مۆسیقای سلێمانی لەگەڵماندا کاری هونەری ئەنجامدا).

هونەرمەندی دیار و ناسراوی کورد مامۆستا وریا ئەحمەد دەڵێت:( بەداخەوە ئەو هونەرمەندە بەتوانایە هاوڕێی ژیانی هونەریم ، ئەو پیاوە جوان و قۆزە ئێستا بەهۆی نەخۆشییەوە دۆخی باش نییە، بۆمن جێی شانازییە کە ئەو پیاوە هاوڕێی تەمەن و ژیانی هونەریمە، دەتوانم ئەوە بڵێم کە کاکە جان تۆماس لەم قۆناغانەدا پێکەوە هاوکارو هاوسۆز و ڕێبواری ڕێگا پیرۆزەکەی هونەری مۆسیقا و گۆرانی بووین، بەبێ دابڕان و هەموو کات ڕەچاوی ئەوەمان کردووە کە تێبکۆشین بۆبەرزڕاگرتن و پێشخستنی هونەری مۆسیقا لە وڵاتەکەمان، شانازییە کە لەم تیپە مۆسیقییانە پێکەوە کارمان کردووە( تیپی مۆسیقای باواجیی کۆیە ، تیپی هونەریی هەولێر و تیپی مۆسیقای خانزاد).

هونەرمەند زاهیر محەمەد دەڵێت:( هونەرمەند جان تۆماس ، یەکێکە لە هونەرمەندانی دەستەی بەڕێوەبردنی تیپی مۆسیقای باواجیی کۆیە ، لەساڵی ١٩٧٢ ەوە، یەکێک بووە لە ئەندامە کارا و چالاکەکانی تیپی باواجی ، ڕاستە ئەو وەک شوێنی نیشتەجێ بوون لە شاری هەولێر دەژیا ، بەڵام لە هەموو کارو چالاکییە هونەرییەکانی تیپی باواجی لە بۆنە و ئاهەنگەکانداو ئەو بەرهەمانەی بۆ تەلەفزیۆنیش تۆمارمان کرد،

هونەرمەنـد جـان تۆمـاس وەک هونەرمەندێکـی دەسـت و پەنجـە زێڕیـن و خۆنەویسـت ئامادەیـی هەبـووە).

هونەرمەنـد پایـەدار بەرزنجیـش دەڵێت:(جگـە لـەوەی کەمانجەژەنێکـی زۆر بـاش بـوو درامەرێکـی زۆر باشـیش بـوو لـە یەکـەم تیپـی ڕۆژئاوایـی لەشاری هەولێر، مامۆسـتا جان تۆماس ژەنیاری درام بوو لـەو تیپە لەگـەڵ هونەرمەندان یوسف باکوری و نزار دیلان و خوالێخۆشبوو جەلیل ئازید، لـە سـاڵی ١٩٨٠ تیپێکی ڕۆژاوایی لـە یەکێتیی ئافرەتـان دامەزراند ئـەو کات پەیوەندی بە منەوە کرد وەکو فلوتژەنێک لەگەڵیان کاربکەم، مامۆستا جان شارەزاییەکی زۆرباشی هەبوو لە موزیکی ڕۆژاوایی وجۆرەکانی، هەروەها ڕیتم وکۆردەکان بۆیە من زۆر سوودم لێ بینی ئەو بەڕاستی هونەرمەند ومامۆستاو برایەکی گەورە بوو ، زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو زۆر ڕێزی لە بەرامبەری ئەگرت ئێستاش من هەروەکو مامۆستاو پەروەدکار سەیری ئەکەم).

هونەرمەنـد جـان تۆمـاس جانـۆ لـە ڕۆژی ٦- ٧-٢٠٢٣ لـە شـارۆچکەی عەنکاوە لـە هەولێـر کۆچـی دوایـی کـردووە، ڕوحـی پاکـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێت.

سەرچاوەکان:


١- - kurdistan tv، نووسـینێکی نووسـەر جەمالـی دەلاک، لـە ٦ - ١ - ٢٠٢٢.

٢ - کتێبی(کەشکۆڵی نووسینەکانم)، لـە نووسـینی هونەرمەند وریـا ئەحمـەد، لاپـەڕە(٣٤٠).

٣- - Rudaw tv، نووسینێکی نووسەر پەسار فایەق، لە ٦-٧-٢٠٢٣.

٤ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی(الزمن) Azzamen online لە ٦- ٧- ٢٠٢٣.

٥ - ماڵپەڕی فەیسبووکی خەلیل عەبدوڵڵا، لە ٧-٧- ٢٠٢٣.

٦ - ماڵپەڕی فەیسبووکی ڕادیۆی کوردیی بەغدا، لە ٦- ٧ - ٢٠٢٣.

٧ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## هادی زیائەدینی


هونەرمەندی هێلکاری و وێنەساز و نیگارکێش و پەیکەرتاشی دیار و ناسراوی شاری(سنە) و هەموو ئێران و کوردسان، مامۆستا هادی زیائەدینی...

هونەرمەندی پەیکەرتاش هادی زیائەدینی لە ساڵی ١٩٥٦ لە گەڕەکی(جۆرئاوا)ی شاری(سنە)ی دڵی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە خێزانیکی ڕۆشنبیر و هونەردۆست و سۆفیگەری لە دایک بووە، هەر لە منداڵییەوە پێش ئەوەی بچێتە بەر خوێندن نیگاری کێشاوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری سنە تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٧ لەسەر دەست و لەژێر چاودێریی مامۆستای(هونەرمەند هانیبال ئەلخاس) بە هونەری ئاشووری و بە ناخی بابەتەکانی هێڵکاری ئاشنا بووە، بەردەوام بووە لە خوێندن و ئەکادیمییای هونەرە جوانەکانی لە زانکۆی تاران تەواوکردووە، پاشان گەڕاوەتەوە شاری سنە و ئەکادیمیای هونەری هێڵکاری و نیگارکێشان و پەیکەرتاشی کردۆتەوە و خۆشی وەکو مامۆستا تێیدا دەستبەکار بووە.

هونەرمەند هادی زیائەدینی هەر لە مێردمنداڵیدا خووی خۆی داوەتە قەڵەم و کاغەز و نەخش و نیگارکێشان بەبێ کەرەستە و پێداویستییە




له لای ڕاستەوە: هونەرمەند هادی زیائەدینی، نەناسراوە




پەیکەری میرزا ڕەزا کەلهوڕ

تایبەتییەکانی وێنەکێشان، دەستی کردووە بە هونەری هێڵکاری و نەخش و نیگار، زۆربەی کارە هونەرییەکانی لەماڵەوە ئەنجامداوە، ئەو لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت:(کاریکاتێری هەموو مامۆستاکانی خۆمم کێشا بوو، ڕۆژێک لەسەر خواستی هاوڕێکانم لە دیوارەکانی قوتابخانە هەمووم هەڵواسی، لە بەر ئاپۆڕای قوتابیان و خەڵکی دیکە، بوار نەبوو بۆ چەند ساتێکیش وێنەکان لە سەر دیوارەکان بمێننەوە).

ئەو وێنەساز و پەیکەرتاش و مامۆستایەکی بە توانا و خاوەن ئەزموونێکی بێ وێنەیە، هەموو کەلتوور و کەلەپوور و خەم و خەبات و ڕەنج و ماندوونی گەلەکەی لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە کارە هونەرییەکانیدا بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە.



پەیکەری بابەتاهیری هەمەدانی

هونەرمەند هادی زیائەدینی کەم دەدوێت، بەڵام پەیکەرەکانی هەمیشە لەگەڵ خەڵکی دەدوێن، ئەو کەمتریش دەردەکەوێت، بەڵام پەیکەرەکانی لە یاد و بیرەوەی خەڵکی هەر دەمێننەوە، ئەو دەربارەی کارە هونەرییەکانی خۆی دەڵێت:(جەخت دەکەمەوە لەسەر دەروونناسی و هەڵکۆڵینی ڕوح و هەست، هەزاران وێنەم کێشاوە بۆ ئەوەی تایبەتمەندیی هاوبەشی ڕووخسارو شێوازەکانی مرۆڤم بۆ ڕوون بێتەوە).

ئەو ئێستا لە نیوەی دووەمی شەستەکانی تەمەنیدایە، زیاتر لە(٤٠)



پەیکەری ژن کۆبانی

ساڵە خەریکی پەیکەرتاشی و دەرهێنانی ڕوحی شاعیر و نووسەر و کەسە ناودارەکانی کوردە لە بەردەکاندا، کەم شار هەیە لە ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور پەیکەری ئەوی تێدا دانەندرابێت، بۆ نموونە(پەیکەری شێخ مەحموودی نەمر لە سلێمانی، مەستوورەی ئەردەڵان لە هەولێر، پەیکەری جگەرخوێن لە هەولێر، ژنە کوردی کۆبانی لە سلێمانی، پلان و بەرجەستەی سەربازی مادی لە سنە، هەژار و هێمن و محەمەدی قازی لە مهاباد، پەیکەری هونەرمەند حەسەن زیرەک لە بۆکان، پەیکەری میر عیماد لە قەزوین، پەیکەرەرکانی باباتاهیری هەمەدانی، نالی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، شەرەفخانی بەتلیسی، میرزا ڕەزا کەلهوڕ، شوان، ئازادی، دوو زارۆک، مەولەوی، کوردی، کرێکار و چەندانی دیکەش) هەموو ئەو پەیکەرانەی بۆ مۆزەخانەی(خەڵکناسیی ماڵی ئاسەف)لە شاری سنە دروستکردووە.

لە دووەم ڕۆژی کۆنگرەی ناودارانی کورد لە سنە، پارکی ناودارانی کورد کراوەتەوە، تێیدا(١٥) پەیکەری شاعیر و کەسە ناودارەکانی کوردی لێدانراوە کە هەمووی بە دەست و پەنجە ڕەنگینەکانی ئەو هونەرمەندە دروستکراون.



بەرهەمی هونەرمەند



بەرهەمی هونەرمەند

ئەو یەکێکە لە هونەرمەندە گەورە و چالاکەکان لە سەر ئاستی هەموو ئێران و کوردستانیش.


سەبارەت بە هونەرمەند هادی زیائەدینی، مامۆستای خۆی(هانیبال ئەلخاس) چەندین جار نامەی بۆ ناردووە و ستایش و مەدحی کارە هونەرییەکانی کردووە، وا یەکێ لە نامەکانیم لە گەڵ نووسینەکەم هاوپێچ کردووە، هەر مامۆستای هانیبال ئەلخاس دەڵێت:(هادی یەکێک لە باشترینەکانی کوردستان و ئێرانە کە بە ویژدانێکی مرۆڤانەوە گەڕایەوە زێدی باب و باپیرانی خۆی و توانی وەک کۆلێژێکی ئەکادێمیکی هونەری، سنە بکاتە پێتەختی هونەر و یەکەم بنچینەکانی هونەری شێوەکاری لە کوردستان دابمەزرێنێ).




هەروەها هونەرمەندی کاریکاتێر

و دیزایینـەر بەڕێـز هێمـن قارەمانـی دەڵێت:(کـەم شـار هەیـە لـە ئێـران، پەیکەرێکـی دروسـتکراوی هـادی زیائەدینـی لـێ دانەنرابێـت. کـەم شـاخ و بـەردی ڕۆژهـەڵات هەیـە، جـێ پەنجـەی هادیـی پەیکەرتاشـی لەسـەر بەجـێ نەمابێـت. ئـەو لـە شەسـتەکانی تەمەنیدایـە و زیاتـر لـە ٤٠ سـاڵە، دەسـت و پەنجـەی لەگـەڵ بـەردەکان نـەرم کردووە و لـە ڕێگـەی هونەرەکەیـەوە، ڕۆحیان بەبـەردا دەکات، کـەم کەسایەتی هـەن کـە لـەم ئاسـت و تواناییـەدا بگەڕێنـەوە کوردسـتان و دەرد و خـەم ومەینەتـی خـاک و وڵاتـی خۆیـان وێنـا بکـەن. کاک هـادی توانـی بەشـێوەیەکی ئاکادیمیک سـەدان کـەس پـەروەردە بکات و شـەپۆلێکی هونـەری شـێوەکاری لـە کوردسـتان بخاتـە گـەڕ).

بۆ هونەرمەنـد هـادی زیائەدینـی، هـەر سـەرکەوتوو و بـەردەوام بیت بـۆ خزمەتـی هونـەری نیگارکێشـان و پەیکەرتاشـی کـەس و ناودارانـی کـورد.



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند هادی زیائەدینی، نەناسراوە، نەناسراوە




Tue, Feb 9, 2010 at 7:17 AM


هادی عزیزم

چقدر این وسیله اینترنت خوب است و آنا توانست به تقاضای من مجسمه بزرگت را دوربزند ، بالا و پائین و چپ و راست کند که من ریزه کاریهای آن را ازطرف دیدن خودم ببینم. موضوع تراژدی بزرگی ست و چقدرتو معنای قومی را می فهمی و می پذیری. قوم هنرمند برای او مردم جهان اند. برمردم جهان ناروائی های بیش از حد شرم آور آورده اند. قبر ۱۸۲ هزارکرد را ازدل تپه بیرون کشیده ای و باوسیله ات به آنها جان داده ای تا تراژدی مرگ خود را به مردم فریاد بزنند. چطورمی تواند یک چنین موضوعی و یک چنین قدمی درحقی که لازم اوست شناخته نشود. من باتمام عشقم می گویم که این مجسمه ات بسیار بسیار به فریادی ازدرون محبت زیبای تو ، که می گوید چرا چرا چرا؟ رسیده است. دستت درد نکند . به عکس مهری درکنارت و درکنار این مجسمه مرا و آنا را بخاطرات زیبائی برگرداند. ولی من به حد کافی برای این مجسمه ات گریه خود را خواهم کرد با هرشیونم ازتو تشکرمی کنم. سلام من و آنا برای مهری و بچه ها

هانیبال









بەرهەمەکانی هونەرمەند


سەرچاوەکان:

١ -ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی کوردناس kurdnas، لە ١٥- ٧ - ٢٠١٩.

٢ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی کوردشۆپ، ڕێکخراوێکی کەلتووری کۆمەڵگەی مەدەنییە، وتارێک بە ناوی ناودارانی کورد.

٣ - کوردیپیدیا.

٤ - ویکیپیدیا ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٥ - ماڵپەڕی(إیران جدید)، چهل سال هادی ضیاء الديني، بە زمانی فارسی.

٦ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی Kordische taalschool، لە ٢٤ - ١٠ - ٢٠١٨.

٧ - ماڵپەڕی جام کوردی، لە ٩ - ١٢ - ٢٠٢١.

٨ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# حەسەنێ جزیری

بە(بولبولی کوردستان)ناسرابوو، هونەرمەندی گۆرانی و مەقامی کوردی، خاوەنی گۆرانی و مەقامی(کاڤۆکێ، مەترانۆ، خرابۆ. سالحۆ) حەسەنێ جزیری ...

ناوی تەواوی(حەسەن فەتاح ئەحمەد)ە، لە ساڵی ١٩١٧ لە ناوچەی جزیرێ بۆتان لە دایک بووە، پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، لەبەر قات و قڕی و سەختی ژیان لە باکووری کوردستان، فەتاح جزیری باوکی بە خاوخێزانەوە ڕوویان لە باشووری کوردستان کردووە و لە شارۆچکەی زاخۆ نیشتەجێبوونە، دایکی ناوی(شەمس حەمید)بووە، حەسەنێ جزیری منداڵ بووە دایکی کۆچی دوایی کردووە، باوکی ژنێکی دیکەی بە ناوی(حەلیمە) هێناوە، بۆتە(زڕ دایکی).

هونەرمەند حەسەنێ جزیری تەمەنی(١٠)ساڵان بووە تووشی نەخۆشیی چاوئێشە بووە، لە بەر کەمیی دکتۆر لەو سەردەمدا، حەلیمەی زڕ دایکی بە داودەرمانی خۆماڵی و کوردەواری(دواء قرمز) چارەسەری کردووە، لە ئەنجامدا هەردوو چاوەکانی لە دەستداوە و نابینا بووە، ئەو بە منداڵی لە زاخۆ وەکو شاگردی لە (مسگەری- صفارچي) کاریکردووە، زۆریش حەزی لە هونەری گۆرانی و مەقام بووە، هەر ئەو سەردەم محەمەد



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند حەسەنێ جزیری، هونەرمەند فوئاد ئەحمەد، میدیاکار هاشم جەباری، هونەرمەند محەمەد عارف جزراوی، شاعیر و نووسەر ڕۆژنامەنووس و میدیاکار عەبدوڵڵا عەباس



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند حەسەن زیرەك، هونەرمەند حەسەنێ جزیری، هونەرمەند محەمەد عارف جەزراوی

عارف جزراوی و سەعید ئاغاش لە زاخۆ ژیاون، بۆیە لەگەڵ ئەوان لە چایخانە و ئاهەنگەکانی زاخۆ و دەوروبەری گۆرانییان وتووە.

هونەرمەند حەسەنێ جزیری لە ساڵی ١٩٣٣ ئەو کاتەی لە سەفەرێک بووە لە شاری حەسەکەی سووریا بەرەو شاری قامشلۆ، بۆ تۆمارکردنی قەوانێک لە کۆمپانیای(کۆلۆمبیای ئینگلیزی) لە ڕێگا تووشی بارانێکی زۆر بووە، ماوەی چەند سەعاتێک دواکەوتووە، کە دەگاتە ئەوێ گۆرانییەکی عەرەبی لە سەر قەوان بە ناوی(جاء مطر بدرب قامشلي) لەگەڵ مەقامێک کە باسی کوشتنی (حاجی بەدر)ی سەرۆک عەشیرەتی سندی دەکات،

تۆمارکـردووە.

هونەرمەند حەسـەنێ جزیـری لـە سـاڵی ١٩٤١ ڕوو لـە بەغـدا دەکات، مامۆستای گۆرانی و مەقاماتی کوردی عەلی مەردان کە گوێی لێ دەبێت حەسـەنێ جزیـری هاتۆتـە بەغدا، دەبنـە هـاوڕێ و دەیباتـە ڕادیـۆی کوردیـی بەغدا، هەفتانە نیو سەعات بە پەخشی ڕاستەخۆ لە ڕادیۆی کوردی ئاهەنگی گێڕاوە، یەکەم مەقامی لە ڕادیۆ کوردی بەغدا مەقامی(یار گەورێ) بووە، یەکەم گۆرانیشی(بابێ سیرۆ) بووە، بەمەش ناوبانگی لە هەموو کوردستان دەرکـردووە، دواتریـش هـەر لـەوێ دادەمەزرێـت، ئـەو نزیکـەی(٣٥) سـاڵ لـە ڕادیـۆی کـوردی خزمەتـی هونـەر و گـۆرانیـی کـوردی کـردووە و زیاتـر لە(٣٠٨) گۆرانی و مەقامی تۆمارکردووە، کە ماوەکەی نزیکەی(٣٠)سەعات دەبێت، لەپاش هونەرمەند عەلی مەردان کە(٦٠)سەعات گۆرانیی تۆماکراوی هەیە، هونەرمەند ڕەسوڵ گەردیش(٤٠)سەعات گۆرانیی تۆمارکراوی هەیە، بەمەش هونەرمەند حەسـەنێ جزیرێ سێیەم گۆرانیبێژە لە ڕووی ژمارە و کاتی گۆرانییەکانی لەوانە(کاڤۆکێ، مەترانۆ، ساڵحۆ، یار گەورێ، قوربانم، عەیشانێ، خرابۆ، هاوار لێ لێ، دینێ...هتد).



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند حەسەنێ جزیری، هونەرمەند ڕەسوڵ گەردی**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند تایەر تۆفیق، هونەرمەند حەسەنێ جزیری، هونەرمەند عەلی مەردان، هونەرمەند ڕەسوڵ گەردی**

لە پێش تۆمارکردنی گۆرانییەکانی لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا، هەر لە بەغدا، چەند گۆرانی و مەقامێکی لە سەر چەند قەوانێکی بازرگانی لە گەڵ هونەرمەندان(ئەڵماس محەمەد، مریەم خان)، لە کۆمپانیای(بەیزافۆن، ئۆدیون و کۆلۆمبیا) تۆمارکردووە.

هونەرمەند حەسەنێ جزیری لە ساڵی ١٩٥٨ فێری(عود) ژەنین بووە، کە بووتە هۆی ئەوەی بەشی زۆری گۆرانییەکانی خۆی و هەندێ گۆرانیی فۆلکلۆری کوردی نوێ بکاتەوە و ئاوازیان بۆ دانبێت، هەندێ لە گۆرانی و مەقامەکانی باس لە چیرۆکی مێژوویی و شەڕ و قارەمانێتی دەکات لەوانە(مەقامی خەلیل غازی، مەترانۆ و مەقامی ساڵحۆ کە لە سەعید ئاغا گوێی لێبووە).

هونەرمەند حەسەنێ جزیری ئەو ماوەیەی لە ڕادیۆی بەغدا بووە، ئاشنایەتی لەگەڵ هونەرمەندان(عەلی مەردان، تایەر تۆفیق، ڕەسوڵ گەردی، حەسەن زیرەک، محەمەد عارف جەزراوی، نەسرین شێروان، گوڵبەهار) پەیدا کردووە، حەزیشی لە دەنگی(تایەر تۆفیق، عەلی مەردان، محەمەد عارف جەزراوی، ڕەسوڵ گەردی، نەسرین شێروان، لە هونەرمەندانی نوێش لە دەنگی فوئاد ئەحمەد و قادر مەردان) بووە.




گڵکۆی هونەرمەند حەسەنێ جزیری

بەشداریی لە چەندین ئاهەنگ لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان لە ناوەوەی وڵات و دەرەوەی کوردستان کردووە، لەوانە لە گەڵ هونەرمەند محەمەد عارف جەزراوی لە چەند ئاهەنگێک لە حەلەب و قامشلۆ بەشدار بووە، لەگەڵ هونەرمەند عەلی مەردانیش لە ئاهەنگێکی کرماشان بەشدار بووە.

هونەرمەند حەسەنێ جزیری لەساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە زاخۆ، لە ٥ - ٩- ١٩٨٢ خانشین بووە،

زیاتر لە(٢٠)ساڵ بە ڕەبەنی و تەنیایی لە هۆتێلێکدا لە بەغدا ژیاوە، دواتر ساڵی ١٩٦١ هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو(سوعاد ئیبراهیم) کردووە و خاوەنی دوو کچ و کوڕێک بوونە بە ناوەکانی(ئیبتسام، سوندوس، فەلاح).

لە ڕۆژی ٩- ٧-١٩٨٣ لە شاری زاخۆ کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێش بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت، گڵکۆی پڕ گوڵ و گوڵزار و چراخان بێت.

سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی Waar Midia، فلمێکی دوکیومێنتاری، لە ١٧- ٧-٢٠٢١.

٢ - ماڵپەڕی Haje news، لە ٥- ٢- ٢٠٢١.

٣ - ماڵپەڕی کوردستان ئەرشیف.

٤ - ماڵپەڕی Kurd online، السيرة الذاتية للفنان حسن جزيري، مقال للكاتب عبدالكريم عبدالرحمان،المنشورة على موقع گلگامش، لە ٢٦-٧-٢٠٢٢.

٥ - ئامادە کردن و نووسینی خۆم.



# حەسەن زیرەك

**گولــدر مانــی گولــدر...دەردو نــادر بلــدر**
**پێبکەنە با بتبینم....دەرچی گیانی شیرینم**
**بــێ دکتــۆر دەواو دەرمــان....**

ناو نیشانی یەک گۆرانییە.

کورد...بە هۆی ئەوەوە، دەوڵەمەندترین نەتەوەیە لە میلۆدیا، هونەرمەندی گەورە و دیار و ناسراوی کوردی هەمیشە زیندوو، گۆرانیبێژی فۆلکلۆری و میللی حەسەن زیرەک....

ناوی تەواوی(حەسەن عەبدوڵڵا)یە، هەر لە منداڵییەوە لەبەر زیرەکی و بلیمەتی بە حەسەن زیرەک ناسراوە، لە ٢٩-١١- ١٩٢١ لە گەڕەکی(قەڵای سەردار)ی شاری بۆکان لە دایک بووە، بەپێی هەندێ سەرچاوەی دیکە لە دایکبوونەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گوندی (هەرمێلە)ی سەر بەشاری (سەقز)، ئەو دوو برای هەبووە بە ناوەکانی(حوسێن و مینە)، لە تەمەنی(٧-٨) وەکو مسگەری و قاوەچییاتی کاری کردووە، لە تەمەنی(١٠) ساڵیش لەگەڵ هەندێ لە دەنگخۆشانی بۆکان لە گوند و شار و شارۆچکەکانی بۆکان لە شایی و گۆڤەند و بۆنەکان بەشدار بووە، لە تەمەنی(١١) ساڵیدا باوکی کوچی دوایی کردووە، پاش کۆچکردنی باوکی ماڵیان چووەتە شاری سەقز، دایکی



**هونەرمەند حەسەن زیرەک لە کارێکی هونەریدا**

مێردی کردۆتـەوە، ئەمـەش کاریگەرییەکی زۆری لەسـەر بـاری دەروونـی و کۆمەڵایەتـی و ئابووریـی حەسـەن زیـرەک کـردووە، لـە تەمەنی(١٢)سـاڵیدا دەگەڕێتـەوە گونـدی هەرمێلـە و لـە ماڵـی ئاغـای گوندەکـە دەبێتـە کارەکـەر و وەکو بەردەست و قاوەچی و چاوساغیان، پاش ساڵێک لەگەڵ ئاغاکان نێوانی تێکدەچێت و دەچێتـە بۆکان و دەبێتـە شـاگردی کەبابچییەک و دواتـر کاسبی دەکات، پاش ماوەیەک بووەتـە شـوفێری(مینە خانی ئەردەڵان) لەنێوان سـەقز و بانـەدا کاری کـردووە، لـە کاتـی شـوفێریدا گەنجێکـی گوندی(قـوڕەدەرێ) بە ناوی(مەحمـەد نارنـج) بـەر ئۆتۆمۆبێلەکـەی دەکەوێت و دەمرێت، ئەویش لـە ترسـان و بـە ناچـاری ڕوو لـە باشـووری کوردسـتان دەکات و لـە شـاری سـلێمانی دەگیرسـێتەوە، دەسـتبەکارکردن دەکات، پاشـان دەچێتـە بەغـدا لـە هۆتێلی(الشـمال الکبیر)دادەمەزرێـت، لـە سـاڵی ١٩٥٣ لـە ڕێـگای پاشـای مەقاماتـی کـوردی مامۆسـتا عەلـی مـەردان دەچێتـە ڕادیـۆی کـوردی بەغـدا دەیـان گۆرانـی تۆمـار دەکات، بەمـەش ناودەنگـی لـە هەمـوو کوردسـتان بڵاودەبێتـەوە، لەگـەڵ زۆر لـە گۆرانیبێژانـی کـوردی ئـەو کات ئاشـنا بـووە، ئەو نزیکـەی(١٠) ساڵ لـە عێراق بـە ئاوارەیی ژیاوە، تووشـی چەندین تەنگ و چەڵەمـە بـووە، نزیکـەی سـاڵ و نیوێکیش زیندانی کراوە، لەپاش شۆڕشـی ١٤ی تەممـوزی سـاڵی ١٩٥٨ حەسـەن زیـرەک گەڕاوەتـەوە ئێـران لـەوێ لـە ڕادیـۆی( تـاران، کرماشـان، تەورێـز) گۆرانـی وتـووە، ئـەو کاتـەی لـە ڕادیـۆی

تاران کاری کردووە ئاشنایەتی لەگەڵ خانم میدیا زەندی پەیداکردووە و هاوسەرگیریان پێکهێناوە دوو کچیان هەبووە بەناوەکانی(ئارەزوو، ساکار)، دوای ئەوەی ڕێگایان پێ نەداوە ئیتر لە ڕادیۆی تاران کاربکات، دووبارە گەڕاوەتە بەغدا، بەڵام ئەمجارە لە بەغداش کاری نەدراوەتێ و دەستبەسەر کراوە و ماوەیەک لە بەندیخانە بووە و دواتر ئازادکراوە، دیسان گەڕاوەتەوە ئێران، لە ئێرانیش ساواک دەستگیری کردووە، لە ساڵانی ١٩٦٢-١٩٦٤ لە ڕادیۆی کرماشان کاری کردووە.

لە ساڵی ١٩٦٩ ماڵی خۆی بردۆتە شاری بانە، لەوێ لە(کانی مەلا ئەحمەد) لە چایخانەیەک دامەزراوە، ئەو بەردەوام بووە لە گۆرانیی وتن لە شایی و بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان، پاشان چووتە شاری(مهاباد)، لە دوا کاتەکانی ژیانیشیدا چۆتە شاری(شنۆ) کاروکاسبی کردووە، دواتر چۆتەوە شاری بۆکان.

هونەرمەند حەسەن زیرەک لە نێوان ئێران و عێراق ژیانێکی ئاوارەیی و سەختی بردۆتە سەر، سەرەڕای گۆرانیی وتن، لە ساڵانی ١٩٦٠-١٩٦١ لە شاری سلێمانی لەگەڵ تیپی شانۆی هونەرە جوانەکان لەگەڵ (سێوە



خـان و ڕەشـۆڵ عەبدوڵـلا) لـە شـانۆگەرییەکانی(بووکی ژێـر دەواری ڕەش، خەسـوو یـان ئەژدیهـا) بەشـدار بـووە، لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٧٦-١٩٦٨ لـە شـاری سـەقز هۆتێلێکـی هەبـووە، کـە خـۆی لـەوێ گۆرانـی وتـووە، بەشـی زۆری گۆرانییەکانـی فۆلکلـۆری و میللـی و شـیعری شـاعیرانی کـورد و تێکسـتی خـۆی بووە، هەندێ لە گۆرانییەکانیشـی هـەر لـە ئاوازی خـۆی بووە، ئەو شیعری شاعیران(نالی، وەفایی، سـەید کامیلی ئیمامی، کوردی، ئەحمـەد هـەردی، پیرەمێـرد، هێمـن و چەندیـن شـاعیری دیکـە)ی بـە گۆرانـی وتـووە، گۆرانیـی فارسـی و تورکـی و ئـازەری وتـووە، کـە تێیـدا هەڵبەسـتی کـوردی



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند حەسەن زیرەك، خاتوو ڕابیعە هاوسەری هونەرمەند حەسەن زیرەك**



هونەرمەند حەسەن زیرەك و ئەحمەد شێخ خالید لەگەڵ تیپی مۆسیقای مەولەوی.
لە سانەوییەی سلێمانی لە ٢٧-٨ - ١٩٥٦

تێهەڵکێشی تورکی کردووە لەوانە گۆرانی(گولدر مانی گولدر)، کە ساڵی ١٩٥٩ لە(تەبرێز- تەورێز) تۆمارکراوە، یەکێکە لەو میلۆدیایە لە ماوەی دوو ڕۆژدا خراوەتە سەر قەوانی گرامافۆن و لە هەموو ئێراندا بڵاوبۆتەوە و زۆرترین کڕیاریشی هەبووە و تا ئێستاش هەر ڕەواجی هەیە، ئەم میلۆدیایە تا ئێستاش ساغ نەبۆتەوە کە ئەو کچە گۆرانیبێژە(تورکە- ئازەری)یە کێیە؟ خانمە گۆرانیبێژی ئازەری بەناوبانگ فاتیمە زەرگەرییە وەکو نووسەر(ئومێد نەجم) دەڵێت، یان خاتوو(ژاڵە)ی کچە کارەکەرێک بووە، وەکو مامۆستای زانکۆ دکتۆر مەولود ئیبراهیم لە نووسینێکیدا وا دەڵێت.

هونەرمەند حەسەن زیرەک لە ڕادیۆی کوردیی(بەغدا، تاران، کرماشان، تەبرێز) گۆرانی وتووە، ئەو لە ئێران لەگەڵ گەورەترین هونەرمەند و مۆسیقاسازی ئەوسەردەم گۆرانییەکانی وتووە و تۆمارکردووە لەوانە:(حسەین باحەقی، حەسەن کەسایی، جەلیل شەهناز، جەهانگیر مەلەک، ئەحمەدی عیبادی، موجتەبای میرزادە، محەمەد عەبدولسەمەد، ئەکبەر ئیزەدی، بەهمەن پوولەکی و چەندانی دیکە)، لەگەڵ گورانیبێژانی

کوردیش گۆرانیی دوو قۆڵی وتووه لەوانە:(محەمەدی ماملێ، مەلا حوسینی عەبدوڵڵازادە، عوسمان بۆکانی، ڕەزا سەقایی، ئەحمەد شەماڵ و چەندانی دیکەش).

بەپێی هەندێ سەرچاوە هونەرمەند حەسەن زیرەک زیاتر لە(١٠٠٠) گۆرانیی تۆمارکراوی هەیە، بەڵام بە پێی بڵاوکراوەیەکی ڕێکخراوی کەلتووری شاری بۆکان ئەو(٣٦٢١) گۆرانی هەیە، لەوانە(گولدەر، گەوهەرێ، ئەسمەر یارم جوانە، سەبریە، وەک قومری، لۆرکێ، کەتانە، هەی نار، کابۆکێ، لەیلا، کرماشان شاری شیرینم، ئەمان دکتۆر، بۆچ منت ناوێت، مێرگولان، جەرسە، ماڵی بابم نەسرین، کەویار، نەورۆز، دوا گۆرانیشی وا من نەخۆشم دەردم گرانە و چەندانی دیکەش).

نووسەر و هونەرمەندان و میدیاکارانی کورد، لە نێوان(٢٠- ٣٠) کتێبیان لەسەر ژیان و بەرهەم و بەسەرهاتەکانی حەسەن زیرەک نووسیوە لەوانە:

- کتێبی(حەسەن زیرەک چریکەیەک بۆ شادی) کە نووسەر و ڕۆژنامەنووس مەریوان مەسعود، ناوەڕۆکی(٧) کتێبی دیکە کە لەسەر ژیان و بەسەرهاتی حەسەن زیرەک نووسراون لەم کتێبەدا کۆکردۆتەوە، کە دوو بەرگە و بە قەوارەی(١٠٨٠) لاپەڕەی گەورەیە، بە بۆنەی ساڵیادی کۆچی دوایی هونەرمەندی ناوبراو لە ٢٦-٦ -٢٠١٩ لە شاری سلێمانی بڵاوی کردۆتەوە.
- کتێبی(حەسەن زیرەک ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی گۆرانیی کوردی) کۆکردنەوە و ئامادەکردنی نووسەر ڕەحمان نەقشی.
- کتێبی(چریکەی کوردستان) هەر دوو بەرگی باسی هەندێک لە بەسەرهاتەکانی زیرەک دەکات، کە نووسەر میرزا کەریم خۆشناو نووسیویەتی، دوو جار چاپکراوەتەوە، مامۆستا سدیق موفتی زادە کە شاعیر و نووسەر و میدیاکارێکی دیار و ناسراوی سەردەمی زیرەک بووە، لە ڕادیۆی کوردی کاری کردووە، پێشەکییەکی جوانی بۆ ئەم کتێبە نووسیوە.
- کتێبی(زیرەک پاشایەک لە تاران.. هونەرمەندێک لە لووتکە) لە نووسینی

مامۆستا زانکۆ دکتۆر مەولود ئیبراهیم.

- ڕابیعە خانم کە دوا ژنی حەسەن زیرەک بووە، کاتی خۆی وەعدی دابوو، کتێبێک لە سەر ژیان و بەرهەمەکانی حەسەن زیرەک چاپ بکات و بڵاوی بکاتەوە، بەڵام دیارە بۆی نەلواوە و لە ڕۆژی ٧- ٦- ٢٠٢٣ کۆچی دوایی کرد.
- خاتوو میدیای زەندی ئەویش وەعدی دابوو، چەند بەرهەمێکی حەسەن زیرەک چاپ بکات، بەڵام ئەویش دیارە بۆی نەکراوە.

چەندین نووسەری دیکەش کتێب و نووسینیان لەسەر ژیان و بەرهەم





هونەرمەندی گۆرانیبێژ حەسەن زیرەك لە چەند کاتێکی جیاوازدا



گڵکۆ و پەیکەری حەسەن زیرەك

و بەسـەرهاتی حەسـەن زیرەک نووسـیوە.

بـا بزانیـن هونەرمەند و نووسـەر و ڕۆژنامەنووسـانی کورد، سـەبارەت بـە هونەرمەند حەسـەن زیرەک چ دەڵێن:

- هومەرمەندی گـەورەی کورد مامۆستا عەلی مـەردان دەڵێت:(پاش مەرگی حەسـەن زیرەک من گـەرووم گیراو هیچی تر گۆرانیم بۆ نەگوترا).

- میدیـاکار خاتـوو میدیـای زەنـدی دەڵێت:(ڕۆژانـە دوو هـەزار نامـە بـۆ ڕادیـۆی کوردیـی تـاران دەهـات، لـە سـەدا ٩٩ی بـۆ داواکردنـی گۆرانیـی زیـرەک بـوون، کـە گوێگرەکان(پـول- پارە)یان دەخسـتە نـاو پاکەتـەکان تـا زووتـر گۆرانیـی خواسـتی خۆیـان بـۆ بڵاوبکرێتـەوە).

- هونەرمەنـدی مۆسـیقاژەن موجتەبـای میـرزادە کـە(١٦٠-١٧٠) گۆرانـی و ئـاوازی بـۆ زیـرەک دانـاوە و تۆمارکـردووە، لـە سـەفەرێکیدا بـۆ شـاری سـلێمانی، نووسـەر عەبدولـی حەمەباقـی پێـی دەڵێـت: مامۆسـتا ئـەو دەسـت و پەنجانـەت خـۆش بێـت کـە ئاسـتی گۆرانییەکانـی زیرەکت ئـاوا بەرزکردۆتـەوە، موجتەبـای میرزادەش لـە وەڵامیدا دەڵێت:( غەلـەت نەکەی حەسـەن زیـرەک خـۆش بێـت، کـە ئاسـتی منـی ئـاوا بـەرز کـردەوە).

مامۆسـتای زانکـۆ دکتـۆر مەولـود ئیبراهیـم لـە نووسـینێکیدا بـە ناونیشـانی(بەرگرییەک لـە هونەرمەنـد حەسـەن زیـرەک) کـە لـە ماڵپـەڕی ئەلیکترۆنی(زەمـەن) بـە بۆنەی(١٠٠)سـاڵەی لـە دایکبوون و(٥٠)سـاڵەی کۆچـی دوایی زیرەک لە ڕۆژی ٢٢-٦-٢٠٢١ بڵاوکراوەتـەوە دەڵێت:(حەسـەن زیـرەک .. لـەو ڕۆژەوەو لەسـاڵی ١٩٥٣ و لـە ڕادیـۆی بەغـدا چریکانـدی – ئەسـمەر یـارم جوانـە- وە تاچەنـد ڕۆژێـک پێـش مەرگـی ژەهرخواردووکردنـی و دوا گۆرانـی – وامـن نەخۆشـم دەردم گرانـە ! (٢*)– لـە ١٩٧٢/٦/٢٦ لـە بـۆکان گیـان دەسـپێرێ ! هەمیشـە هونەرمەنـدی یەکەمـی گـوێ لێگرتـن بـووە، چ لـە ڕادیـۆ کوردییـەکان و چ لـە زۆر فرۆشـتنی گۆرانییەکانـی و چ ئێسـتاش لـە یوتیـوب و سۆشـیال میدیـا (٣*)، بـەردەوام لـە ڕیـزی پێشـەوەی هەمـوو هونەرمەنـدان بـووەو بـۆ گـوێ لێگرتـن .. ئێسـتاش هـەس !!.

- هـەر دیسـان دکتۆر مەولـود ئیبراهیـم لـە بەرپەچدانـەوەی ڕەخنەیەکی دکتۆر



**لە لای ڕاستەوە: میدیاکار خاتوو میدیا زەندی هاوسەری هونەرمەند حەسەن زیرەک، هونەرمەند حەسەن زیرەک**

ئەحمەد ئەمانیدا دەڵێت:(پێم خۆشە مامۆستای بەڕێز ئەحمەد ئەمانی ئەمە بزانێ ، کە نزیک بە (٧٠) ساڵە خەڵکی کوردستان بە هە موو چین و توێژ و تەمەن و ئاستەکانەوە بەردەوام گوێ لە گۆرانییەکانی زیرەک دەگرن ؛ عاشق لە ژوانێ، سەرخۆش لە مەیخانێ، بەندی لە بەندیخانێ، نەخۆش لە خەستەخانێ ، کریکار لەسەر کاری، جوتیار لە جوتیاری، شوان لە ئاقاری، ڕێبوار لە ڕێبواری، پێشمەرگە لە سەنگەرێ، ڕانەندە لە سەفەرێ، مەلا پاش نوێژێ، ژن لە ڕێژەو پێژێ، ڕەزوان لە نێو ڕەزی ، شوان لە بەر پەزی، ئاوارە لە غەریبی، دڵشکاو لە بێ نسیبی، بووک لە خەنەبەندانێ، زاوا لە گەڕی دیلانێ ، کچ لە ڕێی کانی، کوڕ لە سەر بانی ، شێخ لە خەڵوەتێ، سەید لە موحیببەتێ، سەپان لە پەرێزێ، ئازا لە نێو مەتەرێزێ ، جوانان لە شایی و هە ڵپەڕکێ، پیر لە بەرهە یوان و بەر دەرکێ، باوک مردوو لەسەر قەبران، کۆستکەوتوو لە ژێر زەبران ، هە ر هە موویان بەدڵ و بە گیان بەردەوام گوێ لە زیرەک دەگرن و .. بۆی دەژین و بۆی دەمرن !!).

- لە دانیشتنێکی نووسەر میرزا کەریم خۆشناو، لەگەڵ هەر یەک لە هونەرمەندان محەمەدی مامڵێ و مەلا حوسێنی عەبدوڵلا زادە، مەلا حوسێنی عەبدوڵلا زادە دەڵێت:(کاکە ئێمە زیرەکمان بە مامۆستای




گۆڕی هونەرمەندی گۆرانیبێژ حەسەن زیرەك

خۆمـان دەزانـی، ئـەم قسـەیەش بـە نـاوی خـۆی و مامڵـێ دەکات).

لە مێژووی ئێراندا بۆ یەکەمین جار وێنەی هونەرمەند حەسەن زیرەک کراوە بە تەمر(پول)، لە شەریکەی پۆستی ئێران بەکارهاتووە.

ساڵانە لە سلێمانی و بۆکان و شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساڵیادی زیرەک دەکرێتەوە، چەندین هونەرمەندیش گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک دەڵێنەوە.

هونەرمەند حەسەن زیرەک لە عێراق و ئێران ڕۆژێکی خۆشی نەدیوە، کاربەدەستانی عێراقی و کورد هەرگیز پشتیوانیان نەکردووە.

کورتە بیرەوەرییەکم لەگەڵ هونەرمەند حەسەن زیرەک، کۆتایی ساڵی ١٩٦٨ یان سەرەتای ساڵی ١٩٦٩ ی سەدەی ڕابردوو، حەسەن زیرەک سەردانی شاری هەولێری کردووە، لەگەڵ وێنەگری دیار و ناسراوی شاری هەولێر(ابو صباح)، ئێوارە ئاهەنگێکی خنجیلانە لە ماڵی مەلا عەولای حاجی سمایل ناسراو بە(مەلا ماتۆڕ) بە ئامادەبوونی هەندێ کەسایەتی و هونەرمەندان، شەو تا بەیانی گۆرانی وت، بەندە لەوێ ئامادە بووم، داخی

گرانم کاتی خۆی کاسێتی ئەم ئاهەنگە بچکۆلانەم دەست نەکەوت.

- لە ڕۆژی ٢٧-٦-٢٠١٨ لە شاری بۆکان پەردە لە سەر پەیکەری حەسەن زیرەک لادراوە، کە هونەرمەند ڕێبین حەیدەری دروستی کردووە و لە پارکی(کول تەپەری) دانراوە.

ئێمەی کورد، دۆست و دڵسۆز و هەوادارانی دەنگی حەسەن زیرەک، بمانەوێت و نەمانەوێت ئەو هونەرمەندێکی گەورەی کوردە و هەتا هەتاییش دەنگە خۆشەکەی بۆ نەوەکانمان ماوەتەوە و دەمێنێت و لێدەدرێت، بۆ ڕەخنەگرانی حەسەن زیرەکیش، ڕێز لە بیر و ڕاتان دەگرین، بەڵام ئەو هونەرمەندێکی گەورەی کوردە، خۆی دەنگەکەی هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

هونەرمەند حەسەن زیرەک لە ڕۆژی ٢٦-٦ -١٩٧٢ لە نەخۆشخانەی شاری بۆکان کۆچی دوایی کردووە، لە سەر وەسیەتی خۆی لە داوێنی کێوی(ناڵە شکێن)کە دەڕوانێتە ناو شاری بۆکان بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت و گڵکۆی پڕ گوڵ و گوڵزار و چراخان بێت.

سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی (زەمەن)، نووسینێکی دکتۆر مەولود ئیبراهیم بەناو نیشانی(بەرگرییەک لە هونەرمەند حەسەن زیرەک) لە ٢٢-٦-٢٠٢١.

٢ - کوردیپیدیا، لە ئەکاوەنتی موجیب مهابادی وەرگیراوە.

٣ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٤ - ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات، لە ١٦- ٥ - ٢٠١٥.

٥ - Khaktv.

٦ - Rudaw، لە ٧ - ٦- ٢٠٢٣.

٧ - Kurdistan midia. com.

٨ - ماڵپەڕی فەیسبووکی دکتۆر مەولود ئیبراهیم، لە ٨-٦- ٢٠٢٣.

٩ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر مارگریت ڕۆدینکۆ

نووسەر و وەرگێڕ و لێکۆڵەر، زماننناس(فیلۆلۆژی) و شارەزای بواری کەلتوور و فۆلکلۆری کۆنی کوردی و کوردە ئێزیدییەکانی پشتی(قەوقاز)، ڕەوانشاد دکتۆر مارگریت ڕۆدینکۆ...

ناوی تەواوی(مارگرێت بۆریسۆنا ڕۆدینکۆ)یە، لە ساڵی ١٩٢٦ لە(قیرغیزستان- گورجستان) بە ناوێکی ئۆکرانی و پەروەردەی و کەلتووری ڕووسی لە دایک بووە، هەندی سەرچاوەکی دیکە ساڵی لە دایکبوونەکەی دەگێڕنەوە بۆ ساڵی ١٩٣٠.

زانیاری لەسەر ژیانی دکتۆر ڕۆدینکۆ زۆر کەمە، ئەوەی زۆر ڕوونە کورد لە گورجستان حەقی نەبووە لە پاش پۆلی حەوت کە(ئیلزامی وئیجباری) بووە، بچێتە قوتابخانە و بەردەوام بێت بۆ خوێندنی باڵاتر، بۆیە ئەگەر ویستبوویەتی زیاتر بخوێنێت، بەرەو مۆسکۆ یان لینینگراد هەڵاتووە، ئاخر کوردانی ئازەربیجان زمانی خۆیان پێ لەبیر بردوونەتەوە و بەشی زۆریان بوونەتە تورک! کە چی لە ئەرمەنستان دەرس و خوێندن بە کوردی، ڕادیۆ و ڕۆژنامە و زمانی کوردیش بە ئازادی خوێندراوە و بەکار هاتووە و جلی کوردیش هەر ئازادانە لەبەرکراوە، ئەمەش چاکی و باشیی ئەرمەنییەکانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، چونکە ئەو کات(ئەرمنستان وگورجستان و ئازربێجان)



دانیشتووەکان لە لای چەپەوە: مارگریت ڕۆدینکۆ، سەید عەزیزی شەمزینی، دیمتری ئۆربێلی، هۆڤسێب ئۆربێلی، قەناتی کوردۆ، ڕاوەستاوەکان لە لای چەپەوە: یەڤگینا ڤاسلییڤیا، ژاکلینا مەسائێلیان، ئیرایدا سمیرنۆڤا، ئۆردیخانی جەلیل، سەید کەریمی ئەیوبی، ئەم وێنەیە لە لینیگراد ساڵی ١٩٥٩ گیراوە، لە ئەرشیفی بەڕێز فەرەیدون وەرگیراوە

لەژێر سایەی یاسا کارپێکراوەکانی ڕووسیدا بووە، دکتۆر مارگریت ڕۆدینکۆ دیارە پاش تەواوکردنی ئاستی خوێندنی ڕێگە پێدراو، ساڵی ١٩٥١ چووەتە پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستییەکان لە سان پترسبۆرگ، لەوێ خوێندنی بەکالۆریۆسی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٥٤ بڕوانامەی دکتۆرای لەسەر شاکاری شاعیری نەمر ئەحمەدی خانی (مەم و زین) وەرگرتووە، ئەو بەردەوام بووە لە خوێندن و لێکۆڵینەوەکانی ساڵی ١٩٧٣ دکتۆرای لە زانستی زماننناسی (فیلۆلۆژی) بەدەستهێناوە، نامەی دکتۆراکەی لەسەر چیرۆکە شیعری(یوسف و زلێخا)ی شاعیر سەلیم سلێمان بووە، کە لە سەدەی شانزەهەمدا ژیاوە.

دکتۆر ڕۆدینکۆ بە پشتگیریکردن و هاندانی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی(ئەلێکسەندەر ژاپا)هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری داوە بۆ دۆزینەوەی ئەو دەستنووسانەی کە لە گەنجینەکانی پترسبۆرگ پارێزراون، لیکۆڵینەوە و ساغکردنەوە و پەراوێزی بۆ نووسیون و داناون، هەموو ئەو کار و بەرهەمانەشی بە زمانی کوردی بەپیتی لاتینی نووسیوە و وەریشیگێڕاوەتە سەر زمانی ڕووسی، لە ساڵانی ١٩٥١ تا ١٩٧٦ چەند بەرهەمێکی گرنگ و سوودبەخشی دەربارەی مێژووی ئەدەب و کەلتوور و فۆلکلۆر و پەند

و قسەی نەستەق و داب و نەریتی کوردیی و کوردانی ئێزیدی و کوردانی پشت قەوقاز نووسیوە یان لە زمانی فارسیی و تورکی وەرگرتووە و وەرگێڕاوە لەوانە:

- لە سەر داخوازیی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی و یاریدەدەرەکەی مەلا مەحموودی بایەزیدی، ژیان و بەرهەمی چەندین شاعیر و نووسەر و کەسایەتییە ئایینییەکانی ئەو سەردەمی نووسیوە، سەرەڕای چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی زانستی، وەکو(شینی کوردە ئێزیدییەکانی پشت قەوقاز) کە بە زمانی ڕووسی نووسیویەتی و دکتۆرە شوکریە ڕەسوڵ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

- وەرگێرانی(عادات و رسوماتنامەی ئەکرادیە)ی مەلا مەحموودی بایەزیدی، کە بە زمانی ڕووسی نووسیویەتی و ساڵی ١٩٦٣ لە مۆسکۆ لە چاپی داوەو بڵاویکردۆتەوە.

- چیرۆکە شیعری(یوسف و زلێخا)ی شاعیر سەلیم سلێمان، کە نامەی دکتۆراکەیەتی، لێکۆڵینەوەیەکی (تێکستی- نصي) ورد و قووڵ و تێروتەسەل و زانستییانەیە، پشتی بە(٣) دەستنووس و هەندی داستان و حیکایەتی فۆلکلۆریی کوردی بەستووە، کە بریتییە لە پێشەکی و باس لە



**لە لای ڕاستەوە: قەناتی کوردۆ، دکتۆر ڕۆدینکۆ**



**دکتۆر مارگرێت ڕۆدینکۆ**

دەستنووسەکان و ژیان و بەرهەمەکانی شاعیر سەلیم سلێمان دەکات، لەم کارەیدا هەندێ نووسەر و لێکۆلەر ڕەخنەیان لێگرتووە، گوایە هەموو شیعر و بەرهەمەکان هی شاعیری دیکەشن، بەلام دکتۆر ڕۆدینکۆ ڕای وابووە هەر هەموویان بەرهەمی شاعیر سەلیم سلێمان- ن، باسی دەستنووسێکیش دەکات کە دواتر لە(یەریڤان) دۆزراوەتەوە، ئەگەر بەراوردێک لە نێوان تێکستە کوردییەکەی دکتۆر ڕۆدینکۆ و تێکستەکانی فارسی هەر یەک لە(جامی و فردەوسی) بکەین، دەبینین ڕۆدینکۆ کارێکی یەگجار گەورەی کردووە.


- کتێبی(الاساطیر الکردیة- ئەفسانەی کوردی) یان ئەسڵە ڕووسییەکەی(حکایات کردیة)، ئەم کتێبە لەم دواییەدا دەزگای(گولان) بۆ ڕاگەیاندن چاپی کردۆتەوە، کە بریتییە لە(٦١) چیرۆکی میللی کوردی، کە دکتۆر ڕۆدینکۆ خۆی لە زاری ئەو کەسانە نووسیویەتی کە بۆیان گێڕاوەتەوە لە ولاتانی پشتی قەوقاز(ئەرمینیا، گورجستان، ئاربێجان)،

وەریگێڕاوەتـە سـەر زمانی ڕووسـی و کاتی خۆی چاپی کردووە و بڵاوی کردۆتـەوە، کە نووسـەری ئێرانی(کەریم کساورز) لە ڕووسی وەریگێڕاوەتە سـەر زمانی فارسی و نووسـەر و میدیاکار کەریمی حوسامیش لە فارسییەوە وەریگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی، ئیدیعاکردنـی فارسـەکان بـەوەی کە(حکایـات کردیـة) کەلتـوور و کەلەپـووری ئەوانـە، بـەڵام ڕۆژهەڵاتناسـی دیـار و ناسـراوی ڕووسـی لـە وتارێکدا کـە سـاڵی ١٩١٢ بڵاویکردۆتـەوە دەڵێت:(حیکایـەت و چیرۆک و گۆرانیی کوردی لـە ناو میللەتانی دەوروبـەری وەکـو فـارس و تـورک و ئەرمـەن زۆر بڵاوبۆتـەوە).

دکتۆر ڕۆدینکۆ زۆر عاشقی مێژووی ئەدەبی کلاسیکی کوردی بـووە، ئەو سـەردانی وڵاتانی(ما وراء القوقاز- پشتی قەوقاز)ی کردووە، کۆمەڵێک داسـتان و چیرۆک و بەیت و باڵۆرەی کوردی لە زاری خەڵکەوە بیسـتووە و تۆمارکـردووە و نووسـیووەتەوە، زۆر لـە کەلتـوور و کەلەپـووری کـوردی بـە تایبەتـی کوردانـی ئێزیـدی لـە فەوتـان ڕزگار کـردووە، ئـەو بـەم کارانـەی پڕۆپاگەندەی ناحەزانی دەوروبـەری ڕەتکردۆتـەوە کە گوایـە کـورد مێژووی ئـەدەب و داب و نەریـت و کەلتـووری تۆمارکـراوی هەبێـت، بەڵکـو هەمـووی زارەکینـە، ئـەم کارانەشـی بـووە هاندانـی ڕۆژهەڵاتناسـانی وڵاتانـی جیهانـی زیاتـر لێکۆڵینـەوە لەسـەر مێـژووی ئـەدەب و زمانـی کـوردی بکـەن.

لـە ڕاسـتیدا ژیانـی دکتـۆر ڕۆدینکـۆ زۆر لایەنـی نەزانـدراو و نەبیسـتراوی هەیـە، شـاعیری گـەورەی کـورد هـەژار موکریانـی سـەبارەت بـە دکتـۆر ڕۆدینکـۆ لـە کتێبی(چێشـتی مجێـور)دا دەڵێت:(نامـەم بـۆ کتێبخانـەی لینیـن و زۆر لـە کتێبخانەکانـی تـر نـارد، نوسـخەیەکیشـم پێشـکەش بـە ئەنسـتیتۆی




بەرهەمەکانی ڕۆدینکۆ و کە وەرگێڕدراون

ڕۆژهەڵاتناسی کرد کە «غەفوورۆف» ناو بە سەری ڕادەگەیشت. وەختی میوانییەکەمان تەنیا حەفتەیەک بوو. بردیانینە لینینگراد، دوو شەو ماینەوە. ڕۆژێک میوانی «کەریم ئەییووبی» بووین؛ هەر من و دوکتور کەمال. کەریم زۆر گۆڕابوو؛ سەر و سمێڵی بۆز ببوو. ببووە چاکەرەوەی دەزگای دەنگ هەڵسەنگ؛ وازی لە زمانشوناسی هێنابوو.

شەو تەلەفۆنم لە خانم «سیدا ڕۆدینکۆ» کرد. ئادرێسی دامێ کە هەر دەبێ بچم میوانی بم. دیتمەوە؛ پیر ببوو؛ چاوی بێحوکم ببوو. دوو کوڕی لاوی هەبوو کە لە مەدرەسەی مووسیقی بوون و کاریان نەدەکرد. مێردی نەمابوو. زۆر ماڵێکی فەقیری هەبوو. وا دەرکەوت لە ڕووسیاش کەسانێ کە لە کاری زۆر بەجێ دەمێنن لەبیر دەچنەوە. داوای مەم و زینم لێ کرد کە خۆی بە چاپی گەیاندووە و بە ڕووسیی مانای لێ داوەتەوە. سوێندی خوارد کە هەر تاقە نوسخەیەکی هەیە، گوتم لێت ناستێنم).

دکتۆر مارگریت ڕۆدینکۆ، خزمەتێکی زۆری مێژوو ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی کردووە، لە ساڵی ١٩٧٦ کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:
١ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی(منتدى إقرأ الثقافي)، لە ١٨-٥- ٢٠٢١.
٢ - ماڵپەڕی ڤەژینبۆکس، وتارێک دەربارەی بەرهەمی شاعیر هەژار موکریانی.
٣ - ماڵپەڕی فەیسبووکی(مملكة الشمس)، Runak، لە ٢٥- ٥ - ٢٠١٥.
٤ - ماڵپەڕی(شخصيات من الذاكرة الكردية) وتارێکی دکتۆر ئەنوەر قادر محەمەد، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی نووسەر جەلال زەنگابادی، لە ١٩-٢-٢٠٢٣.
٥ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سەحەر موعێزی


شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ، شارەزای ئەدەبی منداڵان و فەرهەنگساز، خاتوو سەحەر موعێزی...

شاعیر و نووسەر و فەرهەنگساز سەحەر موعێزی، لە ساڵی ١٩٨١ لە شاری(سنە)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خێزانێکی کاسبکار و سادە و ساکار و کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری سنە تەواوکردووە، هەڵگری بڕوانامەی(لیسانس)ە، لە(حقوق- ماف) و ماجستێریشی لە(ئەدەبی بەراوردکاری- الادب المقارن) هەیە.

خاتوو سەحەر موعێزی هەر لە منداڵییەوە وێڵ و سەودای پیت و شیعر و زمان و ئەدەبی کوردی بووە، لە کۆتایی نۆهەتەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی شیعر بۆ منداڵان و گەوران کردووە، پاشان ڕووی لە نووسینی فەرهەنگی ڕەنگە کوردییەکان کردووە، بۆ ئەم شاکارە جوانەی، لە سەر خەرجیی خۆی کۆڵان بەکۆڵان، ماڵ بە ماڵ، گوند بەگوند، بەشی زۆری دەشت و کێوەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات گەڕاوە، هەروەها لە پێناوی خزمەتکردنی ووشەی ڕەسەنی کوردی لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندی بە کەسانی شارەزا لە کوردستانی باکورو



له لای ڕاستەوە: شاعیری دیار و ناسراوی کورد جەلالی مەلەکشاه، شاعیر سەحەر موعێزی



دیمانە و چاوپێکەوتن لەگەڵ پیاوان و ژنانی کوردی خاوەن ئەزموون لە بواری وشە و فۆلکلۆری کوردی

باشوورو رۆژئاوا کردووە. لەگەڵ چەندەها دیمانە و چاوپێکەوتنی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان و ژنانی بەتەمەن و خاوەن ئەزموون لە بواری ڕەنگەکانی کوردی کردووە، ئەو فەرهەنگەی کە(٩) بەرگە و زیاتر لە(١٣) ساڵ لە تەمەنی خۆی بۆ نووسین و ئامادەکردنی تەرخانکردووە.

شاعیر و فەرهەنگساز، سەحەر موعێزی یەکێکە لەو ژنە کوردانەی کە

بە پەنجەی یەک دەست  هەژمار دەکرێن، کە لە بواری فەرهەنگسازی بە شێوەیەکی ئەکادیمی ئەم کارە بە نرخەی ئەنجامداوە، ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر هەموو بەرگەکانی بۆ لە چاپداوە، ئەو لە بواری شیعر و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان و بابەتی هەمەجۆری دیکە چەند بەرهەمێکی چاپ کردووە و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- فەرهەنگی پازار (فەرهەنگی ئینسایکلۆپێدیکی ڕەنگی کوردی)، ساڵی ٢٠٢٢.

- ڕێنووسی ئەوین (ڕێنووس بۆ ژنان و پیاوانی نەخوێندەوار)، بۆ





شاعیر سەحەر موعێزی، خەڵکانی بە ئەزموون ئەو بۆ پرسیارکردن سەردانی کردوون



شاعیر سەحەر موعێزی، خەڵکانی بە ئەزموون ئەو بۆ پرسیارکردن سەردانی کردوون

ماوەی(١٠)ساڵ بە شێوەیەکی خۆبەخشانە ژن و پیاوانی نەخوێندەواری فێری زمانی کوردی کردووە، ئەم کتێبەشی ئاسانکاری کردنێکە بۆ فێربوونی ئەلف و بێی زمانی کوردی.

- کتێبی ڤەژین ( کتێبی شیعریی منداڵان لە باری ژینگەپارێزییەوە).
- داڕشتنی نەرمامێری ئەلفوبێی کوردی بۆ منداڵان کە یاریی ئەلێکترۆنیکییە و وەرگێڕدراوەتە سەر دە زمانی بیانی دیکە.
- وەرگێڕانی(١٠) کتێبی منداڵان لە بیچمی کتێبی ئەلێکترۆنیکیدا.
- کۆکەرەوە و لێکۆڵەری بواری فولکلۆری کوردی.
- چوار کتێبی شیعریشی ئامادەیە بۆ چاپ.
- لە ئێستادا خەریکی نووسینەوەی فەرهەنگی(پێڕەو)ە،

سەبارەت بە(پازار- فەرهەنگی- ئینسایکلۆپێدیای ڕەنگی- کوردی، دکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان، مامۆستای زانکۆ و زمانناس و لێکۆڵەر و ڕەخنەگری بواری فەرهەنگنووسی لە نووسینێکدا تیشکی خستۆتە سەر ئەم بەرهەمەی شاعیر و نووسەر سەحەر موعێزی دەڵێت:(هەروەک ئەحمەدی خانی پێشەنگ و ڕچەشکێن و دامەرزێنەر و بناخەداری کۆشکی فەرهەنگ نووسیی کوردی بووە و مێژووی فەرهەنگنووسیی

کوردی بە ئەوپەڕی شانازییەوە ناو و یادی بۆ هەتاهەتایە تۆمار کراوە، هەروەها مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردی وەک پێشەنگ و ڕچەشکێن و دامەرزێنەری ڕەوت و پڕۆژەی فەرهەنگنووسیی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵات، هەروەها وەک یەکەم خاتوونی کوردی نووسەری فەرهەنگێکی تایبەتیی پسپۆڕانەی گشتگیری هەڵقوولێو لەناو جەرگەی ئیشی مەیدانی و کردەیی و لێکۆڵینەوەییدا، ناو و یادی خاتوو سەحەر موعێزی هەتاهەتایە بە هەرمانی و شکۆوە دەهێڵێتەوە. ئەوەی کە خاتوو سەحەر موعێزی هەروەک سەیدا ئەحمەدی خانی، جیا لە مرخ و لێهاتوویی فەرهەنگنووسی، خاوەن بەهرە و ئاسەواری بەپێز و بەهێزی شیعر و هۆنراوەی کوردیشە، خۆی لە خۆیدا جێی تێڕامانە و گەلێک سەرنجڕاکێشە. دەکرێ و دەلوێ و دەگونجێ کە لەمەوبەدوا و دوابەدوای بڵاوبوونەوەی فەرهەنگی ڕەنگەکان، چاوەڕوانی ڕەوتێکی زیندووی پێشکەوتووی فەرهەنگنووسی بین لە لایەن ژنانی زانا






**شاعیر خاتوو سەحەر موعێزی**








بەرهەمەکانی شاعیر سەحەر موعێزی

و زمانـزان و زمانەوانـی کـوردەوە. دەسـتپێکی ئـەم ڕەوتـە و سـەرهەڵدانی ئـەم ڕەوتـە، بەبـێ گومـان و هـەدان، دەگەڕێتـەوە بـۆ ڕێکەوتـی چـاپ و بڵاوبوونـەوەی فەرهەنگی ڕەنگەکانی خاتـوو سـەحەر موعێزی؛ واتـە دەکرێ و دەلوێ و دەگونجێ کـە ئـەم فەرهەنگە خاڵـی وەرچەرخـان بێت لـە مێژووی فەرهەنگنووسـیی کوردیدا لەبابەت سـەرهەڵدانی ڕەوتێکی زیندوو و بەهێزی فەرهەنگنووسـیی ژنانـی کـورد).

بـۆ شـاعیر و نووسـەر و وەرگێـڕ خاتـوو سـەحەر موعێـزی، هـەر سـەرکەوتوو بیـت بـۆ خزمەتـی زمـان و ئـەدەب و فەرهەنگـی کـوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیـەک ژیاننامـەی شـاعیر خاتـوو سـەحەر موعێـزی، کـە لـە سـەر داخوازیـی مـن بـۆی نـاردووم، سوپاسـی دەکـەم.

٢ - ماڵپەڕی فەیسبووکی شاعیر سەحەر موعێزی.

٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# هاوڕێ باخەوان

دامەزرێنەری یەکەمین بانکی زانیاریی کوردی(ڕێکخراوی کوردیپیدیا)، نووسەر و لێکۆڵەر و یاسازان و ئەرشیڤەوان، مامۆستا هاوڕێ باخەوان.

ناوی تەواوی(هاوڕێ قادر ڕەسوڵ)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە هاوڕێ باخەوان ناسراوە، لە ٢٨- ٢- ١٩٦٦ لە گەڕەکی(گۆیژە)ی ناو شاری سلێمانی لە بنەماڵەیەکی کاسبکار و کوردپەروەر لە دایکبووە، لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو(ڕەسوڵە خڕ)ی باپیرە گەورەیان لە ناوچەی(پشدەر) خۆی و خێزانەکەی هاتوونەتە شاری سلێمانی، بۆ بژێوی ژیانیان دەستی بە وەستایی خشتبڕین و قوڕکاری و بیناسازی و باخەوانی کردووە، دواتریش وەکو بەڵێندەر، دایکیشی خاتوو(قومری شەمەیی)ش هەر لە سلێمانی لە دایکبووە، حەمە شەمەیی باوکی لە ناوچەی شارەزوورەوە هاتوونەتە سلێمانی و کاری کوتاڵ فرۆشتن و و بازرگانی توتن بووە.



نووسەر هاوڕی باخەوان بە جاحێلی

نووسەر و لێکۆڵەر و ئەرشیڤەوان، هاوڕێ باخەوان هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر هاوڕێ باخەوان، بەڕێز ڕۆژگار کەرکووکی، بەڕێز زریان سەرچناری، بەڕێز ڕاپەڕ عوسمان عوزێری، بەڕێز خاتوو بەناز جۆڵا، بەڕێز ڕێبوار جەمال سەگرمە**

و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٤ لە بەشی یاسا لە کۆلێژی یاسا و ڕامیاریی زانکۆی موسڵ وەرگیراوە، پاش دوو ساڵ خوێندن، لە ساڵی ١٩٨٦ بەهۆی بەشدارنەبوونی لە (معسكرات تدريب الصيفي للطلاب- ئۆردوگای هاوینان بۆ مەشقی سەربازیی قوتابیان) دوو ساڵ لە خوێندن دوورخراوەتەوە، دواتر لە ساڵی ١٩٨٨ لە هەمان بەش و کۆلێژ دەستی بە خوێندن کردۆتەوە، ساڵی ١٩٩٠ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە یاسا وەرگرتووە، ماوەیەک پارێزەری کردووە، لە ٥ی ئاداری ساڵی ١٩٩٢ ڕووی لە وڵاتی سووریا و لەوێشەوە بۆ لوبنان کردووە، لە کۆتایی هەمان ساڵدا وەکو پەنابەر لە وڵاتی هۆڵەندا گیرساوەتەوە و نیشتەجێ بووە.

ئەو چەندین خولی ڕاهێنان و بڕوانامەی لە بوارەکانی(ئای تیIT) و بەڕێوەبردنی زانیاری و بەڕێوەبردنی پرۆژەی پەیوەست بە کاروباری یاسایی و دام و دەزگاکانی نێودەوڵەتی بینیوە و وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٩٨وە، وەکو بەرنامەساز لە چەند کۆمپانیایەکی هۆڵەندی و نێودەوڵەتی، ماوەی(١٢) ساڵیش لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کاری کردووە، دوا کاریشی لە دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی لە شاری لاهای هۆڵەندی سەرۆکی بەشی پشتگیریی دادگا بووە، پاشتریش بۆ ماوەی دوو ساڵ بەڕێوەبەری

بەرنامەی(Legal Workfow)لە دادگای تایبەت بە تاوانەکانی(کۆسۆڤۆ)، کاریکردووە، لە ساڵی ٢٠٠٨ ڕێکخراوی(کوردیپیدیا)ی دامەزراندووە و لە ساڵی ٢٠٢١ەوە، تا وەکو ئێستا هەموو کاتی خۆی بۆ پەرەپێدانی ئەم ڕێکخراوە تەرخان کردووە.

نووسەر هاوڕێ باخەوان هەر لە منداڵییەوە حەز و خولیای چووەتە خوێندن و خوێندنەوەی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، وەکو هەر لاوێکی کوردی ئەو سەردەم، دەستی بە نووسینی شیعر کردووە، بەڵام هیچ لە بەرهەمە شیعرییەکانی بڵاونەکردۆتەوە، لە هاوینی ساڵی ١٩٧٨ بەشێک لەماڵەکەیان لە ڕووداوێکی ئاگردا سووتاوە و دەفتەری شیعرەکانیشی هەر سووتاوە، دواتر ڕووی لە نووسین و لێکۆڵینەوەی مێژوویی و سیاسی و فیکری کردووە، لە نیوەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئەو کاتەی ماوەیەک بۆتە پێشمەرگەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان و لە ڕیزی ڕێکخستنەکانی پارتی سۆشیالیستی کوردستان(پاسۆک) درێژەی بە چالاکی و خەباتی خۆی داوە، کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی مێژوویی و بیرەوەرییەکانی




بەڕێز عەلی سیاسی، هاوڕێ باخەوان، نووسەر و وەرگێڕ شەفیقی حاجی خدر

خۆی نووسیوە، لە گوندی(شەمە)ی سەر بە ناوچەی شارەزوور حەشاری داوە، دواتر ئەویشی لێ فەوتاوە.

نووسەر و لێکۆڵەر هاوڕێ باخەوان بەردەوام بووە لە نووسینەکانی، تا ئێستا کۆمەڵێک بەرهەمی مێژوویی و سیاسی و فیکری بە زمانێکی کوردیی پاک و پاراو نووسیوە و چاپی کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ی باشووری کوردستان، چاپی یەکەم، هۆڵەندا، ١٩٩٤.
- پڕۆژەی پارتی نەتەوەیی کورد، چاپی یەکەم، هۆڵەندا، ١٩٩٤، چاپی دووەم، هۆڵەندا، ١٩٩٥، چاپی سێیەم، هەولێر ٢٠٠٢، لەبڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی میدیا، چاپخانەی ئۆفسێتی هەولێر.
- کوردستان... نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە، چاپی یەکەم، هۆڵەندا، ١٩٩٦، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، کوردستان هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد، چاپی یەکەم بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم، زنجیرە (١٦) چاپخانەی ڕوون، سلێمانی ١٩٩٩.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر هاوڕێ باخەوان، خاتوو بەناز جۆڵا،**
**بەڕێز میتان هاوڕێ باخەوان کوڕی نووسەر هاوڕێ باخەوان**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر هاوڕێ باخەوان، خاتوو بەناز جۆڵا هاوسەری هاوڕێ باخەوان، بەڕێز ئارتین هاوڕێ باخەوان کچی نووسەر هاوڕێ باخەوان**

- ئاڵای کورد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، زنجیرە (١١٧) سلێمانی، ٢٠٠١.
- ڕۆژی شۆڕش یان ڕۆژی تیرۆر، چاپی یەکەم، ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی هەولێر.
- وشە پەڕتەوازەکان، بەرگی یەکەم کە(١٠٠) وتار و کورتە لێکۆڵینەوەیە کە لەنێوان ساڵانی ١٩٩٥ و ٢٠٠٥دا لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕە کوردی و بیانییەکان لە هەندەراندا بڵاوکراونەتەوە، چاپخانەی سیما، ٢٠٠٩، سلێمانی.
- وشە پەرتەوازەکان، بەرگی دووەم و سێیەم و چوارەم، چاپی ئەلیکترۆنین.

ئەم بەرهەمانەشی نووسیوە و بڵاوکراونەتەوە، بەڵام هێشتا وەکو کتێب چاپ نەکراون:

- ئەدەبیاتی کاژیک – کۆکراوەی بڵاوکراوەکانی کاژیک.
- بەراوردەکانی ژیان - پرس و ڕایەکی بەراوردکارییە بۆ بەرەو نەتەوەییبوون.

- دەستوورم واهی خوێندەوە - کۆمەڵێک ڕەخنە و تێبینیی یاسایی، زمانەوانی و لۆجیکییە لەسەر پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان.
- دەیان وتار و کورتە لێکۆڵینەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕە کوردی و بیانییەکاندا لە ١٩٩٥ەوە تاوەکو ئێستا بڵاوکردۆتەوە.

هاوڕێ باخەوان سەرەڕای بەرهەمە پوخت و ناوازەکانی خاوەن و دامەزرێنەری(ڕێکخراو، پەیج، سایت)ی(کوردیپێدیا)یە، کە بە گەورەترین بانکی زانیاریی کوردی هەژمار دەکرێت، ئەو بەخۆی و هاوسەرەکەی خاتوو(بەناز جۆلا) و هەر یەک لە هاوڕێ خوشک و براکانی لەوانە (ڕاپەر عوسمان عوزێری، ڕۆژگار کەرکووکی، زریان سەرچناری، ڕێبوار جەمال سەگرمە و ئاراس ئاغجەلەری و چەندانی دیکە) خۆبەخشانە ئەم کارە گرنگەیان جێبەجێ کردووە و بەردەوامیشن لە کارە بە نرخ و سوودبەخشەکانیان، تاوەکو ئێستا زیاتر لە (١٧،٠٠٠) کتێب و زیاتر لە (١٤) ملیۆن فایلیان بە شێوەی(دیجیتال) لە کوردیپێدیا دابەزاندووە، هەموو ئەو کارانەشیان زانیاریی ڕاست و دروست و باوەڕپێکراون، بە زمانەکانی(کوردی - بە شێوەزاری سۆرانی و بادینانی و هەورامی، عەرەبی، هۆڵەندی، ئینگلیزی، ڕووسی، فارسی، ئەڵمانی، چەندین زمانی بیانی دیکە) دابەزێندراون، بەمەش بەشی زۆری گەلانی دنیای بە شاعیر و نووسەر و هونەرمەندان و کەسایەتییە مێژوویی و ناودارەکانی کورد و کەلتوور و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی ئاشنا کردووە.

هاوڕی باخەوان لە ساڵی ١٩٩٢ هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو بەناز جۆلا




بەرهەمەکانی نووسەر هاوڕێ باخەوان



**بەرهەمەکانی نووسەر هاوڕێ باخەوان**

کردووە، خاوەنی کوڕێک و کچێکن بە ناوەکانی(ماتین و ئارتین) خوا تەمەن درێژیان بکات.

بۆ هاوڕێ باخەوان و هاوڕێکانی هەر سەرکەوتوو سەرفراز و بەردەوام بن، لەم کارە مێژوویی و گرنگەی کە خزمەتێکی گەورەی زمان و ئەدەب و کەلتووری کوردیمانە.

سەرچاوەکان:


١ - کوردیپیدیا.

٢ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٣ - ماڵپەڕی فەیسبووکی نووسەر هاوڕێ باخەوان.

٤ - ماڵپەڕی کوردستان پۆست، لە ٢٨-٩- ٢٠٠٧.

٥ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# فازیل شەوڕۆ

شاعیر و نووسـەر و لێکۆڵەوەر، وەرگێڕ و توێژەر و هونەرمەند، مامۆستا فازیل شـەوڕۆ...

نـاوی تەواوی(فازیـل حەمـەد عەبدولـڵا جەیـدی)ە، لـە ناوەنـدی ئەدەبی و ڕۆشـنبیری بـە فازیـل شـەوڕۆ ناسـراوە، لـە ١٢-٢-١٩٥١ لـە داوێنـی چیـای باواجیی سـەرکەش، لـە گەڕەکی(قـەڵا)ی شـارە جـوان و ڕەنگینەکـەی کۆیـە لـە خێزانێکی ڕەنجبـەر و کاسبکار لـە دایک بـووە، باوکی بەوەسـتا حەمـەد ناسـراوە، ماوەی(٨٠)سـاڵ کاری کلیلکسـازی و چەخماخسـازی لـە شـاری کۆیـە کـردووە، پیاوێکـی کۆمەڵایەتـی و ڕووخـۆش و قسـە خـۆش بـووە.

نووسـەر فازیـل شـەوڕۆ هەمـوو قۆناغەکانـی خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامادەیـی هـەر لـە شـاری کۆیـە تەواوکـردووە، سـاڵی ١٩٧٠ لـە بەشـی زمـان و ئەدەبی کـوردی کۆلێـژی ئادابی زانکـۆی بەغدا وەرگیـراوە، پـاش مانگێـک دەوامکـردن لەسـەر ئامـۆژگاری و پێشـنیاری دکتـۆر مـارف خەزنـەدار، خوێندنـی خـۆی گواسـتۆتەوە بەشـی زمـان و ئەدەبـی ئینگلیـزی لەهەمـان کۆلێـژ و زانکـۆ، لـە ئـاداری سـاڵی ١٩٧٤ پـاش ڕێکنەکەوتنـی سـەرکردایەتیی کـورد لـە گـەڵ ڕژێمـی ئەوسـای عێـراق بـۆ جێبەجێکردنـی تـەواوی بەندەکانـی ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠، وەکـو بەشـی زۆری قوتابیانـی زانکـۆی بەغدا ڕووی لـە شـاخ کـردووە و بۆتـە پێشـمەرگەی



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، شاعیر فازیل شەورۆ، دکتۆر کەمال مەزهەر**

شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١، وەکو مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش دەستبەکار بووە، پاش نسکۆی شۆڕش هاتۆتەوە و بەردەوام بووە لە خوێندن و هەمان ساڵ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی وەرگرتووە، بۆ ماوەی دوو ساڵی بۆتە مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە شاری ڕەمادی، لە ساڵی ١٩٧٧ هاتۆتەوە هەولێر بۆ ماوەیەکی کورت وەکو مامۆستا لە دواناوەندیی(النضال) وانەی وتووەتەوە، دواتر گواستراوەتەوە بۆ دواناوەندیی کۆیەی کوڕان تاوەکو ساڵی ١٩٨٤ درێژەی بە خزمەتکردن داوە، پاشان لەژێر گۆشاری دام و دەزگاکانی حیزبی بەعس هاتۆتەوە ناو شاری هەولێر، لە بەشی ئینگلیزی پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایان و بەشی زمانی عەرەبی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین وەکو وانەبێژ بەردەوام بووە لە خزمەتکردن.

نووسەر فازیل شەورۆ لە ساڵی ١٩٩٤ چۆتە وڵاتی لیبیا، بۆ ماوەی(١٠) ساڵ لەوێ مامۆستای بووە، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ ڕووی لە وڵاتی(ئیرلەندا- ئایرلەندا) کردووە و لە شاری(دبلن) نیشتەجێبووە، ئێستاش لەنێوان ئایرلەندا و شاری کۆیە لە کوردستان دەژیت.

شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر فازیل شەورۆ، هەر لە منداڵییەوە حەز و ئارەزووی لە شیعر و ئەدەب و زمانی کوردی بووە، ئەو قوتابی پۆلی

دووی ناوەندی بووە، شاعیر شەفیق بەیادی نازناوی(شەورۆ)ی داوەتێ، ئەو لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئەو کاتەی قوتابی بووە لە زانکۆی بەغدا، لە کۆڕوکۆبوونەوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی بەغدا ئامادە بووە و ئاشنایەتی لەگەڵ شاعیران(شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت، فەرهاد شاکەلی، ئەنوەر قادر جاف، نەوزاد ڕەفعەت، ڕەفیق سابیر. کەمال میراودەلی و چەندانی دیکە) پەیدا کردووە، دەستی بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی و عەرەبی و بەرهەم و شاکارە وەرگێڕدراوەکانی جیهان کردووە، هەر هەمان کات دەستی بە نووسینی شیعر کردووە، یەکەم نۆبەرەی بەرهەمەکانی کە پارچە شیعرێک بووە بە ناوی(زامەکان) لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردۆتەوە، ئەو کاتەی نووسەر مەحمود زامدار بەرنامەیەکی لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا هەبووە، بەشی زۆری شیعرەکانی فازیل شەورۆی لە بەرنامەکەیدا خوێندۆتەوە، ئیدی کەوتوتە ناو دنیای نووسینی شیعر و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەدەبی و فیکری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ڕەخنەیی و بابەتی هەمەجۆری دیکە لە بوارەکانی کەلتوور و کەلەپوور و تێکستی شاعیران و بیرەوەرییەکان ، لەم بوارانەدا کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازەی بە زمانێکی کوردی پوخت و ڕەوان نووسیوە و چاپی کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە، بەرچاوترینیان



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و دیار و ناسراوی کورد شێرزاد حەسەن، نووسەر فازیل شەورۆ**

ئەمانەن:

- کۆترێک لە ئاگر ، شیعر، ٢٠١١، چاپخانەی شەهاب ،هەولێر.
- دەنگ لە شیعری کەریم دەشتی دا، لێکۆڵینەوە، ٢٠١٢، دەزگای ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- هەورازەکانی کاروانی تەمەنم ـ حەسەن کاکە، بیرەوەری، دارشتنەوە،٢٠١٣ ، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر.
- دوو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، لێکۆڵینەوە، ٢٠١٣، دەزگای ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- ڕەهەندەکانی خەون لە شیعری کوردیدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠١٤، دەزگای ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- سەدای شیعر، بەرهەمی هاوبەشی نۆ شاعیر، ٢٠١٤، خانەی چاپی ئەربیل، هەولێر.
- ماچەکانی ئیوارە کازیوە، شیعر، ٢٠١٤، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
- ژنە پیشەوەرەکانی کۆیە ١٩٠٠-٢٠١٥، کلتوور، ٢٠١٥، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیری دیار و ناسراوی کورد قوبادی جەلیزادە، نووسەر فازیل شەوڕۆ**




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر فازیل شەورۆ، نووسەر عەبدولکەریم شێخانی**

- پۆشاکی کۆییان، کەلتوور ٢٠١٧، چاپخانەی تاران.
- کەو لە کوردەواریدا، کلتوور و باڵندەناسی، ٢٠١٧، چاپخانەی تاران.
- جگەرە لە جیهانبینی شیعری شێرکۆ بێکەسدا، بەهاوبەشی لە گەڵ دکتۆر هاوژین سلێوە ، ٢٠١٧. ئەکادیمیای کوردی.
- دایک لە جیهانبینی شیعری لەتیف هەڵمەتدا، بەهاوبەشی لە گەڵ دکتۆر هاوژین سلێوە ، ٢٠٢٠.
- ئاگردانێک بە قەد نیشتیمان، بیرەوەری، هاوبەش لە گەڵ دکتۆر هاوژین سلێوە ، تاران، ٢٠٢٠.
- ئەزموونی پەروەردەیی لە پۆلە و بۆ پۆل، پەروەردەیی، ٢٠٢٠.
- گوتاری شەورۆ، ڕەخنەی ئەدەبی، چاپخانەی چوار چرا، ٢٠٢١.
- بولبولی ناو قەفەزیش دەخوێنی، شیعر، چاپخانەی چوار چرا، ٢٠٢١.
- زایەڵەی شەمشاڵەکەی سەرداری باب سەرداری، هاوبەش لە گەڵ دکتۆر هاوژین سلێوە، دکتۆر هێمن شەمس ، سەنتەری لاس، کۆیە، ٢٠٢١.
- ڕێوڕەسمی جەژن لە وراتی کۆیە ١٩٠٠ ــ ٢٠٠٠، کەلتوور، بڵاوکراوەی ئینسیتیوتی کەلەپووری کوردی لە سلێمانی.
- ڕێوڕەسمی جەژن لە وراتی کۆیە، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٢٣.



له لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر فازیل شەورۆ، دکتۆر هاوژین سڵێوە



له لای ڕاستەوە: نووسەر فازیل شەورۆ، نووسەر و پێشمەرگەی دێرین حەمید ڕەشاش

ئەم بەرهەمانەشی ئامادەن بۆ چاپکردن:

- سەحەرە و ئەستێرەکم لێ هەڵنەهات، شیعر.
- بەرگی کەلەپووری، ئینسایکلۆپیدیای کۆیە، ٥٠٠ لاپەڕە.
- دیوانی بەیاد، لێکۆڵینەوە و ڕەخنە، هاوبەش، دکتۆر هاوژین سلێوە.
- پەروەردەیی ژینگەی لە شیعری منداڵاندا، لێکۆڵینەوە.

نووسـەر فازیل شـەورۆ، جگـە لـە نووسـینەکانی چەندین چالاکیی دیکـەی لـە بوارەکانـی ئەدەبی و ڕۆشـنبیری و ڕێکخراوەیی و هونـەری بینیوە لەوانـە:

جگـە لـە بەرهەمـە ئەدەبییەکانی، حـەز و ئەشـقێکی بـە جۆشیشـی هەبـووە بـۆ هونـەر، بەتایبەتـی، هونـەری میناتـۆر. سـەدان کەلوپـەل و کەرەسـتەی کـوردەواری و هونـەری، لـە شـێوەی زۆر ورد و بچووکـی پـڕ هونـەرکاری، لـە دار درووستکردوە. یەکـەم پێشـانگای هونـەری لـە سـاڵی ١٩٨٢ لـە شـاری کۆیـە کردۆتـەوە، لـە شـارەکانی دیکـەی کوردسـتانیش چەنـد کارێکـی هونـەری



لە لای ڕاستەوە: نووسەر مامۆستا عەبدوڵڵا ئاگرین، نووسەر فازیل شەورۆ



لە لای ڕاستەوە: شاعیر فازیل شەورۆ، شاعیر نەوزاد ڕەفعەت



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر شوکریە ڕەسوڵ، نووسەر فازیل شەوڕۆ

و پێشانگای لە شوێنە دیارییەکان درووست کردووە. لەوانە:

- پێشەنگای کاری میناتۆری لە کۆیە، ١٩٨٢، ١٩٨٤، ١٩٨٦، ١٩٨٨.
- پێشەنگای کاری میناتۆری لە دهۆک، ١٩٨٤.
- پێشەنگای کاری میناتۆری لە مۆزەخانەی سلێمانی، ١٩٨٥.
- پێشەنگای کاری میناتۆری لە هۆڵی میدیا لە هەولێر، ١٩٨٨،١٩٩٢.
- پێشەنگای کاری میناتۆری لە تەرابلس، لیبیا، ١٩٩٥.
- دامەزراندنی چەرخی ئاش، لە پێش دەروازەی زانکۆی کۆیە، ٢٠١٠.
- دامەزراندن و دیزاینیکردنی کەلتوورخانەی کەلەپووری کوردەواری لە قەڵاتی هەولێر، ١٩٩٠. بە هاوبەشی لەگەڵ عومەر پەتی.
- بەشداری لە دەیان کۆڕوکۆبوونەوە و کۆنفراسی ئەدەبیی و ڕۆشنبیری لە ناوەوە و لە دەرەوەی وڵات کردووە، دەیان سیمینار و کۆڕی شیعری و لێکۆڵینەوە و بابەتی ڕەخنەیی و توێژینەوەی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتیش گێراوە و پێشکەشکردووە.

چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە لەوانە:

- خەڵاتی شانۆگەریی شەهید، سرت، لیبیا، ٢٠٠٢.
- خەڵاتی شاری دوبلن لە لایەن سەرۆکایەتیی شارەوانیی دوبلن، ئایرلەندا، ٢٠٠٤.
- خەڵاتی سەید برایم، کۆیە، ٢٠١٠.
- خەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی کۆیە ٢٠١١.
- خەڵاتی فیستڤاڵی شیعری نەتەوەیی کوردی، هەولێر، ٢٠١٣.
- خەڵاتی باشترین لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە (١٩)همین فیستیڤاڵی گەلاوێژ، سلیمانی، ٢٠١٥.
- خەڵاتی باشترین لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە (٢٠)ەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژ، سلیمانی، ٢٠٢٠، چەندانی دیکەش.
- ئەندامی تیپی باواجی بوو لە سەرەتای حەفتایەکانی سەدەی ڕابردوو.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە.
- سەرنووسەری گۆڤاری (کلتووری کورد)ە.
- سەرنووسەری گۆڤاری (شارەوان)ە.
- بەڕێوەبەری هونەری / بەڕێوەبەری نووسین بوو لە گۆڤاری (کەکۆن).



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر فازیل شەورۆ، نووسەر خاتوو نەزەند بەگیخان




**بەرهەمەکانی نووسەر فازیل شەوڕۆ**

- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (ژیـار)ە.

شاعیر و نووسـەر فازیل شـەوڕۆ، لـە سـاڵی ١٩٨٣ هاوسـەرگیری کردووە خاوەنی کوڕێک و کچێکە بە ناوەکانی(ڕەسـەن، تایـەن) خـوا تەمـەن درێژیان بکات، بۆ خۆشـی هـەر سـەرکەوتوو و بـەردەوام بێت بـۆ خزمەتـی زمـان و ئەدەب کەلەپوور و کەلتووری کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - ژیاننامـەی شـاعیر و نووسـەر فازیل شـەوڕۆ ، کە لـە سـەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# تیرۆژ ئامێدی

شـاعیر و پەخشـانووس و چیرۆکنـووس و وەرگێـڕو شـارەزای شـیعری(هایکۆ)، خاتـوو تیـرۆژ ئامێـدی ...

نـاوی تەواوی(هەنـاء محەمـەد تاهیر)ە، لـە ناوەنـدی ئەدەبی و ڕۆشـنبیری بـە تیـرۆژ ئامێـدی ناسـراوە، لـە ٢٣-٤-١٩٥٩ لەبـەر ئـەوەی دایکـی نەسـاغ بـووە لـە یەکـێ لـە نەخۆشـخانەکانی شـاری موسـڵ لـە دایـک بـووە، باوکـی لـەوێ ئامـادە نەبووە(ممرضـة- سسـتەر)ەکان، ناویـان لێناوە(هنـاء) ئیدی ئـەو نـاوەی بۆ ماوەتـەوە، لـە بـەر ئـەوەی باوکـی فەرمانبـەر بـووە، ماوەیـەک لـە ئامێـدی و سـەرسـەنگ ژیـاون، لـە تەمەنـی(٥) سـاڵی چووەتـە بـەر خوێندنـی سـەرەتایی پۆلـی یەکەمـی لـە ئامێدی تەواوکردووە، ژیانـی منداڵـی لـە نێـوان ئاکـرێ و ئامێـدی و سـەرسـەنگ بەسـەربردووە، دواتر لەبەر هەڵوێستی سیاسـیی باوکـی دەسـتگیرکراوە و گواسـتراوەتەوە ناحیەی(گرمـە بنـي سـعد)ی سـەر بـە پارێـزگای ناسـریە لـە خـوارووی عێـراق، لـەوێ لـە خوێنـدن بـەردەوام بـووە، لـە سـاڵی ١٩٦٩ جارێکـی دیکـە گواسـتراوەتەوە سەرسـەنگ، پـاش سـاڵی ١٩٧٠ هاتوونەتـەوە شـاری دهـۆک.





له كاتی ڕێزلێنانی له شاعیر تیرۆژ ئامێدی له لایەن یانەی(الجیاد)ی ئوردنی

ئەو هەموو خوێندنەكانی بە زمانی عەرەبی خوێندووە، لە تەمەنی(١٥) ساڵان چۆتە خانەی مامۆستایان لە دهۆک و بووەتە مامۆستا لە شار و شارۆچكەكانی دهۆک، زیاتر لە(٤٥)ساڵ لە كەرتی پەروەردە خزمەتی كردووە تا لە ٢٣-٤- ٢٠٢٣ خانەنشینكراوە، ئێستا لە دهۆک نیشتەجێیە.

شاعیر خاتوو تیرۆژ ئامێدی زمانی كوردی و عەرەبی باش دەزانێت، ئەو كاتەی قوتابی خانەی مامۆستایان بووە، حەز و خولیای چووەتە خوێندنەوەی شیعر و ئەدەبیاتی كوردی و عەرەبی، بە خوێندنەوەی دیوانی شیعری شاعیرانی كلاسیكی كوردی و عەرەبیی عێراقی و عەرەبییەكان دەستی پێكردووە، پاشخانێكی ڕۆشنبیری و ئەدەبییي باشی پەیداكردووە، لە ساڵی ١٩٩١ گڕوگاڵی شیعر نووسینی كردووە، ئەو شیعرەكانی خۆی بە شاعیر دكتۆر عەبدولڕەحمان مزووری پیشانداوە، ئەویش ڕێنمایی و ئامۆژگاری كردووە و هانیداوە، پێشی وتووە: پەیوەندی لەگەڵ شاعیر خاتوو هێڤی بەرواری بكات بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە شیعر و ئەدەبیاتی كوردی، دیارە ئەویش هاوڕێیەتی لەگەڵ شاعیر هێڤی بەرواری پەیداكردووە، ئەویش هەر هانیداوە كە بەردەوام بێت لە شیعر نووسین.

شاعیر تیرۆژ ئامێدی بە شیعر و پەخشان و کورتە چیرۆک، بە هەردوو زمانی کوردی وعەرەبی دەستی پێکردووە، دواتریش چۆتە ناو دنیای شیعری(هایکۆ)، شارەزاییەکی تەواوی لە جۆرەکانی شیعری هایکۆ لە(هایکۆ، هایبۆن، تانکا، هایکۆ هەڵبەست) پەیداکردووە، ئەو تا ئێستا کۆمەڵیک بەرهەمی لەم بوارانەدا بە زمانی کوردی و عەرەبی نووسیوە و چاپی کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە، کە ئەمانە:

- شیان و لەیلان، شیعر، ٢٠٠٢.
- وكر الخواطر، پەخشان، ٢٠٠٧.
- پەڕێ سپی، ٢٠١٢.
- ترانیم قصص، ل مسرێ هاتیە چاپکرن، کۆمەکا چیرۆکانە دگەل چیرۆک نڤیسێن عەرەب، پشکا حەفتێ، ٢٠١٧.
- ثورة المطر، هایکو، ٢٠٢٠.
- أريج البنفسج، تانکا هەلبەستن، ٢٠٢٠.
- چەند دیوانێن ئەلیکترۆنی ژی هەنە ل یانەیێن عەرەبی دەرچوینە، گشت



لە لای ڕاستەوە؛ شاعیری فەلەستینی مەحمود ئەبو جابر، نە ناسراوە، شاعیر تیرۆژ ئامێدی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیری(هایکۆ)فەلەستینی مەحمود ئەبو جابر، شاعیر تیرۆژ ئامێدی**

ژێ جۆرێ نوی یێ هەلبەستێ نە ب ناڤێ هایکو هەلبەست.

- نادي الهايكو الحر، ترانيم، هايكو.
- نادي الهايكو العربي، مفاتيح القصيدة، هايكو.
- غمضة عين / هايكو هەلبەستە
- پێلێن چریێ، هایکو هەلبەستە ب زمانێ کوردی و خۆی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی،
- گولدانکا سۆسنا / هایکو هەلبەستێن کوردی نە.

چەندین بەرهەمی دیکەشی ئامادەیە بۆ چاپ.

شاعیر تیرۆژ ئامێدی بەشداریی چەندین کۆڕوکۆبوونەوەی شیعر خوێندنەوە و چالاکیی دیکەی لە شاری دهۆک و شارەکانی دیکەی کوردستان کردووە، چەندین جاریش خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.

لەساڵی ٢٠٠١ەوە، ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆکە.

بۆ شاعیر و چیرۆکنووس و نووسەر تیرۆژ ئامێدی هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بیت بۆ خزمەتی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی.

وا چەند نموونەیەکی شیعر و شیعری هایکۆی شاعیر تیرۆژ ئامێدی-تان بۆ دەنووسمەوە:

**شیعر:**

دەریا
ناڤ پێلێن پایزۆکا لیلیانا من دا
پێلەکا بوهاری
من رادکێشیت زەلالی یا ئاڤەکا شین و بنەفشی و تەیسی و تە بەرزە دکەت
تو مەلەڤانی ل سەر
پشتێ د زڤڕی و
ل رەنگێ فەیرۆزی د گەڕی و
دەما سەر ئاڤێ دکەڤی گەرماتی یا سیوانا کەسکە سۆری



**کۆمەڵێك شاعیری ژن لە ئێوارە کۆڕێکی ئەدەبی و رۆشنبیری لە یانەی(الجیاد)ی رۆشنبیری و پەرەپێدان لە عەمان وڵاتی ئوردن. لە لای چەپەوە: شاعیر تیرۆژ ئامێدی، ئەوانی دیکە هەر یەك لە دکتۆر إيمان عبدالهادي، فائزة الشهواني، حلا السويدات، کۆڕەکە بەسەرپەرشتی دکتۆر سامر المعاني و ئیدارەدانی دکتۆرە میسون الباز**




بەرهەمەكانى شاعیر تیرۆژ ئامێدی

تە هەمبێز دكەت تە چ د ڤێتن ؟! سەیرانێ ل وارگەهێ پەلگە زێڕینێ بكەی ؟

یان.. مەلەڤانێ دەریا رەنگان بی ؟!

ئەز ئاڤم .. تو .. چی ؟! چیای ،، تو ب منی بای ،،

هەر ب. منی ئاگری دیسان ب منی د ناڤ خودا ئالۆز نەبە خو بنیاسە و بێژە من،،

تو ،،

هەم---ی

ژ چی ؟!.

*****

**هایكۆ هەلبەست:**

پشتی مارەكرنی
شەڤانە بەرِكێن خو د برنە

بەرئێک مە و خەما
داقوتە سەرئێک
دارەک کولگولی
تو و خەم
ل سەر سفرا گەرم
عەرشێ تە د هژینیت
هزرێن سادەیا من
لەنگم
ل وەردەکێ د نێڕم
چاوا گاڤێن خو ب. هاڤێژم ؟
دوو گاڤن د ناڤبەرا مەدا
ل سیتاڤکا تە د هەلنگڤم
! لەنگ و لارم
پشتا رۆژێ سەر نشیڤ بو ژڤانێ مە

******

**هایبۆن**

ژڤانێ مە
چار وەرزێن قەلس
عەڤر رەش بوو
ل ژڤانەکی جودا د گەڕیام
بەلگێن پایزێ چەرخەک ل من ڤەدا
و ل من کرن مێهڤان
زڤستان ب مژ و مۆرانڤە
بوهار ب بارانا خەماڤە
هاڤین ب هەستێن زوها و شکەستی ڤە
بەڕێ من دا رۆژا پشت خیل
ڤەگەڕیام ب ئاخینکێن خۆڤە

ل هەر چار وەرزا
بێ ژڤان
دیدار دخۆشن
*******

**تانکا**

هەر تم بارانە
د زلقوتن
چراکێن خەما
بێ بەرسڤ د مینن
سەرەکانییێن هزرێن
،،،،،،،،،،،،
د سێرِیانادا
سەرکێشێ دیلانێ
توی
ب پێ ئالینکەکێ
خەونێن گەش د بنە لەیلن

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامەی شاعیر خاتوو تیرۆژ ئامێدی، هاورێم شاعیر و نووسەر ئیسماعیل بادی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - تەلەفزیۆنی کوردستان ٢٤، بەرنامەی(خانومان) ئامادە و پێشکەشکردنی میدیاکار خاتوو گوڵستان محەمەد ئەمین، لە ٢٠-٧-٢٠٢١.

٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## زوزان سالّح یوسفی

شاعیر و چیرۆک و پەخشاننووس، هونەرمەندی شێوەکار و لیکۆڵەر، خاتوو زوزان سالّح یوسفی..

شاعیر و نووسەر زوزان سالّح یوسفی، لە خێزانێکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە زاخۆ لەدایک بووە، ئەو کچی شەهید سەیدا سالّح یوسفییە، لە باوەشی ئەو باوکە شۆڕشگێر و کوردپەروەرە گۆش و پەروەردە کراوە، زۆر سەختیی ژیانی لە دەربەدەری، دوورخستنەوە، گرتن و نەفیکردن بینیوە، لە سالّی ١٩٨٠ کە خوێندنی ئامادەیی لە بەغدا تەواوکردووە، چونکە هەر لە منداڵییەوە حەز و خولیای لە ئەدەب و هونەر بە تایبەتی هونەری شێوەکاری(نیگار کێشان- رسم) بووە، بۆیە زۆر حەزی لێ بووە بچێتە ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان هەر لە بەغدا، بەڵام ئەو کات قوتابیانی کورد ئەگەر لەگەڵ حیزبی بەعس نەبوونایە کەمتر لەو ئەکادیمییە وەردەگیران، هەر بۆیە بە ناچاری چووەتە پەیمانگای ئابووری و کارگێڕی، پاش سالّی یەکەمی خوێندنی لەم پەیمانگایە، لە ٢٥-٦-١٩٨١ بە پیلانێکی ڕژێمی بەعس باوکی(سەیدا سالّح یوسفی) شەهیدکراوە، ئەوانیش بە ناچاری دەگەڕێنەوە زێدی خۆیان لە شاری زاخۆ.

نووسەر خاتوو زوزان سالّح یوسفی، دەستی کردووە بە پەرەپێدانی




له لای ڕاستەوە: بەڕێز کاوە مەحمود، خاتوو زوزان ساڵح یوسفی

بەهرە و توانای خۆی لە بواری هونەری شێوەکاری بە تایبەتی ڕەسم کردن، دواتر ڕووی لە نووسینی شیعر و کورتە چیرۆک و پەخشان و شانۆنامە و بیرەوەرییەکانی خۆی و خەباتی باوکی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کردووە، لەم بوارانەدا چەند بەرهەمێکی بە نرخ و سوودبەخشی بە زمانی عەرەبی نووسیوە و لە چاپیداون و بڵاویشی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:


جائزة كركوك للقصة القصيرة
الفائزون بالقائمة الطويلة/٢٠١٨
القاصة المبدعة (زوزان اليوسفي) المحترمة
تقديراً منا لإبداعكم في كتابة القصة، وفوزكم في جائزة كركوك للقصة القصيرة/٢٠١٨، وحرصاً منا على أن تكون خطواتكم راسخة في المسيرة الثقافية الإنسانية، نتقدم إليكم بهذه الشهادة عرفاناً بصنيعكم الأغر، راجين لكم الموفقية والسداد والسمو؛ من أجل ثقافة عراقية أصيلة راقية
فائزة حسين كاكئي — علي غدير — سداد هاشم البياتي

- صالح اليوسفي صفحات من حياته و نضاله الوطني مع ديوانه الشعري الكامل، ٢٠٠٩.
- مجموعة قصص قصيرة (نبوءة حلم)، ٢٠١٠.
- مجموعة قصص قصيرة للاطفال و الناشئة(حلم الطفولة)، ٢٠١٢.
- خواطر من ذاكرتي، فيها لمحات من حياة الشهيد صالح اليوسفي في ايام من الثورة الكوردية كما عشتها معه، الطبعة الاولى باللغة

العربيـة، دهـوک ٢٠١٨، الطبعـة الثانيـة باللغـة العربيـة، دار نشـر نفرتيتـي، القاهـرة، مصـر، ٢٠٢٠، الطبعـة الثالثـة، باللغـة الكرديـة، السـليمانية ٢٠٢٢.

**چەند بەرهەمێکیشی ئامادەیە بۆ چاپکردن:**

- صالح اليوسفي و الحركه التحررية الكردية.
- ومضات فوق قمم كردستان.
- قلمي و ريشتي و ومضاتي.
- مجموعة قصص من ادب الخيال.

خاتـوو زوزان سـاڵح یوسـفي، جگـە لـەم بەرهەمانـەی زۆر چالاکانـە بـە نووسینەکانی لە هۆنراوە و کورتە چیرۆک و وتار و لێکۆڵینەوە لە بواری ئافرەتان و منداڵان و بابەتی هەمەجۆری دیکە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و دیدار و دیمانـە و فیسـتیڤاڵە ئەدەبی و ڕۆشـنبیرییەکان لـە نـاوەوەی کوردسـتان و عێراق و وڵاتانی عەرەبی وەکو(سـعودیە و کوێت و جەزائیر) بەشداری



**لە لای ڕاستەوە: خاتوو زوزان ساڵح یوسفی، شاعیری دیار و ناسراوی کورد دکتۆر بەدرخان سندی**

کـردووه، هـەر بـە بۆنـەی بەشداربوونیشـی لـەم چالاکییانـە چەندیـن جـار خـەڵات و ڕێزلێنـان و سـوپاس و پێزانینـی پێبەخشـراوە، ئەمانـە هەندێکیانـن:

- بـە لێکۆڵینەوەیـەک بـە ناونیشانی(مسـيرة المـرأة التعليميـة بيـن الحاضـر و الماضـي) لـە کێبرکێی (الألوكـة الكبـرى) بۆبەهـا و بیروبـاوەڕ و ڕەوشـت لـە وڵاتـی سـعودیە بەشداریکردووە.
- بـە باسـێک بـە ناوی(كيـف يعيـش طفلـك المعـاق سـعيدا) بەشـداری لـە دیداری(المنـال) لـە شـاری شـاریقەی ئیماراتـی عەرەبـی کـردووە.
- بـە وتـاری(و قـل ربـي زدنـي علمـا)، بەشـداری لـە کێبڕکێی(جيـل إقـرأ) لـە وڵاتـی جەزائیـر کـردووە، خـەڵات و ڕێزلێنانـی بـۆ کـراوە.
- بەباسـێک بـە ناوی(زيـارة إلـى مدينـة عجائـب الثـلاث)، بەشـداری لـە کێبڕکێی(ناجـي جـواد السـاعاتي)، بـۆ ئەدەبـی گـەڕۆک(ادب الرحـلات- الرحالـة) کـردووە.




لەلای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر زوزان ساڵح یوسفی، نووسەر خەسرەو جاف



له لای ڕاستەوە: شەهید سەیدا ساڵح یوسفی، زوزان ساڵح یوسفی

- چیرۆکی(سیمفونیة الغدر) لە ساڵی ٢٠١٨، خەڵاتی کەرکووکی بۆ کورتە چیرۆک وەرگرتووە.
- لە ساڵی ٢٠١٥ بڕوانامەی ڕێزلێنانی نێودەوڵەتی لە(جامعة شعراء الابجدية) پێبەخشراوە.
- لە شەشەمین کێبڕکێی دەزگای(النور) لە ساڵی ٢٠١٤، لەسەر چیرۆکی(حلم الدراجة) خەڵاتی سێیەمی وەرگرتوە.
- لە کیبرکێی کوێت بۆ دانانی چیرۆک بۆ منداڵان و لە بواری وەقف و کاری خێرخوازی و خۆبەخشی، لەسەر چیرۆکی(صابر و الحیاة نحو الافضل)،بڕوانامەی ڕێز و پێزانینی پێبەخشراوە.




- لە کێبڕکێی(الإبداع لکتابة قصة للاطفال من المدینة المنورة) لە عەرەبستانی سعودی، خەڵات و ڕێزلێنان و خەڵاتی(نقد)یشی لەسەر چیرۆکی(ریم...و مدینتها المنورة) ساڵی ٢٠١٠-٢٠١١ وەرگرتووە.

- لە ساڵی ٢٠١١ لە کێبڕکێی سێیەمی(دیوان النیل و الفرات) لەسەر شانۆنامەی(الامیر نورالدین و الشیخ الحکیم) بڕوانامەی خەڵات و ڕێزلێنانی وەرگرتووە.
- لە ساڵی ٢٠١٠ خەڵاتی یەکەمی کورتە چیرۆکی لە کێبڕکێی دووەمی کورتە چیرۆک لە(دیوان النیل و الفرات)ی ئەدەبی لەعێراق، لەسەر چیرۆکی(حلم الطفولة) پێبەخشراوە.



نووسەر و شاعیر خاتوو زوزان ساڵح یوسفی لە کاتی وتار خوێندنەوە





شاعیر و نووسەر خاتوو زوزان ساڵح یوسفی




**بەرهەمەکانی نووسەر زوزان ساڵح یوسفی**

- لـه سـاڵی ٢٠١٠ لـه میهرەجانی(النـور لـلادب و الشـعر العالمي)لەسـەر هۆنراوەی(إلى غزة...و إلى محمـود درويـش... و اطفـال الحجـارة) خـەڵات و ڕێزلێنانـی بـۆ کـراوە.

لە چەندین شوێن و بۆنەی دیکەدا خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.

نووسـەر و شـاعیر و هونەرمەنـدی نیگارکێش، خاتـوو زوزان سـاڵح یوسـفی، دەیـان وتـار و لیکۆڵینـەوەی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و فیکـری و هونـەری و بابەتـی دیکـەی لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە کوردی و عەرەبییـەکان و سـایتە ئەلیکترۆنییـەکان بڵاوکردۆتـەوە، لەوانە:(شـبکة الألوکـە الثقافیـة، شـبکة

اورنینا الثقافیة، شبكة كتابات في المیزان، مجلة المنال، مركز النور، مدونة حي بن یقظان للادب الاطفال، صوت العراق و چەندانی دیكەش).

هەروەها چەندین دیمانە و لێدوانی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی لەگەڵدا كراوە، بە ڕاشكاوی و بوێرانە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر ڕووداوە هەنووكەییەكان دەربڕیوە، لەسەر سێ كورتە فلیمی بەڵگەیی كە باس لە ژیان و خەباتی شەهید سەیدا ساڵح یوسفی دەكات تەلەفزیۆنی ڕووداو چاوپێكەوتنی لەگەڵدا كردووە، ئەو ئێستا لە دهۆك نیشتەجێیە، لە ماڵپەڕی فەیسبووكی خۆی زۆر چالاكانە، هونراوە و وتاری هەمەجۆر بڵاودەكاتەوە، هەر سەركەوتوو سەرفراز بێت و نموونەی هەر زۆر بێت لە كۆمەڵی كوردەواریماندا.

سەرچاوەكان:

١ - كورتەیەك ژیاننامەی شاعیر و نووسەر و هونەرمەندی نیگاركێش، خاتوو زوزان ساڵح یوسفی، كە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەكەم.


٢ - ئامادەكردن و نووسینی خۆم.




# دکتۆر مستەفا زەنگەنە

مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی زمانی کوردی، شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و ڕۆژنامەنووس، دکتۆر مستەفا زەنگەنە...

ناوی تەواوی(مستەفا محەمەد کەریم)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە مستەفا زەنگەنە ناسراوە، لە ساڵی١٩٤٧ لە ناحیەی(قادر کەرەم)ی سەر بە پارێزگای کەرکووک لە خێزانێکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایک بووە، باوکی مامۆستا بووە و یەکەمین کەس بووە فێری ئەلف و بێی کردووە، لە ساڵی ١٩٥٨ چووەتە بەر خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی قادر کەرەم و تەواوی کردووە، دواتر چوونەتە شاری کەرکووک، خوێندنی ناوەندی لە ناوەندیی(ئیمام قاسم و چەمچەماڵ و عەلی حیکمەت)ی ئێواران لە کەرکووک تەواوکردووە، لەم ماوەیەدا باوکی بەسەردا گیراوە، ناچار بووە شان بداتە بەر ئیش و کار و کرێکاریشی کردووە، پاشان خوێندنی ئامادەیی لە دواناوەندی(مصلی- موسەڵلا) بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٧٢-١٩٧٣ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە



شاعیر و چیرۆکنووس دکتۆر مستەفا زەنگەنە بە جاحێلی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیری گەورەی عێراقی و عەرەبی محەمەد مەهدی جەواهیری، دکتۆر مستەفا زەنگەنە**

بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە و وەکو مامۆستا لە ئامادەیی(شۆریجە)ی ناو شاری کەرکووک دەستبەکاربووە، لەبەر هەڵوێستە سیاسییەکانی ماوەیەک دەستگیرکراوە، دواتر ئازادکراوە و کردوویانەتە مامۆستای سەرەتایی لە قوتابخانەی(تەوەکەل)ی سەر بە ناحیەی ئاغجەلەری قەزای چەمچەماڵ، پاش ساڵێک گواستراوەتەوە ناو شاری چەمچەماڵ لە قوتابخانەیەکی شەوان درێژەی بە خزمەتکردن داوە، دواتر بۆتە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، بەڵام دیسان هەر لەبەر هەڵویستە سیاسییەکانی لەم وەزیفەیە دەرکراوە و کراوەتەوە مامۆستای سەرەتایی.

دکتۆر مستەفا زەنگەنە لە ژیانی خۆی و وەزیفیدا ساردو گەرمی و سەختیی ژیانی زۆر بینیوە، هەر لەژێر فشاری دام و دەزگاکانی ڕژێمی بەعس لە کەرکووک، لەسەر داخوازیی خۆی گواستراوەتەوە شاری هەولێر، تا ئێستاش هەر لەوێ دەژییێت.

شاعیر و نووسەر مستەفا زەنگەنە ماوەیەک مامۆستا بووە لە پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایان لە ناو شاری هەولێر، ساڵی ١٩٩٠ بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردی لە زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتوە، نامەی ماستەرەکەی بە ناونیشانی(کار و ئەرکی لە سینتاکسدا)بووە، پاش ماوەیەکی کەم وەکو مامۆستای زمانی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین و دواتر بەشی زمانی کوردی لە کۆلیژی پەروەردی هەمان زانکۆ و سەرۆکی بەشی زمانی کوردی بووە.

لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، ماوەیەک ڕاگری کۆلیژی پەروەردە و



لە لای ڕاستەوە: هاوسەری دکتۆر مستەفا زەنگەنە، دکتۆر مستەفا زەنگەنە

ماوەیەکیش بەرپرسی بەڕێوەبردنی ناوەندی ڕۆشنبیریی زانکۆی سەلاحەدین بووە، لە ساڵی ٢٠٠٢ دکتۆرای لە زمان و ئەدەبی کوردی بەدەستهێناوە و نامەی دکتۆراکەی لەژێر ناونیشانی(ڕەنگ لە زمانی کوردیدا) بووە، بەردەوام بووە لە خزمەتکردن وەکو بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن لە وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ٢٠١٢ لە سەر داخوازیی خۆی خانەنشینکراوە.

شاعیر و نووسەر مستەفا زەنگەنە، لە ساڵی ١٩٦٢ دەستی بە شیعر نووسین کردووە، بەڵام بڵاوی نەکردوونەتەوە و هەمووشی لێ فەوتاون، لە ساڵی ١٩٦٨ یەکەمین شیعری بە ناوی(بێ ئومێدی) نووسیوە، کە هونەرمەند قادر مەردان کردوویەتی بە گۆرانی و لە ئێزگەی کوردیی بەغدا تۆماری کردووە، دواتر چیرۆک و ڕۆمان و چەندین لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی لە بوارەکانی زمان و بابەت و هەمەجۆری



شاعیر و نووسەر مستەفا زەنگەنە

دیکە نووسیوە، ئەو ستایلێکی تایبەت بە خۆی هەیە، پاڵەوانی چیرۆک و ڕۆمان و شیعرەکانی بەشی زۆری ناوی ئاژەڵ و گیانداری بەکارهێناوە، تا ئێستا(١٤)کتێبی چاپ کردوون و بڵاوکردۆتەوە، ئەمانە هەندێکیانن:

- گوڵ و ژن و چیا، کۆمەڵە شیعر.
- ڕووبارە ئاوێنە، کۆمەڵە شیعر.
- مۆمستان، شیعر.
- کەناری کۆمەڵی، چیرۆک.
- هەوزەکەی ئاوایی، ڕۆمان.
- ڕەنگ لە زمانی کوردیدا، نامەی کتۆرا.
- کارو ئەرکی لە سینتاکسدا، نامەی ماستەر.
- شێواز و ڕێگاکانی دارشتن.
- شێواز و ڕێگاکانی گوتنەوەی ئەلف و بێ.
- مۆدێرینە و کاری ڕێکخسینی حزبی.
- درامای(پاداشت)، کە بە(٩) ئەڵقە کراوەتە زنجیرە دراما.
- (١٠) کتێبیشی ئامادەیە بۆ چاپ.

زیاتر لە(٥٠) پارچە شیعری شاعیر مستەفا زەنگەنە، ئاوازی بۆ دانراوە و لە لایەن هونەرمەندانی کورد کراونەتە گۆرانی، لەوانە(بێ ئومێدی، ئەی سەمەرقەندەکەی دەم نوقڵ و نەبات، سرووودی کەرکووک، ئەو یارە چەند جوانە و چەندانی دیکەش)، هەر یەک لە گۆرانبێژان(عەلی مەردان، قادر مەردان، تیپی باواجیی کۆیە، تارا ڕەسوڵ، سالار ئاوارە، تیپی شالاوی کەرکووک، دیاریی بەرزنجی، عەبدولقادر ئەسعەد، دانا عەبدولقادر، دڵنیا قەرەداغی و چەندانی دیکە) هۆنراوەی مستەفا زەنگەنە- یان بە گۆرانی وتووە.

ژیان و بەرهەمەکانی شاعیر مستەفا زەنگەنە، لە لایەن هونەرمەندی دەرهێنەری ناسراو(مەعروف) کراوەتە کورتە فلمێک لە تەلەفزیۆنی کەرکوک

پەخشكراوە.

شاعیر و نووسەر دكتۆر مستەفا زەنگەنە، لە بواری ڕۆژنامەگەری و كاری ڕێكخراوەیی و پیشەیی و ڕاگەیاندن چەندین چالاكیی نواندووە لەوانە:

- ماوەیەك بەرنامەی(هەر جارەی تەوەرێك)لە تەلەفزیۆنی هەرێمی كوردستان ئامادە و پێشكەش كردووە.

- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری(زانكۆی كتاب) لە(ئاڵتون كۆپری-پردێ) بووە، ماوەیەكیش ڕاگری كۆلێژ بووە هەر لەوێ، دوای نەمانی ڕژێمی بەعس ماوەیەكیش ڕاگری كۆلێژی پەروەردەی كەركووك بووە، ئێستاش مامۆستایە لە زانكۆی نێو دەوڵەتی(تیشك).

- ماوەیەك سەرۆكی دەزگای ڕۆشنبیریی شەفەق بووە.

- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری سەنتەری ڕۆشنبیریی كەركووك بووە.

- ماوەیەكیش ڕاوێژكاری گۆڤاری شایان بووە.

ئەندامی یەكێتیی نووسەرانی كورد لقی كەركوك بووە.

- بەشداری لە دەیان دیمانە و چاوپێكەوتنی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی كردووە.

- دەیان كۆڕ و كۆبوونەوە و سیمیناری ئەدەبی و ڕۆشنبیری ئەنجامداوە.

- سەرۆكی لێژنەی پرۆگرامەكانی خوێندن بووە لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی كوردستان.

چەندین چالاكیی دیكەش.

شاعیر و نووسەر دكتۆر مستەفا زەنگەنە، هەر چەندە تۆزێ بەساڵدا چووە، بەڵام هێستا زۆر چالاكە، لە ماڵپەڕی فەیسبووكی خۆی، وتار و لیكۆڵینەوە و توێژینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی و بیروبۆچوونی خۆی سەبارەت بە ڕووداوەكان، بە ڕاشكاوی دەخاتە بەردەم لایەنە پەیوەندیدارەكان.

ئەو هاوسەرگیری كردووە و خاوەنی پێنج كوڕ و چوار كچە، خوا تەمەن درێژیان بكات، بۆ خۆشی هەر سەركەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی كوردی.

وا پارچە شیعرێکی شاعیر مستەفا زەنگەنە-تان بۆ دەنووسمەوە:

**هەنگی ڕۆح.......**

**ژیان بەخۆی چەند ساڵێکە**
**تۆش بەم جۆرە دەیشێوێنی**
**هەنگی ڕۆحم لەگوڵزاری**
**باخی جوانیت دەتۆرێنی**
**چ بەرداره تۆ بەم شێوه**
**گڕ بەرئەدەی لە خەرمانم**
**دڵەڕاوکە و نیگەرانی**
**دەکەیتە ماکی ژیانم**
**دەتۆ وەره بە ماچێکی**
**ڕۆژووی ویساڵم بشکێنه**
**کۆتایی بەم ماجەرایەو**
**کارەساتەی من بهێنه**
**دڵنیابە تەنها ئاوا**
**ئەم دنیایەت دەکرێتەوه**
**دەبیت بەحۆریی ئاسمان و**
**بۆ بەهەشتیش دەچیتەوه**
**دەسم دەگری و لەسەربالْت**
**دەمبەی بۆلای جاویدانی**
**وەک شەم دەبی بەتینی خۆر**
**بۆخۆشەویستیی یەزدانی**
**لە دیوانی شیعرەکانما**
**دەبیتە پەنجەرەی بینین**
**لەبۆ وشەی پڕ گریانم**
**خۆت دەبیتە قوڵپی ئەسرین**

سەرچاوەكان:


١ - ماڵپەڕی فەیسبووكی دكتۆر مستەفا زەنگەنە، لە ١٩-١-٢٠٢٠.


٢ - تەلەفزیۆنی ڕەسەن، فلمێكی دوكیومێنتاری(بەرنامەی من).

٣ - ماڵپەڕی ئەلیكترۆنیی(ئەمڕۆ) وتارێكی دكتۆر مستەفا زەنگەنە، ٢٤-٩-٢٠٢٢.

٤- KIRKUK TV، بەرنامەی گەوهەرەكان، ئامادە و پێشكەشكردنی میدیاكار هەڵمەت هوشیار، لە ٢٣-١٢-٢٠٢١٢.

٥ - كورتەیەك ژیاننامەی دكتۆر مستەفا زەنگەنە، لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەكەم.

٦ - ئامادەكردن و نووسینی خۆم.



# ڕەزا شوان

شاعیر و نووسەر ڕۆژنامەنووس، شارەزای ئەدەب و هونەری منداڵان، لێکۆڵەر و توێژەر وەرگێڕ، مامۆستا ڕەزا شوان .....

ناوی تەواوی(ڕەزا ساڵح عەلی)یە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە ڕەزا شوان ناسراوە، لە ساڵی ١٩٤٦ لە گوندی(گۆگجە)ی ناوچەی شوانی سەر بە پارێزگای کەرکووک لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٥٢ماڵیان چۆتە کەرکووک، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی شۆریجە و ناوەندی لە ناوەندیي ئیمام قاسم و ئامادەییشی لە ئامادەیی(مصلی- موسەڵلا) بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٦٦-١٩٦٨ پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایانی لە(باقوبە- دیالە) بە پلەی یەکەم لەسەر ئاستی هەموو عێراق تەواوکردووە، لە ٩-٣-١٩٦٩ وەکو مامۆستا لە قوتابخانەی(بادەوای سەرەتایی) لە گوندی بادەوای سەر بە ناحیەی(لەیلان)ی دەوروبەری شاری کەرکووک دەستبەکار بووە، لە مانگی ١٢ی ساڵی ساڵی ١٩٧٠ گواستراوەتەوە قوتابخانەی(مەشخەڵ)ی سەرەتایی لە ناو شاری کەرکووک، وانەی زمانی کوردی و بیرکاری بە پۆلی پێنجەم و شەشەمی وتووەتەو، لە ساڵانی ١٩٨٠- ١٩٩٠ لە قوتابخانەکانی(عائیشەی تێکەڵاو) لە گەڕەکی ڕەحیماوە، ناوەندی ١١ی ئاداری کچان، ناوەندی مەیسەلونی کچان، ناوەندی ئیمام قاسمی کوڕان، قوتابخانەی سەرەتایی



لە لای ڕاستەوە: شاعیری گەورەی کورد لەتیف هەڵمەت، نووسەر ڕەزا شوان

ئیمام قاسمی شەوان) درێژەی بە خزمەتکردن داوە لە بواری پەروەردە و فێرکردن.

شاعیر و نووسەر ڕەزا شوان لە ساڵانی ١٩٩٠-١٩٩٥ بۆتە جێگری بەڕێوەبەری قوتابخانەی(١٤ ی ڕەمەزان) هەر لە ناو شاری کەرکووک، لە بەر هەڵوێستە سیاسییەکانی کەوتۆتە ژێر فشاری دەزگا ئەمنی و ڕێکخستنەکانی ڕژێمی بەعس، بۆیە لە ساڵی ١٩٩٥ لەسەر داخوازیی خۆی خانەنشینکراوە، لە ساڵی ١٩٩٦ کوردستانی بەجێهێشتووە و ڕووی لە هەندەران کردووە، ماوەیەک لە تورکیا و ساڵێکیش لە وڵاتی ئەڵمانیا ماوەتەوە، ساڵی ١٩٩٩ لە شاری(بێرگن) لە وڵاتی نەرویج نیشتەجێ بووە.




لە ساڵی ٢٠٠٠-٢٠٠٢ لە وڵاتی نەرویج




خۆبەخشانە وانەی زمانی کوردی بە قوتابییانی کورد لە شارەکانی(قۆس و بێرگن) وتووەتەوە، دوو ساڵیش لە کۆمپانیای(Free Tex فری تێکس) کە کۆمپانیایەکی خێرخوازی بووە، کاری کردووە، ماوەی(١١) ساڵیش لە دائیرەی بەریدی سەرەکی (تێرمینال پۆست) ی شاری بێرگن کاری کردووە، لە ٣٠-٦- ٢٠١٨ خانەنشین بووە

سەرەتای دەستپێکردنی نووسینی شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووس ڕەزا شوان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٦٤) کە بە نووسینی هەمەچەشنە بە شداریی لە بەرنامەی ( گۆڤاری ئێزگە) کە بەرنامەیەکی هەفتانەی ڕادیۆی کوردی بوو، شاعیر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار عەبدوڵڵا عەباس ئامادە و پێشکەشی دەکرد، هەر لەم ساڵیشدا، هۆنراوەیەکی نووسیوە، گۆرانیبێژ (محەمەد قەدری) کردوویەتیی بە گۆرانی و لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا تۆماری کردووە، دواتر لە ساڵی( ١٩٦٧) بۆ یەکەم جار نووسینێکی لەژێر



لە لای ڕاستەوە: نووسەر ڕەزا شوان، نووسەر ڕۆستەم خامۆش




ناوی ( لە سایەی زانیاری)دا لە ڕۆژنامەی (الاخبار) کە لە (بەغدا) دەردەچوو(لاپەڕە کوردییەکەی)بڵاوکردۆتەوە، ئیدی چۆتە ناو دنیای نووسین، تاوەکو ئێستا بەردەوامە لە نووسینە ئەدەبی و ڕۆشنبیری و فیکری و سیاسی و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و بابەتی هەمەجۆری دیکە، بەشی زۆریشی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکان و سایتە ئەلیکترۆنییەکان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردۆتەوە و دەکات، بە تایبەتیش دەربارەی، پەروەردەی منداڵان، هۆنراوە و چیرۆک بۆ منداڵان، بابەتی هەمەچەشنی دیکە، ئەو زیاتر حەزی لە بواری ئەدەبیاتی منداڵانە، تا ئێستا نزیکەی (٥٠٠) نووسینی جۆربەجۆری لە سایتە ئەلیکترۆنییەکانی(ئەمڕۆ، ماڵپەڕی خۆی (ماڵپەڕی ڕەزا ساڵح) بڵاوکردۆتەوە و پارێزراوە)، نزیکەی (٢٥٠) نووسینیشی لە سایتەکانی (وتاری کورد، کوردستانپۆست) بە ناوی (ڕەزا شوان) ەوە بە ئەرشیف کراون. کە لە ساڵی (٢٠١٠ – ٢٠٢٣) نووسیویەتی، نووسینەکانیشی لەم ڕۆژنامە و گۆڤارانە بڵاوکردۆتەوە



پۆلێك لە نووسەران لە یەکەمین کۆڕبەندی پەروەردە و ئەدەبی منداڵان، لە سلێمانی ساڵی ٢٠٢٢




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر ڕەزا شوان لە کاتی نمایش و واژۆکردنی کتێبی مینا و سێ ورچ لە کتێبخانەی کاریزی لە کەرکووک ساڵی ٢٠٢٣**

(بەیـان، هاوکـاری، ڕۆژی کوردسـتان، الاخبـار، ڕەنگیـن، تەندروسـتی و کۆمەڵ، ژین، گزنگ، ئەستێرە، پەپوولە، سڤۆرە، ڕووداوی منداڵان، پەروەردە، جۆلانێ، گڕوگاڵی نوێ، ڕۆژی سولێمانی، کوردجیینەس، هەنگ، ڕووداوی منـداڵان، ئاراستەی پەروەردەیی، کۆمـاری ڕۆژ، بانـەڕۆژ، شـیکار، هـەواڵ نیوز، سیروانی نوێ، کوردستانی نوێ، گوڵان، هـەولێر، ژیار، گۆڤاری تی ڤی، شاربـاژێـر، دیالـۆگ، نەهـری، گوڵچن، هتد).

بـە زمانـی نەرویجیش لـە ڕۆژنامـەی (هۆردەلانـد) و گۆڤـاری (لاوڤ) دا، چـیرۆکی منداڵان و پەنـدی کوردی بڵاوکـردۆتەوە.

چەندین بەرهەمـی ناوازەشـی لـە بوارەکانی ئەدەبی منداڵان و چیرۆک و وەرگێڕان لـە چاپداوە و بڵاوکردۆتـەوە کە ئەمانـەن:

- هـەڵـەشـەیی ، چیـرۆک بۆ منـداڵان، چاپخـانەی (سەلمان ئەلئەعزەمی ) لە بەغـدا (١٠٠٠) دانەی لێ چاپکـراوە، ساڵی ١٩٧٠.
- گوڵبژێرێک لـە وتەکانی نـاوداران، لـە لایـەن یەکـێتیی نووسـەرانی کورد ـ لـقی کەرکووک لـە چاپخانـەی ( کـارۆ ) لـە سلێمانی چاپ کراوە، سـاڵی ٢٠١٢.
- سرووودی من ، کۆمەڵـە هۆنراوەیـەک بۆ منداڵان، چاپخانـەی (ئاراپـخا) لـە



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر ڕەزا شوان، بەڕێز خاتوو ناز فەلەکەدین بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتیی هەولێر**

کەرکووک چاپ کراوە، چاپی یەکەم ٢٠١٢، چاپی دووەم (٢٠١٥).

- سرودی من لە چاپخانەی (رؤى للطباعة والنشر) لە سلێمانی چاپکراوە، ٢٠١٧.
- چاوپێخشانێک بە مێژووی ئەدەبی منداڵان. لێکۆڵینەوەیە، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیی کەرکووک، لە چاپخانەی (کارۆ) لە سلێمانی ساڵی ٢٠١٥ چاپکراوە.
- گۆڵزاری چیرۆک بۆ منداڵان، (٣٣) چیرۆکە، لە چاپخانەی (رؤى للطباعة والنشر) لە سلێمانی ساڵی ٢٠١٩ چاپکراوە.
- چەپکێک لە لایلایەی دایکانی کورد، لە چاپخانەی (رؤيا للطباعة والنشر) لە سلێمانی ساڵی ٢٠١٩ چاپکراوە.
- یەکەم گەشتی مرۆڤ بۆ سەر مانگ، بۆ هەرزەکان و لاوانە، ساڵی (٢٠٢١) لە لایەن (پرۆژەی قەفتان) لە چاپخانەی (کارۆ)، لە سلێمانی چاپکراوە.

- ڕۆشنبیریی منداڵان، چاپخانەی (کارۆ)، سلێمانی، ساڵی ٢٠٢٢.
- مینا و سێ ورچ، چیرۆک بۆ منداڵان، لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لە لایەن ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت (سی دی ئۆ) لە چاپخانەی کارۆ لە سلێمانی ساڵی ٢٠٢٣ چاپکراوە.
- یەکەم ژمارەی گۆڤاری (گزنگ)ی ئامادەکردووە و لە ساڵی ١٩٧٢ لە چاپخانەی (الشمال) لە کەرکووک چاپکراوە.

شاعیر و نووسەر ڕەزا شوانی، چەندین چالاکیی دیکەی لە بوارەکانی ئەدەب و هونەری منداڵان و کاری ڕێکخراوەیی و پیشەیی بۆ خزمەتکردنی زمانی ئەدەبیی کوردی نواندووە، ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

- لە ساڵی ( ٢٠٠٢)، لە گەڵ مامۆستا (مەهاباد حەمەسوور) و سێ کەسایەتیی دیکە، لە شاری بێرگن لە نەرویج( کۆمەڵەی منداڵ دۆستانی کوردستان ـ کۆمەک ) یان پێکهێناوە، کە بە پارە یارمەتیی منداڵانی کەم دەرامەتی کوردستانیان داوە، بۆ ئەوەی لە خوێندن دانەبڕێن.
- لە ساڵی (٢٠٠٧)، لە شاری (بێرگن) لە وڵاتی (نەرویج) لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی گرووپێکیان پێکهێناوە بە ناوی (گرووپی داکۆکیکردن لە



لە لای ڕاستەوە: خاتوو جوان بابان هاوسەری نووسەر ڕەزا شوان، نووسەر ڕەزا شوان


کەرکووک و ناوچە داگیرکراوەکان دیکەی کوردستان) چەند بەیاننامەیان بڵاوکردۆتەوە.

- لە ساڵی ( ٢٠٠٤ – ٢٠٠٥) لە شاری (بێرگن) بۆ یەکەم جار لە (نەرویج) لەگەڵ چەند خوشک و برایەکی دیکە ( ڕادیۆی کوردستان )ی کردۆتەوە، کە ڕادیۆیەکی لۆکاڵی بوو، هەفتانە بۆ ماوەی دوو کاتژمێر بە زمانی کوردی بەرنامە و بابەتی هەمەچەشنەیان پەخشکردووە، گوێگری کوردی زۆری هەبوو، هەموو پرۆگرامەکان و بەرنامەکان خۆی ئامادەی دەکردن، هەر خۆشی بەرنامەیەکی هەفتانەی ئامادە و پێشکەش کردووە، بە ناوی (مێژووی کەرکووک).
- لە ساڵی (٢٠٠٠– ٢٠٠٢) جێگری (کۆمەڵەی کولتووری کوردی ـ لە شاری بێرگن ـ لە هەرێمی هۆردەلاند) و بەرپرسی (لیژنەی رۆشنبیری) بووە، چەندین کۆڕ و ئاهەنگیان ساز کردووە.
- لە ساڵی (٢٠٠٢) لەگەڵ چەند مامۆستایەک (گروپی هونەری کوردی و بەشی هونەریی منداڵان) یان دامەزراندووە، چەندین شانۆگەریی منداڵان و هەڵپەڕکێی منداڵان و چالاکیی دیکەیان نمایشکردووە، بە ئاڵای کوردستانەوە بەشدارییان لە ڕۆژی نەتەوایەتیی نەرویج و ڕۆژی کەلتووری نەتەوەکان کردووە، (شڤان ڕەزا) کە کوڕە بچووکی نووسەر ڕەزا شوانە، ئەندامێکی چالاک و بە توانای ئەم تیپە بووە.

لە (٢٥ ـ ١٠ ـ ٢٠٠٦) بۆ یەکەمین جار لە ( نەرویج ) دا، کۆمەڵەیەکی بە ناوی ( کۆمەڵەی منداڵانی کورد / لە نەرویج) دامەزراندووە، هەر بە





بەرهەمەکانی نووسەر ڕەزا شوان




ناوی ئەم کۆمەڵەیەوە، گۆڤارێکی وەرزییان بە ناوی (کوردیلەکان)، کە بە هەر دوو زمانی کوردی و نەرویجی بۆ منداڵانی کورد دەرکردووە، پێنج ژمارەیان لێ دەرچووە، خۆشی سەرنووسەری ئەم گۆڤارە بووە، هەر خۆشی ناوی (کوردیلەکان)ی لێناوە.

- تا ئێستا نۆ کۆڕی ئەنجامداوە، کە شەشیان تایبەت بووە بە ئەدەبی منداڵان.




نووسەر ڕەزا شوان چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی لە لایەن دەزگا ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی عێراق و کوردستان و دەرەوەی کوردستان بۆ کراوە لەوانە:

- لە ساڵی (١٩٦٨)، خەڵاتی ( قوتابیی دەرچووی یەکەمی پەیمانگای ئامادەیی مامۆستایان ـ لە باقووبە ـ دیالە) وەرگرتووە، کە خەڵاتی ئەم لایەنانە بوونە (خەڵاتی پارێزگاری دیالە ـ کاتژمێرێکی زێڕینی دەست، خەڵاتی سەندیکای مامۆستایانی دیالە ـ سێتێک پێنووس پاندانی پارکەری ـ٥١ـ ی ئەمریکی ،خەڵاتی بانکی ناوەندیی عێراقی ـ دە دینار، خەڵاتی ستۆدیۆی ئەمەل ـ گرتن و گەورەکردنەوەی وێنەیەکی، چەند خەڵاتێکی تایبەتی پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایانی لە باقووبە).
- لە ماوەی مامۆستای و خزمەتکردنیدا لە کەرتی پەروەردە(٢٥) سوپاسنامەی فەرمی لە بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی کەرکووک ـ وەزارەتی پەروەردە وەرگرتووە، لە سەر ڕێژەی لە سەدا سەدی دەرچوونی قوتابییەکانی لە تاقیکردنەوە گشتییەکانی (پۆلی شەشەم) لە وانەکانی بیرکاری و کوردی و مێژوو و جوگرافیادا، کە ئەو ئەم وانانەی وتووەتەوە.
- لە ساڵی (١٩٨٥) ، خەڵاتی بەرنامەی (جیهانی منداڵان) وەکو بەرنامەیەکی سەرکەوتوو بۆ منداڵان، لە لایەن بەڕێوەبەرێتیی گشتیی تەلەفزیۆنی عێراق، دوو کاتژمێری گرانبەهای وەرگرتووە، بە هۆی ئامادە و پێشکەشکردنی بەرنامەی(نازەنین حەمەلاو).

- سـاڵی (١٩٧٣) خەڵاتـی یەکەمـی (هـۆیەکانی فێرکـردن لـە بیـرکاری) دا وەرگرتـووە، کـە ئامێرێکـی سـاکاری دروستکردبـوو، بـۆ بـە ئاسـان فـێربوونی بیرکاری لە پۆلی و پێنج و شەشـەم، لە پێشانگای هـۆیەکانی فێرکردن لە بەغدا، بە باشترین هۆی فێرکردن لە بیرکاریدا هەڵبژێردرا و خـەڵاتی یەکەمـیان پێ بەخشـیوە.

- لـە سـاڵی ( ٢٠٠٧) لـە ( پێشبڕکـێی ئەدەبی منـداڵان )، کـە لـە لایـەن ( وەزارەتی ڕۆشـنبیریی هەرێمی کوردستان ) ڕێکخرابوو، دوو خـەڵاتی یەکـەم لـە (هـۆنـراوە ) و دووەم لـە( چـیرۆک) بۆ منداڵان وەرگرتـووە. کـە لەلایـەن وزیـری ڕۆشـنبیری ڕەوانشاد ( فەلەکـەدین کاکـەیی) یەوە، پێشکەشـی کراوە. خۆی ئامـادە نەبـووە بـرایەکی لە هـەولـێر بـۆی وەرگرتـووە.

- لـە سـاڵی ( ٢٠١٢) لـە سالـڕۆژی ( ١١٤) ی ڕۆژنامـەگـەریی کوردیـدا، لـقی کەرکووکـی سەنـدیکای ڕۆژنـامەنووسانی کوردسـتان، (قەڵغـانی ڕۆژنامەنـووسانی کوردسـتان) یـان پـێ بەخـشیوە. کـە لـە دەرەوەی وڵات بـووە، ئـەو بـە ڕێـزلێنانێکی گـەورەی دەزانـێت.

- قـەڵغانی گۆڤاری (شاربـاژێڕ) و قەڵغانی (گۆڤار تی ڤی) پێ بەخشراوە. شـاعیر و چیرۆکنـووس و وەرگێـر و ڕۆژنامەنـووس و چالاکوانـی بـواری ئـەدەب و هونـەری منـداڵان، ڕەزا شـوان زیاتـر لـە(٥٠) سـاڵە بەردەوامـە لـە خزمەتکردنی زمان و ئەدەبی کوردی و ئـەدەب و هونـەری منداڵان، ئێستاش هـەر چالاکە و ناوبەناو بابەتێکی ئەدەبی، ڕەخنەیی، لیکۆڵینـەوە، لە ماڵپـەڕی خـۆی یـان لـە سـایتە ئەلیکترۆنییـەکان بڵاودەکاتـەوە، هـەر سـەرکەوتوو و بـەردەوام بیت بـۆ خزمەتـی زمـان و ئەدەبـی کـوردی و ئـەدەب و هونـەری منداڵـە چـاو گەشـەکانی کوردسـتان.

سەرچاوەکان

١ - ژیاننامـەی نووسـەر ڕەزا شـوان، کـە لـە سـەر داخوازیـی مـن بـۆی نـاردووم، سوپاسـی دەکـەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## ئەمین محەمەد

شـاعیر و چیرۆکنـووس و ڕۆماننووسـی بـواری ئەدەبی منـداڵان، لێکۆڵـەر و توێـژەر و ڕەخنەگر، ئەمیـن محەمـەد...

نـاوی تەواوی(حەمەئەمیـن محەمـەد ئیسـماعیل)ە، لـە ناوەنـدی ئەدەبـی و ڕۆشنبیری بە ئەمین محەمەد ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٢ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی بەشی(وێژەیی-ادبي) هەر لە شاری سلێمانی بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە.

لـە منداڵییـەوە خولیـای زمـان و ئەدەبـی کـوردی بـووە، بـە خوێندنـەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی دەستی پێکردووە، دواتر شیعری شاعیرانی عێراقی و عەرەبی و شاکارە جیهانییە وەرگێڕدراوەکانیشی خوێندۆتـەوە، پاشـخانێکی ئەدەبـی و ڕۆشـنبیری باشـی پەیـدا کـردووە، لـە سـەرەتای هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوو دەسـتی بـە نووسـینی شـیعر کـردووە، نۆبـەرەی بەرهەمەکانـی پارچـە شـیعرێک بـووە لـە سـاڵی ١٩٨٦ لـە گۆڤـاری کاروان بـڵاوی کردۆتـەوە، یەکـەم کۆمەڵـە شـیعری خۆشـی کـە بـە ناوی(هەڵوێسـت) بـووە، لـە سـاڵی ١٩٩١ چـاپ و بڵاوکردۆتـەوە، لـە سـاڵی ٢٠٠٨ ڕووی لـە نووسـینی شـیعر و چیـرۆک و ڕۆمـان بـۆ منداڵان کـردووە، سـەرەڕای لێکۆڵینـەوە و توێژینـەوە و ڕەخنەگرتـن و بابەتـی هەمەجۆری دیکـە،



له لای ڕاستەوە: شاعیر ئەمین محەممەد، شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس



له لای ڕاستەوە: دکتۆر فاروق قەرداغی، شاعیر ئەمین محەممەد، خاتوو سەعدە مەحموود

لەم بوارانەدا(١٢) کتێبی چاپ و بڵاوکردۆتەوە، دوو کتێبیان بە هاوبەشی لە گەڵ نووسەرانی دیکەی بواری ڕەخنەگرتن، هەموو ئەو بەرهەمانەی بە زمانێکی کوردیی سادە و ساکار و ڕەوان نووسیوە کە ئەمانەن:

١- هەڵوێست، شیعر ساڵی ١٩٩١ .

٢- ماڵی باران، شیعر بۆ منداڵان ساڵی ٢٠١٠ .

٣- هاوڕێی نوێ، شیعر بۆ منداڵان ساڵی ٢٠١١.

٤- خەونی چۆلەکە، شیعر بۆ منداڵان ساڵی ٢٠١١
٥- هەنگە وردیلە، شیعر بۆ منداڵان ساڵی ٢٠١١ .
٦- خەیاڵی منداڵانە، شیعر بۆ منداڵان ساڵی ٢٠١٢.
٧- گۆرانیی هەورەکان، شیعر بۆ منداڵان ساڵی ٢٠١٢ .
٨- دیوانی جریوەکان ع ع شەونم، کۆکردنەوەو ئامادەکردن ساڵی ٢٠١٢.



له لای ڕاستەوە: میدیاکار خاتوو کاڵێ ڕێناس، شاعیر ئەمین محەمەد



له لای ڕاستەوە: بەڕێز مەحمود باجەلان، دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا، نووسەر ڕۆستەم خامۆش، نووسەر زارا ئەحمەد، نووسەر ئەمین محەمەد، نووسەر زیاد ڕەشاد، شاعیر خاتوو کەژاڵ ئەحمەد، نووسەر خاتوو پەیام ئیبراهیم، دکتۆر ماجد خەلیل



له لای ڕاستەوە: بەڕێز بەکر پشدەری، شاعیر ئەمین محەممەد

٩- بەرسیله، شیعر بۆ منداڵان ساڵی ٢٠١٦ .


١٠- زمان ڕەوانی و جۆرەکانی کێشی بڕگە لەشیعری منداڵاندا، توێژینەوە ساڵی ٢٠١٣، بە هاوبەشی لە گەڵ پێنج نووسەری دیکە.

١١- چەند سەرنج و وردبوونەوەیەک لە مێژوی ئەدەبی منداڵانی کورد، توێژینەوە ساڵی ٢٠٢٢ بە هاوبەشی(١٠) نووسەری دیکە.


١٢- کچی دورگە بچکۆلەکە، ڕۆمان بۆمێرد منداڵان ساڵی ٢٠٢٢.

زیاتر لە(١٠٠) پارچە شیعری لە لایەن هونەرمەندانی کورد ئاوازیان بۆ دانراوە و کراونەتە سروود و گۆرانی و لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان پەخشکراون.

پارچە شیعرێکی بە ناوی(ژینگەی کوردستان) لە پرۆگرامی خوێندنی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی دانراوە.




بەرهەمی
شاعیر ئەمین محەممەد




بەرهەمی
شاعیر ئەمین محەمەد

چەند بەرهەمێکی دیکەی لە شیعر و چیرۆک و وەرگێڕان و ڕۆمان، ئامادەن بۆ چاپ.

شاعیر و نووسەر و توێژەر ئەمین محەمەد، ئەم چالاکییانەشی هەبووە و بەردەوامیشە لە نووسینە جوانەکانی:

- بەشداری لە زۆربەی کۆڕو کۆبوونەوە و کۆنفراسە ئەدبی و ڕۆشنبیرییەکانی لە سلێمانی و هەولێر و قەڵادزێ و هەڵەبجە و شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستانی کردووە و دەکات.
- لە زۆربەی گۆڤارەکانی منداڵان بابەتی بواری منداڵانی بڵاوکردۆتەوە.
- ئێستاش ئەندامی دەستەی هەردوو گۆڤاری(کورد جینیەس و کورد جینیەسی تایبەت بە منداڵان و کورد جینیەسی پەروەردە و ڕۆشنبیرییە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانییە.



لە لای ڕاستەوە: شاعیری دیار و ناسراوی کورد لەتیف هەڵمەت، شاعیر ئەمین محەمەد




**بەرهەمەکانی شاعیر ئەمین محەمەد**

بۆ شاعیر و نووسەر و توێژەر ئەمین محەمەد هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی و خزمەت و وشیارکردنەوەی مندالە چاوگەشەکانی هەموو کوردستان.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر و نووسەر ئەمین محەمەد کە لە سەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# زارا ئەحمەد جاف

مامۆستا و شاعیر و چیرۆکنووسی بواری ئەدەبیاتی منداڵان، نووسەر و ڕۆژنامەنووس، خاتوو زارا ئەحمەد جاف..

ناوی تەواوی(زارا ئەحمەد عەزیز)ە، لە ناوەندی پەروەردە و ئەدیبان و ڕۆشنبیران بە زارا ئەحمەد جاف ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٩ لە شاری ڕانیە لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری ڕانیە تەواوکردووە، دواتر پەیمانگای مامۆستایانی لە دهۆک بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە و ساڵی ١٩٩٥ بووەتە مامۆستا لە قوتابخانەی(تێکۆشەر)، لە ڕانیە، لە ساڵی ٢٠٠٢ گواستراوەتەوە باخچەی منداڵان هەر لە شاری ڕانیە، ساڵی ٢٠٠٥ بۆتە بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان، لە ساڵی ٢٠١٨ بۆتە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی ڕاپەڕین، ئێستاش لە ڕانیە نیشتەجێیە.

شاعیر و نووسەر زارا ئەحمەد جاف، ئەو کاتەی مامۆستا بووە لە باخچەی منداڵان لە ڕانیە، هەستی بە هەستیاریی ئەو قۆناغەی تەمەنی منداڵان کردووە و ئاشنای ویست و حەز و ئارەزووەکانیان بووە.

شاعیر و نووسەر زارا ئەحمەد جاف، پاش خوێندنەوە و بەدواچوونێکی زۆری بواری منداڵان بۆی دەرکەوتووە کە منداڵان لەم قۆناغە هەستیارەی




**پۆلێك نووسەرانی ڕانیە و قەڵادزێ لە بەڕیوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و هونەری ڕاپەڕین**

تەمەنیان پێویستییان بە ئامۆژگاری و ڕێنمایی و خۆشەویستی هەیە، بۆیە لە هەمان ساڵدا ڕووی لە نووسینی ئەدەبیاتی منداڵان کردووە، ساڵی ٢٠٠٦ یەکەم نۆبەرەی بەرهەمەکانی خۆی کە پارچە شیعرێکی منداڵان بووە بە ناوی(ئاسمان) لە گۆڤاری(پەپوولە) بڵاوکردۆتەوە، یەکەم چیرۆکیشی بۆ منداڵان بە ناوی(لانە بوو بە هاوڕێی گوڵ و پەپوولە) ساڵی ٢٠٠٧ لە گۆڤاری(مشکە) بڵاوکردۆتەوە، ئیدی بە تەواوی کەوتۆتە ناو دنیای ئەدەبییاتی منداڵان، لەم بوارەدا خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەمی پوخت و جوان و ئاست بەرزە لە شیعر و چیرۆک و ئۆپەرێت و شانۆ کە ئەمانەن:

- بێچوە فیل، ٢٠٢١.
- کەشتی، ٢٠٢١.
- ورچەکەی هاوڕێم، ٢٠٢١.
- بێچووە مراویەکە لەئاو ناترسێت




**بەرهەمەکانی**
**شاعیر و نووسەر زارا ئەحمەد جاف**




**لە بەرهەمەکانی**
**شاعیر و نووسەر زارا ئەحمەد جاف**

- پشیلەکەی لاس، ٢٠٢١.
- نیشتیمانی لەقلەقەکان، ٢٠٢١.
- بووکەڵەکان، ٢٠٢١.
- کتێبی(٧) نامیلکەی شیعر و چیرۆک و ئۆپەرێت و شانۆیی، بۆ منداڵان، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢١.

ئەو وەکو نووسەر و ڕۆژنامەنووسیش، دەیان پارچە شیعر و چیرۆکی لە بەشی زۆری گۆڤارەکانی منداڵان و گۆڤارە پەروەردەییەکان بڵاوکردۆتەوە لەوانە:(پەپوولە، جۆلانێ، جگەرگۆشەکان، گوڵەکان، خەندە، هەنگ، کاکۆن، گۆڤاری نەهری، کوردجنەیس، ساڵنامەی گڕی نەورۆز، گۆڤاری پەروەردەیی ژیار، هەروەها گۆڤاری مهاباد، پاشکۆی کانی و گۆڤاری گڕوگاڵ کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەردەچوو و چەندانی دیکەش)، چەندین وتار و لێکۆڵینەوەشی



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر مامۆستا هەمزە قادر، نووسەر مامۆستا عوسمانی ناریزادە، نووسەر بەڕێز ئەمین محەمەد، نووسەر دکتۆر هاوژین سڵێوە، نووسەر و شاعیر عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی، شاعیر و نووسەر زارا ئەحمەد جاف، نووسەر و وەرگێڕ فەوزیە مەنمی**

لە سایتە ئەلیکترۆنییەکانی وەکو(چراکان، دەنگەکان، قەڵەم، مۆزەی منداڵان) بڵاوکردۆتەوە.

نووسەران و ڕەخنەگرانی بواری ئەدەبی منداڵان، تیشکیان خستۆتە سەر بەرهەمەکانی شاعیر خاتوو زارا ئەحمەد جاف، چەندین دیراسە و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر و بەکالۆریۆسی لەسەر بەرهەمەکانی کراون.

شاعیر خاتوو زارا ئەحمەد جاف، جگە لە نووسینی شیعر و چیرۆک و پەخشانە شیعر، چەندین چالاکی دیکەی هەبووە و هەیە لە بوارەکانی پەروەردەیی و ڕۆژنامەگەری و بابەتی هەمەجۆری دیکە تایبەت بە باخچەی منداڵان و پەروەردەکردنیان، کە ئەمانە هەندێکیانن:

- بەشداریی لە یەکەمین میهرەجانی شیعر کردووە، کە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و هونەری ڕاپەڕین لە بنکەی ڕۆشنبیری و هونەری چوارقوڕنە ئەنجامیداوە.
- لە یەکەمین پێشبڕکێی شیعری کە تایبەت بووە بە ژنان بەشداری کردووە و بە پلەی یەکەمیش دەرچووە.
- بەشداریی لە دیداری ئەدەبی منداڵان کردووە کە یەکێتیی نووسەرانی



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر عومەر حوسێن، هونەرمەند هیوا مستەفا، شاعیر ئیسماعیل ڕاجی، شاعیر زارا ئەحمەد جاف، شاعیر سدیق عەلی، نووسەر و وەرگێڕ خالید فاتحی، نووسەر بیتوێن سەعید**



لە لای ڕاستەوە: مامۆستا جەمال ڕەشید حەوێز، شاعیر زارا ئەحمەد جاف



لە لای ڕاستەوە: شاعیر زارا ئەحمەد جاف، شاعیر و نووسەر عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجی

کورد لقی سلێمانی بۆ(١٠) شاعیر و نووسـەری بواری ئەدەبی منداڵان ڕێکیخسـتبوو.

- لـە سـاڵی ٢٠٠٧ وەک نوێنـەری باخچەکانـی منداڵان لـە دەڤەری(بیتوێـن و پشدەر) ئەندامی کۆنگرەی پەروەردەیی بووە، کە لـە شـاری هەولێر بەسـتراوە.
- بەشـداریی لـە دوومیـن دیـداری شـیعری کـردووە، کـە بەڕێوەبەرایەتیـی ڕۆشنبیری و هونـەری ڕاپەڕین بە هاوکاریی دەسـتەی ئەدیبانی قـەڵادزێ سـازی کردبوو.
- ئەو یەکێک بووە لە بەشداربووانی کۆڕبەندی(دنیایەکی ئارام.. داهاتوویەکی گـەش لـە پـەروەردە و ئەدەبی منداڵاندا) کە یەکێتیی نووسـەرانی کورد-لقـی سـلێمانی بـۆ ژمارەیـەک لـە پسـپۆڕانی بـواری ئەدەبـی منـداڵان ڕێکیخسـتبوو.
- لە ساڵی ٢٠٠٨ بەشداریی لە چەندین خولی پەروەردەیی بۆ(سـەرکردەی باخچەکانی منداڵان)کردووە کە لـە هەولێر بەسـتراوە.
- بەشـداریی چەندیـن کۆڕوکۆبوونـەوە و سـیمینار و کۆنفراسـی ئەدەبی و ڕۆشـنبیری لـە شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتان کـردووە.
- چەندین جار خـەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە لەلایـەن ڕێکخراوەکانی(ژینگەیی و گۆڤار و دەزگا پەروەردەییەکان).



**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز ئەمیر حوسێن ناسراو بە(هاوڕێ) هاوسەری شاعیر زارا ئەحمەد جاف، شاعیر زارا ئەحمەد جاف**

- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

بۆ شاعیر و چیرۆکنووس نووسەری بواری ئەدەبی منداڵان خاتوو زارا ئەحمەد جاف، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی ئەدەبی منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان.

وا دوو پارچە شیعری شاعیر زارا ئەحمەد جاف- تان بۆ دونووسمەوە:

**١**

## بێچوە فیل

بێچوە فیلێ
لە گەڵ دایکیدا دەڕوا
گورج وگۆڵە
بڕوای بەخۆیە بڕوا

پەلە ناکا
هێواش قاچی دادەنێ
لەسەرخۆیە
هەر دەڕواو هەنگاو دەنێ
بەلوتەکەی
یاری دەکا لە نێو ئاو
دەیپرژێنێ و
تەڕم دەکا لە ناکاو
فیل ئاوایە
حەزی لە مۆسیقایە
سەمادەکا
بێزار نابێ و خولیایە
بومە هاوڕێ
لەگەڵ فیلی میهرەبان
کەدییار نەبێ
بۆی دەگەڕێم لەتاوان .

********

## ٢

## ژینگە کە م

سروشتی شارولادێ
ڕە نگینە وە ک وچاوە
خورِە ی شە پۆل وکانی
وێنە یان لام نە خشاوە
جریوە ی پرِلە سۆزی
دە نگی دە گاتە لامان

وه ک په یامی  پیروزه
هه میشه واله گوێمان
باهه موو بیپارێزین
ئه وکوردستانه جوانه
ژینگه ی پاک ودروسته
نیشتیمانی هه موانه
نامه وێ من ببینم
شاره که م به شێواوی
پاشه ڕۆکی فڕێدراو
به فیڕۆ بڕوائاوی
وه رن هه موو بچێنین
داری حه زوو خه ونه کان
باچیتر نه شێوێنین
ژینگه ی پاکی نیشتیمان



شاعیر زارا ئەحمەد جاف
لە کاتی خوێندنەوەی وتارێك

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر و نووسەر خاتوو زارا ئەحمەد جاف، کە لە سەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ڕۆستەم خامۆش

شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووس، لیکۆڵەر و توێژەر و شارەزای بواری ئەدەبیاتی منداڵان ڕۆستەم خامۆش...

ناوی تەواوی(ڕۆستەم جەلیل ئیبراهیم مەحموود)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە ڕۆستەم خامۆش ناسراوە، لە ساڵی ١٩٨٠ لە گوندی(کانی کوردە)ی سەر بە ناحیەی ئاشتیی قەزای کۆیە لە خێزانێکی هەژار و کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە گوندی کانی کوردە و کۆیە و ئۆردوگای زۆرەملێی(تۆبزاوە) کە ئێستا بووەتە ناحیەی ڕزگاری لە سنووری قەزای خەبات، تەواوکردووە، دواتر هاتوونەتە ناو شاری هەولێر، خوێندنی ئامادەیی بەشی(وێژەیی- ادبي) تەواوکردووە.

شاعیر و نووسەر ڕۆستەم خامۆش هەر لە منداڵییەوە قوتابییەکی زیرەک بووە، لەتەک خوێندنەکانی بە تایبەتی پاش کۆچی دوایی باوکی لە ساڵی ١٩٩٤، ئەرکێکی قورسی کەوتۆتە سەر شان، بۆ بژێوی ژیانی خۆی و خێزانەکەی شانی داوەتە بەر ئیش و کارکردن، بەردەوامیش بووە لە خوێندنەوەی شیعر و چیرۆک و ئەدەبیاتی کوردی.

لە ساڵی ١٩٩٦ هەستی بە بەهرە و توانای خۆی کردووە، وەکو هەر گەنجێکی ئەوکات دەستی بە شیعر نووسین کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە،




**لە لای ڕاستەوە: نووسەری گەورەی کورد عەزیزی مەلای ڕەش، شاعیر ڕۆستەم خامۆش**

زیاتر گرنگیی بە ئەدەبی منداڵان داوە، هەر لە هەمان ساڵدا یەکەمین نۆبەرەی شیعری بە ناوی(باڵندەیەکی بەندکراو) نووسیوە و لە ساڵی ٢٠١٩ لە کتێبی(گوڵی ئاوات) بڵاوی کردۆتەوە، یەکەمین شیعری بۆ منداڵانیش بە ناوی(بەرەو خوێندگا) لە ساڵی ٢٠١٢ نووسیوە، ئیدی بە تەواوی کەوتۆتە ناو دنیای نووسینی ئەدەبیاتی منداڵان لە شیعر و چیرۆک و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، تا ئێستا(٨) کتێبی چاپ کردووە و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- داری هیوا، شیعر بۆ منداڵان، هەولێر ٢٠١٧.
- گوڵی ئاوات، شیعر بۆ منداڵان، هەولێر ٢٠١٩.
- ژینگەی کوردستان، شیعر بۆ منداڵان، کۆکردنەوە و ئامادەکردن، هەولێر، ٢٠٢٠.
- دۆستی ژینگەم، هۆنراوی ژینگەیی بۆ منداڵان، سلێمانی ٢٠٢١.
- باخی ئومێد، شیعر بۆ منداڵان، سلێمانی ٢٠٢١.
- هاوڕێی پێنووس، شیعر بۆ منداڵان، هەولێر ٢٠٢١.
- ئەدەب و هونەری منداڵان، چاوپێکەوتن دەربارەی ئەدەب و هونەری

منداڵان بە هاوبەشی لەگەڵ دکتۆر هاوژین سلێوە، کۆیە ٢٠٢٢.

- دیداری ئەدەبی منداڵان، چەند توێژینەوەیەکی ئەدەبی و ڕەخنەیی، بە هاوبەشی لەگەڵ چەند نووسەرێک، سلێمانی ٢٠٢٢.

چەند پارچە شیعرێکی ئاوازیان بۆ داندراون و کراونەتە سروود و گۆرانی، پارچە شیعری (ئافەرین هێما) لە لایەن نووسەر هەڵۆ عەبدوڵڵا هەمزە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی بە ناونیشانی(!HEME GOOD JOB) لە گۆڤاری(کورد جینیەس)ی تایبەت بە منداڵان بڵاوکراوەتەوە.

پارچە شیعری(وارێ مە) کە بە شێوەزاری کرمانجی ژوورو(بەهدینانی) نووسیوە، لە پرۆگرامی خوێندنی کوردی قۆناغی بنەڕەتیی(پۆلی دووەم-وەرزی یەکەم)داندراوە و دەخوێندرێت.

شاعیر و نووسەر ڕۆستەم خامۆش دەیان وتار و پارچە شیعر و چیرۆکی بۆ منداڵان و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و بابەتی پەروەردەیی، لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە لەوانە (ڕۆژنامەکانی یەکگرتوو، باسک، هەڵەبجە نیوز، کوردستانی نوێ، خەبات، ئاژانس، سیروان(لە کەرکووک)، سیروان(لە سنە)، ڕۆژان(لە سنە)، زەمەن، زاری کرمانجی، پردێی ئازاد، ڕێگای کوردستان، هەولێر، ئەڤرۆ، گۆڤارەکانی



لە لای ڕاستەوە: شاعیر ڕۆستەم خامۆش، نووسەر و ڕۆژنامەنووسی دیار و ناسراوی کورد ممتاز حەیدەری

جگەرگۆشـەکان، گوڵـەکان، خەنـدە، جۆلانێ، ژیـار، بـەرات، هیـوای تۆ، پەیامـی ڕاسـتی، نـەوەی نوێ، کەکۆن، زەنگ و بەنگ، پەپوولـە، رامـان، دیـوان، بڕیـار، نواڵـەی نـوێ، خـازر، بەیـان، مەهابـاد، گڕوگالـی نـوێ، شـاخی ڕەش، ئایندەی ژینگـە، کانـی، هەنـگ، و چەندانـی دیکـەش).

شـاعیر و نووسـەر ڕۆسـتەم خامـۆش بەشـداریی چەندیـن کـۆڕ و کۆبوونـەوەی ئەدەبی و شـیعر خوێندنـەوە و چالاکیی ڕۆشـنبیری کـردووە و دەکات لەوانـە:

- لـە سـاڵی ٢٠١٥ لـە کۆڕێکـی شـیعر خوێندنـەوە لـە چەمچەمـاڵ بەشـدار بـووە.
- لە ساڵی ٢٠١٦ بەشدار بووە، لە کۆڕی شیعر خوێندنەوە لە هەولێر.
- لـە ٤- ٩- ٢٠٢٢ بـە توێژینەوەیـەک لـە ژێـر ناونیشـانی(ڕۆلی ڕاگەیانـدن لە ئەدەبیاتی منداڵان) لـە دیداری ئەدەبی منداڵان لـە سلێمانی بەشداری کـردووە.
- لـە ١٥-١٠-٢٠٢٢ بەشـداریی لـە یەکەمیـن کۆڕبەنـدی پـەروەرد و ئەدەبـی



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر ڕۆستەم خامۆش، شاعیر و نووسەری تەنزئامێز دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا



**له لای ڕاستەوە: شاعیر ڕۆستەم خامۆش، نووسەری گەورەی کورد دکتۆر فەرهاد پیربال**

هاوچەرخی منداڵان لە سلێمانی کردووە و(١٥) پێشنیار و ڕاسپاردەشی پێشنیارکردووە.

ئەو چەندین جار لە لایەن دەزگا ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان و ڕۆژنامە و گۆڤار و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و لایەنی پەیوەندیداری دیکەی ڕۆشنبیری و هونەری، خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە، ئەمانە هەندێکیانن:

- گۆڤاری گوڵەکان، ساڵی ٢٠١٥.
- گۆڤاری ژیار، چوار جار، لە ساڵەکانی ٢٠١٦، ٢٠١٨، ٢٠١٩، ٢٠٢٢.
- کۆمەڵەی شاعیرانی کوردستان، ٢٠١٨.
- یەکێتیی نووسەرانی کوردی لقی سلێمانی، ٢٠٢٢.
- ڕۆژنامەی سیروان لە کەرکووک، ٢٠٢١.
- ڕێکخراوی هاوڕێیەتی منداڵانی کورد لە ئەمەریکا، ٢٠٢٢.

چەندین لایەنی دیکەش.

شاعیر و نووسەر ڕۆستەم خامۆش، لە ساڵی ٢٠٠٠ هاوسەرگیری

کردووە، خاوەنی دوو کوڕ و دوو کچە بە ناوەکانی(هێدی، هۆگر، هانا، هێما) خوا تەمەن درێژیان بکات، بۆ خۆشی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی شیعر و ئەدەبی کوردی بە گشتی و بۆ ئەدەب و هونەری منداڵە چاو گەشەکانی کوردستان بە تایبەتی.

چەند نموونەیەکی شیعری شاعیر ڕۆستەم خامۆش-تان بۆ دەنووسمەوە:

١

**ژینگەپارێزم**

ژینگەپارێزم دڵسۆزی خاکم
پەروەردەی دەستی سێ کەسی پاکم
ئەوانیش دایە و بابە و مامۆستا
هەرسێکیان بۆ من ڕووناکن ئێستا
ژینگەپارێزم شەیدای سروشتم
پاک و خاوێنم جوانە ڕەوشتم
شارم پیس ناکەم بە زبڵ و خاشاک
لەنێو دڵمایە خۆشەویستی خاک
ژینگەپارێزم من جوانیم دەوێ
من دۆستی ژینم شارم خۆشدەوێ
وڵاتی شیرین کوردستانی خۆم
خۆشەویستەلام نیشتمانی خۆم










بەرهەمەکانی شاعیر ڕۆستەم خامۆش




بەرهەمەکانی شاعیر ڕۆستەم خامۆش

۲

**وارێ مه**

وارێ مه گەلەک جوانه
ناڤێ وێ کوردستانه
وارێ مه جهێ ژینه
قەشەنگ و پڕ ئەڤینه
وارێ مه باخێ گولا
خۆشتەڤی لبەر دلا
وارێ مه زۆر شیرینه
هەمی دەما ڕەنگینه

۳

**ئێوارەیەک**

ئێوارەیەک دەمڕوانی
بۆ ئاسمانی شین و جوان
بینیم پۆلێ باڵنده
پێکڕا دەیان جریوان
منیش دەروونم شاد بوو
کەوتمە دیلانێ و قاقا
گوتم ئۆخەی چەند خۆشه

دەنگیان چەشنی مۆسیقا
چونکە من دۆست و هاوڕێم
لەگەڵ گشت مەلی دونیا
دڵخۆشم بە بینینیان
لە ئاسمان و ڕۆخ دەریا

٤

**وا ڕۆژهەڵات**

چەند جوانە وا ڕۆژهەڵات
ڕۆشەن بوو خاکی وڵات
ئەما کاتی پشووی شەو
منیش هەڵساوم لە خەو
دەم و چاوم جوان دەشۆم
نانی بەیانی دەخۆم
جلی خاوێن دەپۆشم
زیرەکم خاوەن هۆشم
دەڕۆم بۆ قوتابخانە
کە بۆ ژین چراخانە
بۆ هیوای گەش و ڕوونم
بە دڵ شەیدای فێربوونم

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر و نووسەر ڕۆستەم خامۆش، لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عیسا بەرواری

هەندێ لە ئەدیب و نووسەران و هونەرمەندان، ناسناوی باڵیۆزی گۆرانی کوردییان پێبەخشیوە، دەنگبێژ(گۆرانیبێژ)ی گۆرانی و بەستەو لاوکی قارەمانێتی، ڕەوانشاد عیسا بەرواری..

ناوی تەواوی(عیسا حوسێن یونس)ە، لە ساڵی ١٩٣٣ لە گوندی(گاراڤا) ی سەر بە دەڤەری بەرواری باڵای قەزای ئامێدی لە دایک بووە، تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندووە، لە تەمەنی(١٠)ساڵیدا لەگەڵ مامی بەشداریی کۆڕ و ئاهەنگی مەجلیس و دیوەخانەکانی کردووە، گوێی لە گۆرانیی گۆرانبێژان گرتووە و فێر بووە و بۆ هاوڕێکانی وتووەتەوە، هەر لە ڕێگای ئەو مامەی هونەرمەندانی دەنگبێژ سەعید حەمۆ(سەعید ئاغای جزیری و مریەم خانی) ناسیوە، لە ساڵی ١٩٤٧ هونەرمەند سەعید ئاغای جزیری میوانی ماڵی باوکی دەبێت، مامیشی پێی دەڵێت: ئەو برازایەم دەنگی زۆر خۆشە، ئەویش داوا لە عیسا بەرواری دەکات کە گۆرانییەکی بۆ بڵێت، کە گوێی لە دەنگی دەبێت، پێی وتووە(تۆ سرەکە لە ئێمە دەستێنی و دەبێتە دەنگبێژ).

دواتر چەندین جار لەگەڵ سەعید ئاغا و مریەم خان دەچێتە چایخانەی


لەلای ڕاستەوە: هونەرمەند عیسا بەرواری، ڕەوانشاد هونەرمەند محەمەد عارف جەزراوی

(بابـان) هەمـوو شـەوێک چارەگـە سـەعاتێک گۆرانـی دەڵێـت، ئیـدی چـاوی دەکرێتـەوە و دەسـت بـە گۆرانیـی وتـن دەکات.

لـە بـەر ئـەوەی لـە سـەرەتادا باوکـی ڕازی نەبـووە گۆرانـی بڵێـت، ئـەو لـە سـاڵی ١٩٥٠ دەچێتـە ئێزگـەی کوردیـی بەغـدا گۆرانیی(مەدینەیـێ) بـە نـاوی خوازراوی(عەبدولقـادر بـەرواری) تۆمـار دەکات، ئـەم گۆرانییـە بـە نۆبـەری بەرهەمەکانـی ئـەو هەژمـار دەکرێـت، لـە سـاڵی ١٩٥٢ وەکـو کارمەنـد لـە بەڕێوەبەرایەتیـی شـوێنەواری موسـڵ دادەمەزرێـت، ئیتـر تـا کۆچـی دوایـی هـەر لـەو شـارە ژیـاوە.

لـە سـەرەتای حەفتاکانـی سـەدەی ڕابـردوو، وەکـو کارمەنـدی بەشـی مۆسـیقا لـە ئێزگـەی کوردیـی بەغـدا دەسـت بـەکار بـووە، بەرپرسـی بەشـی مۆسیقا(شـێوەزاری بەهدینانـی) بـووە، لـەو ئێزگەیـە بـەردەوام بـوو تاوەکـو سـاڵی ١٩٩٠، دواتـر چۆتـەوە شـاری موسـڵ لـەوێ دوکانێکی(تسـجیلات- تۆمـارگا)ی بـۆ بژێـوی ژیانـی خـۆی و خێزانەکـەی کردۆتـەوە تاوەکـو سـاڵی ٢٠٠٠، لـە سـاڵی ٢٠٠٠ چۆتـە حـەج لـە شـاری مەکـە، کـە هاتۆتـەوە تۆمارگاکەی داخسـتووە و ئیتـر وازی لـە گۆرانیـی وتـن هێنـاوە.

هونەرمەنـد عیسـا بـەرواری بـۆ یەکـەم جـار گۆرانیـی دووقۆڵـی لـە گـەڵ هونەرمەنـد محەمـەد عـارف جزیـری وتـووە، دواتریـش لەگـەڵ هـەر یـەک لـە

هونەرمەندان(حەسەن جزیری، گوڵبەهار، عائیشە شان، تەحسین تەها، نەسرین شێروان، فەوزیە محەمەد، سەبیحە محەمەد، ساڵحێ ئامێدی، کەمال ئاکرەیی، عەبدۆ ئالانی و سالم حەلەبی)گۆرانیی دوو قۆڵی وتووە، پەیوەندییەکی باشیشی لە گەڵ هەر یەک لە هونەرمەندان(عەلی مەردان، تاهیر تۆفیق، محەمەد حەسەن کەلهوڕی، محەمەد شێخۆ، ڕەسووڵ گەردی، باکووری، تەحسین تەها، فوئاد ئەحمەد، محەمەد عەزیز شاکر، خەلیل وەندی و چەندانی دیکەش) هەبووە.

هونەرمەندی دەنگبێژ عیسا بەرواری ئەو کاتەی لە ئیزگەی بەغدا بووە نزیکەی(٣٠٠) گۆرانی و بەستە و لاوکی قارەمانێتی تۆمارکردووە، نزیکەی(٥٠) گۆرانیشی بۆ تەلەفزیۆن تۆمارکردووە، بەشی زۆری گۆرانییەکانی باس لە جوانیی سروشتی کوردستان، نیشتمانی و نەتەوەیی، خۆشەویستی و دڵداری و ئەڤینی، کۆمەڵایەتی و فۆلکلۆری و داستان و لاوکی قارەمانێتی بووە، دیارترین گۆرانی و کلیپەکانی ئەمانەن:

- کلیپی زەمبیل فرۆش، کە بە هاوبەشی لە گەڵ هونەرمەند گوڵبەهار ساڵی ١٩٨٣ وتوویەتی، هەڵبەست و ئاوازی فۆلکلۆرییە، بە شێوازێکی نوێ زیندووی کردۆتەوە، دەرهێنانی هونەرمەندان غازی فەیسەڵ و




**لەلای ڕاستەوە: هونەرمەند تاهیر تۆفیق، هونەرمەند عیسا بەرواری، هونەرمەند باکووری، هونەرمەند تەحسین تەها، هونەرمەند فوئاد ئەحمەد، هونەرمەند مامۆستا عەلی مەردان**

سەباح ئیبراهیم ، چیرۆک و داستانی زەمبیل فرۆش وەرگێردراوەتە سەر زیاتر لە(١٠) زمانی بیانی.

- جیرانێ، کە هەڵبەستی خۆیەتی و دەرهێنانی هونەرمەند تاریق فازیل.
- گۆرانیی(عەردێ مە) هەڵبەستی خۆیەتی، دەرهێنانی هونەرمەند سەباح ئیبراهیم .
- چەندین گۆرانی و لاوی نیشتمانیشی وتووە لەوانە(وەلاتی مە کوردستانە- جهێ عەگید و خۆش مێرانە) و لاوکی کوردۆ دینۆ، لاوکی ئەسمەرێ و سالحێ نوری سالی ١٩٦٦، خەج و سیامەند، مازی چنێ سالی ١٩٧٠، شەمسی خانێ، لاوکی دەشتانێ، خانمێ، دەخالۆ، دنیا هەی دنیا، لەعلی خانێ، ئەمان یار و چەندانی دیکەش)، دوو قەوانیشی لە کۆمپانیای(بەشیرقەوان) تۆمارکردووە.

هونەرمەند عیسا بەرواری بەشی زۆربەی گۆرانی و لاوکەکانی خۆی بە(طنبور- ساز)ەکەی خۆی وتووە.

وەکو هونەرمەندێکی کوردی دیاری سەردەمی خۆی بەشێک لە ئەدیب و هونەرمەندان ناسناوی باڵیۆزی گۆرانیی کوردییان پێ بەخشیوە،



لەلای ڕاستەوە: هونەرمەند عیسا بەرواری، هونەرمەند محەمەد عارف جەزراوی



لەلای ڕاستەوە: هونەرمەند گوڵبەهار، هونەرمەند محەمەد عارف جەزراوی، هونەرمەند عیسا بەرواری

سـەرەڕای گۆرانـی و کارە هونەرییەکانـی بەشـداریی چەندیـن چالاکیـی هونـەری لـە نـاوەوەی کوردسـتان و عێـراق و دەرەوەی عێراقیـش کـردووە لەوانـە:

- لـە سـاڵی ١٩٧٣ لـە گـەڵ هونـەرمەندان محـەمـەد عـارف جزیـری و گوڵبـەهـار، بەشداریی فیستیڤاڵی بەیروتی کردووە، چەندین گۆرانیشیان بۆ ڕادیۆ و تەلەفزیۆنـی بەیـروت وتـووە، ئاهەنگێکـی گەورەشـیان لـە هۆڵی(سـینەمای ڕۆلێت) ئەنجامداوە.
- لـە سـاڵی ١٩٧٧ بـە بۆنـەی جەژنـی نـەورۆز لـە گـەڵ هەنـەرمەند گوڵبـەهـار، بـە جل و بەرگی کوردی بەشداریی فیستیڤاڵی(لەندەن)یان کردووە.
- لـە سـاڵی ١٩٧٨ لـە گـەڵ تیپی(التراث العراقي) بەسـەرۆکایەتیی هونـەرمەندی گـەورەی عێراق(مونیـر بەشـیر) چوونەتـە هـەردوو وڵاتـی فەرەنسـا و نەمسـا.
- لـە سـاڵی ١٩٧٩ لـە سـەر داوای کۆمپانیایەکـی هونـەری یۆنانـی چووەتـە شـاری(ئەثینا)، (٦) کاسـێتی گۆرانـی تۆمارکـردووە.
- یەکەمین دەنگبێژی کوردە چووەتە(ڕادیۆی مۆنتی کاڕلۆ)گۆرانی وتووە، هەروەهـا سـەردانی وڵاتانی(ئەڵمانیـا، ڕۆمانیـا، ئیسـپانیا و تورکیـا)ی



**هونەرمەند عیسا بەرواری،**
**لە پشتیەوە تەنبورژەن تەحسین بەرواری خوشکەزای هونەرمەند عیسا بەرواری.**

کردووە و سوودی لە ئەزموونی هونەرمەندانی ئەو وڵاتانە وەرگرتووە.

- لە ساڵی ١٩٨٣ کۆنسێرتێکی هونەریی گەورەی لە شاری بەغدا ئەنجامداوە.
- لە ساڵی ١٩٨٥یش، لە فیستیڤاڵی فۆلکلۆری و مۆسیقا کە بەناوی(بابل الدولي)کە ساڵانە ساز دەکرا بەشداربووە، چەندین چالاکیی هونەری دیکەشی هەبووە.

لە ٨ - ١١ - ١٩٩٣ کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدا، سیمینارێکیان بۆ هونەرمەند و نووسەر ئیبراهیم سەلمان نادری ڕێکخستوە، کە تێیدا کتێبی(عیسی برواري... الفنان و الانسان) نمایشکراوە.

دیارە کتێبک بە ناوی(بیرەوەرییەکانم) بە ناوی عیسا بەرواری چاپ و

بڵاوکراوەتەوە، وا بەرگەکەم هاوپێچ کردووە.

هونەرمەند عیسا بەرواری خاوەنی دوو خێزان و(١١) منداڵ بووە، دووانیان کوڕ و نۆشیان کچن، لە ڕۆژی ١٩-٧ - ٢٠٠٢ لە شاری موسڵ کۆچی دوایی کردووە، خزمەتێکی زۆری گۆرانی و بەستە و لاوکی کوردی کردووە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.


سەرچاوەکان:

١ - کوردیپیدیا.

٢ -ماڵپەڕی گولان، لە ٤- ٨- ٢٠١٨.

٣ - ماڵپەڕی فەیسبووکی نووسەر و میدیاکار محەمەد سەلیم سواری.

٤ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی waar midia.

٥ - چەند فلمێکی دوکیومێنتاری لە youtube.

٦ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# (خوشکە گەزیزە) گەزیزە

ئەو دەڵێت(ئەگەر شوێنێک شانۆی لێ نەبێت، من ناتوانم لێی بژیم.... عاشقی شانۆم...شانۆش خەمە بۆ من)، ژنە شۆڕشگێر و خەباتگێڕی شانۆ، شانۆنووس و دەرهێنەر و ئەکتەر و میدیاکار، خاتوو گەزیزە..

ناوی تەواوی(گەزیزە عومەر عەلی ئەمین)ە، لە هەموو کوردستان بە(خوشکە گەزیزە یان گەزیزە) ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦١ لە شاری سلێمانی لە خانەوادەیەکی هونەر دۆست لە دایک بووە، عومەر عەلی ئەمینی باوکی تابلۆکێش و شانۆنووس و ئەکتەر و دەرهێنەری هونەری بووە.




هونەرمەند گەزیزە بەمنداڵی

هونەرمەند گەزیزە، قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٧٤ وەکو کچە کوردێکی ئازا و بوێر و شۆڕشگێر بۆتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و جلی کوردیی کوڕانی لەبەرکردووە، بەرنامەیەکی ڕادیۆییشی هەبووە، ئەو ماوەیەی پێشمەرگە بووە،



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی شێوەکار ئیسماعیل خەیات هاوسەری گەزیزە، هونەرمەند خاتوو گەزیزە، هونەرمەند و نووسەر عومەر عەلی ئەمین باوکی گەزیزە**

چەند ڕۆژنامەنووسێکی ئەمەریکی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کردووە، کاتی خۆی لە گۆڤارێکی ئەمەریکی بڵاوکراوەتەوە، لە ساڵی ١٩٨٨ بەشی شانۆی لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا تەواوکردووە، ئەو کاتەی قوتابی بووە لە بەغدا ماوەی چوار ساڵ بەرنامەیەکی منداڵانی لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا، کە ماوەیەک بەڕێز ڕزگار کەریم ئامادەی کردووە، ئەویش پێشکەشی کردووە، دواتریش هەر خۆی ئامادە و پێشکەشی کردووە، دواتر بووەتە مامۆستای شانۆ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بۆ ماوەی(١٤) ساڵ درێژەی بە خزمەتی خۆی داوە لە بواری شانۆنووسین و دەرهێنان و ڕاهێنانی قوتابیان لە پەیمانگاکە، لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە، گواستراوەتەوە وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێستاش بە پلەی(شارەزا- خبیر) لە بەڕێوەبەرایەتیی هونەری شانۆی سلێمانی بەردەوامە لە خزمەتکردن.

خانمە هونەرمەندی شانۆ گەزیزە عومەر، لە تەمەنی (٨) ساڵیدا بۆ

یەکەمین جار لەسەر دەستی باوکی هونەرمەند عومەر عەلی ئەمین چۆتە سەر شانۆ، لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان، چیرۆک بۆ منداڵان و شیعری خوێندۆتەوە، باوکی هانیداوە و پشگیرییەکی تەواوی کردووە، باوک و مامۆستا و هاوڕێی بووە، لە ساڵی ١٩٧٠ باوکی تیپی شانۆی هاوڕێیانی گەزیزەی دامەزراندووە، ئەویش لە بەشی زۆری کارە هونەرییەکانی ئەو تیپە لە (تەمسیلییە، شانۆگەری، دراما) بەشداری کردووە، زیاتر لە (٥٣) ساڵ وەکو شانۆنووس و ئەکتەر و دەرهێنەر خزمەتی هونەری شانۆی کوری کردووە، چەندین بەرهەم و چالاکیی هەبووە و هەیە لەوانە:

- لە ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ تیپی هونەر و مۆسیقا و نواندنی سلێمانی بۆ یەکەمین جار بە شانۆگەریی (داری ئازادی) بەشداریان لە فیستیڤاڵی هونەری کوردی لە بەغدا کردووە.
- (١٧) تێکستی شانۆیی نووسیوە، دەرهێنان و کاری هونەری بۆ(١٤) کاری شانۆیی کردووە.



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند گەزیزە، خاتوو هەسارە کچی گەزیزە

- وەکو یەکەمین ژنیش کاری درامایەکی تەلەفزیۆنی کردووە.
- وەکو ئەکتەریش بەشداریی لە(٣٠) کاری هونەری لە تەمسیلییە و شانۆگەری و زنجیرە درامای تەلەفزیۆنیی و سینەمایی کردووە، لەوانە (داری ئازادی، دار تووەکە، ڕەش و سپی، چەم بێ چەقەڵ نابێت، شلە خەجێ، الحارث، وەک قەقنەس ئەسووتێم، زنجیرە درامای گەردەلوول و چەندانی دیکەش).
- دیداری(گوڵە مێخەک) شانۆیی.
- مەشقە سەرەتاییەکانی ئەکتەر لە شانۆدا.
- (٣٠) ئەڵقە زنخیرە درامای(خوشکەکان)ی نووسیوە، کە هێشتا چاپ نەکراوە.
- لە ساڵی ٢٠٠٤، دووبارە بە شێوەیەکی فەرمی مۆڵەتی دامەزراندنی تیپی شانۆی(هاوڕێیانی گەزیزە)ی لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند گەزیزە، هونەرمەند هەیاس کوڕی هونەرمەند گەزیزە





هونەرمەند خاتوو گەزیزە لە تەمەنی جیاوازدا

هەرێمی کوردستان وەرگرتووە، هەر خۆیشی سەرۆکی تیپەکە بووە.

- لە ساڵی ٢٠١٢ بەدەقی شانۆیی(وەک قەقنەس ئەسووتێم) بەشداری لە فیستیڤاڵی(ئامەد) لە باکووری کوردستان کردووە، خەڵاتی دووەمی دەقی شانۆیی وەرگرتووە.
- یەکەمین ئافرەتی هونەرمەندی عێراقی و کوردستان بووە، کە بانگهێشتی کۆنفراسی(ژنانی شانۆنووسی نێودەوڵەتی) کراوە کە لە وڵاتی سوید بەستراوە.
- ماوەیەک بەرنامەی تەلەفزیۆنی(ڕوو بە ڕوو)ی کە مێوانداریێتیی هونەرمەندانی کوردی دەکرد، لە تەلەفزیۆنی کەرکووک پێشکەش دەکرد، هەر لە یەکێ لەم بەرنامانەدا میوانداریێتیی هونەرمەندی شێوەکار ئیسماعیل خەیاتی کردووە و یەکترییان ناسیوە و دواتریش هاوسەرگیرییان کردووە.
- چەندین جار ئەندام بووە لە لیژنەی(حکم- دادوەری) بۆ هەڵسەنگاندنی

دەقـەکان و هەڵبژاردنـی ئەکتـەرەکان بـۆ خەڵاتکـردن لـە فیسـتیڤاڵە هونەرییـەکان.

- بەرهەمەکانـی لـە شـانۆگەری و زنجیـرە دراماکان لـە وڵاتانی(سـوید و بەریتانیـا و هیندسـتان و ئێـران و چەندیـن وڵاتـی دیکـەش نمایشـکراوە).
- چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.

هونەرمەند گەزیزە عومـەر، لـە ژیانی خۆی و ژیانی هونەریدا، چەندین ساردی و گەرمـی و سـەختی ژیانـی بینیـوە، چەندیـن ئاسـتەنگ و تەنـگ و چەڵەمـەی هاتۆتـە پێش، بـەڵام ئـەو وەکـو کچـە کوردێکـی ئـازا و بوێـر هەمیشـە و هەرگیز کۆڵی نەداوە و بەردەوام بووە لە کارتە هونەرییەکانی، سـەبارەت بـە ڕێـڕەوی ژیانـی هونـەریی خـۆی، لـە نووسـینێکیدا بـۆ ماڵپـەڕی ئەلیکترۆنیی(نەوژیـن) دەڵێـت:(زۆرن ئـەو ڕۆژانـەی کـە لاپەڕەکانـی ژیانـی منیـان لـە شـانۆ و هونـەردا بـە چەندەهـا شـێوە پـڕ کردووەتـەوە، ڕەنگـە ئەگـەر ژیانـی خـۆم بکـەم بـە پێنـج بەشـەوە، ئـەوا چـوار بەشـیم لەنێـو کوچـە تەنگەبـەرەکان و شـەقامەکانی شـانۆدا بەسـەر بردبێـت، هەڵبەتـە کـە دەڵێـم شـانۆ جگـە لـە نواندنـی سـەر شـانۆ، نووسـین و دەرهێنـان و بەرنامـەی ئێزگـە






هونەرمەند گەزیزە و ڕێزلێنانەکانی

و تەلەڤزیۆن و بە هەموو ڕۆژانی سەفەری ئیشی هونەری و بەشداریکردنم لەنێو فیستیڤاڵەکان و ساڵانی خوێندنی هونەریی شانۆ لە زانکۆی بەغدا و مامۆستایەتیم لەنێو پۆلەکانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانیشەوە، بۆیە کە پەڕەکانی هەڵدەدەمەوە، وەک ئەلبومێکی گەلێ جار ڕەنگاوڕەنگ و هەندێ جاریش ڕەش وەک قەتران، ڕەنگە نەتوانم هەندێکیان بنووسمەوە، تەنانەت نامەوێت بۆ خۆشمی بگێڕمەوە، نەوەکو لەبەر ئەوەی ناشیرین بوون، تەنیا بە خاتری ئەوەی کە لە سات و کاتی خۆیدا ڕۆحمیان ئازار داوە و کاریگەریی نادروستیان تێ کردووم، بە جۆرێک لەو چرکانەدا دڵمیان وەک بێژنگ کون کون کردووە. هەموو ساتەکانی هونەر و شانۆ بۆ من ئەو شەوانەی کە دڵخۆش بووم بە سەرکەوتنی کارەکەم لە خۆشیدا نەنووستووم و ئەو شەوانەشی کە سەختی و کۆسپە گەورەکان و کێشەکان لوولیان کردووم، لە خەم و ئازاردا هەر نەنووستووم، کەواتە زۆر کەم بوون ئەو شەوانەی کە بەئارامی خەوم لێ کەوتبێت، ئەو یادەوەرییانە لای من ئەو لاپەڕانەن کە خوێندکارێکی تەمبەڵ چەندەها جار نووسینەکەی دەکوژێنێتەوە و دیسان دەینووسێتەوە تا وای لێ دێت لاپەڕەکە زۆر چڵکن دەردەکەوێت و ئیدی هەرچییەکیشی لەسەر بنووسیت بە ئاستەمیش ناخوێنرێتەوە، بۆ من ئەو ساتانە ئاوا بوون، کەچی لە گەڵ ئەوەشدا ئەوەندە تاڵ بوون هێندەی تاڵییەکەشیان فێری جوانیی ژیانیان کردووم، فێریان کردووم لێبوردە و دڵگەورە بم، فێریان کردووم زۆرتر ببینم و کەمتر بدوێم، گەلێکیشیان ئەوەندە جوان بوون دەمەوێت سەردێڕی هەمو نووسینەکان بەوانە برازێنمەوە، یان بیانکەمە گۆرانی و بۆ خۆمی بڵێمەوە، یان وەک مورووی ڕەنگاوڕەنگی بریقەدار بیانکەمە ملوانکە و بەردەوام لە ملیان بکەم).

ئەو هاوسەرگیری لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکار ڕەوانشاد ئیسماعیل خەیات کردووە، کە لە ٢٠-١٠- ٢٠٢٢ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد، خاوەنی کوڕ و کچێکن بە ناوەکان(هەیاس و هەسارە) هەردووکیان لە بواری هونەری کاردەکەن، خوا تەمەن درێژیان بکات، بۆ خۆشی هەر سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی هونەری شانۆ و درامای کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی Kurd Collect، وتارێکی نووسەر دلێر ڕەفیق.

٢ - ماڵپەڕی پەیجی سابوونکەران، لە ٢٢-٩- ٢٠٢١.

٣ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی(شەفەق نیوز) لە ١٠-٦-٢٠٢٢.

٤ – ماڵپەڕی K megezine، لە ١٤-٨- ٢٠١٩.

٥ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی(نەوژین)، لە ٢٦-٩- ٢٠٢١.

٦ - کوردیپیدیا.

٧ – ماڵپەڕی Basnews، لە ٣٠-١٢- ٢٠١٧.

٨ - ماڵپەڕی فەیسبووکی Soz life، لە ٤- ٨- ٢٠٢٠.

٩ - Kurdmaxtv، بەرنامەی(ژیمایە) ئەڵقە (١٠) کە میدیاکار سەلمان محەمەد تاهیر، ئامادە و پێشکەشی کردووە.

١٠ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# بورهان بەرزنجی

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ و لێکۆڵەر، مامۆستا بورهان بەرزنجی ...

ناوی تەواوی(بورهان محەمەد قادر)ە، لە ١٩-٣ - ١٩٦٠ لە گەڕەکی(مستەفا ئاغا)ی شاری (طوزخورما- دوزخورماتوو) خوارووی شاری کەرکوک لە دایک بووە، تەمەنی منداڵی و هەرزەکاریی خۆی لەو گەڕەکە بەسەربردووە، بەشی زۆری دراوسێکانیان تورکمان بووینە، بۆیە هەر زوو فێری زمانی تورکمانی بووە، ئاشنای کەلتوور و بیرکردنەوە و ڕۆشنفیکری ئەو نەتەوەیە بووە، خوێندنی سەرەتایی بە زمانی عەرەبی لە قوتابخای(النظامیة) تەواوکردووە، خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی لە قوتابخانەی(ثانویة طوز للبنین)تەواوکردووە، لەساڵی خوێندنی ١٩٨١- ١٩٨٢ بەشی زانستی خاک Soil Sciense) )ی لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی موسڵ تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨٣ وەکو مامۆستا دامەزراوە.

شاعیر بورهان بەرزنجی لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی زیاتر و باشتر شارەزای زمانی عەرەبی بووە، دەستی بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی و نوێخوازی عەرەبی و کوردی کردووە، لە کۆڕە شیعری و ئەدەبییەکانی قوتابخانەکە ئامادە و بەشدار بووە، بۆیە گڕوگاڵی شیعر نووسینی بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی کردووە،



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر مەسعود پەرێشان، شاعیر بورهان بەرزنجی

لە ساڵی ١٩٧٧ لە فیستیڤاڵێکی شیعری لەسەر ئاستی پەروەردە بە زمانی عەرەبی شیعری خوێندۆتەوە و بە پلەی سێیەم دەرچووە، ئەمەش بۆتە هاندەرێک کە زیاتر لە نووسینی شیعر بەردەوام بێت و پەرە بە بەهرە و تواناکانی خۆی بدات.

شاعیر و نووسەر بورهان بەرزنجی، هێشتا تەمەنی(١٥) ساڵان بووە، یەکەم نۆبەرەی بەرهەمەکانی خۆی کە کۆپلە شیعرێک بووە لە ساڵی ١٩٧٥ لە ژمارە(٢٩)ی گۆڤاری بەیان بڵاوکردۆتەوە، ئیدی کەوتۆتە ناو دنیای نووسینی شیعر و بابەتی مێژوویی و لێکۆڵینەوە و ئامادەکردن و دەربڕینی بیروڕای خۆی و چەند بابەتێکی دیکەی ئەدبی و ڕۆشنبیری، ئەو لە شیعر نووسیندا ستایلێکی تایبەت بە خۆی هەیە، بەشی زۆری شیعرەکانی نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی و جوانی سروشتی کوردستان و ئەڤینین، هەمووشی بە زمانێکی کوردیی جوان و ڕەوان بە تام و چێژی گەرمیان نووسیوە، تا ئێستا(١٦)کتێبی لە چاپداوە و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- دیوانی نزای زایەڵە، شیعر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەغدا ١٩٩٩.
- دیوانی ( سیذهبون مع الريح )، لە کوردییەوە بۆ عەرەبی وەرگێڕانی( أنور حسن موسى)دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ١٩٩٩.

- دیوانــی ماســوولکەکانی جەســتەم، شــیعر، بەغــدا ٢٠٠٠، دەزگای چــاپ و بڵاوکردنــەوەی کــوردی- وەزارەتــی ڕۆشــنبیری

- دیوانــی گۆرانییەکانــی پەپولــەکان، شــیعری شــاعیری تورکمانــی فــەوزی ئەکــرەم لــە زمانــی تورکمانییــەوە وەریگێڕاوەتــە ســەر زمانــی کــوردی، بەغــدا ٢٠٠١.

- دیوانــی ( أغانــي الشــجر )، وەرگێڕانــی بــۆ عەرەبــی( أنــور حســن موســی)، دارالشــؤون الثقافيــة العامــة، بغــداد ٢٠٠٢.

- دیوانی غەمەکانی نیشتمانی من، بەغدا ٢٠٠٢.

- دیوانــی پانورامــای شــەش ســوارەی گەرمیــان، لــە شــەهید بوونــەوە بــۆ شــەهید بونێکــی تــر، سلێمانی ٢٠٠٤

- دیوانی بانیــژەی غەمەکانــی شــارەکەم، دەزگای شــەفەق کەرکــووک، چاپخانــەی هەولێــر ٢٠٠٥.

- دیوانی زایەڵەی عیشق، شیعر، سلێمانی ٢٠١٦.

- دیوانی لە تۆ وشک نابمەوە، شیعر، سلێمانی، ٢٠١٩.



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و هونەرمەند سالار کۆشار، شاعیر و نووسەر بورهان بەرزنجی

- پەرتوك، إقرأ، بە زمانی عەرەبی، ڕا و بۆ چوون، بەغدا ٢٠٠٠.
- كتێبی، طوزخورماتو التاريخ والشراكة الحقيقية لبني البشر، مێژووییە، دەزگای ڕووناكبیریی كەركووك، كەركووك ٢٠١١.
- كتێبی، كركوك الأرض والتأريخ، مێژووییە، كركوك، دەزگای ڕوناكبیری كەركوك، كەركوك ٢٠١٦.
- ثقافة القتل والقتل الجماعي في العراق، كتێبێكی مێژووییە، سلێمانی ٢٠١٧.
- دیوانی، ئەم خۆشەویستییەت لێدێ، شیعر،سلێمانی، ٢٠٢١.
- دیوانی، هەور نیم و بۆت ئەبارێم، شیعر، سلێمانی، ٢٠٢٣.

دەیان نووسەر و ئەدیب و ڕەخنەگرانی كورد و عەرەب، تیشكیان خستۆتە سەر بەرهەمەكانی شاعیر بورهان بەرزنجی.

شاعیر و نووسەر بورهان بەرزنجی، لە بواری ڕێكخراوەیی و میدیایی، چەند چالاكییەكی نواندووە لە وانە:

- لە ساڵی ١٩٩٥- ١٩٩٦ ماوەیەك بەرنامەی(گۆڤاری ئەدەب)ی لە




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر بورهان بەرزنجی، میدیاكار هەڤاڵ دارا**




له لای ڕاستەوە: شاعیری ناسراوی کورد لەتیف هەڵمەت، شاعیر بورهان بەرزنجی

تەلەفزیۆنی کەرکووک ئامادە و پێشکەشکردووە.


- ئەندامی یەکێتی ئەدیبان و نووسەرانی عیراقە.
- ئەندامی یەکێتی ئەدیبان و نوسەرانی عەرەبە.
- ئەندامی یەکێتی نوسەرانی کورد - لقی کەرکووکە.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان - لقی کەرکوکە.
- لە بەشی زۆری کۆڕو کۆبوونەوە و کۆنفراسە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان ئامادە و بووە و دەبێت.
- دوا چالاکیی ئەو، ناساندن و دابەشکردنی دیوانی شیعری(هەور نیم و بۆت ئەبارێم) لە هۆڵی شەهید(مەهدی خۆشناو) لە بارەگای یەکێتیی نووسەرانی کورد لە هەولێر لە ڕۆژی ١٥ - ٦ - ٢٠٢٣، بۆ هەمان مەبەستیش لە هۆڵی خاک لە شاری سلێمانی لە ڕۆژی ١٨ - ٧ - ٢٠٢٣ هەمان چالاکیی نواندووە.


بۆ شاعیر و نووسەر بورهان بەرزنجی، هەر سەرکەوتوو بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و وشەی کوردی.



























بەرهەمەکانی شاعیر بورهان بەرزنجی

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر بورهان بەرزنجی، هاوڕێی دێرینم شاعیر و هونەرمەند سالار کۆشار بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## سەبریە هەکاری

هەڵبەستڤان و نووسەر و ڕۆژنامەنووس، چالاکوانی بواری منداڵان و ئافرەتان، شۆڕشگێر و خەباتکاری ڕۆژانی سەختی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، ڕەوانشاد خاتوو سەبریە هەکاری...

ناوی تەواوی(سەبریە ئەسعەد ڕسقۆ ئیسماعیل)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سیاسی بە سەبریە هەکاری ناسراوە، لە ساڵی ١٩٤٨ لە باژێری دهۆک لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، ئەو لە شوێنێکدا دەڵێت:(ژ بەر کو بابێ من د ژییێ(١٠)ساڵیدا ژ دەڤەرا هەکاریا ژ گەڤەرێ مشەخت بوو، ل باژێرێ دهۆکێ ئاکنجی بوو، لە گەل مالبات و رەڤەندا خۆ، لەوا من ناسناڤێ(هەکاری) بۆ خۆم هەڵبژارد).

پاش تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی، لە بەر کەلتوور و باری کۆمەڵایەتیی ئەو کات، باوکی ڕێگەی پێ نەداوە زیاتر بخوێنێت بە مێردی داوە، لە ساڵی ١٩٦١ بە هاندان و پشتگیریکردنی مێردەکەی شەهید(شەعبان محەمەد دێریشکی بەرواری) کە لە بەنداوی دەربەندیخان کارمەند بووە، چووەتە ڕیزی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوول لە ١١- ٩- ١٩٦١، خاتوو سەبریە هەکاری گەڕاوەتەوە دهۆک تا ئاداری ساڵی ١٩٧٤ بەردەوام بووە لە چالاکییەکانی لە ناو



**لە چلەی ماتەمینی شاعیر سەبریە هەکاری، لە دهۆك،**
**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر حەسەن سلێڤانی، ئەوانی دیکە نووسەران و ڕۆشنبیرانی دهۆك**

ڕێکخستنە نهێنییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ هاوسەرەکەی چوونەتە(سۆلاڤ)، لەوێ لە ڕێکخراوی(شەفەق) کە مستەفا مزووری بەرپرس بووە کار و خەباتی خۆی کردووە، لە ساڵی ١٩٧٦ هەر لە ڕێگای مستەفا مزوورییەوە پەیوەندیی بە شۆڕشی گوڵان کردووە، لە مانگی شەشی ساڵی ١٩٧٧ هاوسەرەکەی شەعبان بەرواری لەگەڵ چەند کەسانێکی دیکەی ڕێکخستنەکانی پارتی دەستگیرکراون لە ڕۆژی ٢١- ٩ - ١٩٧٧ گوللە بارانکراون، لەم بارەیەوە شاعیر و نووسەر خاتوو سەبریە هەکاری دەڵێت:(وێ دەمی من(٩) زارۆک هەبوون، کو ژییێ ئێکی ژ وانا تنێ چوار مەه بوون، لەوما ئەز چوومە باژێرڤانییا ئامێدییێ من خۆە دامەزراند، و د بەڕرا من بەردەوامی داپێوەندییێن خۆ د گەل پارتی، من هەلبەست و نڤێسین و د رۆژنامە خەبات دا بو من بەلاڤ دکرن، من دەرمان پەیدا دکرن و کۆمدکرن بۆ پێشمەرگەیی فرێ دەکرن، هەروەسا من بەیاننامە و بەلاڤۆکێن پارتی لە دهۆک بەلاڤ دکرن).

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس، خاتوو سەبریە هەکاری لە ساڵی ١٩٩١ بە خۆی و منداڵەکانی چوونەتە تورکیا، لە ٥ - ١٢ - ١٩٩٢ هاتوونەتەوە دهۆک، لە ساڵی ١٩٩٥ لە بەر باری تەندروستی و هەندێ کاری تایبەتیی

خۆی، لە سەر داخوازیی ڕێکخراوێکی ئەڵمانی چۆتە ئەوروپا و لە وڵاتی سوید نیشتەجێ بووە، لە ١٧- ٢-٢٠٠٦ بە یەکجاری گەڕاوەتەوە کوردستان لە دهۆک لە چالاکییەکانی بەردەوام بووە.


شاعیر سەبریە هەکاری لە ساڵی ١٩٦٩ دەستی بە نووسینی شیعر و بابەتی هەمەجۆری دیکە کردووە و تا ساڵی ١٩٧٧ دوو دیوانی شیعری نووسیوە، بەڵام لە کاتی دەستگیرکردنی هاوسەرەکەی دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی بەعس هەردوو دیوان و چەندین کاغەزی دیکەی گرنگیان لێ فەوتاندوون، ئەو خۆی دەڵێت:(وێ هەر ژ زارۆکینیێ حەزا هۆزانێ هەبوویە و ژ سالا ١٩٦٩ ی دەست بە نڤیسین کرییە، هەتا سالٚ ١٩٧٧ێ وێ دوو دیوان نڤیسی بوون)، لە ساڵی ١٩٨٩ یەکەم بەرهەمی خۆی کە دیوانێکی شیعری بووە بە ناوی(پارزینێ هیڤیا) بە هاوکاری ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی حوکمی زاتی چاپ و بڵاوکردۆتەوە، دواتریش دوو دیوانی شیعری دیکەشی بڵاوکردۆتەوە بە ناوەکانی(ئارمانج و ڕۆناهی)، دیوانێکی شیعری بۆ منداڵان و کتێبێکی دیکەشی نووسیوە بە ناوی(ناسینی ئافرەتانی کورد).

شاعیر خاتوو سەبریە هەکاری، سەرەڕای نووسینەکانی، لە بواری ڕۆژنامەگەری و کاری ڕێکخستنەکانی سیاسی و ڕێکخراوەیی، دەورێکی بەرچاوی هەبووە، ئەمانەی خوارەوە هەندێ لە چالاکییەکانییەتی:

- لە ساڵی ١٩٨٤ەوە، ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی دهۆک بووە.
- لە ساڵی ١٩٩٢ ئەندام و بەرپرسی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لقی






بەرهەمی شاعیر سەبریە هەکاری

دهۆک بووە.

- لە ساڵی ١٩٩٢ ئەندامی نووسینگەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە دهۆک.
- لەو کاتەی لە وڵاتی سوید نیشتەجێ بووە، ئەندامی کۆمەڵەی کەلتووری کوردی بووە لە شاری (یونشوپینگ).
- لە ٤-٥- ٢٠٠٢ بەشداریی کۆنگرەی بیستەمینی، فیدراسیۆنی کۆمەڵەی کوردستانی کردووە، بۆ ماوەی دوو ساڵ ئەندامی کۆمیتەی گشتیی ئەو فیدراسیۆنە بووە.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(پەیام) بووە کە کۆمەڵەی یۆنشۆپینگ دەریان دەکرد، یارمەتیی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستانی سەر بە فیدراسیۆنەکەشی داوە.
- لە ١٦-١٢- ٢٠١٠ لە کۆنگرەی(١٣) ی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە هۆی خزمەت و چالاکییەکانی خەڵاتی مەدالییای بارزانی پێ بەخشراوە.
- بەشداریی زیاتر لە(٣٠) کۆڕوکۆبوونەوە و کۆنفراس و کۆنگرەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سیاسی لەناو کوردستان و دەرەوەی کوردستان کردووە.
- دەیان پارچە شیعر و وتاری هەمەجۆری لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.

شاعیر و نووسەر سەبریە هەکاری ناوێکی درەوشایەوەیە لە ئاسمانی

ئەدەب و ڕۆشنبیری و خەباتی ژنانی کوردستان، لە ڕۆژی ٢٤-١٠- ٢٠١٩ لە شاری دهۆک کۆچی دوایی کردووە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

لە ٧ - ١٢- ٢٠١٩ یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی دهۆک، بە ئامادبوونی خانەوادەی و جەماوەرێکی زۆر لە ئەدیب و ڕۆشنبیران، چلەی ماتەمینی بۆ شاعیر سەبریە هەکاری سازکردووە، کە تێیدا وتاری یەکێتیی نووسەران و خانەوادەکەی کە لە لایەن کوڕەکەی(عسمەت شەعبان) خوێندراوەتەوە، چەند هەڵبەستێکیش لە لایەن شاعیران(قادر قەچاخ و هشیار ڕێکانی) خوێندراونەتەوە، فلمێکی دوکیومێنتاریش دەربارەی ژیان و بەرهەم و چالاکییەکانی ناوبراو نمایشکراوە، کتێبێکی شاعیر سەبریە هەکاری بە ناوی(رۆناهی) بەدیاری بەسەر ئامادەبووان دابەشکراوە.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامەی شاعیر و نووسەر خاتوو سەبریە هەکاری، هاوڕێم نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر ئیسماعیل بادی لە دهۆک بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# بەختیار کەڵهوڕ

مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی، شاعیر و نووسەری بواری ئەدەب و هونەری منداڵان، بەختیار کەڵهوڕ ...

ناوی تەواوی(بەختیار حەمەد تاهیر)ە، لە ناو ئەدیب و نووسەران بە بەختیار کەڵهوڕی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٨٤ لە شاری هەولێر لە خێزانێکی دەستکورت و کاسبکار لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٨٦ ئەو کاتەی تەمەنی(٢) ساڵان بووە، باوکی لە شەڕی عێراق و ئێران ون بووە و تاوەکو ئێستاش بێ سەروشوێنە...، دایکی وەکو شێرە ژنێکی کوردی ئاسایی شانی داوەتە بەرو، ئەو ئەرکە قورسەی گرتۆتە ئەستۆ و زۆر پوخت و جوان پەروەردە و گۆشیکردووە و ناردوویەتییە بەر خوێندن، ئەو خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(دابان)ی سەرەتایی و ناوەندی لە ناوەندیی عێراق و ئامادەییشی لە ئامادەیی هەولێری کوڕان بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە، لە ساڵی ٢٠٠٧ بڕوانامەی دبلۆمی لە بەشی بیرکاری لە پەیمانگای ناوەندی هەر لە شاری هەولێر تەواوکردووە و بووتە مامۆستای سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندی(کانی بۆت)ی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی مێرگەسۆر، دوای(٤) ساڵ خزمەتکردن گواستراوەتەوە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی دەوروبەری شاری هەولێر و لە قوتابخانەی(ئاوێزەی بنەڕەتیی تێکەڵاو) درێژەی بە خزمەتکردن داوە لە بواری پەروەردە و فێرکردن.



**له لای ڕاستەوە: دکتۆر ئیدریس عەبدوڵڵا، دکتۆر وریا عومەر ئەمین، شاعیر بەختیار کەڵهوڕی**



**بەڕێز نوری بێخاڵی، شاعیر بەختیار کەڵهوڕی، شاعیر خاتوو ڕێزان محەمەد**

شاعیر و نووسەر بەختیار کەڵهوڕی زۆر حەزی لە خوێندن بووە، بۆیە لە ساڵی ٢٠١٨ بڕوانامەی بەکالۆریۆسیشی لە بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین بەدەستهێناوە، هەر لە قوتابخانەی(ئاوێزەی بنەڕەتیی تێکەڵاو) بووەتە یاریدەدەری بەڕێوەبەر و تا ئێستاش بەردەوامە لە خزمەتکردن.

شاعیر بەختیار کەلهوڕی لە ساڵی ٢٠٠٤وە، دەستی بە نووسینی شیعر کردووە، دەستپێکی نووسینەکانی بە شیعر بۆ گەوران دەستپێکردووە، بە

بەردەوامی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوی کردوونەتەوە، لە ساڵی ٢٠١٤ەوە، ڕووی لە نووسینی شیعر بۆ منداڵە جوانەکانی کوردستان کردووە، ئەو دنیای منداڵانی زۆر خوشویستووە، خۆشەویستیی خاک و نیشتمان، خۆشەویستیی دایک و باوک، ڕاستگۆیی، پاک و خاوێنیی ژینگەی کوردستان، جوانیی سروشتی کوردستان، هەموو ئەوانەی بە شیعرە ناسک و جوانەکانی ئاوێتە یەکتری کردوون، لە بواری شیعر و ئەدەب و هونەری منداڵان چوار کتێبی خنجیلانە و جوانی بۆ منداڵە جوانەکانی کوردستان




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر عەباس عەبدوڵلا یوسف، شاعیر و نووسەر بەختیار کەڵهوڕ**



**شاعیر بەختیار کەڵهوڕ لەگەڵ پۆلێك قوتابی**

چاپ کردووە و بڵاوکردۆتەوە، کە ئەمانەن:

- ئاوێنەی چل گوڵ، هۆنراوە بۆ منداڵان، ٢٠٢١.
- پەیامی چل پەپوولە، شیعر بۆ منداڵان. ٢٠٢١.
- ئاوازی چل مەل، شیعر بۆ منداڵان، ٢٠٢١.
- پیشەوەر، هۆنراوە بۆ منداڵان، ٢٠٢٢.

چەندین کتێبی دیکەشی ئامادەیە بۆ چاپ.

دەیان پارچە شیعری گەوران و منداڵانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.

بەرهەمەکانی خۆی لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، چوارقورنە، و شارەکانی دیکەی کوردستان دابەش و بڵاوکردۆتەوە و کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمیناری بۆ سازکردوون.

شاعیر و نووسەر بەختیار کەلهوڕی، چەندین چالاکی و ئەدەبی و ڕۆشنبیریی نواندووە، ئەمانەی خوارەوە هەندێکییان:

- بەشداریی چەندین کۆڕی شیعری لە هەولێر و شارەکانی دیکەی کوردستان کردووە.



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر بەختیار کەڵهوڕی، مامۆستا و نووسەر و لێکۆڵەر حەمەساڵح فەرهادی




**لە لای ڕاستەوە: بەختیار کەڵهوڕی، میدیاکارێکی ڕادیۆی هیلین**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و میدیاکار قەهار شێخانی، شاعیر بەختیار کەڵهوڕی**

- چەندین دیمانە و چاوپێکەوتنی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنیی ئەنجامداوە.
- ئەندامی دامەزرێنەری ڕێکخراوی(خەیاڵ)ە بۆ گەشەپێدانی هزری تاک.
- چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.

بۆ شاعیر و نووسەر بەختیار کەڵهوڕی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و هونەری منداڵان و گەورانیش.



له لای ڕاستەوە: دایکی شاعیر بەختیار کەڵهوڕی



بەختیار کەڵهوڕی بە خۆی و خێزان و منداڵەکانی

وا(٣) پارچە شیعری شاعیر بەختیار کەڵهوڕی- تان بۆ دەنووسمەوە:

**لاپتۆپ**

**١**

باوکم بۆی کڕیم لاپتۆپ
لە بـری پایسکل و تۆپ
وتـی بـەکـاری بێنە
زانـیـاری لێدەر بێنە
دوگمـەی زۆری پێوەیە
بـۆ خـزمـەتـی ئێوەیە
لاپتـۆپەکەم قەشەنگە
لە زانـیـاری پێشەنگە
بۆتە هـاوڕێی هەمیشە
هـاوکـاری کـار و پیشە
لـێـزانە و زۆر ورد بینە
دەی تـۆش وەرە بیبینە

**٢**

**جۆلانە**

مـنـداڵـم وردیـلانە
ورد ورد دەکـەم جـۆلانە
هـەڵـم بـەسـتـاوە لە دار
دەفـڕێ لـە شـێوەی باڵدار




**بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر بەختیار کەڵهوڕی**

لەگەڵیا دەچمە ئاسمان
بچکۆلانەی بێ زمان
شادی دەبەخشێ گشت کات
کاتێک لەگەڵ خۆی دەمبات
سەرچاوەی بەختیارییە
لام خۆشترین یارییە

### ٣
### بەرسیلە

منم منم بەرسیلە
دەنک سەوزی وردیلە
بە دارێکی خێچ و خوار
هەڵواسراوم سەرەو خوار
لەتامدا ترش و خۆشم
سایە و سێبەری تۆشم
دەبم بە ترێ و سرکە
ماڵی خۆتم لێ پڕکە
بۆ مێوژ و بۆ شەربەت
دانراوم گەلێک تایبەت
ڤیتامین و سودی زۆر
دەبەخشم بەچەندین جۆر

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامەی شاعیر بەختیار کەڵهوڕی، لە سەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم



## دایکی ئاریان(عەتیە خانم)

هونەرمەندێکی ئازا و بوێر و ڕێچکەشکێنی سەردەمی خۆی، یەکەمین ئافرەتی کورد لە(باشووری کوردستان)لە بواری نواندن(تەمسیلییە، شانۆ، دراما و فلیمی سینەمایی)، خاتوو(دایکی ئاریان-عەتیە خانم)....

ناوی تەواوی(عەتیە محەمەد ئەمین)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و هونەری بە دایکی ئاریان ناسراوە (چونکە کوڕە گەورەکەی ناوی ئاریان)ە، لە ساڵی ١٩٥٠ لە شارۆچکەی (پێنجوین)ی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە دایک بووە، دواتر چوونەتە ناو شاری سلێمانی و لە گەڕەکی(مەڵکەندی) پەروەردە و گەورە بووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لە سلێمانی تەواوکردووە، هەر زوو ساڵی ١٩٦٣ تەمەنی لە (١٢- ١٣)ساڵان بووە هاوسەرگیری کردووە، لەبەر ئەوەی هاوسەرەکەی مامۆستای زانکۆ بووە، کارەکەی گواستراوەتەوە پەیمانگای تەکنەلۆجی لە شاری بەغدا، ئەو زیاتر لە(٢٠) ساڵ لە شاری بەغدا ژیاوە و زمانی عەرەبیش زۆر باش فێربووە، سەرەڕای سەختیي ژیان و ئاستەنگەکانی بەردەمی، بەڵام ئەو هەر بەردەوام بووە لە خوێندن، یەکەمین کچە کورد بووە لە شاری سلێمانی چووەتە ئامادەیی سلێمانی ئێوارانی کوڕان، لەگەڵ قوتابیانی کوڕ لەسەر یەک تەختە دانیشتووە بۆ تەواوکردنی خوێندن.



**هونەرمەند دایکی ئاریان لەگەڵ پۆلێك لە هونەرمەندان**

هونەرمەند دایکی ئاریان، لە ناوەندی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، بۆ یەکەمین جار وەکو ئافرەتێکی ئازا و بوێر و ڕێچکەشکێنی سەردەمی خۆی، لە ڕێگای هونەرمەند ئەحمەد دەنگ گەورە، بەشداری کردووە لە(٥) ئەڵقەی تەمسیلییەی(فیلی بانگکێشەکان) کە لە نووسینی نووسەری میسری جۆرجی زێدان و وەرگێڕانی شاعیر و نووسەری کورد ئەبوبەکر هەوری بووە بۆ ڕادیۆی کوردیی بەغدا، دواتر لە ساڵی ١٩٦٧ بۆ یەکەمین جار لەسەر تەختەی شانۆ لەگەڵ هەر یەک لە هونەرمەندان(عومەر عەلی ئەمین، ئەحمەد دەنگ گەورە، کەمال سابیر، حەسەن دڵسۆز، خاتوو گەزیزە، حەسەن تەنیا و سەلاح بالابەرز) لە شانۆگەرییەکانی(گەزی چی و چاوی چی، خوا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە، مشتەی ناو هەمانەکە) بەشداری کردووە.

هەرچەندە ئەو کات بەشداریکردنی ئافرەت لە نواندندا کارێکی قورس بووە، ئەو کەوتۆتە بەر تیرو توانجی خەڵک، هەتا بە خێزانەکەیان وتووە بیکوژن، بەڵام خێزانەکەی پشتگیرییان کردووە و ئەویش زۆر ئازا و بوێرانە وەکو ئەکتەر بەردەوام بووە لە کارکردن، نزیکەی زیاتر لە(٥٠)

ساڵ خزمەتی کردووە لە بواری نواندن، لەگەڵ تیپەکانی(نواندنی سلێمانی، سالار، پێشڕەو، هاوڕێیانی گەزیزە و چەندانی دیکە).

وەکو ئەکتەر بەشداری لە زۆر لە شانۆگەری و زنجیرە دراما و فلیمە سینەماییەکان کردووە لەوانە(زنجیرە درامای گەردەلوول، کەرکووک چوار، بەپێی دەستوور، قاقا پڕاوپڕ لە قاقا، خەمی چۆلەکەکان، مۆڵەت، بووکی ژێر دەواری ڕەش، ژن بە ژن و چەندانی دیکە).

هونەرمەند دایکی ئاریان یەکەمین ئەندامی ئافرەت بووە لە:

- تیپی نواندنی سلێمانی.
- کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان سلێمانی.

ئەو هەمیشە کارەکانی خۆی بە سەرکەوتوویی ئەنجامداوە، سەردەمێک ماڵی لە بەغدا بووە، بەڵام بۆ کارە هونەرییەکانی هاتۆتە سلێمانی، هەمیشە کاری هونەری و کارەکانی خۆی زۆر خۆشویستووە، لە شوێنێکدا دەڵێت:(



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند کەمال سابیر، هونەرمەند حەسەن تەنیا، هونەرمەند دایکی ئاریان، هونەرمەند حەسەن دڵسۆز، نەناسراوە، هونەرمەند خاتوو گەزیزە، هونەرمەند شەهید (ئاوات عومەر عەلی)، وێنەکە لە ئەرشیفی هونەرمەند حەسەن دڵسۆزە، لە ماڵپەڕی یاسین حاجی مەلا وەرگیراوە**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند دایکی ئاریان، هونەرمەندی دیار و ناسراوی کورد ئەحمەد سالار**



**هونەرمەندی ئەکتەر دایکی ئاریان(عەتیە خانم)**

هەموو ئەو کارانەم خۆشدەوێت کە بەشداریم تێداکردووە، زۆربەی ڕۆڵەکانیشم بە پێی تەمەنی خۆم بووە یان خۆم لەگەڵیدا گونجاندووە).

هونەرمەند دایکی ئاریان چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە، بەڵام ئەو ڕێزی هەوادارانی بە باشترین و بە نرخترین خەڵات و ڕێزلێنان دەزانێت، لەگەڵ هاوسەرەکەی خاوەنی(٨) منداڵن، دوو کچ و کوڕێکی لە ژیاندا نەماون، ڕەوانیان شاد بێت، چوار کوڕ و کچێکی بە ناوی(تارا) ماوە، هەموویان خوێندنی زانکۆ و باڵایان تەواوکردووە، خوا تەمەن درێژیان

بکات، بۆ خۆشی تا ئێستا بەردەوامە لە کاری نواندن و ئامۆژگاری و ڕێنماییکردنی کوڕ و کچانی هونەرمەند لە شاری سلێمانی و شارەکانی دیکەی کوردستان، ئەزموونی خۆشی خستۆتە خزمەتی هونەرمەندانی گەنج بۆ هەر پرس و ڕاوێژکارییەکی هەیانبێت، هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بێت بۆ خزمەتی هونەری کوردی.


سەرچاوەکان:

١- Kurd Collect.

٢ – کوردیپیدیا.

٣ – کوردسات، فلمێکی دوکیومێنتاری، چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند دایکی ئاریان.

٤ – ئێوارەی Official NRT2، فلیمێکی دوکیومێنتاری.

٥ – ماڵپەڕی فەیسبووکی بەڕێز یاسین حاجی مەلا.

٦ – ماڵپەڕی Rojnews، وتارێکی نووسەر سەمیرا شەهابی لە ٢٥-٢-٢٠٢٠.

٧ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## ئەحمەد سەعید خەتات

هونەرمەندێکی خۆڕسک، هونەرمەندی دەست و پەنجە ڕەنگین لە بواری خۆشنووسی، مامۆستا ئەحمەد سەعید خەتات....

ناوی تەواوی(ئەحمەد سەعید ئەحمەد)ە، لە ساڵی ١٩٥٧ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨٢ بەشی ژمێریاری لە کۆلێژی کارگێڕیی زانکۆی سلێمانی تەواوکردووە، وەکو فەرمانبەر ماوەیەک لە بانکی ڕەشید لە سلێمانی دەستبەکاربووە، دواتر بووەتە بەڕێوەبەری چاپخانەی وەزارەتی دارایی، پاشانیش بە پلەی بەڕێوەبەر لە ناوەندی پەرەپێدانی کارگێڕی و دارایی(بەڕێوەبەری دەورات) لە وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان درێژەی بە خزمەتکردن داوە تا ساڵی ٢٠٢٠ خانەنشیکراوە.

خۆشنووس ئەحمەد سەعید خەتات، هەر لە منداڵییەوە و لەوکاتەی دەستی بە خوێندنی سەرەتایی کردووە و بە پیتەکان(ئەلف و بێ)ی کوردی و عەرەبی ئاشنا بووە، حەز و ئارەزووی کەوتۆتە سەر نووسین و خۆشنووسی، لەگەڵ گەورەبوون و هەڵکشانی تەمەنی زیاتر خولیای کەوتۆتە سەر نووسینی خەت و جۆرەکانی، ئەو کاتەی قوتابیی ئامادەیی



**لە لای ڕاستەوە: خۆشنووس ئەحمەد سەعید خەتات ، هونەرمەند مەزهەری خالقی**

بووە، ڕۆژانە چۆتە بەردەم دوکانی هونەرمەندی خۆشنووس(سەید موحسین) کە دوکانێکی خۆشنووسی لە شەقامی(چوارباخ)هەبووە، دیقەتی دەست و پەنجەی ئەم خوشنووسەی داوە، کە خەریکی نووسینی لافیتە و تابلۆ کێشان بووە، زۆر سوودی لێوەرگرتوە، هەر لەم ساڵانەدا نامیلکەیەکی هونەرمەندی خۆشنووس (هاشم بەغدادی) دەستکەوتووە کە ئەو کات بەناوبانگترین و باشترین نامیلکەی فێربوونی خۆشنووسی بووە، بە شێوازی بەغدادی کە زۆر لە نهێنییە سەرەکییەکانی جۆری خەتەکانی(سولس، نەسخ، ئیجازە، دیوانی، جەلی دیوانی، تەعلیق(فارسی) تێدا بووە، ئەم نامیلکەیە کاریگەرییەکی زۆری لە ژیانی هونەری ئەودا کردووە، لە ساڵی ١٩٨٥، لە ڕێگەی نامەوە خۆشنووسی ناوداری عیراقی جاسم نەجەفی ناسیوە و ساڵی ١٩٨٨ لە شاری نەجەف سەردانی کردووە، ناسینی ئەو کەڵە خۆشنووسە گۆڕانکارییەکی زۆری لە ژیانیدا کردووە، ئەو

دەرچووی هیچ ئەکادیمی و پەیمانگای هونەری خەت و خۆشنووسی نییە، بەڵکو هونەرمەند و خۆشنووسێکی خۆڕسکە، خۆی، خۆی پێگەیاندووە، بووەتە خۆشنووسێکی دیار و ناسراوی شاری سلێمانی و هەموو کوردستان.

هونەرمەندی خۆشنووس ئەحمەد سەعید خەتات، شارەزاییەکی زۆری لە خەتی(سولس)دا هەیە، خەت و نەخش و نیگاری زۆرێک لە مزگەوتەکانی شاری سلێمانی نووسیوە لەوانە:(مزگەوتی گەورەی سلێمانی، بەختیاری، شێخ قادری چوێسە، شێخ سیراجەدین، مزگەوتی زانکۆی گەشەپێدان و چەندانی دیکەش)، سەدان تابلۆی لە ئایەتی قورئانی پیرۆز و فەرموودە و شیعری شاعیران و وتەی ناوداران بە کوردی و عەرەبی نووسیوە، کە جۆرەکانی خەتی تێدا بەکارهێناوە، بەشداریی لە چەندین چالاکی و پێشانگای هونەری خۆشنووسی کردووە و خەڵات و ڕێزلێنانیشی بۆ کراوە، ئەمانەی خوارەوە هەندێ لە چالاکییەکانییەتی:



لە لای ڕاستەوە: خۆشنووس ئەحمەد سەعید خەتات، نووسەر و ڕۆشنبیر جەمیل مەلاقەرە



ڕۆشنبیری گشتی

ڕۆشنبیری نوێ ژمارە ١٠٩

# هونەری خۆشنووسی و خۆشنووسانی کورد

ئامادەکردنی
ئەحمەد سەعید ئەحمەد

پاش سەر هەڵدانی ئاینی ئیسلام و هاتنە خوارەوەی قورئانی پیرۆز نووسین زیاتر گەشەی کردو پەرەی سەند، لەقورئاندا چەندان ئایەت هەن کە داوا لە موسڵمانان دەکەن فێری نووسین وخوێندنەوە بین، لەوانە یەکەمین ئایەتێك کە بۆ پێغەمبەر (د.خ) هاتە خوارەوە کە دەفەرموێ «بسم الله الرحمن الرحيم إقرأ وربك الأكرم الذي علم بالقلم علم الانسان ما لم يعلم. . . . صدق الله العظيم». هەروەها ئایەتی «ن والقلم وما يسطرون» ئەمە جگە لە زۆر فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) کە باس لە گرنگیی نووسین و خوێندنەوە دەکەن لەوانە «اطلبوا العلم ولو بالصين»

پاش ئەوەی دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی لە سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) و خەلیفەکانی دوای خۆیدا پەلی هاویشت وزۆر وڵاتی تازە خرایە سەر ئەم دەوڵەتە، نووسینی عەرەبیش بەنێو خەڵکی ئەو وڵاتانەدا بڵاوبووەوە، لەبەر ئەوەی نووسینی عەرەبی نووسینی قورئانی پیرۆزە زۆر نەتەوەی تریش بەکاریان دەهێنا، لەوانە فارس، کورد، ئەفغان، تورك، هیند، مەلایو. . . لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا، لە نووسینی عەرەبیدا چەند شێوەیەکی تایبەت بۆ نووسین بەکارهاتن کە بە هونەری خۆشنووسی ـ فن الخط ـ دەناسرێن، لەو شێوانەیش خەتی کوفی، ثلث، نسخ، فارسی، دیوانی، دیوانی جەلی، ئیجازە. . . وجۆری تریش.

یەکەمین کەسێك کە یاسای ئەم هونەرەی دانا «ابن مقلە» بوو ناوبراو بنەما سەرەتاکانی خەتی «ثلث» و «نسخ»ی دارشت بەدوای ئەمیشدا «ابن البواب» هات و، زۆر شتی تازەی خستە سەر داهێنانەکەی پێش خۆی. بەدوای ئەمیشدا «یاقوت المستعصمي» سەر لەبەر کارەکەی تەواوکردو بەپێی یاسای نوختە پێوانەی هەموو پیتەکانی لەشێوە جیاوازەکانی ئەم هونەرەدا دانا.

لە مێژووی ئەم هونەرەدا زۆر خۆشنووسی کارامە هەڵکەوتوون کە شوێن دەستیان لەبواری ئەم هونەرەدا دیارەو، بەڕێزەوە ناویان دەهێنرێت، لەوانە: حافز عوسمان، مستەفا ڕاقم، عەزیز ڕوفاعی، حامید ئامیدی، هاشم موحەممەد، حوسنی، بەدوی و دەیان و سەدان هونەرمەندیتر.

سەبارەت بەگەلی کوردیش هەروەك لە پێشەکی ئەم باسەدا ئاماژەمان بۆکرد، یەکێك بوو لەونەتەوانەی کە ئاینی ئیسلامی وەرگرت. گەیشتنی ئەم ئاینە کارێکی گەورەی کردە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانی کوردەواری، لەڕووی ڕازاندنەوەی مزگەوتەکان بە نەخش ونیگارو نووسینەوەی قورئانی پیرۆز. هونەری خۆشنووسی وەکوو گۆشەیەك لەهونەرو شارستانەتی ئیسلامی بەکورد گەیشت و، لەلایەن هونەرمەندانی دەست ڕەنگینی کوردەوە گەشەی پێدرا.


زۆر جار بخوێنی کورد پرسیار دەکات: بۆچی ئێمەیش وەکوو نەتەوەکانی دراوسێمان «عەرەب و فارس» خاوەنی داهێنان یاخود خاوەنی ڕێباز و یاساو ڕێچکەیەکی تایبەتی خۆشنووسی نین؟ من وەکوو خۆشنووسێکی کورد بەپێی زانیاری و بۆچوونی خۆم دەڵێم دوو هۆی سەرەکی هەن کەبوونەتە ڕێگر لەم بوارەدا یەکەمیان: نەبوونی ڕێنووسێکی دروست و لەباری کوردی، چونکە هەروەك دەزانین ئەو پیتانەی ئێمە بەکاریان دەهێنین لەعەرەبییەوە وەرگیراون، بەدەستکارییەکی کەمەوە توانیویانە تارادەیەك جێگەی


١٤٩

- لە ساڵی ١٩٨١ بۆتە ئەندام لە کۆمەڵەی خۆشنووسانی عیراق، هەر لەوساڵیشەوە بەردەوام بووە لە بەشدار بوون لە چالاکیی ساڵانەی ئەو کۆمەڵەیە.
- لە ساڵی ١٩٨٣ لەهۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی لەگەڵ هەر یەک لە خۆشنووسان(عەلی عومەر ساڵح، سەرکەوت عەلی، نەوزاد تۆفیق، بەهاوکاریی هونەرمەند خالید ڕەسووڵ)، پیشانگەی هاوبەشی چوارخۆشنووسیان کردۆتەوە .
- لە ساڵی ١٩٨٨ لە یەکەمین فیستیڤاڵی بەغدا بۆ هونەری خۆشنووسی وزەخرەفە بە سێ تابلۆ بەشداریکردووە. .
- لە ساڵی ١٩٨٩ بەشداریی لە پێشبڕکێی دووەمی جیهانی خۆشنووسی لە تورکیا کردووە، کە هەر سێ ساڵ جارێک ئەنجام دەدرا. .



لە لای ڕاستەوە: خۆشنووس ئەحمەد سەعید خەتات، نووسەر ڕەفیق ساڵح










بەرهەمەکانی خۆشنووس ئەحمەد سەعید خەتات

- لە ساڵی ١٩٩٠ لە پیشانگەی خۆشنووسانی سلێمانی بەشدار بووە، کە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی سازی کردبوو .
- بەمەبەستی ناساندنی ژیان و بەرهەمەکانی خۆشنووسانی کورد، لە ساڵی ١٩٨٥ زنجیرە وتارێکی بەناوی(نوابغ الکرد فی الخط العربي) بە زمانی عەرەبی لە ڕۆژنامەی(العراق) بڵاوکردەوە، لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١یش لە ڕۆژنامەی(الاتحاد) هەمان زنجیرەی دەست پێکردۆتەوە هەر بە زمانی عەرەبی بەناوی(اعلام الکرد فی الخط العربي).
- بە بەردەوامیش لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا وتار و لێکۆڵینەوەی لەسەر هونەرمەندە خۆشنووسەکانی کورد بڵاوکردۆتەوە.
- ساڵی ١٩٩٢ بەشداریی لە فیستیڤاڵی هونەری شێوەکاریی لاوان کردووە، کە کۆڕی ڕۆشنبیریی کورد سازی کردبوو.
- لە ساڵی ١٩٩٣ بەشداریی پیشانگەی گشتیی خۆشنووسانی سلێمانی کردووە.
- بەشداریی لە پێشبڕکێی خۆشنووسی کردووە، کە خاچی سوری

نێودەوڵەتـی سـازی کـردووە.

- سـاڵی ١٩٨٨ و ١٩٨٩ بەشـداریی لـە پیشـانگەی جـوان نووسـانی سـلێمانی کـردووە، کـە گـروپـی سـپێدە سـازی کردبـوو.
- سـاڵی ٢٠٠٠ بەشـداریی لـە ڤیسـتیڤاڵی دووەمـی هەولێـر بۆخۆشنووسـی و نیگارسـازی کـردووە.
- لـە پێشـبڕکێی دووەمـی هونـەری خۆشنووسـی بەشـدار بـووە، کـە خاچـی سـووری نێودەوڵەتـی سـاڵی ٢٠٠١ و ٢٠٠٢ سـازی کردبـوو.
- لـە فیسـتیڤاڵی نێودەوڵەتیـی هونـەری خۆشنووسـی لـە وڵاتـی ئێـران کـە هـەر دوو سـاڵ جارێـک لـەو وڵاتـە ئەنجـام دەدرا، تابلۆیەکـی لـە ئەلبومـی تایبەتـی فیسـتیڤاڵەکە دانـراوە .
- سـاڵی ٢٠٠٤ لـە پیشـانگەی هاوبەشـی خۆشنووسـانی سـلێمانی و ئەنبـار بەشـدار بـووە، کـە مەڵبەنـدی ڕۆشـنبیریی عیـراق سـاڵی ٢٠٠٦ سـازی کردبـوو.






بسم الله الرحمن الرحيم

شهادة تقدير

يعرب مركز الابحاث للتاريخ والفنون والثقافة الاسلامية باستانبول اريسكا، التابع لمنظمة المؤتمر الاسلامي

عن تقديره للسيد أحمد سعيد أحمد من العراق

لمشاركته الجادة في المسابقة الدولية السادسة لفن الخط التي اقامها باسم الخطاط الكبير مير عماد الحسني

مع تمنيات المركز بمزيد التقدم والتوفيق في المسابقات التالية.


استانبول

١٤٢٥هـ/٢٠٠٤م

المدير العام

اكمل الدين احسان اوغلى

بەرهەمەکانی خۆشنووس ئەحمەد سەعید خەتات




لە بەرهەمەکانی خۆشنووس ئەحمەد سەعید خەتات

- لە سالی ٢٠٠٦، ٢٠٠٧، ٢٠٠٨ لە پیشانگە و پێشبڕکێی تایبەت بەخۆشنووسی(عبدالحمید کاتب) لە وڵاتی سوریا بەشدار بووە. .
- ساڵی ٢٠٠٩ وەک ئەندامی لیژنەی هەڵسەنگاندنی تابلۆکان لە پیشانگە و پێشبڕکێی خۆشنووسی هەولێر بەناوی حاجی خەلیل زەهاوی، هەمان ساڵیش وەک ئەندامی لیژنەی هەڵسەنگاندنی تابلۆکان بۆ پیشانگە و پێشبڕکێی سلێمانی بەناوی خالید زامدار، هەڵبژێردراوە.
- ساڵی ١٩٩٥ بە درێژیی نزیکەی ٢٠٠ مەتر ئایەتی قورئانی پیرۆزی بە خەتی سولس نووسیوە، دواتریش لە مزگەوتی چوێسە کۆمەڵێ نووسینی جوانی هەر بە هەمان شێواز ساڵی ٢٠٠١ نووسیوە.
- جوانترین نووسینەکانیشی لەبواری ڕازاندنەوەی مزگەوتەکان، لە مزگەوتی زانکۆی گەشەپێدان لە ساڵی ٢٠١٨ لەلایەن خۆشنووس نەهرۆ قادر جێبەجێکراو، ساڵی٢٠٢٠ یش لەمزگەوتی بەختەوەری لە گەڕەکی ڕاپەڕین نزیکەی ١٥٠ مەتر ئایەتی جۆراو جۆر بە بەرزیی نزیکەی یەک مەتر هەر لە لایەن هونەرمەند نەهرۆ قادر جێبەجێکراوە.

ئەو شانازی بە کارەکانی لەم دوو مزگەوتە دەکات و بە گۆڕانکارییەکی گرنگ لە ژیانی هونەریدا دەزانێت، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت لە نووسینە جوانەکانی.

- ئەو لە ساڵی ١٩٨٨ەوە، ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی عێراقە.
- ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە.

سەرچاوەکان:

١ – کورتەیەک ژیاننامەی هونەرمەندی خۆشنووس ئەحمەد سەعید خەتات، لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# مستەفا ڕابەر

نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆشنبیری کوردپەروەر مستەفا ڕابەر....

ناوی تەواوی(مستەفا محەمەد ئەمین مستەفا)یە، لە ناو ئەدیب و ڕۆشنبیران بە مستەفا ڕابەر ناسراوە، لە ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی(شێخان)ی بناری چیای پیرمام لە خانەوادەیەکی ئاینی و کوردپەروەر لە دایک بووە، باوکی مەلای گوندی(براغ)بووە، بۆیە ماڵیان چووەتە ئەوێ، باوکیشی هەر لەو گوندە کۆچی دوایی کردووە، ئەو لە لای باوکی(سیپارە)ی خوێندووە و فێرە خوێندن و نووسین بووە، دواتر ماڵیان چووەتە هەولێر خوێندنی سەرەتایی لە هەولێر و ناوەندی لە سلێمانی تەواوکردووە، سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ بۆتە پێشمەرگەی کوردستان، لە نیوەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو هاتۆتەوە.

نووسەر مستەفا ڕابەر لە ساڵی ١٩٦٨ خولێکی باڵای ئەفسەرانی پۆلیسی لە بەغدا تەواوکردووە و بۆتە ئەفسەر لە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر، لە ساڵی ٢٠٠٠ ڕووی لە هەندەران کردووە لە شاری(لەندەن)ی وڵاتی بەریتانیا گیرساوەتەوە، ئێستا لەوێ دەژییت.

نووسەر مستەفا ڕابەر لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو گڕوگاڵی نووسینی هەمەجۆری کردووە، تا ئێستا چەند بەرهەمێکی چاپ کردووە و

بڵاوکردۆتەوە، کە ئەمانەن:

- مێژووی هونەری سینەما.
- هونەری نووسینی ڕۆمان، ئەمساڵ تۆ ڕۆمانی خۆی دەنووسیت، ٢٠٢١.
- خاپەرۆک، ١٩٩٨.
- ڕێزمانی ئینگلیزی، کوردی و ئینگلیزییە.
- سندوقی هاوسەرگیری، پارالێلە، واتە بە کوردیی و ئینگلیزییە، ٢٠٢٢.

ئەم بەرهەمەشی ئامادەیە بۆ چاپکردن:


- چیرۆکی هاجیکۆ سەگە بە وەفاکەی ژاپۆن، بە کوردی و ئینگلیزییە.

زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بە باشی دەزانێت.

بۆ نووسەر و وەرگێڕ مستەفا ڕابەر هەر سەرکەوتوو بیت لە نووسینەکانت.



لە لای ڕاستەوە: مامۆستای ڕەوانشاد ئیسماعیل سەرهەنگ، نووسەر مستەفا ڕابەر، هەردووکیان بە جلی پێشمەرگایەتی سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو




**بەرهەمەکانی نووسەر مستەفا ڕابەر**

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر مستەفا ڕابەر، کە لە سەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.


٢- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سابیر گۆران

مامۆستای پەروەردە و شاعیری چەوساوان و ڕەنجدەران، شاعیری کوردپەروەر، سابیر گۆران...

ناوی تەواوی(سابیر کوڕی حاجی ساڵح عەزیز گۆران)ە، لە ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی (گۆمەگرۆ)ی سەر بەناحیەی قوشتەپە لە خێزانێکی کوردپەروەر و خاوەن دوو شەهید، شەهید(جەمیل ڕەنجبەر و شەهید یاسین) لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٥٧ماڵیان هاتۆتە شاری هەولێر لە گەڕەکی(بەلاشاوە) نیشتەجێبوونە، خوێندنی سەرەتایی تا پۆلی چوارەم لە قوتابخانەی(اربیل اولی) و سۆرانی سەرەتایی تەواوکردووە، خوێندنی ناوەندیشی لە ناوەندیی جمهوری تەواوکردووە، لە ساڵی خوێندنی ١٩٦٦- ١٩٦٧ چۆتە خانەی مامۆستایانی هەولێر و بەسەرکەوتوویی تەواوی کردووە، لە ساڵی ١٩٧٢ وەکو وانەبێژ لە گوندی(گرتک)ی دۆڵی ڕۆستێ لە بناری چیای هەڵگورد دامەزراوە، لە ٦-٩-١٩٧٣ بە فەرمی وەکو مامۆستای بنەڕەتی لە گوندی (پیرئۆمەر) هەر لە هەمان ناوچە دەستبەکار بووە، ئەو ماوەی(٤٠) ساڵ


شاعیر سابیر گۆران بە جاحێڵی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر سابیر گۆران، نەناسراوە، شاعیری گەورەی کورد عەبدوڵڵا پەشێو**

لە بواری پەروەردە و فێرکردن کاری کردووە، لە ساڵانی ١٩٧٧ - ١٩٨١ لە قوتابخانەکانی گوندی(گعێتل و کەلەکان) بووە لە ساڵی ١٩٨١ەوەش لە قوتابخانەکانی(نیگار، اربیل اولی، تەبایی، پیرەمێرد، نالی، هێمن) لە ناو شاری هەولێر درێژەی بە خزمەتکردن داوە تا خانەنشینبوونی لە ساڵی ٢٠١٣.

لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگەی کوردستان تا نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ مامۆستای شۆڕش بووە لەگوندی(گوندەڕۆژ).

شاعیر سابیر گۆران، لە خێزانێکی کوردپەروەرە، لە باوەشی ڕەوانشادان حاجی ساڵح گۆران و شێرەژن(ئاسکە)ی دایکی گۆش و پەروەردە کراوە، هەر لە نیوەی دووەمی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە ڕێگای شەهید(جەمیل ڕەنجبەر)ی برای کتێبخانەیەکی خنجیلانەیان لە ماڵەوە هەبووە، لە ساڵی ١٩٦٨(بەندە) لە ڕێگەی(سدیق گۆران)ی برای نیوەڕۆیەک میوانیان بووم، یەکەم خوێندنەوەی من لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی لەو کتێبخانە جوانەی شەهید(جەمیل ڕەنجبەر) دەستی پێکرد، دیارە سابیر گۆرانیش هەر لەوێوە دەستی بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی کوردی و عەرەبی و شاکارە وەرگێڕدراوەکانی جیهانی

لە شیعر و چیرۆک و ڕۆمان کردووە، پاش خوێندنەوەیەکی زۆر پاشخانێکی پوختەی بۆ خۆی پەیدا کردووە، لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو گرۆگاڵی شیعر نووسینی لەسەر کێش و سەروای کوردی سووک و شیعری(ئازاد- الحر)ی برگەیی(مقطعي) کردووە، لە ساڵی ١٩٧١ هەندی لە شیعرەکانی خۆی بە شاعیری گەورەی کورد(عەبدوڵڵا پەشێو) نیشانداوە، دیارە ئەویش بە نامەیەک ئامۆژگاری و ڕێنمایی کردووە، وا نامەکەم لە گەڵ نووسینەکەم هاوپێچ کردووە.


شاعیر سابیر گۆران نزیکەی زیاتر لە(٥٠) ساڵە شیعر دەنووسێت، لە بەر بارودۆخی کورستان و سەختیی ژیان چەندین جار دەفتەری



لە لای ڕاستەوە: بەڕێز فوئاد ڕەحیم، شاعیر سابیر گۆران، شاعیر و نووسەر دکتۆر مەولود ئیبراهیم، بەڕێز سالار مامە کەریم



لە لای ڕاستەوە: ڕۆشنبیر سەلاح مەزن، ڕەوانشاد هونەرمەندی دەرهێنەر تەڵعەت سامان، شاعیر سابیر گۆران



نامەیەکی مامۆستای پایەدار عەبدوڵڵا پەشێو
کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی نووسین
لای سابیر گۆران

شیعرەکانی لێ فەوتاوە، جاروباریش هەر خۆی لەبەر هەر هۆیەک بووبێت، بۆ ماوەیەکی کەم لە نووسینی شیعر دوورکەوتۆتەوە، بەڵام هەمیشە لە ناخیدا هەر بەردەوام بووە لە خۆ پێگەیاندن، شیعرەکانی ئەو زیاتر نیشتمانپەروەری و باسی باری ناهەمواری و کارەسات وماڵوێرانیی میللەتەکەی و خەمی خۆی و خەڵک لە شیعرەکانی زۆر بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە، سروشتی جوانی کوردستان و ئەڤینی و کێشەی کۆمەڵایەتیشی لە بیرنەکردووە، دەتوانم بڵێم: ئەو بە شاعیری هەژار و چەوساوەکان هەژمار دەکرێت، هەر لە نیوەی حەفتاکانەوە ناوبەناو شیعرەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە، دیارە سەختیی ڕۆژگارەکانی ژیان دەستباری نەگرتووە کە زوو بەرهەمەکانی چاپ و بڵاوبکاتەوە، بۆیە تا ئێستا ئەو بەرهەمە جوان و پوختانەی نووسیوە:

- لە کاتی کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ لە شاری مهاباد، نامیلکەیەکی شیعری بە ناوی(سروودی نەورۆزێکی تازە) بە فۆتۆکۆپی(٦٠) دانەی چاپ و بڵاوکردۆتەوە.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر سدیق گۆران، نووسەر و ڕۆشنبیر عەباس شێخ محەممەد ناسراو بە(حاجی مەمۆ)، شاعیر سابیر گۆران**




**لە لای ڕاستەوە: شاعیری ناسراوی کورد موحسین ئاوارە، شاعیر سابیر گۆران**



**شاعیر سابیر گۆران لە کاتی واژۆکردنی دیوانی شیعری(هاڵاوی زامەکانم) لە یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر**


- لە ١٠ – ٧ –٢٠٢٣یش دیوانە شیعرەکەی خۆی بەناوی(هاڵاوی زامەکانم) کە لە(٣٨١)لاپەڕەیە، لە بارەگای یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی هەولێر، ناساند و واژی بۆ کردووە.

شاعیر سابیر گۆران چەندین چالاکیی دیکەشی هەبووە ئەمانەش هەندێکیانن:

- لە نیوەی دووەمی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە ڕیزەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کاری کردووە، دواتریش لە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کۆمەڵەی



**شاعیر سابیر گۆران و خاتوو هاوسەرەکەی**




**تۆران و دابڕان**

ئەوە یەکەمین شیعری منە

هەرچەندی لێی پاڕامەوە بەو دڵەی پڕ لەزامەوە
بێ سڵ وەڵامی دامەوە: "چیدی نەیەیت بە لامەوە!
ئیدی وەختی دابڕانە پایزە و گەڵا ڕێزانە"
بە چاوی پڕ فرمێسکەوە تێکەڵ تاسەو هەنیسکەوە
بە دڵساردی و پەشۆکاوی زۆر بەعادزی و داماوی

بەرەو دواوە گەڕامەوە پشتم شکاو چەمامەوە
یارەکەم بۆچی تۆراوی؟ خوا لێت هەڵناگرێ گۆڕاوی
ئەو زیزبوونەت لە، سەرچییە؟ دەردی دڵم دەرمانی نییە
من بێ تۆ ناتوانم بژیم بێ پڕشنگی نیگاکەت، نیم
گیانە بادەوە لای دڵت با نەگەچلێ عومری گوڵت

پارە و زێڕ دادی دڵ نادا خۆت لە دەرد و بەڵا لادە
بۆ نەهامەتی و غەمباری دڵت بردم بە بێ عاری
بۆچی بێ سووچ بەجێم دێڵی تەنها و سەرگەردان بەوێڵی؟
نادەی پەشیمان بەرەوە ئارامەکەت ئاشت کەرەوە
تۆ گەر یارێکی لە باری ناشکێنی گفتی دڵداری



**قەڵەمەکەی جەمیل ڕەنجبەر**

"بۆ سی ونۆهەمینساڵیادی شەهیدبوونی"

سی و نۆ ساڵە ڕەنجبەری شەڕڤانی کوردم خەوتووە
بۆ چرکەیەک قەڵەمەکەی لە بەرخودان نەکەوتووە

قەت لەیادی ئەو هاوڕێیەم ماندوونەبووم چون زیندووە
کەس نەڵێ ڕەنجبەری کوردان کوردستانی لەبیرچووە؟


ئەو جەمیلەی بەبوونی خۆی قوربانیداو بۆخۆی نەژیا
ویستی گەلەکەی ئازاد بێ لەسەرخاکی چیا و کەژیا

بەڵام ئەفسووس، هەندێ باڵاکورتی وڵات لە بیریان کرد
ئەوشاعیرەی خەمی گشتی لە کۆڵبوو بۆ گەل بوو بەپرد!

ئێستاش ئەو هەر بە خەبەرە و ئاوەزی وەک جاران وایە
هێشتاش ئەو هەر تێدەکۆشێ و گیانی شەیدای ڕۆژئاوایە

ڕۆحی ڕەنجبەر بەرز فڕیوەو لای کەرکووک وگرێ سپییە
هەر چوار پارچەی دڵی ڕەنجبەر لە سەنگەری بەرگرییە

١٩/١١/٩



بێرەوە لای ئازیزی خۆت دەزانی چەند سووتاوم بۆت؟
گەر تۆ دووبارە بێیتەوە بەهارم دەگەشێتەوە
دڵم بۆتۆ ئاوێنەیە ئەو عەشقەی من بێ وێنەیە
تکا و نزام لێ وەر بگرە دڵ لە سەر پۆڵووی ئاگرە
توخوابا دڵشکان بەس بێ ئارامەکەی خۆت مەبەس بێ

چۆن دەتوانی لەبیرم کەی؟ عەشقی گڕدارم لەناو دەی؟
شێت و شەیدا و بێ قەرارم تازە کەس ناکەم بە یارم
تۆم لە یاد ناچێ تا ماوم ئەی هێزی بینینی چاوم
عەشقی ڕاست قوربانی دەوێ ئاڵای بەرزە و قەت نانەوێ
تا ئەو دەمەی لە گۆڕ دەنرێم هەر گۆرانی بۆ تۆ دەڕێم

هەولێر ١٩٦٩/١١/٢١

**بەرهەمەکانی شاعیر سابیر گۆران**

ڕەنجدەرانی کوردستان چالاکی هەبووە، لە ساڵی ١٩٨٣ەوە، وازی لە کاری سیاسی هێناوە.

- لە ساڵی ١٩٧٢ یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لە هەولێر.
- بەشداریی بەشی زۆری کۆڕو کۆبوونەوە و کۆنفراسە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی شاری هەولێر و دەوروبەری و شارەکانی دیکەی کوردستانی کردووە.

- وەکو ئەندامێکی کارا بەشداری لە کۆنگرەی(ڕاپەرین)ی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە شەقلاوە، ساڵی ١٩٩٢ کردووە.

- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێرە.

بۆ شاعیری کوردپەروەر سابیر ساڵح گۆران، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە نووسینی شیعرە جوان و بە چێژەکانت و بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامەی شاعیر سابیر ساڵح گۆران، کە لە سەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## بەناز سابیر ڕەشید

داتـازان و ئەرشـیفەوان و سـەرپەرشـتیکاری ماشـینی گـەڕان لـە ڕێکخراوی(کوردیپیدیا) خاتـوو بەنـاز سـابیر ڕەشـید ..

خاتـوو بەنـاز سابیر ڕەشید لـە گەڕەکی(سـەرکارێز) لـە خانەوادەیەکی ڕەسـەنی شـاری سـلێمانی لـە دایکبـووە، خانەوادەکەیـان هـەر لەگـەڵ دروستبوونی شاری سلێمانی لەسەدەی هەژدەهەم هاتوونەتە ناو شاری سلێمانی، خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامادەیـی هـەر لـە شـاری سلێمانی تەواوکـردووە، دواتـر دوو سـاڵ لـە بەشـی(علم النفس- زانسـتی دەروونـی)ی کۆلێژی پـەروەردەی زانکۆی سـەلاحەدین دەوامیکـردووە، لـە سـاڵی ١٩٩٢ لەگـەڵ هاوسـەرەکەی نووسـەر و لێکۆڵـەر و یاسـازان هـاوڕێ باخـەوان ڕوویـان لـە ئەوروپـا کـردووە و لـە شـاری(لاهای)ی وڵاتـی هۆڵەنـدا نیشـتەجێبووینە.

خاتـوو بەنـاز سـابیر ڕەشـید، هـەر زوو پـاش فێربوونـی زمانـی هۆڵەنـدی درێـژەی بـە خوێنـدن داوە و بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـی لـە(Busnis Information) وەرگرتـووە، نامـەی بەکالۆریۆسـەکەی بـە



له لای ڕاستەوە: بەڕێز میتان کوڕی هاوڕێ باخەوان، خاتوو بەناز سابیر ڕەشید، نووسەر هاوڕێ باخەوان

ناوی(هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد)بووە، کە لە لایەن هاوسەرەکەی نووسەر هاوڕێ باخەوان بەرنامەڕێژکراوە، پاشان هەر ئەو بەرنامە و داتابەیسە بووەتە پێشەکیی و بەرایی بۆ داتابانکی ڕێکخراوی(کوردیپیدیا).



له لای ڕاستەوە: خاتوو بەناز سابیر ڕەشید، نووسەر و لێکۆڵەر هاوڕێ باخەوان

ماوەیەک لە وەزارەتی کارو کۆمەڵایەتی وەکو کارمەند دەستبەکاربووە، ئێستاش لە شارەوانیی شاری (لاهای) لە کارکردن بەردەوامە.

خاتوو بەناز سابیر ڕەشید، هەر



له لای ڕاستەوە: خاتوو بەناز سابیر ڕەشید، هاوڕێ باخەوان




له لای ڕاستەوە،
خاتوو بەناز سابیر ڕەشید،ئارتینی کچی

لەسەرەتای دامەزراندنی ڕێکخراوی کوردیپیدیا لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە، لەتەک کاری وەزیفیی خۆی، وەکو ئەرشیفەوان و سەرپەرشتیی ماشێنی گەڕان و بەدواچوون و ساغکردنەوەی زانیارییە ڕاست و دروستەکان سەبارەت بە کەسایەتییە ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی هەموو کورد دەکات.

**بەناز سابیر ڕەشید**

لە ساڵی ١٩٩٢ هاوسەرگیری لەگەڵ نووسەر و لێکۆڵەر هاوڕێ باخەوان کردووە، خاوەنی کوڕ و کچێکن بە ناوەکانی(میتان و ئارتین)، خوا تەمەنیان درێژیان بکات.

بۆ خاتوو بەناز سابیر ڕەشید هەر نموونەت زۆر بێت و سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی گەنجینە و سامانی زمان و ئەدەب و کەلتوور و کەلەپووری کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کوردیپێدیا.

٢ - هەندێ زانیاری لە نووسەر هاوڕێ باخەوان وەرگیراوە، سوپاسی دەکەم.

٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم



# گوڵستان ئاواز

شاعیر و نووسەر و ڕۆماننووس، خاتوو گوڵستان ئاواز ....

شاعیر و نووسەر خاتوو گوڵستان ئاواز لە ساڵی ١٩٨٢ لە شاری(حەلەب) لە ڕۆژئاوای کوردستان لە خێزانێکی بەڕەچەڵەک خەڵکی گوندی(ئەبو کەعبە) ی سەر بەناحیەی(جندریس)ی دەڤەری عەفرین لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری حەلەب تەواوکردووە، ئەو بەزمانی عەرەبی خوێندووە، چونکە خوێندن بە زمانی کوردی قەدەغە بووە، لە ساڵی ٢٠١٠ بڕوانامەی ئەوڕوپی لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بە زمانی ئینگلیزی لە پەیمانگای(بالمیرا) لە حەلەب وەرگرتووە.



شاعیر گوڵستان ئاواز
بە جاحێڵی

بە نهێنی فێری زمانی کوردی بووە، هەرچەندە باوکی پێی ناخۆش بووە، چونکە مەترسییەکی زۆریان لەسەر بووە، بەڵام ئەو بەردەوام بووە لە فێربوونی ئەلف وبێی کوردی لەو ماڵانەی کە بە نهێنی منداڵانی کوردییان فێری زمانی کوردی کردووە، چەندین کەسیش لەو مامۆستایانەی کە بە



له لای ڕاستەوە: نووسەر حەیدەر عومەر، شاعیر گوڵستان ئاواز



له لای ڕاستەوە: نەناسراوە، شاعیر گوڵستان ئاواز، نووسەر عەلوان شڤان



له لای ڕاستەوە: شاعیر گوڵستان ئاواز، نووسەر زەردەشت حاجۆ

نهێنی منداڵانی فێری زمانی کوردی دەکرد، تووشی ئازار و ئەشکەنجە و گیران بووینە، لە ساڵی ٢٠١٣ پاش وەرگرتنی پاڵپشتی لە لایەن دەزگای فێربوون و پاراستنی زمانی کوردی کە ئاستی فێربوونی زمانی کوردی گەیشتۆتە ڕادەیەک کە بتوانێت وانە بە منداڵانی کورد بدات، بۆیە بۆتە وانەبێژی زمانی کوردی لە گوندی(حەلیمە)ی دەوروبەری شاری عەفرین، شیعر و نووسینەکانی شاعیر جگەرخوێن و فەرهەنگی عەلی سەیدا گۆران و چەندین شاکاری عەرەبی و جیهانیی وەرگێڕدراوی خوێندۆتەوە و پاشخانێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی پوختی پەیدا کردووە، لە بەر بارودۆخی نەلەبار و سەختیی ژیان لە سووریا، ساڵی ٢٠١٧ خۆی و خێزانەکەی ڕوویان لە ئەوروپا کردووە و لە شاری(بریمن)ی وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێ بووینە.

شاعیر و ڕۆماننووس گوڵستان ئاواز، هەر لە منداڵییەوە حەزی لە شیعر و ئەدەبی عەرەبی و کوردی بووە، لە پۆلی(٧) بووە گرۆگاڵی شیعر نووسینی کردووە بە زمانی عەرەبی، لە ساڵی ٢٠١٢ سەرەتا دەستی بە نووسینی شیعر بە زمانی عەرەبی کردووە، پاش ئەوەی هێدی هێدی زمانە کوردییەکەی بە تەواوی باش بووە، دەستی بە وەرگێڕانی شیعرە عەرەبییەکانی خۆی بۆ سەر زمانی کوردی کردووە، ئیدی چۆتە ناو دنیای شیعر نووسین، بۆ یەکەم جار نووسینێکی لە ڕۆژنامەی نەورۆز



لە لای ڕاستەوە: خاتوو زاهیە ئال رشي، شاعیر دڵدار شکو، شاعیر گوڵستان ئاواز



شاعیر گوڵستان ئاواز لەگەڵ دایکی و باوکی

بڵاوکردۆتـەوە، هـەر لـە سـاڵی ٢٠١٢ چووەتـە شـاری عەفریـن لـەوێ بـە هاوکاری هەندی ژنی زیرەک و کوردپەروەر ڕێکخراوی کۆمەڵەی (ڕەوشەن بەدرخان)یـان دامەزرانـدووە، ڕۆژنامەیەکیشـیان هەبـووە، چەندیـن وتـار و نووسـینی لـەم ڕۆژنامەیـەش بڵاوکردۆتـەوە.

شاعیر و ڕۆماننووس گوڵستان ئاواز، تا ئێستا دوو کتێبی بە کوردیی کرمانجی و بە پیتی لاتینی نووسیوە و چاپی کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:


- بوخچکا بیانی Buxcika biyaniye، کۆمەڵە شیعر، ساڵی ٢٠٢٠.





لە لای ڕاستەوە: شاعیر گوڵستان، نووسەر زبێر ساڵح



شاعیر گوڵستان لەگەڵ کوڕەکەی




**بەرهەمەکانی شاعیر گوڵستان ئاواز**

- زنجیرا تینێتیێ،Zingira Tenetiye، ڕۆمان، ساڵی ٢٠٢٣.

بەشـی زۆری شـیعرەکانی شـاعیر گوڵسـتان ئـاواز نیشـتمانپەروەرییە، ئێـش و ئـازار و خـەم و خواسـتی خـۆی و خەڵکەکـەی و هەمـوو کـورد لـە شیعرەکانی زۆر بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە، شیعری بۆ جوانیی سروشتی کوردسـتان و ئەڤینیـش نووسـیوە.

جگـە لـە شـیعر و ڕۆماننووسـین ، وەکـو مامۆسـتا زمانـی کـوردی و چالاکوانی ڕێکخراوەیی و ئەدەبی چەندین چالاکیی دیکـەی نواندووە لەوانـە:

- لـە ساڵی ٢٠٠٩ بـە نهێنی کۆرسـی زمانی کوردی بۆ منداڵانی کورد لـە عەفریـن وتۆتـەوە و فێرنامەشـی بڵاوکردۆتـەوە.
- لـە سـاڵی ٢٠١٦ بـە شـێوەی(Online) لـە پەیمانـگای بەدرخـان لـە شـارۆچکەی(دیرکا حمکۆ) وانـەی زمانـی کـوردی وتووەتـەوە، لـە ١٥-٥-٢٠١٦ بڕوانامـەی خـەڵات و ڕێزلێنانـی پێبەخشـراوە.

- لـە سـاڵی ٢٠١٩ لەگـەڵ کۆمەڵێـک ئەدیـب و مامۆسـتای زمانـی کـوردی لقـی(دەزگای فێربـوون و پاراسـتنی زمانـی کـوردی) یـان لـە ئەڵمانیـا کردۆتـەوە.، بـە شـێوەی(Online) وانـەی زمانـی کـوردی بـە منداڵانـی کـورد دەڵێتـەوە.
- بەشـداریی چەندیـن کۆڕوکۆبوونـەوە و کۆنفراسـی ئەدەبیـی و شـیعر خوێندنـەوەی کـردووە لـە عەفریـن و شـاڕ و شـارۆچکەکانی دیکـەی ڕۆژئـاوای کوردسـتان و دەرەوەی وڵات لـە ئەڵمانیـا.
- کاری وردینیـی و پێداچوونـەووەو سـاغکردنەوەی بـۆ کتێبـی کـوردی، پرۆگرامـی(Vejina Ramanan) کـردووە.
- چەندین دیمانە و چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی و ڕۆژنامەگەری ئەنجامداوە.

بۆ شـاعیر و نووسـەر و ڕۆماننووس، گوڵسـتان ئـاواز، هـەر سـەرکەوتوو و بـەردەوام بیت بـۆ خامەتـی زمـان و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان:

١- کورتەیـەک ژیاننامـەی شـاعیر و ڕۆماننـووس گوڵسـتان ئـاواز، هاوڕێـم مامۆسـتا ئیبراهیـم عەبـاس لـە هەولێـر بـۆی نـاردووم، سوپاسـی دەکـەم.
٢ - تەلەفزیۆنی عەفرین ١، فلمێکی دوکیومێنتاری.
٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سیمین چایچی

بـه دایکـی هونەرمەنـدان ناسـراوە، شـاعیر و نووسـەر و ئەکتـەر و شـانۆنووس، چالاکوانـی بـواری ژنـان و منـداڵان، خاتـوو سـیمین چایچـی ....

شـاعیر و نووسـەر و چالاکوانـی بـواری ژنـان و منـداڵان، خاتـوو سـیمین چایچی لە ساڵی ١٩٥٢ لـە گەڕەکی(قەتارچییان)ی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان لـە دایک بـووە، لـە سـاڵانی ١٩٦٧- ١٩٦٩ کـە تەمەنی(١٤)سـاڵان بووە بۆ یەکەمین جار وەکو ئەکتـەر چۆتـە سـەر تەختـەی شـانۆ بەشداری لە چەند شـانۆگەرییەک کـردووە کە لـە دەرهێنانـی هونەرمەندان(دکتـۆر سدیق، دکتـۆر غەفورپـور، سدیو مەعریفی)دا بـووە، ئەو وەکـو کچـە کوردێکـی ئـازا و بوێـر و ڕێچکەشکێن بەشـداری لـە وەرزشـی(ڕاکردن- رکض) کـردووە و بـە پلـەی یەکەمیش دەرچـووە، لـە تەمەنـی(١٦) سـاڵیدا دەسـتی بـە نووسـینی شـیعری گـۆرانـی بـە مۆسـیقا و شـانۆ بـۆ منـداڵان بـە شـێوەزاری(ئەردەلان) ی کردووە، بە زمانی فارسیش شیعری کلاسیکی نووسیوە، زۆر عەشق و سـەودای زمـان و ئەدەبـی کـوردی بـووە، بۆیـە هەرچەنـد تەنـگ و چەڵەمـە و ئاسـتەنگی زۆری هاتۆتـە پێش، بەڵام بـەردەوام بـووە لـە چوونـە نـاو دنیـای هونـەر و ئەدەبیاتـەوە، بـە تایبەتـی ئەدەبیاتـی منداڵان، لـە سـاڵی ١٩٩١-١٩٩٣ کۆمەڵێک شـیعر و چیرۆکـی بۆ منداڵان نووسـیوە.









**شاعیر و نووسەر خاتوو سیمین چایچی**

شاعیر و نووسەر خاتوو سیمین چایچی خەرمانێک بەرهەمی بە سوود و ئاست بەرز لە شیعر و شیعری گۆرانی بە مۆسیقا و چیرۆک و شانۆنامەی شیعری گۆرانی بۆ مندالان نووسیوە، لە شیعرەکانیدا باسی(نیشتمانپەروەری، ئەڤینی، کێشەی کۆمەڵایەتی، کێشە و مافی ژنان و منداڵان، سروشتی جوانی کوردستان)ی کردووە، تا ئێستا ئەم بەرهەمانەی چاپکردووە و بڵاوکردۆتەوە:

- شانۆی مۆزیکالی(خاڵخاڵۆکە و شاری مشکان)، ساڵی ٢٠٠٠، ئەم شانۆگەرییە لە فیستیڤاڵی دووەمی شانۆگەری کوردی لە شاری(سەقز) ساڵی ٢٠٠١ زۆربەی خەڵاتەکانی وەرگرتووە.
- قومار، کۆمەڵە شیعری گۆرانی.
- بەیانی باش، کۆمەڵە شیعری گۆرانییە، هەندێ لە شیعرەکانی کۆمەڵە شیعری قوماریشی تێدا چاپکردۆتەوە.
- کاسێتی(تیتیل و بیبیل)، چیرۆکی فۆلکلۆری کوردییە بە شێوەی مۆزیک بۆ منداڵان.
- جووجەڵە زەردە، چیرۆکێکی کوردییە بە شێوەی مۆزیکە بۆ منداڵان.
- نوقل و نەوات.
- شانۆگەریی هەناری، کە باسی بەسەرهاتی ڕاستەقینەی ژیانی ژنێک دەکات، لە تەمەنێکی کەم دەستدرێژی کراوەتە سەر، هەروەها باس لە هەندێ لایەنی شاراوەی ژنان دەکات.




**هونەرمەند روزبە موسڵحی کوڕی شاعیر سیمین چایچی**










**بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر خاتوو سیمین چایچی**

- زنجیره بەرنامەی تەلەفزیۆنیی شانۆگەریی(بووکەلەکە).
- بەسەرهاتەکانی(خڕتۆڵ و سەرچۆڵ) لە شاری ئاشتی.
- بەسەرهاتی(خرتۆڵ و خانمۆڵ).
- شانۆگەریی نوچە(نۆکەر) کە لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆگەریی بووکەڵە لە شاری تاران ساڵی ٢٠٠٢ بەشداربووە.

چەندین بەرهەمی دیکەشی ئامادەیە بۆ چاپ.

چەندین پارچە شیعری وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و سویدی.

زیاتر لە(٢٠٠) دەقی شیعری ئەو کراوەتە سروود و گۆرانی لە لایەن گۆرانیبێژانی کورد لەوانە(نەجمەدین غولامی، کانی، ژاڵە، شەهین تاڵەبانی، ئیسماعیل سابووری و چەندانی دیکەش).

شاعیر و نووسەر سیمین چایچی، سەرەڕای بەرهەمە پوخت و جوانەکانی، چەندین چالاکی لە بواری ژنان و منداڵانی بێ سەرپەرشتیکار و کاری ڕێکخراوەیی ئەدەبی و پیشەیی نواندووە، ئەمانە هەندێکیانن:

- ساڵی ١٩٩٩- ٢٠٠٢ ئەندامی دامەزرێنەری ڕێکخراوی پشتگیرکردن بووە بۆ نەهێشتنی مادە هۆشبەر و سڕکراوەکان.
- ساڵی ٢٠٠٠- ٢٠٠٣ سەرۆکی ئەنجومەنی ئەدەبیی شاری سنە بووە.
- هەر ساڵی ٢٠٠٣ بۆتە ئەندامی لیژنەی(ماڵی ئومێد)کە لێپرسراوێتی و سەرپەرشتیی منداڵانی بێ سەرپەرشتکاری گرتۆتە ئەستۆ.

- بەرپرسی کۆمیتەی ژنانی کورد بووە، لە ڕێکخراوی(جیهانی پێنووس).
- ئەندامی دامەزرێنەری(کەمپین) بووە، بۆ ڕزگارکردنی ئەو کەسانەی سزای لە سێدارەدانیان بەسەردا سەپێندراوە.
- لە بواری مافی منداڵان و خاوەن پێداویستیە تایبەتییەکانیش زۆر چالاک بووە.
- چەندین جار لە شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات(سنە، سەقز) شارەکانی باشووری کوردستان (هەولێر، سلێمانی، پێنجوێن، سەید سادق) لە لەندەن و ستۆکهۆڵم و فرانکفۆرت، خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.

شاعیر و نووسەر سیمین چایچی خاوەنی دوو کچ و سێ کوڕە بەناوەکانی(ستارە، بەهارە، روزبە، ئارەش، ئاریەن) هەر هەموویان لە بواری هونەریدا کاردەکەن، بۆیە دایکیان بە دایکی هونەرمەندان ناسراوە، خوا تەمەن درێژ و سەرکەوتوویان بکات، بۆ خۆشی هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و هونەری کوردی.

سەرچاوەکان:

١- Sterk tv، فلیمێکی دوکیومێنتاری، چاوپێکەوتن لەگەڵ شاعیر سیمین چایچی، ئامادە و پێشکەشکردنی میدیاکار خاتوو جەلی محەمەدی.

٢ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی ژیان، دیمانەی ڕادیۆیی لەگەڵ شاعیر سیمین چایچی، ئامادە و پێشکەشکردنی میدیاکار محەمەد جەمال.، لە ٣٠-٩-٢٠٢٠.

٣- - Wikiwand

٤- Rudaw، چاوپێکەوتنی ڕادیۆیی لەگەڵ شاعیر سیمین چایچی.

٥ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی تربیون زمانە، سەرچاوەیەکی فارسییە.

٦ - کوردیپیدیا.

٧ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٨ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# گوڵێ سەلیم

شاعیری کوردپەروەر، شاعیری ڕۆژانی سەختی خەباتی نهێنی، ڕۆشنبیر و چالاکوانی بواری ژنان و کۆمەڵایەتی، خاتوو گوڵێ سەلیم.

شاعیر و ڕۆشنبیر و چالاکوانی بواری ژنان، خاتوو گوڵێ سەلیم لە گەڕەکی(سەیداوە)ی ناو شاری هەولێر لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و تا شەشەمی ئامادەیی هەر لە شاری هەولێر خوێندووە، هەر زۆر زوو لە ڕێگای باوکییەوە تێکەڵ بە کاری سیاسی و ڕێکخستنە نهێنییەکانی حزبی بووە، وەک کچە کوردێکی ئازا و بوێر وەکو ڕابەر بڵاوکراوەی حزبی هێناوبردووە، چەندین جاریش ئاستەنگ و تەنگ و چەڵەمەی بۆ دروستکراوە و چاودیری و گوشاری خراوەتەسەر و لە لێواری دەستگیرکردن گەڕاوەتەوە، ساڵی ١٩٨٢ لە خۆپیشاندانەکانی قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین و قوتابیانی هەولێر، شاعیر خاتوو گوڵێ سەلیم دیسان وەکو کچە کوردێکی چالاک و نەترس، هەمیشە لە ڕیزی پێشەوە و پێشەنگ بووە و دەورێکی بەرچاوی هەبووە، قوتابیانی قوتابخانەکانی(گارا، گەلاوێژ، هەولێری کچان) شاهیدی ئەم ڕووداوانەن، وەکو چالاکوانیش بە هانای قوتابیانی ئامادەیی ڕزگاریی کوڕانیش هاتووە.




**پۆلێك نووسەر و شاعیر و هونەرمەندانی شاری هەڵەبجە، لە ڕیزی پێشەوە دانیشتووەکان: پێنجەمین کەس شاعیر گوڵێ سەلیم، شەشەمین کەس شاعیر کۆسرەت ئەحمەد**

شاعیر و ڕۆشنبیر گوڵێ سەلیم، هەر لە منداڵییەوە خولیای زمان و ئەدەب و شیعری کوردی بووە، ئەو بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی و شاعیرانی نوێخوازی کوردیمان دەستی پێکردووە، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو گڕوگاڵی شیعر نووسینی کردووە، وردە وردە بەرهەمەکانی خۆی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە، لەوانە ڕۆژنامەکانی(ڕێگای کوردستان، برایەتی)، ئیدی بە تەواوی کەوتۆتە ناو دنیای شیعر نووسینەوە، تا ئێستا نامیلکەیەکی شیعری بە ناوی(ئێوارەیێ بەدەستمەوە) چاپ کردووەو بڵاوکردۆتەوە.

خاتوو گوڵێ سەلیم، وەکو شاعیر بەشداری لە چەندین کۆڕوکۆبوونەوە و فیستیڤاڵی شیعری لە شاری هەولێر و شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان کردووە، وەکو ژنە کوردێکی چالاکوانی بواری ژنان و باری کۆمەڵایەتیش زۆر چالاکانە بەشداریی کۆمەککردن و هاوکاری فەقیر و هەژار و لێقەوماون کردووە و دەکات، ئەمانەش هەندێک لە چالاکییەکانییەتی:

- رۆژی ٨-١١- ٢٠٢٢ لە بارەگای یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر، بە هاوکاریی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان، لە ژێر دروشمی(کتێب هۆکاری فیکر و ڕۆشنگەری و دووبارە بنیاتنانەوەی مرۆڤە) بە مەبەستی هاوکاریکردنی زیندانیانی چاکسازییەکان، هەڵمەتێکی کۆکردنەوەی کتێبیان کردووە.
- رۆژی ١ - ٣- ٢٠٢٣ لە کتێبخانەی(مەم و زین) لە هەولێر، ئێوارە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە و فرۆشتنی کتێبەکەی شاعیر گوڵێ سەلیم(ئێوارەیێ بەدەستمەوە) و کتێبێکی نووسەر بەهائەدین حاجی بەکر دارتاش، سازکراوە، بە بڕی(٩٠) هەزار دینار فرۆشراوە و وەکو کۆمەک بەخشراوە بە کۆڕی هاوکاریی کۆمەڵایەتی هەولێر.
- لە ڕۆژی ٢٨-٥-٢٠٢٣ گەلەری جەلال عازەبانی لە شاری هەڵەبجە، بە سپۆنسەری خاتوو(کوێستان شێخ ئەکرەم)، لەژێر ناونیشانی(لە قەڵای هەولێرەوە بۆ باخی میری هەڵەبجە) بە ئامادەبوونی شاعیران و نووسەران و ڕۆشنبیرانی شاری هەڵەبجەی شەهید، ئێوارە کۆڕێکی شیعرییان بۆ هەر یەک لە شاعیران(گوڵێ سەلیم و کۆسرەت ئەحمەد) سازکردووە.



لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، خاتوو بەهار خان، خاتوو لاولاو خان، شاعیر خاتوو کۆسرەت ئەحمەد، خاتوو کوێستان ئەکرەم فەرەج، شاعیر خاتوو گوڵێ سەلیم

چەندین چالاکیی دیکەشی هەبووە، ئەو بەردەوامە لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی و دەستبارگرتنی هەژار و لێقەوماوان.

شاعیر و ڕۆشنبیر گوڵێ سەلیم هاوسەرگیری لەگەڵ چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی دیاری کورد کاکە کەریم کاکە کردووە، هەر سەرکەوتوو سەرفراز بن بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و ووشەی کوردی.

وا چەند پارچە شیعرێکی شاعیر گوڵێ سەلیم- تان بۆ دەنووسمەوە:

١

**قەندیل قەندیلە**

لە پایزە ژن دەچێ


بە دیار فرمێسکی قەندیلەوە



**شاعیر گوڵێ سەلیم لە دوو چالاکیی ئەدەبیدا**




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر گوڵێ سەلیم، خاتوو نیشتمان کەمال، شاعیر خاتوو کۆسرەت ئەحمەد**



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆماننووس کەریم کاکە، خاتوو گوڵێ سەلیم

لە بەری هاوینەوە
تیسک تیسک دادەوەرێ
تیشک تیشک
لە چاوی زێد دادەبڕێ
قەندیل
دەریای لە بەر ڕۆیی
ئاسمانی لە بار چوو
قەندیل هەر قەندیلە
شۆڕشە لە ناو لانکی داربەڕوو
پایزە ژنێ
لە ناو فرمێسکان ڕایدەژەنێ

******

٢

به ناوی گوڵ
دەستەخوشکی پایز بووین
بە دوای کێژەڵووکە کەوتین
زستان
شەختەی ناردە سەر ڕێ
هاوین
پۆلووە بەردان داوێ
بەهار دەڵێ:
ئەگەر نەمدیتنەوە
دوو گوڵتان بە ناو دەکەم لەوێ.

******



شاعیر خاتوو گوڵە سەلیم، نووسەر و ڕۆژنامەنووس خاتوو ناز فەلەکەدین

**٣**

کۆڵانی نەدیتنەوە

هاتم هاتم

جادە جادە، کۆڵان کۆلان

هاتم هاتم

شارێ پێچمکردەوە

گەیشتمە چۆلەوانی،

ماڵی دڵم نەدیتەوە.

******

**٤**

سپی

سپی سپی دەبارێ

هەموو ساڵێ

لە سپێدەی مانگی ئادارێ

ژن سپی سپی

ژن کلۆو کلۆو

بە سەر ژیندا دەبارێ

لێ شەڕ ناهێڵێ

خوێن ناهێڵێ

بمێنێ تا ئێوارێ.




سەرچاوەکان:

١ – کورتەیەک ژیاننامەی شاعیر گوڵێ سەلیم، کە لە سەر داخوازیی من نووسەر و ڕۆماننووس کەریم کاکە بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ – ماڵپەڕی فەیسبووکی شاعیر خاتوو گوڵێ سەلیم.

٣ – ماڵپەڕی شاعیر خاتوو کۆسرەت ئەحمەد.

٤– ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر ڕەئووف عوسمان

مامۆستای زانکۆ و نووسەر و لێکۆڵەر، ڕەخنەگر و توێژەری ئەکادیمی، دکتۆر ڕەئووف عوسمان..

ناوی تەواوی(ڕەئووف عوسمان مەعروف نێرگزەجاڕی)یە، لە ساڵی ١٩٤٥ لە بنەماڵەیەی ئایینی و ڕۆشنبیری کوردپەروەر لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٧٩ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی زمان و ئەدەبی عەرەبی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە، بووەتە مامۆستای زمان و ئەدەبی عەرەبی لە ئامادەییەکانی(سلێمانیی کوڕان، فریشتەی کچان، ئەزمڕی کوڕان، هەڵکەوتی کوڕان، خانزادی کچان) لەناو شاری سلێمانی، لەپاشان بەهۆی لێهاتوویی و بەتوانایی و خزمەتی زۆری بووتە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی سلێمانی، دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بۆتە بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیریی سلێمانی.



دکتۆر ڕەئووف عوسمان بە جاحێڵی




**لە لای ڕاستەوە: ڕەوانشاد دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، دکتۆر ڕەئووف عوسمان**

دکتۆر ڕەئووف عوسمان زۆر حەزی لە تەواوکردنی خوێندنی باڵا بووە، بۆیە بەردەوام بووە لە خوێندن، بڕوانامەی ماستەری هەر لە زمان و ئەدەبی عەرەبی لە زانکۆی سلێمانی وەرگرتووە، بۆتە مامۆستای زمان و ئەدەبی عەرەبی هەر لە زانکۆی سلێمانی و دواتریش بووەتە سەرۆکی بەشی زمانی عەرەبی لە هەمان زانکۆ، پاشانیش دکتۆرای لە هەمان پسپۆڕی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی(المستنصرية-موستەنسریە) لە بەغدا بەدەستهێناوە.


دکتۆر ڕەئووف عوسمان، لە بواری لێکۆڵینەوە، ڕەخنەی ئەدەبی و شیعری، توێژینەوەی ئەکادیمی، ساغکردنەوەی تێکستی شاعیرانی کلاسیکیی و کەسایەتییەکانی کوردی، کۆمەڵێک بەرهەمی سوودبەخشی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی نووسیوە و چاپی کردوون و بڵاویکردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- محي الدين زنگنة روائيا، توێژینەوە و ڕەخنە.
- دنیابینی لە پانتاییەکانی دەقدا، ڕەخنەی ئەدەبی.

- افكار و تأملات، ڕەخنەی ئەدەبی.
- ساباتی ئەدەب و ڕوناکبیری، توێژینەوە و ڕەخنە.
- تجليات الروح نماذج من الشعر الكردي، توێژینەوە و ڕەخنەی شیعری.
- حكايات ليلی و مجنون، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی دەق لە بەرهەمی شێخ حسێنی قازی.
- العلوم البديعية في اشعار نالي(الإقتباس، التلميح، العقد)، توێژینەوەی ئەدەبییە.
- ئاسۆیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی، ڕەخنەی ئەدەبییە.



**لەلای ڕاستەوە: نەناسراوە، دکتۆر ڕەئووف عوسمان**






**دکتۆر ڕەئووف عوسمان**



لەلای ڕاستەوە ڕاوەستاوەکان: شاعیر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار نازم دڵبەند، هونەرمەند ڕەوانشاد حەمەجەزا، نەناسراوە، شاعیر موئەیەد تەیب، نووسەر و میدیاکار ڕەوانشاد سەگڤان عەبدولحەکیم، لەلای ڕاستەوە دانیشتووەکان: ڕەوانشاد دکتۆر عەبدوڵڵا حەداد، شاعیر محسن ئاوارە، نووسەر و شاعیر ڕەوانشاد کەریم شارەزا، دکتۆر ڕەئووف عوسمان، نووسەر و شاعیر حەسیب قەرەداغی، نەناسراوە، ڕەوانشاد شاعیر دڵشاد مەریوانی، لەبۆنەیەکی ئەدەبی و هونەریدا



لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، دکتۆر ڕەئووف عوسمان، نەناسراوە

- سێ تەڵ وەنەوشە بۆ کەزێکانی شیعر، ڕەخنەی شیعری.
- نالی لە دادگای ڕەخنەدا، ڕەخنەی ئەدەبی.
- حەپسەخانی نەقیب لە ئاوێنەی مێژوودا، توێژینەوە و ڕەخنە.
- الجوانب البلاغیة عند شێخ معروف النودهي، توێژینەوە و ڕەوانبێژی(بلاغة).
- بحثان في الادب الكردي، ئەدەبی بەراورد(ادب المقارن).




**بەرهەمەکانی دکتۆر ڕەئووف عوسمان.**

- دەستووری هەرێمی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و یاساییە.
- ئەزموونەکانم لە پەرلەمانی عێراقدا، بیرەوەرییەکانی لە پەرلەمانی عێراقدا.

دکتۆر ڕەئووف عوسمان، دەیان وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و لێکۆڵینەوەی زانستی و ئاکادیمی بە زمانی کوردی و عەرەبی لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە عێراقی و کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە لەوانە:(کوردستانی نوێ، العراق، خەبات، ئاوێنە، برایەتی، دیموکراتی، هاوکاری، ئاسۆ، هاوڵاتی، ژین، المدى، التأخي، الجمعية الوطنية، بەیان، کاروان، شمس کردستان، سلێمانی، ئێستا، ڕۆڤار، سەردەم، الاديب الكردي، زەردە، پەیڤین، رامان، ئەکادیمیای کوردی، الأقلام، الطليعة الادبية...چەندانی دیکەش).

سەرەڕای نووسینەکانی چەندین چالاکی دیکەشی نواندووە ئەمانە هەندێکییانن:

- دوو خول بە هەڵبژاردن بووەتە سەرۆکی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ لە سلێمانی.


- دوو خول ئەندامی پەرلەمانی عێراقی فیدرال بووە.
- بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی بەشداریی دەیان کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفراسی زانستی و ئەکادیمی لە ناوەوەی کوردستان و عێراق و دەرەوەی وڵاتیش کردووە، لەوانە کۆنفرانسە زانستییەکانی(بەغدا، قاهیرە، پاریس، واشنتۆن، تاران، مانیلا، وان، سنە و چەندانی دیکەش).
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد و عێراقە.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و نێودەوڵەتییە.

دکتۆر ڕەئووف عوسمان، ئێستا خانەنشینە و لە سلێمانی دادەنیشێت، خزمەتێکی زۆری بە ئەدەب و زمان و ڕەخنەی کوردی کردووە، هەر سەرکەوتوو و تەمەن درێژ بێت.

سەرچاوەکان:

١ – کورتەیەک لە ژیاننامەی دکتۆر ڕەئووف عوسمان، کە شێخ(ڕێژەن)ی کوڕی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## دکتۆر ئاراس حەمەساڵح

مامۆستای زانکۆ و لێکۆڵەر و توێژەرو وەرگێڕ، شارەزای بواری زانستی ئیسلامی، پرۆفیسۆر دکتۆر ئاراس حەمە ساڵح ...

ناوی تەواوی(ئاراس محەمەد ساڵح بارام)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە ئاراس حەمە ساڵح ناسراوە، لە بەهاری ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی(گاوانی)ی سەر بەناحیەی بازیانی پارێزگای سلێمانی لە خێزانێکی کشتوکاڵ و ڕەنجبەر لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٧٦ چووتە بەر خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندەکەی خۆیان تا پۆلی پێنجەمی خوێندووە، پۆلی شەشەمیشی لە ئۆردوگای(ئەڵلایی) تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨٤ خوێندنی ناوەندی لە قوتابخانەی ناوەندیی(زانیاریی کوڕان) لە سلێمانی تەواوکردووە، ئامادەییشی لە ئامادەیی(ڕۆشنبیری کوڕان) هەر لە شاری سلێمانی بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٩٦ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە(شەریعە- الشريعة) لە زانکۆی دهۆک بەدەستهێناوە، لە ساڵی ١٩٩٨ وەکو مامۆستای زمانی عەرەبی لە قوتابخانەی سورداش دەستبەکاربووە.

لە ساڵی ١٩٩٩ بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندنی باڵا لە کۆلێژی(اصول الدين) لە زانکۆی(ام درمان)ی وڵاتی سوودان وەرگیراوە و ساڵی ٢٠٠١



**لە لای ڕاستەوە: مامۆستای پەروەردە و نووسەر ڕەوانشاد عوسمان هەورامی، نووسەر دکتۆر ئاراس حەمە ساڵح**

بڕوانامەی ماجستێری وەرگرتووە، نامەی ماجستێرەکەی بە ناونیشانی(منهج القرآن الكريم لحماية المجتمع)بووە، ئەو بەردەوام بووە لە خوێندنی باڵا، ساڵی خوێندنی ٢٠٠١- ٢٠٠٢ بووەتە قوتابیی دکتۆرا، لە ١٧-٨-٢٠٠٥ بڕوانامەی دکتۆراشی بە پلەی نایاب لە هەمان زانکۆ وەرگرتووە، نامەی دکتۆراکەشی بەناونیشانی(العقوبات في القرآن الكريم و أثارها على المجتمع) بووە.

دکتۆر ئاراس حەمە ساڵح، لە ساڵی ٢٠٠٤ بە بڕوانامەی ماجستێر لە زانکۆی سلێمانی وەکو مامۆستای زمانی عەرەبی دامەزراوە، لە ساڵی ٢٠١١ پلەی زانستی بووەتە پرۆفیسۆری یاریدەدەر، لە ساڵی ٢٠١٩ەش، پلە زانستییەکەی بووەتە پرۆفیسۆر.

دکتۆر ئاراس حەمە ساڵح، لە بوارەکانی مێژوو و زانستە ئیسلامییەکان و کەسایەتییە ئەدەبی و ئایینییەکان و مزگەوت و شوێنە ئایینییەکانی شاری سلێمانی و کوردستان، کۆمەڵێک بەرهەمی بە نرخ و سوودبەخشی لە نووسینی خۆی وەرگێران چاپ کردووە و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- ناساندنێکی مزگەوتەکانی سلێمانی و خوێندنگە ئاینییەکانی، نووسینی

محەمـەد قزڵجەیـی، وەرگێـڕان، سـاڵی ٢٠١٣.

- مامۆسـتا شـێخ محەمـەدی خـاڵ لـە کۆمەڵـە دیدارێکـی ڕۆژنامەنووسـیدا، سـاڵی ٢٠١٤.
- گوتاری ئیسلامی (کێشەو چارەسەر)، لە ساڵی ٢٠١٥.
- فەرمـوودە لاواز و هەڵبەسـتراوەکان لەبـارەی مانگـی ڕەمەزانـەوە، لـە سـاڵی ٢٠١٧.
- ئـاوە ڕەشـەی ڕووسـی سـوور، لـە نووسـینی پیرەمێـردی شـاعیر، لێکۆڵینـەوەی لەسـەر کـردووە و بەچاپـی گەیانـدووە.
- چـل فەرمـوودەی پێغەمبەر، لـە نووسـینی محەممـەد قزڵجەیی، لێکۆڵینـەوەی لەسـەر کـردووە و فەرموودەکانـی تەخریـج کـردووە و بـە چاپـی گەیانـدووە.
- هۆیەکانـی گەشـەکردنی بزاڤـی ڕۆشـنبیری لـە شـاری سـلێمانیدا، چاپـی یەکـەم ٢٠١٥.
- بەشـێک لـە ژیانـی حاجـی شـێخ ئەمینـی خـاڵ، نووسـینی شـێخ محەمـەدی خـاڵ، ئامادەکـردن و لێکۆڵینـەوەی دکتـۆر ئـاراس محمـد صالـح، چاپـی یەکـەم ٢٠٢٢.
- گوتـارە تەفسـیریەکانی شـێخ محەمـەدی خـاڵ لـە گۆڤـاری گەلاوێژدا، چاپـی یەکەم ٢٠١٨.
- زانایانـی بیـری ئیسـلاح و نوێکردنـەوەی ئایینـی لـە کوردسـتاندا، چاپـی یەکـەم ٢٠٢٣.



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر عەدنان هەورامی، دکتۆر ئاراس حەمە ساڵح**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر تۆفیق کەریم، دکتۆر ئاراس حەمە ساڵح، دکتۆر عادل سدیق**

- میرایەتیی بابان و شاری سلێمانی لە شیعری شاعیرانی سەدەی هەژدە و نۆزدەدا، چاپی یەکەم ٢٠٢٣.
- مەلا خدری ڕواری زانا و شاعیر و خۆشنووس، چاپی یەکەم ٢٠٢٣.
- زیاتر لە(٣٠) لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی لە گۆڤارە ئەکادیمییەکان بڵاوکردۆتەوە.

چەند کتێبێکیشی ئامادەیە بۆ چاپکردن.

دکتۆر ئاراس حەمە ساڵح، وەکو نووسەر و ڕۆژنامەنووسیش، بەبەردەوامی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان و سایتە ئەلیکترۆنییەکان بابەتی فیکری و مێژوویی و سیاسی و ڕۆشنبیری و زانستی ئیسلامی دەنووسێت و بڵاویان دەکاتەوە.

دەیان دیمانە و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەگەری و ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی لەگەڵ دەزگا ڕاگەیاندنەکانی کوردی ئەنجامداوە.

ئەو بەشداریشی لە دەیان کۆڕو کۆبوونەوە و کۆنفراس و کۆنگرە زانستی و ئەدەبیی و ڕۆشنبیرییەکان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتکردووە.

دکتۆر ئاراس حەمە ساڵح ئێستا وەکو مامۆستای زمانی عەرەبی بەردەوامە لە خزمەتکردن لە زانکۆی سلێمانی، هەر سەرکەوتوو بێت لە کارە پیرۆزەکانیدا.




**به‌رهه‌مه‌كانی نووسه‌ر دكتۆر ئاراس حه‌مه ساڵح**

سه‌رچاوه‌كان:

١ - ژیاننامه‌ی دكتۆر ئاراس حه‌مه ساڵح، كه له سه‌ر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی ده‌كه‌م.

٢ - ئاماده‌كردن و نووسینی خۆم.



# سینەم چێی

مامۆستای پەروەردە و نووسەر و وەرگێڕ، ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی بواری ڕێکخراوەیی، خاتوو سینەم چێی.

ناوی تەواوی(سینەم ڕەسوڵ مەولود)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە سینەم چێی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٨٧ لە دەڤەری ئامێدی لە خێزانێکی شۆڕشگێر و کوردپەروەر لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ خێزانەکەی ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونە و لە شاری(ورمێ) نیشتەجێبوونە، خوێندنی سەرەتایی بە زمانی فارسی هەر لە شاری ورمێ تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٩٩ هاتوونەتەوە باشووری کوردستان لە کۆمەڵگای(تەناهی) کە لە ڕۆژئاوای دهۆکە نیشتەجێبووینە، قۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لەو کۆمەڵگایە تەواوکردووە، لە ساڵی ٢٠١٢ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی دهۆک بەدەستهێناوە، بووتە مامۆستا لە قەزای سێمێل، تا ئێستاش لە خزمەتکردن بەردەوامە.



نووسەر و وەرگێڕ سینەم چێی
بە منداڵی



**لە لای چەپەوە: هونەرمەندی دیزاینەر ناسر مینبەری، نووسەر و ڕووناکبیر هزرڤان عەبدوڵلا، لە ستافی گۆڤاری مەتین، نووسەر و وەرگێڕ سینەم چێی، نووسەر و لێکۆڵەر و ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل بادی، بەڕێز پشتیوان سادق، شاعیر شەمال ئاکرەیی سەرنووسەری گۆڤاری مەتین، نووسەر ئیحسان ئامێدی جێگری بەرپرسی ناوەندی خانی بۆ ڕاگەیاندن، نووسەر وەلات تەوفیق لە ستافی گۆڤاری مەتین، نووسەر خۆشناو...لە ناوەندی خانی بۆ ڕاگەیاندن**



**لە لای ڕاستەوە، ڕیزی دواوە: شاعیر سینەم چێێ، ئەوانی دیکە کۆمەڵێك قوتابیی زانکۆ و ئامادەیی لە خولێکی ڕۆشنبیرییدا**

نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس سینەم چێی هەر لە منداڵییەوە ئەو کاتەی پۆلی سێیەمی سەرەتایی بووە، حەز و ئارەزووی چۆتە سەر خوێندن و خوێندنەوە، سەرەتا بە خوێندنەوەی چیرۆک و بەسەرهاتی منداڵان دەستی پێکردووە، لە قۆناغی خوێندنی ناوەندیش هەندێ شیعری

نووسـیوه و بۆ هاوڕێ و هاوپۆلەکانی خوێندۆتـەوە، ئەوانیش هانیانداوە کە بەردەوام بێت، ئـەو هـەر زووش تێکـەڵ بـە چالاکیی ڕێکخراوەکانی یەکێتیی ئافرەتـان و قوتابیان و لاوانـی کوردسـتان بـووە، لـە کۆمەڵگای تەناهـی وەکو کچـە کوردێکـی چالاکـوان ناسـراوە، لـە سـاڵی ٢٠٠٨ یەکـەم بەرهەمـی خـۆی کـە وتارێکـی پەروەردەیـی بـووە لـە ڕۆژنامەی(ئەڤرۆ) بڵاوکردۆتـەوە، ئیـدی بـەدەوام بـووە لـە نووسـینی وتـار و لێکۆڵینـەوەی تێکسـتی ئەدەبی و بواری



لە لای ڕاستەوە: نووسەر سینەم چێی، شاعیر ئەدیب چەلکی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر سینەم چێی، بەڕێز بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزای سێمێل، میدیاکار دلێر فازیل




لە لای ڕاستەوە: ڕۆژنامەنووس خاتوو شەهلا ڕێکانی، نووسەر سینەم چێی

پەروەردەیی و بابەتی هەمەجۆری دیکە لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان بڵاوی کردوونەتەوە.

لە ساڵی ٢٠١٢ ڕووی لە وەرگێڕان کردووە، تا ئێستا(٤) کتێبی لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و چاپی کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە و کتێبێکیشی ئامادەیە بۆ چاپ کە ئەمانەن:

- باب و کچ ، پەروەردەیی، نڤیسین (Hri.h.Hrson.gr)، چاپخانا پارێزگەها دهوکێ، ساڵ ٢٠١٨.
- چاڤێن وێ، رۆمان، نڤیسین (بوزورگ عەلەوی)، ژ وەشانێم پەرتوکخانا، نوورسین، سال ٢٠٢٠.
- گەشتێن کریستوڤەر کولۆمبوسی، نڤیسەر (ارمسترانگ اسیری) وەرگێڕان بۆ زمانێ فارسی (محمد روشنگر)، ساڵ ٢٠٢١.
- پەری، ڕۆمان، نڤیسین (م. موئەدەب پوور)، ساڵ ٢٠٢١.
- کتێبی(زەلامێ گێڵ) ئامادەیە بۆ چاپ.




لە بەرهەمەکانی نووسەر

نووسەر و وەرگێڕ سینەم چێی، وەکو مامۆستا و ڕۆژنامەنووس و چالاکوان چەندین چالاکیی دیکەی نواندووە لەوانە:








**بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس سینەم چێی**

- لە ٢٢- ٩- ٢٠٠٩ وەکو ئەندامی کارگێڕی سەنتەری ڕۆشنبیریی کۆمەڵگای تەناهی هەڵبژێردراوە، بەشداریی چەندین کۆڕوکۆبوونەوە و سیمیناری ئەدەبی و ڕۆشنبیری کردووە.
- لە ساڵی ٢٠١١ لەگەڵ کۆمەڵێک قوتابیانی زانکۆی دهۆک بڵاوکراوەیەکی ئەدەبییان بە ناوی(تامی ئەدەب) بڵاوکردۆتەوە، کە تێیدا کۆمەڵێک بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیریان بڵاوکردۆتەوە.


– ئێستاش وەکو مامۆستا و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(مەتین) لە خزمەتکردن بەردەوامە.

بۆ نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس خاتوو سینەم چێی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر و وەرگێڕ سینەم چێیێ، هاوڕێم نووسەر و لێکۆڵەر و ڕۆژنامەنووس مامۆستا ئیسماعیل بادی لە دهۆک بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.


٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر نورەدین زازا

هەموو ژیانی خۆی لە نێوان زیندان و ئاوارەیی بەسەربردووە، شاعیر و نووسەر و مێژوونووس و وەرگێڕ، ڕەوانشاد دکتۆر نورەدین زازا...

ناوی تەواوی(نورەدین مەلا یوسف)ە، لە ١٥- ٢- ١٩١٩ لە کەناری ڕووبای(دیجلە) لە داوێنی شاخ و دیمەن جوانەکانی شاری(مەعدەن)کە دەکەوێتە نێوان شاری دیاربەکر و ئەلعەزیزییە لە باکووری کوردستان، لە خانەوادەیەکی ڕەسەن و کوردپەروەر لە دایکبووە، مەلا یوسفی باوکی و دکتۆر نافیزی برا گەورەی هاوکار و پشتگیر و پشتیوانی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ساڵی ١٩٢٥ بوونە، هەر بەو هۆیەشەوە ماوەیەکی کورت زیندانیکراون، پاش ئازادبوونیان و لەژێر گوشاری ڕژێمی دیکتاتۆری ئەوسای تورکیا ڕوویان لە ڕۆژئاوای کوردستان کردووە لە شاری(قامیشلۆ) گیرساونەتەوە.



دکتۆر نورەدین زازا بە جاحێڵی

دکتۆر نورەدین زازا، لەژێر چاودێری و ئامۆژگاری و ڕێنمایی دکتۆر نافیزی برا گەورەی پەروەردە و گۆشکراوە، چۆتە بەر خوێندن و لە ساڵی ١٩٣٨ خوێندنی ئامادەیی تەواوکردووە،




پۆلێك نووسەر و ڕۆشنبیری کورد لە شاری(لۆزان) لە وڵاتی سویسرا لە سەر گڵکۆی ڕەوانشاد
دکتۆر نورەدین زازا


دکتۆر نافیزی برای ویستوویەتی لە کۆلێژی پزیشکی بخوێنێت بەڵام ئەو حەزی لە کوردیەتیی بووە، بۆیە لە شوێنێکدا دەڵێت:(ڕووداوە ناخۆشانەی کە بەسەر گەلی کوردەوە دەهات کاریگەریەکی زۆریان لەسەرم دروست کرد، کاتێک جەنگی جیهانی دووەم دەستپێکرد، بڕیارم دا هەوڵێک بدەم و لەگەڵ هاوڕێکانم خەڵک هوشیار بکەینەوە و هەوڵی ئەوە بدەم گەلی کورد بۆ قۆناغی دوای جەنگی دووەمی جیهانی ئامادە بێت، لەبەرئەوە دیاربوو کە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێت و ئەگەری هەبوو سنوورەکانی ناوچەکە کە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی کێشرابوون، هەڵبوەشێنرێنەوە، پێشتر کورد هەڵخەڵەتێنرابوو و ببوونە قوربانیی بەرژەوەندیی زلهێزەکان و ئەرکی سەرشانمان ئەوە بوو ڕێگە نەدەین جارێکی دیکە کورد ببێتەوە بە قوربانی و کورد هوشیار بکەینەوە، براکەم دەیویست من بەشی پزیشکی بخوێنم و تێکەڵ بە سیاسەت نەبم و کاتێک دۆخی منی بینی ئیدی وازی لە من هێنا و منیش دەستم بە سیاسەت کرد).


ئەو هێشتا قوتابی بووە هەست و گیانی کوردایەتی نەش ونما کردووەو ئاشنایەتی لەگەڵ هەر یەک لە(جگەرخوێنی شاعیر، میر جەلادەت، میر کامەران بەدرخان، مەمدوح سەلیم، قەدری بەگ، جەمیل پاشا، حاجۆ ئاغا

و نوری دەرسیمی) ئاشنا و دۆستایەتی پەیداکردووە، لە ساڵی ١٩٣٧ ئەو کاتەی قوتابی بووە، لەگەڵ هاوڕێکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردی بە ناوی(هیڤی) دامەزراندووە و دەنگ و نارەزایی خۆیان و باری سەختی کوردییان گەیاندۆتە باڵوێزخانەکانی وڵاتانی بیانی لە سووریا، هەر ئەو کاتیش تیپێکی(فوتبۆل- تۆپی پێ)یان دامەزراندووە بە ناوی(کوردستان) چەندین چالاکییان نواندووە.

لە ساڵی ١٩٤٤ پەیوەندی بە پارتی(هیوا)وە کردووە و ڕووی لە عێراق کردووە، لەسەر سنووری عێراق و سووریا لە لایەن حکومەتی عیراقی دەستگیرکراوە، پاش ساڵێک زیندانیکردن، گەڕاوەتەوە وڵاتی لوبنان، لە زانکۆی فەرەنسی - لوبنانی کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی خوێندووە و لێپرسراوی بەشی کوردییش بووە لە ڕادیۆ بەیروت، لە ساڵی ١٩٤٧ زانکۆی تەواوکردووە و ساڵی ١٩٤٩ بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا چۆتە وڵاتی سویسرا، لە ساڵی ١٩٤٩ بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی(لۆزان) بەدەستهێناوە، پاشان گەڕاوەتەوە سووریا، وەکو مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی دیمەشق دەستبەکار بووە.

دکتۆر نورەدین زازا، لە ساڵی ١٩٥٧ لەگەڵ هاوڕێکانی لەوانە(عوسمان سەبری) پارتی دیموکراتی(سووریا)یان دامەزراندووە، لە ١٢-٧- ١٩٦٠ لەگەڵ هاوڕێکانی لە پارتی دیموکراتی سووریا دەستگیر دەکرێن و بڕیاری لە سیدارەدانیان بۆ دەردەچیت، لە کاتی دادگاییکردنی سەرۆکی دادگا یەکەمین پرسیاری لە دکتۆر نورەدین زازا کردووە پێی وتووە: بۆ چ پارتی هاتیە دامەزراندن و ئارمانج و داخوازێن وێ چ نە؟






**دکتۆر نورەدین زازا لە تەمەنی جیاجیادا**

ئەویش بەم جۆرە وەڵامی داوەتەوە:(پارتیا دەمۆکراتا کورد ل سووریێ، ژ بۆ پاراستنا گەلێ کورد ژ وندابوونێ هاتیە دامەزراندن و دۆزا مافێن وی یێن سیاسی، جڤاکی و چاندی دکە و هلانینا سیاسەتا نژادپەرەستیێ ژ سەر ملێ گەلێ کورد دکە).

پاش ساڵێک زیندانیکردن، بە هۆی فشاری کوردانی ناوەوە و کوردانی ئەوروپا و نارەزایی ئەدیب و رۆشنبیرانی کورد، بە(تدخل)کردنی سەرۆکی ئەو کاتی میسر، کۆچکردوو(جەمال عەبدولناسر) لێبووردنی گشتییان بۆ دەردەچێت و ئازاد دەکرێن.

دکتۆر نورەدین زازا، بەردەوام دەبێت لە خەباتکردن بۆ هێنانە دیی ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کوردی سووریا و هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان، خەباتی ئەو دەچێتە قۆناغێکی تر، ئەویش خۆ کاندیدکردن بووە بۆ پەرلەمانی سووریا، بەڵام لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی رژێمی ئەو کات تووشی گیروگرفتێکی زۆر بووە و هەرەشەی لێکراوە، ئەگەر لە خۆ کاندیدکردن نەکشێتەوە، تووشی گرتن و دەردەسەرییەکی زۆری دەکەن و رادەستی رژێمی تورکیای دەکەنەوە، بۆیە بە ناچاری روو لە وڵاتی لوبنان دەکات، لەوێ ئاشنایەتی لەگەڵ(کەمال جەنبولات و جەمیل بیار) و کۆمەڵێک کوردی دیکە پەیدا دەکات، ماجەرا و سەربردەی کوردانی(لوبنان)- یان بۆ باس دەکات، بەڵام دیارە لە وێش لەژێر گوشاری حکومەتی عێراق ئەوێش بەجێدێڵێت، بۆیە دیسان بە ناچاری روو لە وڵاتی ئوردن دەکات، لەوێش لێی ناگەرێن بحەسێتەوە، دەگەرێتەوە سووریا، لەوێ دەستگیری دەکەن و(نفي) دووری دەخەنەوە بۆ چیای(دروز) لە وێ بە(الإقامة الجبرية- نیشتەجێی زۆرەملێ)دەمێنێتەوە، بەڵام ئەو زۆر ئازاو بوێر بووە، لەوێش هەڵدێت بۆ تورکیا، دەچێتەوە ناو خێزان و کەسوکارەکانی و پێیان شاد دەبێتەوە، بەڵام دیسان دەکەوێتە بەر هەرەشەی دەسەڵاتدارانی تورکیا، ئەو لە شوێنێکدا دەڵێت:(لە رۆژنامەیەکی حکومیدا ئەو هەواڵەم خوێندەوە، کە رەگەزنامەی تورکیم لی سەندراوەتەوە) دوای خوێندنەوەی ئەم هەواڵە بە ناچاری بەرەو ئەوروپا رادەکاتەوە، لە سویسرا لە شاری لۆزان وەکو پەنابەری سیاسی نیشتەجێ دەبێت، پاش ماوەیەک دەبێتە مامۆستا لە زانکۆی لۆزان، هەر لەوێش کچە رۆژنامەنووسێکی سویسری دەناسێت و


هاوسـەرگیری لەگەڵدا دەکات، کوڕێکیـان دەبێت بـە ناوی(شـەنگۆ).

دکتـۆر نورەدیـن زازا کۆمـەڵێک بەرهـەمـی لـە نووسـینی خـۆی و وەرگێڕان هەیە کە ئەمانـەن:

- داستانی مەمی ئالان، ساڵی ١٩٥٦ لەچاپدراوە.
- ڕۆمانی(شـوانی کـورد)ی نووسـەر عەرەبـی شـەمۆی وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی بـە پیتی لاتینی.
- دیوانی شیعری(شەڕی ئازادی) لە بەیروت لە چاپدراوە.
- ژیاننامەی خۆی بە زمانی فەرەنسی ساڵی ١٩٨٢ چاپکراوە.
- کتێبی(ژیانـی کوردەواریـم) بیرەوەرییەکانـی خۆیەتـی، کـە نووسـەر(باسـت حەمـە غەریـب) وەریگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی لـە دوو توێـی(٣٩٣) لاپەڕەییدا، ناوەڕۆکی ئـەم کتێبە لە هەشـت بەش پێکهاتووە، هەر بەشـیک وێسـتگەیەکی ژیانـی خـۆی لـە منداڵییـەوە تـا سـەردەمی پەنابەرێتیـی لـە سویسـرا بـاس دەکات.

چەندیـن نووسـەر و لێکۆڵـەر و ڕەخنەگـر، تیشـکیان خسـتۆتە سـەر بەرهەمەکانی دکتـۆر نورەدیـن زازا، لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـار و ماڵپـەڕ و سـایتە ئەلیکترۆنییـەکان بڵاویـان کردۆتـەوە.

لـە ٩-١٠ -٢٠٢٢، قوتابی (بوشـرا قادر کاکـە محەمـەد) لێکۆڵینەوەیەکی لـە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژمارە(٥٢)ی سـاڵی ٢٠٢٢، بە ناو نیشـانی(لێبردنی ئەدەبی لـە چیرۆکی خورشـید)ی دکتۆر نورەدیـن زازا بڵاوکردۆتەوە.




بەرهەمەکانی دکتۆر نورەدین زازا

ئەو جگە لە ژیانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و نووسینەکانی، چەندین چالاکیی دیکەشی هەبووە، لەوانە:

- لە ساڵی ١٩٤٩ بەشدار بووە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، ماوەیەکیش سەرۆکی کۆمەلە بووە، گۆڤاری(دەنگی کوردستان)شیان دەرکردووە.
- لە ساڵی ١٩٤٩ وەکو نوێنەری هەموو پارتە کۆمەنستییەکانی کوردی لەسەر ئاستی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، بەشدارییی لە کۆنگرەی لاوانی جیهانی لە(بودابست) پایتەختی مەجرستان(هەنگاریا) کردووە.
- چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و سیاسی و فیکری و فەلسەفی، لەسەر دۆزی کوردان لە هەموو کوردستان لە ڕۆژنامەکانی(هاوار و روناهی) بڵاوکردۆتەوە.

دکتۆر نورەدین زازا، لە ٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٨ دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشیی(شێرپەنجە) لە شاری لۆزان کۆچی دوایی دەکات و هەر لەوێش نێژراوە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

لە ١٥- ١- ٢٠٢٠ نووسەر ڕۆشنبیرانی کورد لە شاری لۆزان، بە سەرپەرشتی لێژنەی کەلتووری کۆمەلگای کوردی دیموکراتی(کەدەکە- لۆزان) سەردانێکی ئارامگای دکتۆر نورەدین زازا- یان کردووە.

سەرچاوەکان:

١ - کوردیپیدیا.

٢ - ماڵپەڕیDubistane kurdi، فلمێکی دوکیومێنتاری، بەرنامەی دووربین.

٣- ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی(چاو) فلمێکی دوکیومێنتاری.

٤ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی پەیسەر، لە ١٨-٣- ٢٠٢٠.

٥ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی ANF News، لە ١٥-١-٢٠٢٠.

٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سەمەر دریّعی

هونەرمەندی شێوەکار، پسپۆری نەقش و نیگار کێشان لە سەر(جەستە-جسم)ی، مرۆڤ Body painting، خاوەنی بڕوانامەی تایبەت بە هونەری ئافرەتان و مۆسیقاژەنی پیانۆ و سۆلفیج، دکتۆر خاتوو سەمەر دریّعی...

ناوی تەواوی(سەمەر عەبدولڕەحمان دریّعی)یە، کچی شاری(عامودا)یە، بچووکترین کچی هونەرمەندی شێوەکار و مۆسیقاژەنی ناوداری کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان(عەبدولڕەحمان دریّعی)یە، لە ساڵی ١٩٧٧ لە شاری(حەلەب) لە خێزانێکی هونەردۆست و کوردپەروەر لە دایک بووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری حەلەب تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٩٧ەوە، ڕووی لە وڵاتی ڕۆمانیا کردووە و لە شاری(بوخارست) نیشتەجێ بووە، هەر لەوێ خوێندنی باڵای لە کۆلێژی هونەری شێوەکاری لە زانکۆی(بوخارست) تەواوکردووە، دواتریش بڕوانامەی ماجستێری بەدەستهێناوە، لە سەرەتای ئەم ساڵ ٢٠٢٣ دکتۆراشی هەر لە بواری هونەری وەرگرتووە، نامەی دکتۆراکەی دەربارەی پێشکەوتنی هونەر لە سووریا لە سەدەی بیستەم، کە دیراسەیەکی هونەری و ڕەخنەیی و فەلسەفییە، باسی هونەرمەندانی پێشەنگ لە بواری هونەری شێوەکاری لە قۆناغە یەک لە دوای یەکەکان لە سووریا دەکات.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەبدولوەهاب تاڵەبانی، هونەرمەند سەمەر دریعی

هونەرمەند دکتۆر سەمەر دریعی، هەر لە منداڵییەوە زۆر حەزی لە هونەری شێوەکاری و مۆسیقا بووە، کەوتۆتە ژێر کاریگەریی هونەرمەند عەبدولڕەحمان دریعیی باوکی، تابلۆکانی بە جوانیی ڕەنگەکان و گران و سەنگینی تەعبیرە(تەجریدی، سریالی، واقعی)یەکان ناسراوە، بە دەربڕینێکی قووڵ و زمانێکی هێمن و ئاسایی شێوە و ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی دەخاتە ڕوو، هەموو ئەو شەڕ و شۆڕ وماڵوێرانییەی بەسەر وڵاتەکەی و هەموو کوردستان و خەڵکەکەی هاتووە لە تابلۆکانی بە ڕوونی ڕەنگ دەداتەوە، زیاتریش بایەخی بە بار و دۆخی ئافرەتانی کورد، لە زوڵم و زۆرداری و نەبوونی و یەکسانی و خورانی مافەکانیان داوە و



خۆی و بەرهەمەکانی

دەدات، کۆمەڵێک تابلۆی جوانی کێشاوە، بەشداریشی لە چەندین پیشانگای( کەسیی و هاوبەشیی- تاکەکەسی و بەکۆمەڵ) لە ڕۆمانیا و بەشی زۆری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە.

وەکو هونەرمەندێکی مۆسیقاژەنیش خاوەنی بڕوانامەی باڵای تایبەت بە خوێندنی گۆرانی و فێربوونی ئامێرەکانی(سۆلفیج، پیانۆ)، لە پەیمانگای باڵای مۆسیقا، لە ماوەی ژیانی هونەریی خۆی چەندین چالاکی نواندووە ئەمانە هەندێکیانن:

- بە پلەی دووەم دەرچووە لە وێنەکێشانی(جەستەی مرۆڤ- جسم) لە وڵاتی ڕۆمانیا.
- لە سەر ئاستی جیهانیدا بەشداریی لە میهرەجانی ڕەسمی منداڵان لە کۆریا کردووە.
- بە ئامێرەکانی(المونیدیکا، ئەکۆردیۆن سۆلفیج، پیانۆ، ئۆرغ)مۆسیقا دەژەنێت، لە چەندین فیستیڤالی مۆسیقا و گۆرانی لە سووریا بەشدار بووە، بە دەنگێکی داهێنەر لە قەڵەمدراوە.



**هونەرمەند سەمەر درێعی و بەرهەمەکانی**

- بەشداریی لە چەندین پیشانگای تایبەت بەخۆی و پیشانگای هاوبەشی کردووە، لە ڕۆمانیا و پاریس و هەولێر و بەشی زۆری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە وڵاتانی مەغریب و تونس و تورکیا خەڵاتکراوە.
- چوار جار لە سەر یەک لە سووریا وەکو پێشەنگ لە وێنەکێشان هەڵبژێردراوە.
- لە ٢٧-٥- ٢٠١٠ پیشانگایەکی تایبەت بە(جەستە- جسم - جسد) لە هۆڵی خانچی) لە حەلەب- سووریا کردۆتەوە.
- چەندین جار وەکو ئەندامی لێژنەی(دادوەر-تحکیم) لە فیستیڤاڵی نمایشکردنی جل و بەرگ و مۆدیل) هەڵبژێردراوە.
- لە ساڵی ٢٠٠٥، لە فیستیڤاڵی(إبداع البلد)وەکو وەسیفەی دووەمی شاجوانی ئافرەتانی سووریا هەڵبژێردراوە.

لە ساڵی ٢٠١٩، نووسەر و ڕۆژنامەنووس بەڕێز عەبدولوەهاب تاڵەبانی، لە شاری بوخارست لە ڕۆمانیا، چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەگەری لەگەڵ هونەرمەند خاتوو سەمەر درێعی کردووە، تابلۆیەکیشی بە دیاری لێ وەرگرتووە، وا هاوپێچم کردووە.



**خۆی و بەرهەمەکانی**



هونەرمەند سەمەر دریعی لە یەکێ لە پێشنگا هونەرییەکانی

بەداخـەوە، هونەرمەنـد خاتـوو سـەمەر دریعـی، ئێسـتا بـاری تەندروسـتی تۆزێک ناجێگیرە، لـە یەکێ لـە نەخۆشـخانەکانی ئەڵمانیا لەژێر چارەسـەر و چاودێریی پزیشـکیدایە، هیـوا زوو چاکبوونـەوەی بۆ دەخوازیـن، بـۆ ئـەوەی بـەردەوام بێت لـە خزمەتی هونـەری شـێوەکاری و مۆسـیقا.


سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی وڵاتە مە Wlate me، لە ١- ٧-٢٠١٠.

٢ - ماڵپەڕی یەکێتیی میدیا، لە ٧- ٢- ٢٠٢١.

٣ - ماڵپەڕی جیای کورمنج، وتارێکی نووسەر جیای کورمنج، لە ٢٥-٣- ٢٠١٥.

٤ - ماڵپەڕی ڕۆناهی- قامشلۆ.

٥ - کوردیپیدیا.

٦ - نووسـەر و ڕۆژنامەنووس عەبدولوەهـاب تاڵەبانی، نووسـینگەی(الصوت الاخر) سیدنی- ئوسترالیا.

٧ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم







**بەرهەمەکانی هونەرمەند سەمەر دریعی**



# جەلال بەیار

کورە جوان و قۆزەکەی گەڕەکی(عارەبان)ی ناو شاری هەولێر، شانۆکار و ئەکتەری خاوەن ئەزموون و دیار و ناسراوی هەولێر و کوردستان، ڕەوانشاد جەلال بەیار ....

ناوی تەواوی(جەلال ئەحمەد ڕەسوڵ)ە، بە جەلال بەیار ناسراوە، ئەو کاتەی باوکی پۆلیس بووە لە شارۆچکەی(ڕانیە)ساڵی ١٩٤٩ ئەو لەوێ لە دایک بووە، دواتر لە گەڕەکی عارەبانی شاری هەولێر گەورە و پەروەردە کراوە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(فەیسەلییە) تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٦٦ باوکی کۆچی دوایی کردووە، ئەویش بۆ بژێوی ژیانی خۆی و خوشک و براکانی کە(٩) کەس بووینە، شانی داوەتە بەر کار و کاسبی و نەیتوانیوە لە خوێندن بەردەوام بێت.

هونەرمەندی شانۆکاری خاوەن ئەزموون جەلال بەیار، لە ساڵی ١٩٥٩ هێشتا قوتابی سەرەتایی بووە لە قوتابخانەی فەیسەلییە، لە تیپی سروودی(شادی) و گروپی شانۆی منداڵان، لە تەمسیلییەی(مام ڕێوی) بەشداری کردووە و دەورێکی سەرەکی بینیوە، لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو چووەتە ناو کاری هونەری، یەکەم کاری هونەریشی بەشدار بوونی بووە لە درامای مارەیی، لە بەر ئەوەی ئەکتەری ئافرەت زۆر کەم بووە، ئەویش گەنجێکی جوان و قۆز بووە، چەندین



**لە لای ڕاستەوە: سێیەم کەس جەلال بەیار، هونەرمەند چەتۆ حەسەن، هونەرمەندی دەرهێنەر تەڵعەت سامان، ئەوانی دیکەش هەموویان هونەرمەندن**



**لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، هونەرمەند جەلال بەیار، هونەرمەند محەمەد عەزیز، هونەرمەند زایەر عەبدوڵڵا**

جار دەوری ئافرەتی بینیوە، بە تایبەتی لە شانۆگەریی مەسەلەی شارێک کە دەوری(سەبریە قیت)ی بینیوە، چەندین جاریش لەسەر ئەم دەورەی لە لایەن خەڵک تانە وتوانجی لێدراوە، ئەو خۆی لە شوێنێکدا وتوویەتی:بەرد بارانیان کردووم، نزیکەی(٥٠)ساڵ وەکو ئەکتەر و لە هەندێ کاریشدا وەکو دەرهێنەر خزمەتی هونەری تەمسیلی و شانۆ و دراما و فلیم و کورتە فلیمی کوردی کردووە، لەگەڵ بەشی زۆری هونەرمەندە دەرهێنەرەکانی

شـاری هەولێـر و کوردسـتان کاری هونـەری ئەنجامـداوە لەوانە(سـەفوەت جـەڕاح، سـەباح عەبدولڕەحمـان، تەڵعـەت سـامان، زوهێـر عەبدولمەسـیح، سـەعدون یونـس، جەلیـل زەنگەنـە و چەندانـی دیکـەش)، وەکـو ئەکتەرێکـی خاوەن ئەزموونیش بەشداریی زیاتر لە(٥٠) کاری هونـەری کردووە، ئەمانە هەندێکیانن:(شـانۆگەریی چڵپـاو، شـانۆگەریی مارەیـی، شـانۆگەریی هەبـوو نەبـوو، شـانۆگەریی مەسـەلەی شـارێک، شـانۆگەریی مەحەمـەد و سـێوی، شـانۆگەریی بەزۆرکراوە بـە دکتـۆر، شـانۆگەریی قـەڵای دمدم، شـانۆگەریی مۆرانـە، شـانۆگەریی کاوەی ئاسـنگەر، شـانۆگەریی پەشـیمانی، شـانۆگەریی



لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، شاعیر نازم دڵبەند، نەناسراوە، هونەرمەند جەلال بەیار، نەناسراوە



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند زایەر عەبدوڵڵا، نەناسراوە، هونەرمەند خەلیل یابە، هونەرمەندی دەرهێنەر سەعدون یونس، هونەرمەند جەلال بەیار

خـەج و سـیامەند، شـانۆگەرەی گوڵـی نهێنـی، شـانۆگەریی ڕاشـۆمۆن، شـانۆگەریی وەلـی دێوانـە، زنجیـرە درامـای گەردەلـوول- بەشـی سـێیەم، مـەرگ ڕێگـەی نـەداوە تـەواوی بکات، شـانۆگەریی مـەم وزیـن، شـانۆگەریی ئادابـا، شـانۆگەریی مـرۆڤ و ئازارەکانـی، شـانۆگەریی مێـوان، زنجیـرە درامـای نەورۆزیکـی تـر، نووسـین و دەرهێنانـی خـۆی، درامـای تاپـۆ حەقـی چیـە، چەندانـی دیکـەش).



هونەرمەند جەلال بەیار



هونەرمەند جەلال بەیار لە کارێکی هونەریدا



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند و میدیاکار سالار کۆشار، هونەرمەند جەلال بەیار



لە لای ڕاستەوە ڕیزی پشتەوە: هونەرمەند زایەر عەبدوڵڵا، هونەرمەند چەتۆ حەسەن. لە لای ڕاست ڕیزی پێشەوە: هونەرمەند جەلال بەیار، هونەرمەند تەحسین تەها



هونەرمەند جەلال بەیار لە کارێکی هونەریدا

هونەرمەند جەلال بەیار، دەنگێکی زۆر خۆشی هەبووە، بە کوردی و عەرەبی و تورکی گۆرانی وتووە، زۆریش سەرسام بووە بە دەنگی گۆرانیبێژی ڕەوانشاد محەمەد ئەحمەد ئەربیلی، وەکو نووسینی شانۆ و شیعر و فلیم و دەرهێنان و کاری ڕێکخراوەیی ئەم چالاکییانەشی هەبووە:

- کورتە فلیمی نەورۆزی نووسیوە هەر خۆشی دەری هێناوە.

- چەند درامای تورکی بۆ تەلەفزیۆن نووسیوە و دەریشی هێناون کە بە(٧٥) ئەڵقە لە تەلەفزیۆنەکانی هەرێم پەخشکراوە.
- دامەزرێنەری تیپی شانۆی یەکێتیی لاوانی کوردستان بووە و ماوەیەکیش هەر خۆی سەرۆکی تیپەکە بووە و چەندین چالاکیشیان نواندووە.
- زۆر بایەخی بە ڕەخنەی هونەری داوە، چەندین دیمانە و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەگەری و تەلەفزیۆنی ئەنجامداوە.
- چەندین جاریش خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.

لە ٢٧-٦- ٢٠١٢ هونەرمەند جەلال بەیار کۆچی دوایی کردووە، لە شاری هەولێر بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

هەر دوو شاعیری دیار و ناسراوی شاری هەولێر و کوردستان مامۆستا عەبدولڕەحمان فەرهادی و مامۆستا سەرکەوت ڕەسوڵ شیعری مەدح و ستایشیان بۆ نووسیوە.

لە ڕۆژی ٣- ٧-٢٠٢١ لە(سالۆنی لاپەڕە ٩) لە هەولێر، کۆڕێک بۆ ساڵیادی هونەرمەند جەلال بەیار سازکراوە، هەر یەک لە هونەرمەندی ناسراو و دیاری کورد زایەر عەبدوڵڵا و نووسەر و ڕۆژنامەنووس نازم دڵبەند و بەڕێز حەمەسوار عەزیز نووسەر و ڕەخنەگری شانۆیی و بەڕێز جەمال دیلان وەکو خانەوادەی هونەرمەند جەلال بەیار ئامادە بوون، باسی ژیان



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند جەلال بەیار، هونەرمەند ڕەوانشاد شێرزاد عەبدولڕەحمان



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند جەمال دیلان، هونەرمەند زایەر عەبدوڵڵا، شاعیر نازم دڵبەند**

و کارە هونەرییەکانی ئەو هونەرمەندە نەمرەیان کردووە.

سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لقی هەولێر، گۆڕی هونەرمەند جەلال بەیار- یان نۆژەنکردۆتەوە.

تێبینی:

هەندێ لە وێنەکان بۆ یەکەم جار بڵاودەکرێنەوە، لە ئەرشیفی شاعیر و ڕۆژنامەنووس نازم دڵبەند و هونەرمەند زایەر عەبدوڵڵا وەرگیراوەن، سوپاسیان دەکەم.

سەرچاوەکان:

١ - کوردیپیدیا.

٢ - ماڵپەری ئەلیکترۆنیی Raprsi، لە ١٤- پوشپەڕی ٢٧٢٣.

٣- کوردستان ٢٤، لە ٢٧-٦-٢٠١٢.

٤ - ماڵپەڕی Asia cell، لە ٣-٧ - ٢٠٢١.

٥ - ماڵپەڕی فەیسبووکی فەرهەنگ غەفور، لە ٦-٧ - ٢٠٢٣.

٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم



# شلێر کۆیی

## لـه مابەینـی کەکۆن و هەیبـەت سـولتان
## هەلـی کـەن بەیرەقـی کـوردی لــە دەوران

خانمـه هونەرمەنـدی بـه ئەزمـوون و دیـار و ناسـراوی کـورد لـە بـواری نوانـدن، ئەکتـەر خاتـوو شـلێر کۆیـی...

نـاوی تەواوی(شـلێر ئەحمـەد)ە، لـە ناوەنـدی هونەریـدا بـە شـلێر کۆیـی ناسـراوە، لەبـەر ئـەوەی باوکـی کارەکـەی لـە ڕانیـە بـووە، لـە ٢٠-٥-١٩٦٥ لـە شـارۆچکەی ڕانیـە لـە خێزانێکـی کوردپـەروەر لـە دایک بـووە، بـەڵام بـە شـێوەی فەرمـی لـە بـاری شارسـتانێتی لـە دایکبوونەکـەی لـە شـاری کۆیـە تۆمارکراوە، دواتر چوونەتە شاری هەولێر، خوێندنی سـەرەتایی و ناوەندی هـەر لـە شـاری هەولێر تەواوکردووە، لە سـاڵی ١٩٩٦ وە، لە شـاری سلێمانی دەژییێت، ئێسـتا فەرمانبـەرە لـە بەڕێوەبەرایەتیـی هونـەری شـانۆی سـلێمانی.

ساڵی ١٩٧٨ بـە هـۆی نەبوونـی ئافـرەت لـە بـواری نواندنـدا، لەسـەر دەسـتی بـرای هونەرمەنـدی، جوانەمـەرگ (سـوبحی کۆیـی) و بـە پشـتگیریی و هاندانـی باوکـی و هەمـوو ئەندامانـی خێزانەکـەی، بـۆ یەکەمیـن جار بەشـداری لـە کارێکـی هونـەری بـە نـاوی(هـەور و سـاماڵ) کـردووە، کـە لـە دەرهێنانـی هونەرمەنـد سـەباح عەبدولڕەحمـان بـووە، بەرهەمـی دووەمیشـی بەشـداریکردنی بـووە لـە



پۆلێك لە هونەرمەندان، ڕیزی یەکەم لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی دیار و ناسراوی کورد ئەکتەر زایەر عەبدوڵڵا، لە ڕیزی دووەم: پێنجەمین کەس هونەرمەند شلێر کۆیی، ئەوانی دیکەش نە ناسراون





هونەرمەند شلێر کۆیی لە دوو کاری هونەریدا

شانۆگەریی (هەبوو... نەبوو)، کە لەسەر شانۆی هۆڵی گەل لە هەولێر نمایشکراوە، ئەویش لە دەرهێنانی هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان بووە.

ڕۆژی ١٣-١٠-١٩٨٢ ڕۆژێکی نەخوازراو و ناخهەژین بوو بۆ خانمە ئەکتەر شلێر کۆیی، ئەویش کۆچی دواییکردنی هونەرمەند(سوبحی کۆیی) برای بە ڕووداوێکی هاتوچۆ، ئەم ڕووداوە بووە هۆی ئەوەی بۆ ماوەی دوو ساڵ لە کاری هونەری دووربکەوێتەوە، لە ساڵی ١٩٨٢ بە پشتگیریی هاوڕێیانی لە هونەرمەندان و ڕۆشنبیران و بنەماڵەکەی جارێکی دیکە هاتۆتەوە ناو دنیای هونەری نواندن، تاوەکو ئێستا وەکو ئەکتەر زۆر ڕۆڵی گرنگی لە چەندین کاری هونەری لە(تەمسیلییەی ڕادیۆیی و شانۆگەری و درامای تەلەفزیۆنی و فلیم و کورتە فلیم بینیوە، لەوانە(لاس و خەزاڵ، خەج

و سیامەند، ئیمپراتۆر جانس، ئادابا، هاوار، مرۆڤ و ئازارەکان، سورمەخان، سێدارە، کۆلارە، مۆرانە، حەسەنە فەنی، گوڵەبەڕۆژەکان، جومعە، خانمی سپێدە، هەنگاوەکانی سەر خۆلەمێش، نمەخان، سایە، فلیمەکانی هەتاو، ژانی گەل، پەیکەری دڵ، زنجیرە درامای گەردەلوول، کورتە فلیمی حەسرەت، ئەنفال، هەڵۆکان، فلیمێکی تایبەت بە ژیان و بەرهەمەکانی گۆرانیبێژی



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند شلێر کۆیی، هونەرمەندی ئەکتەر جەزا



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند گۆران حەمە عەلی خان، هونەرمەند شلێر کۆیی، هونەرمەند ژاکان حەمە عەلی، هونەرمەند گلێنە حەمە عەلی، هەرسێکیان منداڵانی هونەرمەند شلێر کۆیی و حەمە عەلی خان

ئەمر محەمەدی ماملێ، شاری ئەوین، کەوەکانی قەرەچووغ، گەمەی پیر لە گوناح، ماری، هاوارێک لە حاجی قادری کۆیی و چەندین تەمسیلییەی ڕادیۆیی و چەند کاری هونەری دیکەش).

شانۆگەریی(ماری) کە لە فیستیڤاڵی شانۆی سلێمانی لە دەرەوەی کێبڕکێی فیستیڤاڵەکە لەسەر شەقام نمایشکراوە، بە باشترین شانۆگەری هەڵبژێردراوە، لە دەرهێنانی هونەرمەند ئازاد ئیبراهیم بووە.

شانۆگەریی(هاوارێک لە حاجی قادری کۆیی) کە لە نووسینی هونەرمەند




**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند حەمە سەعید ئیبراهیم، هونەرمەنی ئەکتەر شلێر کۆیی، هونەرمەندی ئەکتەر عەلی ئەحمەد**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند شلێر کۆیی، هونەرمەند حەمە عەلی خان**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی دەرهێنەر حەمە عەلی خان، هونەرمەند شلێر کۆیی**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ژاکان کچی خاتوو شلێر کۆیی، هونەرمەند شلێر کۆیی**

زایەر عەبدوڵڵا و دەرهێنانی هونەرمەند سەعدون یونس بووە، لە ناوەندی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە کاتی نمایشکردنی، هونەرمەند حەمە عەلی خان، ئەم دێرە شیعرەی حاجی قادری کۆیی خوێندۆتەوە:

لە مابەینی کەکۆن و هەیبەت سولتان


هەلی کەن بەیرەقی کوردی لە دەوران

جامەنەیەکی لە دەستدا بووە وەکو ئاڵا بەرزی کردۆتەوە و ڕایهەژاندبوو، لە سەر ئەم کارەی لێپرسینەوە لە هونەرمەند حەمە عەلی خان و لە ئێمەش لە ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان کرا، بەڵام هەموومان بە سەلامەتی لێی دەرچووین.

خانمە هونەرمەندی ئەکتەر شلێر کۆیی لەگەڵ چەندین هونەرمەندی دەرهێنەر لە شاری هەولێر و سلێمانی کاری هونەری ئەنجامداوە لەوانە(سەفوەت جەڕاح، سەباح عەبدولڕەحمان، تەڵعەت سامان، حوسێن میسری، ناسر حەسەن، سەعدون یونس، جەلیل زەنگەنە، ئازاد مەولود، حەمە عەلی خان و چەندانی دیکەش).

لە ساڵی ١٩٨٧ هاوسەرگیری لەگەڵ هونەرمەندی دەرهێنەر(حەمە عەلی خان)کردووە، خاوەنی دوو کچ و کوڕێکن بە ناوەکانی(گلێنە، ژاکان، گۆران) هەر هەموویان خوێندنی هونەرییان تەواوکردووە و لە بواری هونەریش کاردەکەن، خوا تەمەن درێژیان بکات، بۆ هونەرمەند خاتوو شلێر کۆیی و حەمە عەلی خانی هاوسەری هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بن بۆ خزمەتی هونەری شانۆ و درامای کوردی.

سەرچاوەکان:
١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی هونەرمەند خاتوو شلێر کۆیی، کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی خەندان، لە ٢٢ - ٩- ٢٠٢٠ و ٨-١٠- ٢٠٢٠.
٣ -کوردستان نیوز، فلمێکی دوکیومێنتاری، بەرنامەی(پۆرترەیت).
٤ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## زیاد ڕەشاد قادر

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ، شارەزای بواری ئەدەبیاتی منداڵان، زیاد ڕەشاد قادر..

ناوی تەواوی(زیاد ڕەشاد قادر)ە، لە ساڵی ١٩٧٤ لە گوندی(خەرابەدراو) ی سەر بە ناوچەی بەڕانەتیی نزیک شاری هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لە گوندی خەرابەدراو تەواوکردووە، خوێندنی ناوەندی لە گوندی دارەبەن و کۆمەڵگای کەورگۆسک تەواوکردووە، قۆناغی ئامادەییشی لە ئامادەیی ڕزگاری لەناو شاری هەولێر بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٩٨ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلێژی(الإدارة و الإقتصاد- کارگێڕی و ئابووری) لە زانکۆی سەلاحەدین بەدەستهیناوە، بووەتە فەرمانبەر لە دائیرەی(باجی دەرامەتی- ضريبة الدخل) لە هەولێر، تا ئیستاش بەردەوامە لە خزمەتکردن.

لە ساڵی ٢٠١٦ لە زانکۆی(یوزنجویل) لە شاری(وان)ی باکووری کوردستان بڕوانامەی ماجستێری لە ئەدەبیاتی کوردی وەرگرتووە.

شاعیر و نووسەر زیاد ڕەشاد، هەر لە سەرەتای ژیانی لاوێتیدا حەز و خولیای کەوتۆتە سەر شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، لە ساڵی ١٩٩٧ یەکەم بەرهەمی خۆی کە پەخشانێک بووە بەناونیشانی(خۆزگە شەونمییەکانی



**له لای ڕاستەوە: شاعیر ڕۆستەم خامۆش، نووسەرو ڕۆژنامەنووسی کورد ممتاز حەیدەری، شاعیر و نووسەر زیاد ڕەشاد قادر**

گوڵەکانم) لە ڕۆژنامەی داهێنان کە قوتابیانی یەکگرتوو دەریان دەکرد، بڵاوکردۆتەوە. دواتر دەستی بە نووسینی شیعر بۆ گەوران و شیعر و چیرۆک بۆ منداڵان و هەندێ بابەتی هەمەجۆری دیکە کردووە، لەم بوارانەدا کۆمەڵێک بەرهەمی سوودبەخشی چاپ کردووە و بڵاوکردووەتەوە کە ئەمانەن:

- لەسەرخۆنووسی- پرۆژەی هاتنەبوونی ڕەخنەیەکی نوێ، بە هاوبەشی لەگەڵ هەشت نووسەری دیکە، هەولێر، ١٩٩٩.
- ڕازە سادەکانی بەفر، شیعر، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- کەروێشک خەو بە فیلەوە دەبینێ، چیرۆک بۆ منداڵان، ئامادەکردن، هەولێر، ٢٠١٠.
- گوتووبێژ- نۆ گفتوگۆی ڕۆژنامەوانییە، ئامادەکردن، هەولێر، ٢٠١١.
- سۆمای پاکژ، چیرۆک بۆ منداڵان، هەولێر، ٢٠١٢.
- گوڵەئەستێرە، شیعر بۆ منداڵان، هەولێر، ٢٠١٢.
- زمان و میدیا، توێژینەوە، هەولێر، ٢٠١٣.
- منداڵێکی پایزنشین، شیعر، هەولێر، ٢٠١٤.
- لە ئەوسای منەوە بۆ ئێستای تۆ، نامەی ئەدەبی، هەولێر، ٢٠١٤.

- کزەبای سەفەر و ئاونگی منداڵی، شیعر، هەولێر، ٢٠١٥
- فەرهەنگی باج، فەرهەنگی عەرەبی ـ کوردی، ٢٠٢٢.
- تیرۆژ و تەم، شیعر، سلێمانی، ٢٠٢٢.
- دیداری ئەدەبی منداڵان، چەند توێژینەوەیەکی ئەدەبی و ڕەخنەیی، بە هاوبەشی لەگەڵ چەند نووسەرێک، سلێمانی، ٢٠٢٢.
- شیعری منداڵان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، توێژینەوە، هەولێر، ٢٠٢٣.

چەند پارچە شیعرێکی لە لایەن هونەرمەندانی کورد ئاوازیان بۆ داندراوە و کراونەتە گۆرانی.

نووسەر و ڕەخنەگرانی کورد، تیشکییان خستۆتە سەر بەرهەمەکانی شاعیر زیاد ڕەشاد.

شاعیر و نووسەر زیاد ڕەشاد قادر، سەرەڕای بەرهەمەکانی وەکو ڕۆژنامەنووس و میدیاکار چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە و هەیە لەوانە:

- لە ساڵی ٢٠٠٠- ٢٠٠٤ بەرنامەیەکی ئەدەبیی هەفتانەی لە ڕادیۆی یەکگرتوو ئامادە و پێشکەشکردووە.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر زیاد ڕەشاد قادر، ڕەوانشاد دکتۆر سەلام ناوخۆش**

- له سالّی ٢٠٠٤-٢٠٠٧ ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی یەکگرتوو بووە.
- له سالّی ٢٠٠٧-٢٠١٢ وەکو نووسەر و سکرتێری نووسین و سەرنووسەر لە گۆڤاری(جگەرگۆشەکان) کە گۆڤارێکی مانگانەی منداڵان بووە، کاری کردووە.
- چەندین لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لە دەقی(شیعر، چیرۆک، ئۆپەرێت) ی منداڵان نووسیوە، دەیان پێداچوونەوەی زمانەوانی و پێشەکی بۆ چەندین کتێبی دیکە نووسیوە.
- لە سالّی ٢٠٠٧-٢٠١٨ بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری(پەیامی ڕاستی) بووە.
- بەشداریی چەندین کۆڕو کۆبوونەوە کۆنفراسی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و شیعر خوێندەوەی کردووە، چەندانی دیکەشی پێشکەش کردووە.
- چەندین لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی و بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە



له لای ڕاستەوە: شاعیر ڕۆستەم خامۆش، شاعیر زیاد ڕەشاد قادر،
شاعیری دیار و ناسراوی کورد خاتوو گەڵاڵ ئەحمەد



له لای ڕاستەوە: دکتۆر ئیدریس عەبدوڵڵا، شاعیر زیاد ڕەشاد قادر

ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.

- چەندین جار لە لایەن دەزگا ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی هەولێرە.

بۆ شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس، زیاد ڕەشاد قادر، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی ئەدەب و زمان و وشەی کوردی.

چەند نموونەیەکی شیعری شاعیر زیاد ڕەشاد- تان، لە کۆمەڵە شیعری(تیرۆژ و تەم) بۆ دەنووسمەوە:

(١)

توند توند دەستم بە گیرفانمەوە دەگرت

بۆ ئەوەی هیچم لێ بەرنەبێتەوە

هێندەم زانی توحفەی منداڵیم لێ ون بوو و
هەموو بەیانی و هێوارەیەک
بەدوویدا دەگەڕێم و نایدۆزمەوە

(٢)
هەسپی خەیاڵ زین دەکەین و
دەڕۆینەوە سەری کۆڵانی منداڵی
ئاسمانی گەڕەک مشت دەکەین لە هەوروهەڵای نارنجی
دەچینەوە دوکانە قوڕینەکەی دایەکۆرە و
دوو شەکرۆکە بۆ تۆ و
سێ بەداملی بۆ من
دەڕۆینەوە لای حەیرانە حەزینەکانی مام خدر و
چیرۆکە مزرەکانی (شیردا لۆ داپیردا) و
دەرسە تەڕوبرەکانی نێو کتێبی باڵدار

(٣)
دەڕۆینەوە
دەڕۆینەوە سەری کۆڵانی منداڵی
ئیدی نە سەعات هەشتی سبەینان
من بۆینباخە ئاماڵ شینەکە دەکەمە ملم
نە تۆ عەتری ئیزابیلاکە لە پرچت دەدەی
نە سەعات هەشتی هێواران
گەشتی بەرفراوانی هەواڵەکانی
سەرئێشە و سیاسەت دەبیستین
دەڕۆینەوە





**بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر زیاد ڕەشاد قادر**

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر زیاد ڕەشاد قادر کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.


٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.




# عومەر عەبدوڵڵا

شـاعیر و هونەرمەنـدی شـێوەکار و وەرزشـوان و چالاکوانـی بـواری مەدەنـی و ڕێکخراوەیـی، عومـەر عەبدوڵـڵا...

نـاوی تەواوی(عومـەر عەبدوڵـڵا محەمـەد)ە، لـە سـاڵی ١٩٥٤ لـە گەڕەکی(گۆیژە)ی شاری سلێمانی لە خێزانێکی ڕۆشنبیر و ئەدەب و وەرزش دۆسـت لـە دایـک بـووە، خوێنـدنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی و سـاڵی ١٩٧٥ ئامادەیـی کشـتوکاڵی بەکرەجـۆی هـەر لـە شـاری سـلێمانی تەواوکـردووە، لـە سـاڵی ١٩٧٦ لـە پەیمانـگای کشـتوکاڵی ئەبوغرێـب لـە بەغـدا وەرگیـراوە، بـەڵام لـە بـەر چەنـد هۆیەکـی تایبـەت بـە خـۆی نەچـووە بـۆ خوێنـدن، وەکـو فەرمانبـەر لـە بەشـی(کێڵگە- حقـول) لـە کۆلێـژی کشـتوکاڵی زانکـۆی سـلێمانی دەسـتبەکار بـووە، دواتـر گواسـتراوەتەوە بەڕێوەبەرایەتیـی کشـوکاڵی سـلێمانی و بـەردەوام بـووە لـە خزمەتکـردن تـا سـاڵی ١٩٩٦ ڕووی لـە هەنـدەران کـردووە و سـاڵی ١٩٩٧ لـە شـاری(ئێرمیلۆ- Ermelo) لـە وڵاتـی هۆڵەنـدا گیرسـاوەتەوە و نیشـتەجێ بـووە.



شاعیر عومەر عەبدوڵڵا بە منداڵی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر عومەر عەبدوڵڵا، نووسەر و میدیاکار ئیحسان موفتی**

شـاعیر و شـێوەکار و وەرزشـوانی دێرینـی شـاری سلێمانی عومـەر عەبدوڵـڵا، هـەر کـە چـاوی بـە ژیـان هەڵهێنـاوە کەوتۆتـە ژێـر کاریگەریـی هـەردوو بـرای لـە خـۆی گەورەتـر، یەکێکیـان مامۆسـتای زمـان و ئەدەبـی کوردی بووە، ئەوی دیکەشیان وەرزشوان بووە، لە ماڵەوەش کتێبخانەیان هەبـووە.

ئەو هێشتا قوتابیی سەرەتایی بووە حەزی لە شیعری و ئەدەبی کوردی بـووە بـە تایبەتـی شـیعری شـاعیرانی کلاسـیکی، زۆریشـی ئەزبـەر کـردووە، مامۆسـتاکانی زۆربـەی بەیانییـان بانگـی گۆڕەپانـی قوتابخانەکەیـان کـردووە و شـیعری شـاعیرانی خوێندۆتـەوە، بەهـرە و توانـای هونـەری شـێوەکاری لـە ڕەسـم و نیگارکێشـانیش هەبـووە، زۆریـش حـەزی لـە وەرزش بـووە.

لە سـەرەتای شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو، ئـەو کاتـەی قوتابـی بـووە لـە قوتابخانـەی(بێخـود)ی سـەرەتایی، مامۆسـتا(عومـەر عەلـی ئەمیـن) مامۆسـتای هونـەری شـێوەکارییان بـووە، جـار و بـار وێنەکانـی ئـەوی لـە پێشـانگای قوتابخانـەکان نمایشـکردووە و هانـی داوە بـەردەوام بێـت لـە نیگارکێشـان، دواتـر لـە قۆناغـی ناوەندیـش هونەرمەنـد(عەلـی جـۆڵا) وانـەی هونـەری پـێ

وتـوون، بـەڵام دیـارە ئـەو، ئـەو كات زیاتـر بایەخـی بـە وەرزش داوە.

شـاعیر و هونـەرمەنـدی شـێوەكار و وەرزشـوان عومـەر عەبدوڵـڵا، لـە كۆتایـی شەسـتەكانی سـەدەی ڕابـردوو، گڕوگاڵـی شـیعر نووسـینی كـردووە، ئـەو زۆربـەی شـیعرەكانی لەسـەر شـێوازی شـیعری كلاسـیكی نووسـیوە، پێنـج خشتەكیشـی لەسـەر شـیعری شـاعیرانی كلاسـیكی نووسـیوە لەوانە(حەریـق، وەفایـی، نالـی، كـوردی، عەلـی عـارف ئاغـا و چەندانـی دیكـەش)، لـە سـاڵانی ١٩٧٠ – ١٩٧٣ چەندین پارچـە شـیعری لەوانە(ئـازار و بەهـار، بـەدەم ڕێگاوە)، شـیعر و چیرۆكیشـی بـۆ منـداڵان نووسـیوە، هەندێكـی لـەم بەرهەمانـەی لـە پاشـكۆی(العراق) و ڕۆژنامەكانـی هـاوكاری و(طریـق الشـعب) بڵاوكردۆتـەوە، بـەڵام دیـارە بـۆی نەلـواوە تـا ئێسـتا هیـچ دیوانێكـی شـیعری چـاپ كردبێـت، لـەم دواییـەدا دیوانێكـی شـیعری ئامادەیـە بـۆ چـاپ.

لـە بـواری شـێوەكاریش، ئـەو مەڕەسـمێكی لـە ماڵەكـەی خۆیـدا هەیـە، تـا ئێسـتا چەندیـن تابلـۆی جوانـی كێشـاوە و(٤) پیشـانگای تایبەتـی كردووەتـەوە و لـە چەنـد فیسـتیڤاڵی و پیشـانگای هاوبەشـیش، بـە چەنـد تابلۆیـەك بەشـداریكردووە .

لـە بـواری وەرزشـیش ئـەو وەرزشـوانێكی دێرینـی شـاری سلێمانییە، ، ئـەو كاتـەی قوتابیی ناوەندی و ئامادەیی بووە، وەكو (گۆڵچی)لـە تیپەكانی(گـۆران،



لە لای ڕاستەوە: نووسەرو ڕۆژنامەنووس سەردار فەتاح ئەمین، نووسەرو هونەرمەند عومەر عەبدوڵڵا

یەکگرتووی سەروو، تیپی وەرزشی دیمەن، یانەی سیروان، هەڵبژاردەی لاوانی سلێمانی، هەڵبژاردەی پەروەردەی سلێمانی، تیپی هەڵبژاردەی سەربازی لە ئۆردوگای غزلانی)بەشداربووە.

ئەو لە کوردستان و وڵاتی هۆڵەندا چەندین چالاکیی دیکەشی هەبووە کە ئەمانە:

- لە بواری وەرزشیدا زیاتر لە(٦)ساڵی لە یانەی تۆپی پێی منداڵانی ئێرمیلۆ- E . F. C) لە هۆڵەندا ڕاهێنەر بووە.



لە لای ڕاستەوە: شاعیر عومەر عەبدوڵڵا، شاعیر و ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا عەباس



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و لێکۆڵەر محەممەد ساڵح بەرزنجی، شاعیر عومەر عەبدوڵڵا



له لای ڕاستەوە: شاعیر عومەر عەبدوڵڵا، هونەرمەند ئیسماعیل خەیات



شاعیر عومەر عەبدوڵڵا لە کاتی ڕاهێنانی تیپی منداڵانی شاری ئێرمیلۆ لە هۆڵەندا

- ماوەی زیاتر لە(٢٠) ساڵ خۆبەخشانە سەرپەرشتی و ڕێنمایی گروپێکی هونەریی تەمەن سەرووی(٥٠) ساڵ لە ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی ڤێلزاین-ئێرمیلۆ- Welzijn Ermelo) لە هۆڵەندا کردووە.
- لە ١ - ١٠ ٢٠٢٠ لە کاری خۆبەخشانەکەی وەستاوە و ئاهەنگێکی خەڵات و ڕێزلێنانیان بۆ سازکردووە.
- لە ٢ - ٤ - ٢٠٢٣ ڕێکخراوی وەرزشکارە دێرینیەکانی سلێمانی، وەکو خەڵات و ڕێزلێنان،(مەدالیا و قەڵغان)یان پێ بەخشیوە.
- لە بەشی زۆری کۆڕوکۆبوونەوە و کۆنفراسە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکاندا

لـه هۆڵەنـدا و ئەگـەر لـە کوردسـتانیش بێـت ئامـادە و بەشـدار بـووە و دەبێت.

خێزاندارە و هاوسـەرگیری لـە گەڵ خاتوو(نەرمین تۆفیق) کردووە و خاوەنی سێ کوڕ و کچێکن بـە ناوەکانی(نەوبیـن، گەشـبین، نەوژیـن، ڕابـەر) خـوا تەمـەن درێژیان بکات.

بـۆ هونەرمەنـد و شـاعیر عومـەر عەبدوڵـڵا، هـەر سـەرکەوتوو و بـەردەوام بێـت بـۆ خزمەتـی ئـەدب و هونـەری کـوردی.





لە چالاکییە هونەرییەکانی شاعیر عومەر عەبدوڵڵا




تابلۆی ژنانی کۆبانی بەرهەمی ناوبراو



لە لای ڕاستەوە: شاعیر عومەر عەبدوڵڵا، کچە شاعیری هۆڵەندی Dorien Van Dijk، شاعیر Kees Veeser

نموونەی پێنج خشتەکی شیعری شاعیر عومەر عەبدوڵڵا:

پێنج خشتەکی لە سەر شیعری شاعیر(حەریق):

**لە مەدرەسەی عەشق فێر بووم عەشق موحیبەتە و بەس**
**بۆ تۆ ئیفتخاری جەماڵ ، بۆ من گڕی قەقەنەس**
**من لەناو ناری موحیبەت تۆ لە سەماو کەیف و هەوەس**
**(حوزنی من و حوسنی تۆ ئەشکالە تا ئاخر نەفەس**
**بۆچ زەکاتی حوسنی تو یا حوزنی من ناگا بەکەس).**


❊❊❊❊❊❊❊❊

نـوێـژی عـەشـقی دڵـی مـن  لـە مـیحرابی تـاقی ئـەبرۆت
سـەد فرسـەق  ڕێگـەی بـڕیـوە  شکـانی زنـجیر و کـۆت
بـۆ تـەوافی  گـوڵـشەنـی لێـو  سوجدەی حزور دەبا بـۆت
( چـۆن ئـەکەی مەنعی دڵـی من تۆ لـە شەهدی لێوی خـۆت
لێوی تـۆ وەک شـەکرستـان و  دڵـی مـن وەکـو مـەگـەس).




Inloop We
Kansen voor iedereen
*Vrijwilligerswerk 20-jarig jubileum*
*uitgereikt aan*
**Omer Hakim**
*als erkenning voor*
*uw toewijding, passie en inzet*
WAFA FARE — Naam/titel van uitreiker
01-10-2020 — Datum
welzijn





بەرهەمەکانی هونەمەند عومەر عەبدوڵڵا


**************

**دڵ بــۆ جـوانـــی مــاهی ڕوخسار پـەتی لــە گـەردن مـەکـە**
**پـەروانــە بۆ شەمعی روومــەت تــەسلیم بە مردن مـەکــە**
**لــە گـوڵــزاری جـوانـیـتا مەنــعی مـورغی چـەمەن مـەکـە**
**( چــاوەکەم لەو بــاخی حــوسنە مەنعی چاوی من مــەکە**
**لازمــە بــۆ پاسەوانی باخەکەت جــووتێ حـەس حـەس ).**

سەرچاوەکان:

١ – ژیاننامــەی شـاعیر و هونەرمەنـدی شـێوەکار عومــەر عەبدوڵــڵا، کـە لـە سـەر داخوازیـی مـن بـۆی نـاردووم، سوپاسـی دەکـەم.

٢ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عومەر چاوشین

زیاتر لە(٤٤)ساڵ لە تەمەنی خۆی تەرخانکردبوو بۆ خزمەتی هونەری نواندن، هونەرمەندی شانۆ و درامای کوردی، ڕەوانشاد عومەر چاوشین....

هونەرمەندی ئەکتەر عومەر چاوشین لە ساڵی ١٩٤٢ لە گەڕەکی(گۆیژە) ی شاری سلێمانی لە دایک بووە، پاش خوێندنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی، حەز و خولیای چۆتە سەر هونەری نواندن، لە ساڵی ١٩٦٧ بووەتە ئەندام لە تیپی نواندنی سلێمانی، بە هۆی نەبوون و کەمیی ئەکتەری ئافرەت، لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو تا کۆتایی هەشتاکان، زۆر جار لە گەڵ هونەرمەند حاجی مەکی(عەلییە فەندی)دا دەوری ئافرەتی بینیوە، کۆمەڵێک چیرۆکی تەمسیلیان بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووک تۆمارکردووە.



هونەرمەند عومەر چاوشین
بە جاحێڵی

هونەرمەند عومەر چاوشین لەگەڵ تیپی نواندنی سلێمانی و تیپە هونەرییەکانی دیکە بەشداریی کۆمەڵێک بەرهەمی هونەریی لە



هونەرمەند عومەر چاوشین لەگەڵ کۆمەڵێك ئەکتەر و هونەرمەند



هونەرمەند عومەر چاوشین لە دەوری ئافرەتدا

تەمسیلییە و شانۆگەری و دراما و فلیمی تەلەفزیۆنی کردووە، لەگەڵ بەشی زۆری هونەرمەندە دەرهێنەرەکانی سلێمانی کاری کردووە لەوانە(حوسێن میسری، ئەحمەد سالار، جەلیل زەنگەنە، شەهرام عەلیدی و چەندانی دیکەش)، ئەکتەرێکی بە توانا و خاوەن ئەزموون بوو، زیاتر لە(٥٠) کاری هونەری ئەنجامداوە لەوانە(پیسکەی تەڕپیر، جەنابی موفەتیش، ژن بەژن، ماوتە کاولی کەی، شایی خوێناوی، گۆڕهەڵکەن، مشتەی ناو هەمانە، مەکری ژنان، لە چایخانەدا، بلیت و زاوا، کرێگرتە، مەلمووس، قلێشایەوە،

کێچ، سێ گوڵی ژاکاو، چاوی ڤێتنام، شێخی تەپڵەڕەش، دڵۆپێ خوێن، مامە خەمە و چەندانی دیکەش).

هونەرمەند عومەر چاوشین لە ساڵانی دووهەزارەکان دەوری سەرەکی لە فلیمی(سرتە لە گەڵ با)بینیوە کە لە دەرهێنانی هونەرمەند(شەهرام عەلیدی) بووە، لە ساڵی ٢٠١٠ ئەو دەرهێنەرە لە ڤیستیڤاڵی(فەرەنسا) بەشداریی بەو فلیمە کردووە، بەبێ بەشدارکردنی هونەرمەند عومەر چاوشین کە بە باشترین ئەکتەر هەڵبژێردراوە، کەسیش نەیزانیوە خەڵاتەکە چی بووە!!!



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند عومەر چاوشین لە دەوری ئافرەتدا، هونەرمەندی گۆرانیبێژ ڕەسووڵ گەردی



هونەرمەند عومەر چاوشین



تەرمی ئەکتەر عومەر چاوشین

هونەرمەند عومەر چاوشین زیاتر لە(٤٤)ساڵ لە تەمەنی خۆی بۆ خزمەتی هونەری کوردی تەرخانکردبوو، کەچی لەم ساڵانەی دواییدا لە سەر شەقام و کۆڵانەکان و ماوەیەکیش لە حەمامی بەڕێوەبەرایەتیی سینەمای هەولێر دەنووست.

- هونەرمەند عومەر چاوشین، دەیان جار خەڵاتکراوە لە فیستیڤاڵە هونەرییەکان.

دوای ململانێیەکی زۆر لە گەڵ نەخۆشی لە ئێوارەی ڕۆژی ١٥- ١- ٢٠٢٣ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە، زۆر بێ ناز و نیعمەتیش هەر لەوێ بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕوحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.


سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی کوردستان پۆست، وتارێک لە ٢٦-١-٢٠١١.

٢ - کوردیپێدیا.

٣ - RUDAW TV، ١٥-١-٢٠٢٣.

٤ - ماڵپەڕی فەیسبووکی هەڵکەوت زاهیر، لە ١٥-٩- ٢٠١٩.

٥ - ماڵپەڕی WESTGA، لە ١٥-١- ٢٠٢٣.

٦ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## سۆلاڤ شەیدا

هونەرمەندی شانۆ و دراما و سینەمای کوردی، ڕەوانشاد سۆلاڤ شەیدا، ناوی تەواوی(سۆلاڤ محەمەد غەریب)ە، لە ناوەندی هونەری بە سۆلاڤ شەیدا ناسراوە، لە ساڵی ١٩٨٦ لە گەڕەکی(دارۆغا) کە یەکێکە لە گەڕەکە هەرە کۆنەکانی شاری سلێمانی لە خێزانێکی سادە و هونەر دۆست لە دایک بووە، باوکی لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، هونەرمەند بووە لە گەڵ هونەرمەندان(تەها خەلیل، ئەحمەد سالار، شەمالی عەبەڕەش) بەشداریی لە چەندین کاری هونەری کردووە، بۆیە ئەو هێشتا قوتابی سەرەتایی بووە، حەزی لە وەرزش و بالە و باسکت بۆڵ و ئیستیعراز بووە، زۆر چاپووک و چالاک بووە، لە چالاکیی قوتابخانەکان و ئۆپەرێتەکان بەشداری کردووە، زۆر حەزی لە هونەری نواندن بووە، بەڵام زۆریش شەرمن بووە، باوکی هانی داوە، لە ساڵی ١٩٩٢ بۆ یەکەمین جار لە گەڵ خۆی بردوویەتی بۆ بەشداریکردن لە کارە هونەرییەکانی وەکو دراما بۆ مانگی ڕەمەزان و هەڵپەڕکێ و نواندن، پاشان لەبەر چەند هۆیەکی تایبەتی بە باری کەسایەتیی خۆی ماوەیەک لە بواری هونەر دوور کەوتۆتەوە.

ئەکتەر و سینارست و دەرهێنەر خاتوو سۆلاڤ شەیدا لە ساڵی ٢٠٠٧ لە زنجیرە درامای(لە گوڵێک کاڵتر) کە لە دەرهێنانی هونەرمەند لوقمان




لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی دەرهێنەر زوهێر عەبدولمەسیح، هونەرمەند سۆلاڤ شەیدا



لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، هونەرمەند سۆلاڤ شەیدا، نەناسراوە، نەناسراوە

غەریب بووە، بەتەواوی دەرکەوتووە، لەگەڵ دەرهێنەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر یەک لە هونەرمەندان(جەمیلی ڕۆستەمی و حەسەن عەلی) کاری کردووە، لە کارە سەرکەوتووکانی فلیمی(ژانی گەل) کە لە ڕۆمانی ژانی گەلی نووسەر مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد وەرگیراوە، ئەو حەزیشی لێ بووە کە لە گەڵ هونەرمەندانی ڕۆژهەڵات کاربکات.

هونەرمەند سۆلاڤ شەیدا، وەکو ئەکتەر بەشداریی لە چەندین کاری هونەری جوان لە شانۆ و دراما و فلیم و کورتە فلیم کردووە لەوانە(ژانی گەل، درامای بەختە باران، گەڕەکی داهۆڵەکان، سێکوچکەی مەرگ، کەواتە

چاوەڕێ بە، تاقیکردنەوە، کورتە فلیمی سۆما، دەنگدان، مایکرۆفۆن، ژیلەمۆ، دووپشک، لە گوڵێک کاڵتر، چپەی ڕابردوو، براوە و دۆڕاوەکان، ژوانێک بۆ خۆشەویستی، کوێخا سێوێ، کورتە فلیمی فرمێسکی تارا و چەندانی دیکەش).

- وەکو سیناریۆنووسیش خەڵاتی باشترین سیناریۆی بۆ کورتە فلیمی(فرمێسکی تارا) لە فیستیڤاڵی(نا بۆ توند و تیژی)وەرگرتووە.
- خەڵاتی لاوی ساڵی لە لایەن سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان پێ



لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، هونەرمەند سۆلاڤ شەیدا




لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، هونەرمەند سۆلاڤ شەیدا، نەناسراوە، نەناسراوە

بەخشراوە، خەڵات و ڕێزلێنانی بابیلۆنی وەرگرتووە، وەکو ئەکتەریش خەڵاتی باشترین ئەکتەری وەرگرتووە لە کورتە فلیمدا.

- هەر لە ڕێگەی فلیمەکانییەوە بەشداریی چەندین فیستیڤاڵی سینەمایی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات کردووە.

هونەرمەند خاتوو سۆلاڤ شەیدا لە ڕۆژی ١٧ - ٧ - ٢٠٢٣ لە نەخۆشخانەی هیوا لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.



هونەرمەند لە کارێکی هونەریدا



هونەرمەند لە کارێکی هونەریدا


سەرچاوەکان:

١ - کوردیپیدیا.

٢ - ویکیپیدیا ئینسکلۆپیدیا ئازاد.

٣ - ماڵپەری spee media، لە ١٧ - ٧ - ٢٠٢٣.

٤ - ماڵپەڕی Rudaw، لە ١٧ - ٧ - ٢٠٢٣.

٥ - ماڵپەڕی Khak tv، لە ١٧ - ٧ - ٢٠٢٣.

٦ - Youtube، فلیمێکی دوکیومێنتاری لە , Chatr Film, بەرنامەی هونەر و ژیان، ئامادە و پێشکەشکردنی میدیاکار ئازاد بایز.

٧ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عەلی ئەحمەد

هونەرمەندی ماندوونەناس و هەژار، هونەرمەندی بواری تەمسیل و شانۆگەریی و درامای کوردی، عەلی ئەحمەد...

ناوی تەواوی(عەلی ئەحمەد خدر حەمەدەمین)ە، لە ناوەندی هونەری بە عەلی ئەحمەد ناسراوە، لە ساڵی ١٩٤٩ لە گەڕەکی(تەیراوە)ی ناو شاری هەولێر لە خێزانێکی هەژار و دەستکورت لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و تا پۆلی سێی ناوەندی هەر لە شاری هەولێر خوێندووە، لە بەر سەختیی ژیان و نەبوونی خێزانەکەی، نەیتوانیوە بەردەوام بێت لە خوێندن، لە نیوەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بۆ ماوەی چەند ساڵێک بووەتە کارمەند لە شارەوانیی هەولێر، دواتر لەسەرەتای حەفتاکان، وەکو کارمەند لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی جەماوەری لە هەولێر دامەزراوە.




هونەرمەند عەلی ئەحمەد

هونەرمەندی ئەکتەر عەلی ئەحمەد، هەر لە منداڵییەوە حەزی لە هونەری تەمسیل


هونەرمەند عەلی ئەحمەد لە چالاکییەکی هونەریدا


هونەرمەند عەلی ئەحمەد


و شانۆگەریی بووە، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٠ بۆ یەکەم جار وەکو ئەکتەر بەشداری لە شانۆگەریی(مارەیی)کردووە، دواتر لە شانۆگەریی(مەسەلەی شارێک)، بەم جۆرە بە تەواوی چۆتە ناو دنیای هونەری تەمسیل و شانۆگەری و درامای تەلەفزیۆنی، ئەو لە تەمەنی هونەریی خۆیدا بەشداریی زیاتر لە(٤٠) کاری هونەری کردووە کە ئەمانە هەندێکیانن:(



شـانۆگەرییەکانی(چڵپاو، لـە دەرهێنانـی هونەرمەنـد سـەباح عەبدولڕەحمـان، هەبـوو نەبـوو، چیرۆکـی مـام سـمایل، جەنابـی جانـەوەر، میوانـی ناوەخـت، ئادابـا، شـاە-شایە، کەونە دەرکە، گەڕەکەکەمـان، قەڵای دمدم، گوڵی نهێنی، لاس و خـەزاڵ، خـەج و سیامەند، پرسـەی سیراجەدین، ئەفسانەی چیـای ئاگریـن، بـەرەو خـۆر، قرنێـس، کەوەکانـی قەرەچـووغ، ئـەو پیـاوەی لـە مـردن گـەڕاوە، یۆلیۆس قەیسـەر، فیلەکانی جەمـۆ، گۆرانییـەک لـە باوەشـی تاریکیـدا، درامـای یوسـف ناگەڕێتـەوە و چەندانـی دیکـەش).

هونەرمەنـد عەلـی ئەحمـەد، لەگـەڵ هـەر یـەک لـە هونەرمەندانـی دەرهێنەر(سـەفوەت جـەڕاح، سـەباح عەبدولڕەحمـان، تەڵعـەت سـامان، زوهێر عەبدولمەسـیح، سـەعدون یونـس، فەرهـاد شـەریف، عەدنـان عوسـمان، هیـوا سـوعاد و چەندانـی دیکـەش) کاری هونـەری ئەنجامـداوە.







**هونەرمەند عەلی ئەحمەد لە چەند چالاکییەکی هونەریدا**

ئەو لە ساڵی ١٩٧٨ەوە، ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانی عێراقی و کوردستانە.

- هەر لە دامەزراندنی تیپی هونەریی هەولێر(شانۆ- مۆسیقا، هەڵپەڕکێ) وەکو ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر بووە.

هونەرمەند عەلی ئەحمەد، زیاتر لە(٥٣)ساڵ خزمەتی هونەری تەمسیل و نواندنی کوردی کردووە، هەموو کارە هونەرییەکانیشی زۆر بەسەرکەوتوویی جێبەجێ کردووە، هەمیشە و هەرگیز خاوەن هەڵوێست و ڕەوشت و ڕەفتارێکی جوان بووە. هونەرمەند عەلی ئەحمەد کە لە ناوەندی هونەری و جەماوەردا بە(مام عەلی) ناسراوە، بەڕاستی شایەن و شایستەی خەڵات و ڕێزلێنانە، هەر سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی هونەری تەمسیل و شانۆ و دراما و فلیمی سینەمایی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژتاننامەی هونەرمەند عەلی ئەحمەد، کە لە سەر داخوازیی من بۆی ناەدووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم



# نەجمەدین غوڵامی

هونەرمەندی پێشمەرگە و شۆڕشگێر، هونەرمەندی خاوەن سروودی (بەرگری- مقاومة)، هونەرمەندی خاوەن ستایلی تایبەت بە خۆی، گۆرانیبێژ نەجمەدین غوڵامی..

هونەرمەند نەجمەدین غوڵامی لە ٢١ی ئاداری ساڵی ١٩٥٨ لە گەڕەکی(گوڵشەن) کە یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکانی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە خانەوادەیەکی هونەردۆست و کوردپەروەر لە دایک بووە، باوک و مامی دەنگخۆشی سەردەمی خۆیان بوونە، ئەو هەر لە منداڵییەوە حەزی لە گۆرانی و مۆسیقا بووە، کەوتۆتە ژێر کاریگەریی باوک و مامیشی، خۆی لە شوێنێکدا دەڵێت:(زۆر منداڵ بووم کە لە مەیدانی وەرزشی گەڕەکی گوڵشەن لە شاری سنە، دار چنارێک هەبوو، زۆر جاران دەچوومە سەر ئەو دار چنارە دەستم بە گۆرانیی وتن دەکرد، خەڵکیش گوێیان لێدەگرتم.....هتد).



هونەرمەند نەجمەدین غوڵامی
بە جاحێڵی



له لای ڕاستەوە: نەجمەدین غوڵامی، هونەرمەند ناسری ڕەزازی



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند نەجمەدین غوڵامی، شاعیری گەورەی کورد نەمر شێرکۆ بێکەس

هونەرمەندی گۆرانیبێژ نەجمەدین غوڵامی سەرەتا بە گۆرانیی(گەڕیان) ڕیتمی حەوت لە سەر هەشت، کە ئەو کات لە شاری سنە و دەوروبەری باو بووە، دەستی بە گۆرانیی وتن کردووە، لە تەمەنی(١٠-١٢) ساڵیدا لەگەڵ هەر یەک لە گۆرانیبێژان(حەمە کەچەڵ، مەڵێ دۆم، هۆشەنگ) گۆرانیی گەڕییانیان وتوە، بۆ یەکەمین جار بە یارمەتیی هونەرمەندی

گەورەی کورد ڕەوانشاد عەباسی کەمەندی، لە کۆشکی لاوانی شاری سنە، یەکەمین بەرهەمی هونەریی خۆی تۆمارکردووە، جگە لە گۆرانییە ئەڤینی و سروودە نیشتمانپەروەرییەکانی، لە گۆرانیی وتن شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەویش گۆرانیی(گەڕیان و چەم و شارە) لەم شێوازی گۆرانیی وتنە سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدیهێناوە، پێشتریش لە شاری سنە گەلێک گۆرانیبێژی دیکە بەم شێوازە گۆرانییان چڕیوە لەوانە(نەرۆزی، نەوبەری، خەلیقی، عەلەوی، باقرەسیا، حەمە کەچەڵ، مەڵێ دۆم و چەندانی دیکەش)، ئەو سوودی لە هەموو ئەو هونەرمەندانە وەرگرتوە، بەشی زۆری گۆرانییە ڕەسەنەکانی شاری سنەی بە شێوەیەکی نوێ و جوان زیندووکردۆتەوە.

هونەرمەند نەجمەدینی غولامی لە تەمەنی(١٨)ساڵیدا و پێش ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران، چەند گۆرانییەکی ئەڤینی لە دوو شریتدا بە ئۆرکسترای جاز لە کۆمپانیای(ئاونگ) لە شاری تاران تۆمار و بڵاوکردۆتەوە، زۆر هەواداران و کڕیاریشی هەبووە.

لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران، بە یارمەتیی ژەنیارانی بەتوانا برایانی(نیکخا) بە نهێنی چەند سروودێکی شۆڕشگێری و بەرەنگاری



**لە لای ڕاستەوە: شاعیری شەهید دڵشاد مەریوانی، هونەرمەند نەجمەدین غولامی**






**نەجمەدین غوڵامی خاتوو شەرافەت خالیسیان هاوسەری نەجمەدین غوڵامی لە دوو وێنەدا**

تۆمارکـردووه لەوانە:(چەکهەڵگـری خاکێکـم، ئـەی پێشـمەرگەی قارەمـان، جووتیـار و پاڵـە و ڕەنجبـەران) کـە ببوونـە وێـردی سـەر زمانـی هەمـوو پێشـمەرگە و خەڵکـی شـۆڕشـگێری ڕۆژهـەڵات و باشـووری کوردسـتان تـا ئێسـتاش هـەر لێدەدرێتـەوە، دوای ڕووخانـی ڕژێمـی پاشـایەتی و هاتنـی ڕژێمـی ئیسـلامی لـە ئێـران، ئـەو بۆتـە پێشـمەرگەی (کۆمەڵـە) و تێکـەڵ بـە


کاری سیاسی بووە، جگە لە کاری پێشمەرگایەتی، لەگەڵ هەر یەک لە هونەرمەندان(ناسری ڕەزازی، غولام عەلی ئاتەش ناسراو بە-کاڵێ-، مەرزیە فەریقی، ڕەزا یوسف، سابیر محەمەدی، فەزیبۆرز فەخاری و چەندانی دیکە) کۆڕی(بانگەواز)یان دامەزراندووە، چەندین گۆرانی و سروودی شۆڕشگێڕییان تۆمارکردووە.

هونەرمەند نەجمەدین غولامی تا ئێستا(٢٣) ئەلبۆمی لە گۆرانی و سروود بڵاوکردۆتەوە، ئەمانە هەندێکیانن:

- شەتاو (١٩٩٥).
- پیری موغان (١٩٩٧).
- خان و مان (١٩٩٨).
- من و تۆ (٢٠٠١).
- نیشتمان (٢٠٠٥).
- هاژەی خۆزگە (٢٠٠٧).

جگە لە کۆنسێرت و بەرنامە ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنییەکانی وەکو(شنەی



میلۆدی، دیدار و چاوپێکەوتنی هونەری و سیاسی) ، نزیکەی(١٥) بەرهەمیشی ئامادەیە بۆ تۆمارکردن.

چەندین بەرهەمی بە دوو قۆڵی لە گەڵ هونەرمەند ناسری ڕەزازی لەوانە (من نازدار و نازدار، نەخۆشم، چاوی کاڵم، ئای چەندم خۆشدەوێ).

کلیپی گۆرانی بۆ کۆڵبەران و قوربانیانی کۆلبەران کردووە، بۆ ژنە شەرڤانانی کۆبانیش گۆرانی وتووە، خاوەنی سروودی(ڕێبەندان، دەریهاوێشت تۆوی دژی، ڕەنجبەر، بژی بژی بژی...) چەندانی دیکەیە).

بەشێک لە گۆرانییەکانی خۆی ئاوازی بۆ داناون.

لە چەندین فیستیڤاڵی هونەر و مۆسیقا لە ڕۆژهەلات و باشووری کوردستان و وڵاتانی ئەورووپا وەکو(سوید، ئەڵمانیا، هۆڵەندا و چەندین وڵاتی دیکە) لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کوردی بەشدار بووە.

هاوسەرگیری لەگەڵ کچی خاڵی، خاتوو(شەرافەت خالیسیان) کردووە، خاوەنی دوو کوڕن بە ناوەکانی(هێرش و هێژا)، خوا تەمەن درێژیان بکات.

هونەرمەند نەجمەدین غولامی لە وڵاتی سوید دەژییێت، ئەو هونەرمەندێکی شۆڕشگێر و کوردپەروەرە، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی.


سەرچاوەکان:

١- Midia tv، فلمێکی دوکیومێنتاری لە Youtube.

٢- ماڵپەڕی فەیسبووکی شەهید دڵشاد مەریوانی، لە ٤-٤- ٢٠١٨.

٣ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی day megezine. .

٤ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی Xendan، لە ٣١- ١٢- ٢٠٢٠.

٥ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی Rudaw، لە ٨- ٢- ٢٠١٥.

٦ - ماڵپەڕی Wikiwand..

٧ -گولان میدیا، لە ٢٨-١٢- ٢٠١٠.

٨ - کوردیپێدیا.

٩ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

١٠ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## دکتۆر حەمە مەنتك

مامۆستای زانکۆ، نووسەر و لێکۆڵەر دکتۆر حەمە مەنتک...

ناوی تەواوی(محەمەد ئەحمەد حەسەن)ە، بە دکتۆر حەمە مەنتک ناسراوە، لە ١- ١- ١٩٨١ لە خێزانێکی دەستکورت لە شاری هەولێر دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(ئیبن مستوفی) و ناوەندی لە ناوەندیی(دڵداری کوڕان) و ئامادەییشی لە ئامادەیی(ئەحمەدێ خانی) لە هەولێر تەواوکردووە، لە ساڵی ٢٠٠٥ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووە، وەکو فەرمانبەر لە کۆلێژی پزیشکی لە هەولێر دەستبەکار بووە، دواتر بەردەوام بووە لە خوێندنی باڵا لە ساڵی ٢٠١٣ بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردی- لە بەشی زمانی کوردیی سکوولی زمان لە زانکۆی سلێمانی بەدەستهێناوە و بۆتە مامۆستا لە پەیمانگای تەکنیکی لە شاری کۆیە، ئەو هەر بەردەوام بووە لە خوێندن لە ساڵی ٢٠١٨، دکتۆرای لە ئەدەبی کوردیی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین بەدەستهێناوە، ئێستا وەکو مامۆستا لە کۆلێژی پەروەردەی شەقلاوەی سەر بە زانکۆی سەلاحەدین لە خزمەتکردن بەردەوامە.

دکتۆر حەمە مەنتک هێشتا قوتابیی ناوەندی بووە حەز و خولیای چۆتە




**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر ئەنوەر قادر جاف، دکتۆر حەمە مەنتك**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر مامۆستا یوسف مەنتك، دکتۆر حەمە مەنتك**

زمان و ئەدەبی کوردی، ئەو شیعری شاعیرانی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی و عەرەبی و شاکارە وەرگێڕدراوەکانی عەرەبی و جیهانی خوێندۆتەوە، پاشخانێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی پوختی بۆ خۆی پەیداکردووە.

دکتۆر حەمە مەنتک نۆبەرەی بەرهەمەکانی بە چەند نووسین و لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی دەستپێکردووە و لە گۆڤاری ڕامان بڵاوی کردوونەتەوە، دواتر بە تەواوی چۆتە ناو دنیای نووسین، تا ئێستا چەند بەرهەمێکی بەنرخ و ئاستبەرزی لە بوارەکانی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی

ئەدەبی و چەشە و چەشنەکانی ئەدەبی و هونەری گێڕانەوە(فن السرد) لە چیرۆک و ڕۆمانی کوردی و چەند بابەتێکی دیکەی نووسیوە، هەمووشی بە زمانێکی کوردیی سادە و ساکار و پاراو نووسیوە و لە چاپیداون و بڵاویکردوونەتەوە، کە ئەمانەن:

١- سوریالیزم لە ئەدەبی نوێی کوردیدا، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.


٢- لە مەدرەسەی نالیدا، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، بڵاوکراوەکانی لقی



لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، دکتۆر حەمە مەنتک



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر حەمە مەنتک، شاعیر و چیرۆکنووس بەرۆژ ئاکرەیی




دکتۆر حەمە مەنتک لە کاتی پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەك

کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد، چاپی یەکەم، کەرکووک، ٢٠١١.

٣- سەرەتا دیالۆگ هەبوو، توێژینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی، بڵاوکراوەکانی لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کورد، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.

٤- تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا (٢٠٠٠- ٢٠١٠)، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٣.

٥- سیمۆلۆژیای ناونیشان _ ناونیشانی ڕۆمانی کوردی بە نموونە، لێکۆڵینەوە، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٧.

٦- هونەرەکانی چیرۆکنووسین، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی مێخەک، ٢٠١٨.

٧- میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی: رەخنەی ئەدەبی لە رووی تیۆرییەوە، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی (التفسير) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی

یەکـەم، هەولێـر، ٢٠١٨.


٨- سـیمیۆلۆژیای گێڕانـەوە- هەقایەتـی فۆلکلـۆری کـوردی بـە نموونـە، دەزگای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، سـلێمانی، ٢٠١٩.


٩- چەشـە و چەشـنە ئەدەبییەکان، لـە بڵاوکراوەکانی کتێبخانـەی مـەم و زین، هەولێر، ٢٠١٩.

١٠- گێڕانەوەناسـی (دەروازەیـەک بـۆ تیۆرییەکانـی گێڕانـەوە)، کتێبخانـەی تەفسـیر، هەولێـر، ٢٠٢١.

١١- ئارکیۆلۆژیـای پۆلێنـی ڕۆمانـی کـوردی، دەزگای سـەردەم، سـلێمانی، ٢٠٢١.











بەرهەمەکانی دکتۆر حەمە مەنتك

دکتۆر حەمە مەنتک چەندین چالاکی و ئەدەبی و ڕۆژنامەگەریشی هەبووە، لەوانە:

- لە ساڵانی ٢٠٠٨- ٢٠١٠ وەکو نووسەر لە گۆڤاری(وێران) کاریکردووە.
- لە چوارەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژ ساڵی ٢٠١٠ خەڵاتی سێیەمی لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی پێبەخشراوە.
- لە(٢٣)یەمین، فیستیڤاڵی گەلاویژ ساڵی ٢٠١٩ جارێکی دیکە خەڵاتی دووەمی هەر لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی وەرگرتووە.
- لە ساڵی ٢٠٢٢ وەکو ئەندامی لێژنەی(دادوەر- حکم) بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمی نووسەرانی ساڵ، لە لایەن دەزگای کارۆ هەڵبژێردراوە و ڕێزیشی لێندراوە.

ئەو هێشتا لەسەر شنگ و تاقەتی خۆیەتی و بەردەوامە لەسەر نووسینە جوان و سوود بەخشەکانی، هەر سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و ووشەی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ – ژیاننامەی دکتۆر حەمە مەنتک، هاوڕێم نووسەر یوسف مەنتک بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# مەجید خۆشناو


هونەرمەندی مۆسیقاژەن و سروود و ئاوازدانەر، نووسەر و وەرگێڕ، مەجید خۆشناو..

ناوی تەواوی(مەجید خدر سەعید خۆشناو)ە، لە ناوەندی هونەری بە مەجید خۆشناو یان(مەجید هەڵۆ) ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٣ لە داوێنی چیای سەفینی سەرکەش لە شارە جوان و ڕەنگینەکەی شەقڵاوە لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، باوکی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ بووە، دایکیشی خزمەتێکی زۆری پێشمەرگەی کردووە ناسناوی(هەڵۆ)یان پێ بەخشیوە، بۆیە هونەرمەند مەجید خۆشناو، بە مەجید هەڵۆش ناسراوە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە شاری شەقڵاوە تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٧٦ بەشی مۆسیقای لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٧٩ بووەتە مامۆستای هونەری لە قوتابخانەی(کاوێس) لە شاری شەقڵاوە، دواتر لە بەشی زۆری قوتابخانەکانی شەقڵاوە وانەی سروود و مۆسیقای وتووەتەوە.

لە ساڵی ١٩٨١ بۆتە پێشمەرگەی کوردستان، لە تیپی شەهید کارزان دواتر لە گەڵ پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵات درێژەی بە پێشمەرگایەتیی خۆی داوە، لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند مەجید خۆشناو، هونەرمەندی ڕەوانشاد حەمە جەزا



له لای ڕاستەوە: هونەرمەند مەجید خۆشناو، هونەرمەند ناسری ڕەزازی

١٩٩١ بووەتە بەرپرسی ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان لە شەقڵاوە، لە ساڵانی ٢٠٠٢- ٢٠٠٧ مامۆستای بەشی مۆسیقا بووە لە چالاکیی قوتابخانەکانی سەر بە پەروەردەی هەولێر، لە خزمەتکردن بەردەوام بووە تا ساڵی ٢٠١٥ خانەنشین بووە.


هونەرمەندی مۆسیقاژەن و ئاوازدانەر مەجید خۆشناو، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئەو کاتەی قوتابی بوو لە پەیمانگای

هونـەرە جوانەکانـی بەغـدا، لـە ئێزگـەی کـوردی و تەلەفزیۆنـی بەغـدا، لەگـەڵ هونەرمەندانـی مۆسـیقاژەنی دیکـە بەشـداری لـە تۆمارکردنـی چەندیـن شـاکار و بەرهەمەکانـی هونەرمەندانـی کـورد کـردووە، لەوانە(تەحسـین تەهـا، فوئـاد ئەحمـەد، تایـەر تۆفیـق، گوڵبەهـار، نەسـرین شـێروان، خەلیـل مـوڕاد وەنـدی، حەسـەن جزیـری و چەندانـی دیکـەش).

ئەو کاتەی پێشـمەرگەی کوردسـتانیش بووە، دیسـان لە گەڵ هونەرمەندانی شـاخ وەکـو مۆسـیقاژەن و سـروود و ئاوازدانـەر بەشـداری لـە تۆمارکردنـی



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند مەجید خۆشناو، هونەرمەند محەممەد عەباس بەهرام



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند مەجید خۆشناو، هونەرمەند عومەر دزەیی



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند مەجید خۆشناو، هونەرمەند چەتۆ حەسەن



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ئەحمەد سالار، هونەرمەند مەجید خۆشناو

بەرهەمی هەر یەک لە هونەرمەندانی گۆرانیبێژ(محەمەد جەزا، ناسری ڕەزازی، نەجمەدین غولامی، مەرزیە فەریقی و چەندانی دیکەش) کردووە.

نووسەر و هونەرمەند مەجید خۆشناو، وەکو نووسەر چەند بەرهەمێکی جوان و ناوازەی چاپکردووە و بلاوکردۆتەوە، هەندێکیشی ئامادەیە بۆ چاپ، کە ئەمانەن:

- ده ئـاوازی جیهانـی، نووسـینی سـورەیا مەلحـەس لـە عەرەبییـەوە وەریگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی.
- پەرتووکی(جیهانـی موزیـک)، بتهۆڤـن ژیـان و سـیمفۆنیاو کارەکانـی، وەرگێـڕان.



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند مەجید خۆشناو، هاوسەرەکەی**



**هونەرمەند مەجید خۆشناو**




له لای ڕاستەوە: شاعیر خاتوو هەنار موفتی، هونەرمەند مەجید خۆشناو




بەرهەمەکانی هونەرمەند مەجید خۆشناو

- پەلکە زێڕینە گوڵبژێرێک لە ئاوازی ڕەسەن و ژیانی هونەرمەندان..
- سەربردەو ڕووداوی مێژوویی لەلاوکەکانی کاوێس ئاغادا..

ئەو کتێبانەشی ئامادەن بۆ چاپ:

- لە ئاوێزانی ئاسمانی موزیکدا.
- ناودارانی جیهان.
- جیهانی موزیک، وەرگێڕان.

هونەرمەند مەجید خۆشناو، هونەرمەندێکی بە توانا و خاوەن ئەزموونە،

چەندین چالاکیی دیکەشی هەبووە لەوانە:

- چەندین وتار و بابەتی پەیوەند بە بواری مۆسیقا لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.
- لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول و دواتریش بەشداری لە بەشی زۆری ئەو ئاهەنگانە کردووە، کە بەبۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان لە(دەربەند و ناوپردان و گەلاڵە، شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان) سازکراوە.
- دەیان کۆڕ و سیمیناری وەک مۆسیقاژەن لە بواری پسپۆڕی خۆی ئەنجامداوە.
- دەیان سروود و ئاوازی بۆ منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان داناوە.
- ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان و عێراقە.

بۆ هونەرمەند مەجید خۆشناو، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی هونەری مۆسیقا و ئاوازی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی هونەرمەند مەجید خۆشناو، هاوڕێی دێرینم نووسەر و ڕۆژنامەنووس بەهادین جەلال مستەفا، بۆی ناردووم سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# فەرهاد حەمزە


نووسەر و وەرگێڕ و لێکۆڵەر و توێژەر، پسپۆر و شارەزای بواری نەوت، ئەندازیار فەرهاد حەمزە...

ناوی تەواوی(فەرهاد حەمزە محەمەد)ە، ساڵی ١٩٦١ لە گەڕەکی(ڕەحیماوە) ی شاری کەرکووک لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە قوتابخانەکانی (خەبات، باوەگورگوڕ، کوردستان) لە ناو شاری کەرکووک بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٠ لە بەشی(جیۆلۆجی)ی کۆلێژی (زانست-علوم)ی زانکۆی سلێمانی وەرگیراوە، پاش گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی بۆ هەولێر و گۆڕینی ناوەکەی بۆ زانکۆی سەلاحەدین، ئەو قوتابی بووە لەوێ، لە بەر هەڵوێست و چالاکییە سیاسییەکانی و بەشداربوونی لە خۆپیشاندانەکانی قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدینی ساڵی ١٩٨٢، ماوەیەک دەستگیرکراوە، پاش ئازار و ئەشکەنجە و لێپرسینەوەیەکی زۆر ئازادکراوە، لە ساڵی ١٩٨٤ بەهۆی نەچوونی بۆ(الجیش الشعبي) بۆ ماوەی ساڵێک فەسڵکراوە، دواتر ساڵی ١٩٨٥ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە هەمان بەش بەدەستهێناوە.

نووسەر و ئەندازیار فەرهاد حەمزە، لە بەر ئەوەی کورد بووە، لە کەرکووک دایاننەمەزراندووە، بۆ بژێوی ژیانی خۆی کاری(لەفکردنەوەی ماتۆر)ی کردووە.



له لای ڕاستەوە: نووسەر و میدیاکار هاشم جەباری، نووسەر و وەرگێڕ فەرهاد حەمزە



له لای ڕاستەوە: شاعیرو نووسەر ڕەزا شوان، نووسەر فەرهاد حەمزە

لە ساڵی ٢٠٠٥ لە کۆمپانیای نەوتی باکوور بەشی جیۆلۆجی بە ئەندازیار دامەزراوە.

نووسەر و ئەندازیار و پسپۆر و شارەزای بواری نەوتە، کۆمەڵێک وتار و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی نووسیوە لە ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکان بڵاویکردوونەتەوە، یەکەمین بەرهەمی خۆی بە زمانی عەرەبی کە بابەتێک بووە بە ناو نیشانی(کیف اصبحت بریطانیا

دولـة إسـتعمارية) لـه سـاڵی ١٩٧٧ لـه ڕۆژنامـەی (المزمـار) بڵاوکردۆتـەوه، ئیـدی بـەردەوام بـووه لـه نووسـینه زانسـتی و ئەکادیمییەکانـی لـه بـواری نـەوت، بەتایبەتـی نەوتـی کەرکـووک، چەندیـن بەرهەمـی زانسـتی و ئەدەبـی دیکـه، لـه بواری فیکری و سیاسـی و مێژووی خەباتی گـەلان، بـه زمانەکانـی کـوردی و عەرەبـی و ئینگلیـزی نووسـیوه، هەمووشـی لـه چەنـد کتێبێکدا لـه چاپ و بڵاوکردۆتـەوه، کـه ئەمانـەن:

- کتێبي(مێژووی خەباتی گەلی ڤێتنام)، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا ١٩٨٤.
- کتێبي( فاشـیزم و خوێنـی گەلـه چەوسـاوەکان). چاپخانـەی(دار الجاحـظ) بەغـدا، ١٩٨٥.



له لای ڕاستەوە: نەناسراوە، بەڕێز عەبدولڕەحمان مستەفا، نووسەر فەرهاد حەمزە




له لای ڕاستەوە:  شاعیر و نووسەر تەیب جەبار، نووسەر فەرهاد حەمزە

- کتێبی(CIA ، حکومەتە نادیارەکەی ئەمەریکا) کەرکووک ٢٠٠١.
- کتێبی(مێژووی نەوتی کەرکووک) کەرکووک، چاپی یەکەم ٢٠٠٦.
- کتێبی(نەوت و کورد و کەرکووک)، چاپخانەی ئازاد هەورامی، ٢٠١١.
- کتێبی(مێژووی نەوتی کەرکووک)، چاپی دووەم، بە دەستکاریکردنێکی زۆر، ساڵی ٢٠١٢.
- کتێبی (LOG ANALYSIS IN CARBONATE ROCKS)، لەسەر ئەرکی کۆمپانیای نەوتی کەرکووک چاپکراوە.
- کتێبی(OIL SATURTIO AND WATER SATURATIO).
- کتێبی(الخزن الجوفي في حقل كركوك).
- کتێبی(تاريخ نفط كركوك)، ٢٠١٧.

نووسەر و ئەندیازیار فەرهاد حەمزە، وەکو نووسەر و ڕۆژنامەنووس، چەندین چالاکیی دیکەشی نواندووە، ئەمانە هەندێکیانن:

- لە ساڵی ٢٠٠٣- ٢٠٠٦ لە ڕۆژنامەی هەواڵ وەکو نووسەر کاری کردووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٦- ٢٠١٣ بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی(کەرکووکی



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند مەکی عەبدوڵڵا(عەلییە فەندی)، نووسەر فەرهاد حەمزە.






نووسەر فەرهاد حەمزە لە کاتی پێشکەشکردنی باسێك لە کۆنگرەی پێنجەمی نەوت و غازی عێراقی


نوێ) بووە، کە لە لایەن بەشی ڕاگەیاندنی(ی،ن،ک) دەردەچوو.

- دەیان وتار و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لە بواری نەوت لە ڕۆژنامە گۆڤارە کوردییەکان و سایتە ئەلیکترۆنییەکان بڵاوکردۆتەوە، چەندین دیمانە و چاوپێکەوتن و لێدوانی بۆ کەناڵە لۆکاڵی و ئاسمانییەکانی کوردستان ئەنجامداوە و چەندین کۆڕوکۆبوونەوە و سیمیناریشی لە بواری نەوت گێڕاوە.
- وەکو خەڵات و ڕێزلێنانێک بۆ ئەو کەسانەی باشترین خزمەتی شارەکەیان شاری کەرکووک کردووە، خەڵاتی(کەسایەتیی ساڵ)ی ٢٠١٢ پێبەخشراوە.

نووسەر و وەرگێڕ و لێکۆڵەر فەرهاد حەمزە، لە ساڵی ١٩٨٧ هاوسەرگیری












**بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێڕ فەرهاد حەمزە**

کردووە و خاوەنی سێ کوڕ و دوو کچە بە ناوەکانی(داستان، دابان، سازان، دیلان، ڕۆژان) خوا تەمەن درێژیان بکات، بۆ خۆشی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی گەلی کورد و سامانە نەوتییەکەی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر و وەرگێڕ ئەندازیار فەرهاد حەمزە، لە سەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئاراس ئیلنجاغی

مامۆستا و نووسەر و ڕۆژنامەنووس، لێکۆڵەر و ئەرشیفەوان لە ڕێکخراوی کوردیپیدیا، بەڕێز مامۆستا ئاراس ئیلنجاغی...

ناوی تەواوی(ئاراس عومەر فەتحوڵڵا کاوێس مەلاک)ە، لە نەوەی بایەزیدی شێخانی داسنییە، زیاتر لە(٢٠٠)ساڵ پێش ئێستا هاتوونەتە گوندی (ئیلنجاغی گەورە) و ئاوەدانیان کردۆتەوە، ساڵی ١٩٧٦ لە گوندی ئیلنجاغی گەورەی سەر بە شارۆچکەی تەقتەقی قەزای کۆیە لە خێزانێکی (مەڕو مالات بەخێوکار) لە دایک بووە، ئەو تەمەنی(٣- ٤) ساڵان بووە، بە هۆی بوونی نەوت لە گوندی ئیلنجاغی گەورە، دەرکراون و ئاوارەی شاری هەولێر و کۆیە بوونە، دواتر لە ساڵی ١٩٨١ لە شارۆچکەی تەقتەق گیرساینەوە، ئەو لە ژێر دەستی باوکێکی جۆلاو دایکێکی تەونکار پەروەردە و گۆشکراوە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شارۆچکەی تەقتەق تەواوکردووە، لە ساڵی خوێندنی ١٩٩٧-١٩٩٨ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی جوگرافیای کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە، بووەتە مامۆستا لە قوتابخانەی ناوەندیی تەواوکاریی ئیلنجاغی گەورە، دواتر وەکو یاریدەدەری بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەری ئامادەیی تەقتەقی تێکەڵاو بەردەوام بووە لە خزمەتکردن، لە ساڵی ٢٠١٩ بۆتە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەروەردەی کۆیە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر ئاراس ئیلنجاغی، هەر لە منداڵییەوە



**نووسەر ئاراس ئیلنجاغی لە کاتی لێکۆڵینەوە و نووسینەوەیەکی مەیدانی لە مزگەوتی شارەدێی سێگردکان**




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر ئاراس ئیلنجاغی، میدیاکار ئاراس خاکی**

سەوداو عەشقی زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی بووە، لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم دەستی بە نووسین کردووە، یەکەمین نۆبەرەی بەرهەمی وتارێک بووە بە ناونیشانی(تورک و سیاسەتی بەئاوکردنی کوردستان) لە ساڵی ٢٠٠٠ لە ڕۆژنامەی(هەنگاو) کە کۆمەڵێک گەنجی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ناوچەی تەقەق دەریانکردووە، بڵاوکردۆتەوە، ئیدی کەوتۆتە ناو دنیای نووسین لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و مێژوویی و بیرەوەری و ئینسکلۆپیدیای شارۆچکەی تەقتەق و کۆیە و بابەتی هەمەجۆری دیکە، تا ئێستا(٨) کتێبی لە چاپداون و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- تەقتەق، پەلکە زێڕینەی زێی بچووک، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠٠٧.

- حاجی کرمانجێک لەوپەڕی مەزنیدا، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠١٢.
- کەسایەتی دکتۆر ڕەئوف دیان، کار و هەڵوێست و مرۆڤدۆستانەی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٢.
- پارتیزانەکانی کەرکوک، بەدواچوون و بیرەوەری، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٤.
- ساتۆقەڵا هەرێمی ئیدو، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٣.
- سێگردکان و سێبەر نشینەکان، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٤.
- زێودەر، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و جوگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٤.
- مێرجاڕ، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسییە، پەنجا ساڵ خەباتی ئیلنجاغییەکان(١٩٤٠-١٩٩٠)، ٢٠١٧.
- ئاراسنامە، وەشانێکی دیجیتالییە، بەرهەمی ڕێکخراوی کوردیپێدیا لە ٢٠١٧-٢٠١٩.
- سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە بەر دەمی گۆڕانکاری نوێدا، بەرهەمێکی



**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز حاجی برایمی شەیتان، نووسەر ئاراس ئیلنجاغی**

دیجیتالییە، ٢٠١٩.

- ئینسکلۆپیدیا گوندەکانی قەزای کۆیە، بە هاوبەشی لەگەڵ هەر یەک لەدکتۆر ڕۆستەم سەلام و عوبەیدوڵڵا حاتەم یوسف، ساڵی ٢٠٢٢.

ئەم بەرهەمەشی ئامادەیە بۆ لە چاپدان:

- دەسکەنە.

نووسەر و لێکۆڵەر ئاراس ئیلنجاغی، لە ساڵی( ٢٠٠٠- ٢٠١٧) لەبواری ڕۆژنامەگەریش، وەکو پەیامنێر و نووسەر و بەڕێوەبەری نووسین و جێگری سەرنووسەر و سەرنووسەری چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕ و بڵاوکراوە، زۆر چالاکانە کاریکردووە لەوانە:(هەنگاو، تەقتەق، هاموون، خەرمان، تەقتەقی نوێ، ئامانج، ڕێگا، تاک، ڕێگای کوردستان، ڕزگاری، کوردستانی نوێ، ماڵپەڕی puk میدیا، ماڵپەڕی وشە، هەفتەنامەی وشە، گەنج، کەکۆن، گۆڤاری ساڵانەی دکتۆر ڕەئوف و چەندانی دیکەش).

ئەو وەکو ئەندام و لێپرسراو لەم ڕێکخراوانەش ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە:


- لە ساڵی ٢٠٠٤، ئەندامی دامەزرێنەری ناوەندی ڕۆشنبیری تەقتەق بووە.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان- لقی سلێمانییە.
- لە ساڵی ٢٠١٠ەوە، ئەندامی بنکەی خێرخوازیی دکتۆر ڕەئووفە، لە



لە لای ڕاستەوە: نووسەر ئاراس ئیلنجاغی، بەڕێز عوسمان بانیمارانی



لە لای ڕاستەوە: میدیاکار کاروان نازم،
نووسەر ئاراس ئیلنجاغی




نووسەر ئاراس ئیلنجاغی
لە کاتی خوێندنەوەی ووتارێك




بەرهەمەکانی نووسەر ئاراس ئیلنجاغی

سالانی ٢٠١٥- ٢٠١٩ بەڕێوەبەری هەمان بنکە بووە.

- ئەندامی کۆمەڵەی ئینسکلۆپیدیا کوردستانە، لە هەردوو کۆنفراسەکانی ساڵی ٢٠١٢ و ٢٠١٤ بەشداریکردووە.

- لە ساڵی ٢٠١٢ەوە، ئەندامی بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژە لە کۆیە.

- ئێستاش سەرپەرشتیاری پەروەردەییە لە پەروەردەی کۆیە و ئەرشیفەوانی ڕێکخراوی کوردیپیدیایە، یەکێکە لە کارمەندە چالاکەکانی ئەو ڕێکخراوە گرنگە.

بۆ نووسەر و لێکۆڵەر ئاراس ئیلنجاغی، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب وشەی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر و لێکۆڵەر ئاراس ئیلنجاغی، کە لە سەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.


٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.




# ئەزوەر بەرچەم

شاعیر و نووسەر و میدیاکار، ئەزوەر بەرچەم ...

ناوی تەواوی(ئەزوەر حەمەد حەسەن بەرچەم)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە ئەزوەر بەرچەم ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٣ لە گەڕەکی(تەیراوە) ی شاری هەولێر لە خێزانێکی هەژار و دەستکورت لە دایک بووە، پاشان ماڵیان چووەتە گەڕەکی(سێتاقان)ی شاری هەولێر، خوێندنی سەرەتایی تا پۆلی سێیەم لە قوتابخانەی(هەژار) و پۆلەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەمیشی لە قوتابخانەی(باباگوڕ گوڕ) هەر لە گەڕەکی سێتاقان تەواوکردووە، لە بەرئەوەی باوکی پیاوێکی بێ دەرامەت و نەساغ بووە، ئەو بۆ ئەوەی دەستباری باوکی بگرێت، خوێندنی خۆی گواستۆتەوە بۆ خوێندنی(ئێواران- شەوان) تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووە، دواتر هەر لە بەر سەختیی ژیان و هەژارییان بە یەکجاری دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە، هەر زوو لە تەمەنی منداڵییەوە شانی داوەتە بەر کار و کاسبی هەموو جۆرە کارێکی کردووە لەوانە:حەمباڵی لە



شاعیر ئەزوەر بەرچەم بە جاحێڵی




لە لای ڕاستەوە: شاعیری ناسراوی کورد مەدحەت بێخەو، شاعیر ئەزوەر بەرچەم

ناو قەیسەری شاری هەولێر، شاگردی ناڵبەندی، شاگردی کەبابچییەتی، سەوزەفرۆشی، دواتریش نزیکەی (٤٠) ساڵ دارتاشی کردووە.

باوکی شاعیر ئەزوەر بەرچەم، هونەردۆست بووە، سەروسەودای لە گەڵ داستان و چیرۆک و شیعری شانامە و بەند و باڵۆرەی فۆلکلۆری هەبووە، بۆیە لە ڕێگای باوکییەوە چەندین شیعری فۆلکلۆری و دواتر شیعری شاعیرانی کلاسیکی ئەزبەر کردووە، هێشتا قوتابیی سەرەتایی بووە، مامۆستایەکی بە ناوی(جەلالە فەندی)، ڕۆژێکیان دوو ژمارەی گۆڤاری(ئەستێرە) دەهێنێتە پۆلەکەو لە قوتابییەکان دەپرسێت: کێ دەتوانێت بە یەک شەو ئەم دوو ژمارەی ئەو گۆڤارە بخوێنێتەوە؟، دیارە ئەزوەر بەرچەم دەڵێت: ئەمن، خوێندنەوەی ئەم دوو ژمارەی ئەو گۆڤارە و باوکی سەرچاوە و بەردی بناغەی ئاشنا بوونییەتی بە دنیای ئەدەب



و ڕۆشنبیریی کوردی، هەر لە ڕێگای هاوڕێیەکییەوە بە ناوی(یوسف بەرزنجی) کە ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبی داوەتێ، بە تەواوی حەز و خولیای کەوتۆتە سەر شیعر نووسین و مەنەلۆج و بابەتی فۆلکلۆری و میدیایی و هەمەجۆری دیکە، وردە وردە دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان لەوانە:(بەیان، ڕۆشنبیریی نوێ، هاوکاری، کاروان چەندانی دیکەش)، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١یش، ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی(خەبات، هەفتەنامەی بەدرخان، هەفتەنامەی هەرێمی کوردستان، ئاسۆی فۆلکلۆر، نواڵەی نوێ، گۆڤاری هاوبەشی، خازر، کاروان).

شیعرەکانی بە هەردوو شێوازی شیعری کلاسیکی کوردی بە کێش و سەرواى کوردی(سووک) و بڕگەیی، شیعری(ئازاد- الحر)یش دەنووسێت، لە شیعرەکانیشیدا نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی، سروشتی جوانی کوردستان، دڵداری و ئەڤینی و کۆمەڵایەتی بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە، تا ئێستا ئەم بەرهەمە پوخت و جوانانەی بە زمانێکی کوردیی سادە و ساکار و بە تام




لە لای ڕاستەوە: شاعیر و میدیاکار قەهار شێخانی، شاعیر ئەزوەر بەرچەم



له لای ڕاستەوە: شاعیری دیار و ناسراوی کورد قوبادی جەلیزادە، شاعیر ئەزوەر بەرچەم

و چێژی هەولێرییانە نووسیوە و لە چاپی داون و بڵاویشی کردوونەتەوە:

- سەمای بەفر، کۆمەڵە شیعر،ساڵی ٢٠١٤.
- دیوانی بەرچەم، کۆبەرهەمی شیعرەکانی، کە(٣٢٨) لاپەڕەیە، لە ساڵی ٢٠٢٢ بە یارمەتی و هاوکاریی دۆست و برادەرانی چاپی کردووە.
- چەندین مەنەلۆچ و شیعری منداڵان و بابەتی دیکەی نووسیوە.





بەرهەمی شاعیر ئەزوەر بەرچەم

چەند شیعرێکی لە لایەن هونەرمەندانی کورد، کراونەتە سروود و گۆرانی، لەوانە هونەرمەندان (سالار کۆشار، هاوتا ئەسعەد، پشتیوان خۆشناو)، چەندین بەرهەمی دیکەشی لە لایەن هونەرمەند ئاسۆ بەرزنجی و گۆرانیبێژانی دیکە ئاوازیان بۆ

داندراوه و كراونه‌ته گۆرانی و له ته‌له‌فزیۆنیش تۆمار و په‌خشكراون.

شاعیر و نووسه‌ر مه‌نه‌لۆجنووس، ئه‌زوه‌ر به‌رچه‌م، هه‌ر شاعیر نییه، به‌ڵكو میدیاكارێكی به تواناشه، ئه‌م كاره هونه‌ریيانه‌شی ئه‌نجامداوه:

- دوای ڕاپه‌ڕینی ساڵی ١٩٩١ به هاوبه‌شی له گه‌ڵ نووسه‌ر و میدیاكار یوسف به‌رزنجی چه‌ندین (مه‌نه‌لۆچ) یان بۆ به‌رنامه‌ی(زووم زووم) كه له ئاماده‌كردن و پێشكه‌شكردنی هونه‌رمه‌ندی دیار و ناسراوی كورد زایه‌ر



له لای ڕاستەوە: شاعیر سەباح ڕەنجدەر، نووسەر و لێكۆڵەر سابیر ڕەشید، شاعیر و نووسەر ئەزوەر بەرچەم





له لای ڕاستەوە: شاعیر ئەزوەر بەرچەم، شاعیر و هونەرمەند سالار كۆشار، شاعیر قەهار شێخانی، نەناسراوە، شاعیر نازم شێخانی



لە لای ڕاستەوە: خاتوو بەفرین هاوسەری شاعیر ئەزوەر بەرچەم، شاعیر و نووسەر ئەزوەر بەرچەم



شاعیر ئەزوەر بەرچەم
لە کۆڕێکدا



لە لای ڕاستەوە: شاعیر ئەزوەر بەرچەم، شاعیر و
نووسەر یوسف بەرزنجی




عەبدوڵڵا بـووە، نووسـیوە، مەنەلۆجەکانیـش بـە دەنگ و ڕەنگی هونەرمەندان (شـێرزاد پۆلیس، نـەوزاد ڕەمـەزان، ئەیام ئەکرەم) تۆمـار کراون و بە دیاری دراونەتە بەرنامەکە.

- وەکـو ئەکتـەر لـە بەرنامەی(زەنـگ و ڕەنـگ) لـە تەلەفزیۆنـی سۆشیالیسـت بەشـداری کـردووە، بەرنامەی(پرێسکە)شـی، پێشـکەش کـردووە، کـە لـە ئامادەکردنـی نووسـەر یوسـف بەرزنجـی بـووە.



شاعیر ئەزوەر خۆی و خێزان و منداڵەکانی

- بەهاوبەشی لەگەڵ هونەرمەند شێرزاد پۆلیس بەرنامەی (بژی و ببینە) یان ئامادە و پێشکەش کردووە.
- لە بەرنامەکانی شەوانی ڕەمەزان و مەلای مەشهور، نووسینی تەواوی مەنەلۆجەکانی لە ئەستۆی خۆی گرتووە، هەموو ئەو کارە میدیاییانەشی خۆبەخشانە کردووە.




- چەندین دیمانە و چاوپێکەوتنی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی ئەنجامداوە.
- بەشداریی چەندین کۆڕو کۆبوونەووە و سیمیناری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و شیعر خوێندنەوەی کردووە، چەندین کۆڕیشی بە

تەنیا و بە هاوبەشی لە گەڵ شاعیر و نووسەرانی دیکە بەڕێوە بردووە.

شاعیر ئەزوەر بەرچەم، لە ساڵی ١٩٨٩ هاوسەرگیری لە گەڵ خاتوو(بەفرین خان) کردووە، خاوەنی(٥) منداڵن بە ناوەکانی(زیرەک، هێدی، ڕامێن، ژاڵە، کاڵێ)خوا تەمەنی خۆی و خێزان و منداڵەکانی درێژ بکات.

بۆ شاعیر و نووسەر، ئەزوەر بەرچەم هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی شیعر و ئەدەب و هونەری کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر و نووسەر ئەزوەر بەرچەم، کە لە سەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# جەواد حەمە ساڵح ڕەش

نازناوی فەرهەنگی کۆیەی پێ بەخشراوە، مامۆستای پەروەردە و شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ، لێکۆڵەر و توێژەر و شانۆنووس و ئەکتەر، ڕەوانشاد جەواد حەمە ساڵح ڕەش...

ناوی تەواوی(جەواد حەمە ساڵح ڕەش)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە جەواد حەمەد بەگ ناسراوە، لە ساڵی ١٩٤٦ لە گەڕەکی(قەڵا) ی شارە دێرین و جوانەکەی کۆیە لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە شاری کۆیە تەواوکردووە، دواتر خانەی مامۆستایانی لە هەولێر تەواوکردووە و بووەتە مامۆستا لە گوند و شارۆچکەکانی دەوروبەری کۆیە و دواتریش ناو شاری کۆیە، ئەو زیاتر لە(٤٠)ساڵ لە بواری پەروەردە خزمەتی کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٩ خانەنشین کراوە.

نووسەر و وەرگێڕ و هونەرمەند جەواد حەمەد بەگ، هەر لە منداڵییەوە سەوداو عەشقی زمان و ئەدەب و هونەری کوردی بووە، لە تەمەنی(٦)ساڵیدا هاتوچۆی کتێبخانەکەی ڕەوانشاد ئەحمەد دڵزاری شاعیری کردووە بۆ کڕینی کتێب، بەڵام دڵزاری شاعیر بە بیانووی تەمەن بچووکی کتێبی پێ نەفرۆشتووە، بەڵکو پارچە شیعرێکی داوەتێ و پێی وتووە: ئەم شیعرە ئەزبەر بکە ئینجا وەرەوە کتێبت دەدەمێ، بۆیە هەر لەو کاتەوە دەستی بە



نووسەر جەواد حەمەد بەگ، محەممەد مەلا کەریم، کەریم شارەزا



لە لای ڕاستەوە:نووسەر جەواد حەمەد بەگ، هونەرمەند سەردار ئەحمەد

خوێندەوەی کتێبی کوردی و عەرەبی کردووە، مامۆستایەکی عەرەبی هەبووە بە ناوی(إبراهيم الدوري) هانی داوە و ئینشای بۆ نووسیوە و زۆریش پێی سەرسام بووە، بۆیە پێی وتووە(ياهلا بالأديب المستقبل)، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٣ گڕوگاڵی شیعر نووسینی کردووە، لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە چووەتە ناو دنیای نووسین و ئەدەبیاتەوە، لە بوارەکانی شانۆ و چیرۆک بۆ منداڵان و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی بابەتی ئەدەبی و فیکری و مێژوویی، تاوەکو ئێستا چەند بەرهەمێکی ئاست بەرزی چاپ و بڵاوکردۆتەوە، ئەمانە هەندێکیان:

- مێژووی سەرهەڵدانی دراما و شانۆی هونەری لە کۆیە، ٢٠٠٧.
- پانزە چیرۆک بۆ منداڵان.
- ژیان و بەرهەمی سامی عەودالی شاعیر.
- پێنج کتێبی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

نووسەر جەواد حەمەد بەگ، لە بواری شانۆنووسین و دەرهێنانی هونەری و ئەکتەر و کاری ڕێکخراوەیی هونەری و ڕۆشنبیری، چەندین چالاکی نواندووە، لەوانە:

- لە ٢٠-٧-١٩٦٩ لەگەڵ ڕەوانشاد(ڕەهبەر جەلال حەمەد مامەش) تیپی شانۆی(کەکۆ)یان دامەزراندووە و چەندین چالاکیشیان نواندووە.
- لە ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ هەر یەک لەمامۆستایان(عیزەت جەمال، حەمە عەلی ئاسنگەر، حاجی سۆفی ڕەسووڵ، زاهیر بێباک)تیپی شانۆی میللی کۆیەیان دامەزراندووە.
- لە ساڵی ١٩٧٢ بە هاوکاریی مامۆستا(موحسین کەریم عەلی و محەمەد عەلی ڕەحیم) لە قوتابخانەی(خرابە)ی سەر بە ناحیەی(ئاشتی)، تیپی شانۆی خرابەیان لە قوتابیانی قوتابخانەکە دامەزراندووە و چەندین




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر دکتۆر عەبدولواحید ئیدریس، نووسەر جەواد حەمەد بەگ**

چالاکیشـیان پێشـکەش کـردووە.

- وەک ئەکتەریش بەشداری لـە شـانۆگەریی(قەیس و لەیلا) کردووە کە لـە هەولێر بـە زمانـی عەرەبی نمایشـکراوە، شـانۆگەریی(دوا ڕۆژی دەهـاک) کـە لـە نووسـینی مامۆسـتا زەکـی هەنـاری و دەرهێنانـی عیـزەت جەمـال بـووە، خۆشـی دەوری زوحاکـی بینیـوە کـە لـە نـەورۆزی سـاڵی ١٩٧٠ نمایشـکراوە.
- ئـەم شانۆگەرییانەشـی نووسـیوە؛(چاوگەی تـاوان، دکتـۆری داتاشـراو، تەبایی، کۆمیدیای سـەیرە ڕەمـەزان، کتێب باشـترین هاوڕێـی ژیانمـە) کە هەندێکیـان لـە دەرهێنانـی خـۆی بـووە.
- لـە دانانـی پەیکـەری حاجـی قـادری کۆیی، ڕۆڵێکـی کارای هەبـووە، دوکان بـەدوکان گـەڕاوە و کۆمەکـی کۆکردۆتـەوە، هێمنـی شـاعیر دەسـتخۆشـی لـێ کـردووە و ماچـی کـردووە.
- لـە هێنانـەوەی گـۆڕی دڵداری شـاعیر بـۆ شـاری کۆیـە، ڕۆڵێکـی سـەرەکی هەبـووە.




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر جەواد حەمەد بەگ، هونەرمەند مەزهەری خالقی**



لە لای ڕاستەوە: خاتوو هاوسەری نووسەر جەواد حەمەد بەگ


- لەگەڵ نووسەر بەڕێز فازیل شەوڕۆ یەکێتیی نووسەرانی کوردی لقی کۆیەیان دامەزراندووە.
- لە ساڵی ١٩٩٤ لەگەڵ کۆمەڵێک ڕۆشنبیریی دیکە، بزاڤی ڕووناکبیریی کۆیەیان دامەزراندووە.




گۆڕی نووسەر جەواد حەمەد بەگ

- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- لە ساڵی ١٩٩٨ەوە، یەکێک بووە، لە دامەزراندنی بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ لە کۆیە.

نووسەر جەواد حەمەد بەگ، لە ٢٧-١٢-٢٠١٥ کۆچی دوایی کردووە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.





















بەرهەمەکانی نووسەر جەواد حەمەد بەگ

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر جەواد حەمەد بەگ، بەڕێز محەمەد زاهیر بۆی ناردووم، سوپاسی دەکە.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## شێرزاد شێخانی

بچووکترین پەیامنێری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژنامەگەریي عێراق، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ، مامۆستا شێرزاد شێخانی ....

ناوی تەواوی(شێرزاد ڕەمەزان شەریف)ە، بە شێرزاد شێخانی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٥ لە گەڕەکی(تەیراوە)ی ناو شاری هەولێر لە خێزانێکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایکبووە، قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە قوتابخانەکانی ناو شاری هەولێر تەواوکردووە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس، شێرزاد شێخانی هەر لە منداڵییەوە حەزی لە خوێندن و خوێندنەوە و نووسین بووە، ئەو هەر زوو فێری زمانی عەرەبیش بووە، بە خوێندنەوەی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی و شاکارە وەرگێڕدراوەکانی جیهانی دەستی پێکردووە، پاشخانێکی زۆر پوخت و باشی پەیداکردووە، لە ١٨-٧-١٩٦٩ هێشتا تەمەنی(١٤)ساڵان بووە، بووەتە پەیامنێری گۆڤاری(المتفرج)ی عێراقی بە زمانی عەرەبی، بەمەش بچووکترین پەیامنێری ڕۆژنامەگەری بووە لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژنامەگەریی عێراقی.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس، شێرزاد شێخانی لە مانگی ئاداری ساڵی



**لە لای ڕاستەوە: زەید ئەحمەد، سیامەند ئەحمەد، نەوەکانی نووسەر و میدیاکار بەڕێز ئیحسان ڕەشاد موفتی، ڕۆشنبیر بەڕێز بۆتان عیزەدین فەیزی، نووسەر شێرزاد شێخانی، نووسەر و میدیاکار ئیحسان ڕەشاد موفتی، لە دیوەخانی ڕەشادە ئەفەندی**

١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول تا ساڵی ١٩٧٥، پاش نسکۆی شۆڕش ماوەیەک ئاوارەی وڵاتی ئێران بووە، هەر هەمان ساڵ هاتۆتەوە کوردستان، لە لایەن ڕژێمی بەعس ماوەی ساڵ و نیوێک دوورخراوەتەوە شاری(ديوانية) لە باشووری عیراق، لە ساڵی ١٩٧٧ گەڕاوەتەوە کوردستان و لە فەرمانگەی کشتوکاڵی هەولێر وەکو فەرمانبەر دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٨٥ دیسان پەیوەندیی بە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان کردووە، لە ڕیزەکانی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان وەکو(مذيع- بێژەر) لە ڕادیۆی شۆڕش و سکرتێری نووسینی گۆڤاری دەنگی تیۆری(سۆشیالیست) دەست بەکاربووە، زیاتر خەبات و چالاکییە سیاسییەکانی ئەو، بۆ پسپۆڕانی بواری سیاسی لێدەگەڕێم.




**نووسەر شێرزاد شێخانی**

لە ساڵی ١٩٧٨ دەستی بە نووسین و وەرگێڕان کردووە، سەرەتا نۆبەرەی بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامەی(هاوکاری و

الجمهورية) بڵاوکردۆتەوە، ئیدی بەردەوام بووە لە نووسین، سەدان وتاری سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتی و ڕەخنەی تەنزئامێزی و وەرگێڕانی نووسیوە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عێراقی و عەرەبییەکان و سایت و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردۆتەوە، چەند بەرهەمێکیشی لە چاپداوە، کە ئەمانە:

- مصير الاسلام، دراسة نقدية للتراث الديني.
- بحبوح أفندي، مقالات نقدية ساخرة.
- مسك الختام، مقالات نقدية ساخرة.
- حوار العمر(دیداری تەمەن)، مذكرات الرئيس العراقي جلال طالباني، وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی.
- أصابع تكسر بعضها (پەنجەکان یەکتری دەشکێنن)، ترجمة لكتاب نوشيروان مصطفى حول أحداث ثورة كردستان، لە زمانی کوردییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.
- دوران في حلقة مفرغة (خوولانەوە لە بازنەیەکی بۆشدا) ترجمة لكتاب



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر شێرزاد شێخانی، هونەرمەندی شانۆ و تەلەفزیۆن بەڕێز ئەحمەد جەمیل**

نوشيروان مصطفى حول مفاوضات الكرد مع النظام العراقي.


- قطف الأزهار على الطريق- بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین) - ترجمة لكتاب نوشيروان مصطفى حول أحداث كردستان والثورة الجديدة، وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ عەرەبی.
- لسان الجريمة ينطق - ترجمة لكتاب وثائقي ..


ئەم بەرهەمەشی ئامادەیە بۆ چاپ:

- هەولیریات، دوو بەرگە، بە قەوارەی(٨٠٠) لاپەڕەیە، باسی مێژوو و کەسایەتیی و داب و نەریت و خوو و ڕەوشتی هەولێرییەکان دەکات.

نووسەر شێرزاد شێخانی، ڕۆژنامەنووسێکی زۆر بە توانایە، خاوەن ئەزموونێکی(٥٥) ساڵییە لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا، هەر لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە بەردەوامە تاوەکو ئێستا، وەکو پەیامنێر و نووسەر و سکرتێری نووسین و لێپرسراوی نووسینگەی کۆمەڵێک ڕۆژنامە و گۆڤار و سایت و ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان کاری کردووە کە ئەمانەن:

- لە ساڵی ١٩٩١ سەرنووسەری گۆڤاری(پێشمەرگە، ڕێگای ئازادی)بووە، کە زمانحاڵی حیزبی سۆشیالیت بووە.
- لە ساڵی ١٩٩٥ سکرتێری نووسینی گۆڤاری(الإتحاد) بووە.
- لە ساڵی ٢٠٠١ یەکێک بووە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری دەمەزراوی(خەندان).
- لە ساڵی ٢٠٠١ پەیامنێری ڕۆژنامەی(الشرق الاوسط)ی لەندەنی بووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٤ لە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس، بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕۆژنامەی(الشرق الاوسط)ی لەندەنی بووە لە بەغدا.
- لە ساڵی ٢٠٠٥ وەکو نووسەر لە پێگەی(موقع)ی(إيلاف) دامەزراوە.
- لە ساڵی ٢٠٠٦ وەکو پەیامنێری ئاژانسی ئیتالی دەستبەکار بووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٩ جارێکی دیکە بۆتەوە پەیامنێری ڕۆژنامەی(الشرق الاوسط)ی لەندەنی لە کوردستان.
- لە ساڵی ٢٠١٥ سایتێکی ئەلیکترۆنی بە ناوی(سارا پریس) لە سلێمانی دامەزراندووە.








**بەرهەمەکانی نووسەر شێرزاد شێخانی**

- لەساڵی ١٩٨٤ەوە، ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقییە.

نووسەر شێرزاد شێخانی، ئێستا یەکێکە لە نووسەرانی ڕۆژنامەی(إیلاف)ی لەندەنی و ماڵپەڕی(کتابات العراق) بە سەدان وتاری هەمەجۆر و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەگەرییان بۆ دەنووسێت و دەنێرێت و بڵاویشدەکرێتەوە.

نووسەر شێرزاد شێخانی خودی خۆی و بەرهەمەکانی و ئەزموونی لە بواری ڕۆژنامەگەری، هەوێنێکی خەست و چڕوپڕن، بۆ لێکۆڵینەوە و دیراسە لەسەرکردنی لە لایەن قوتابیانی زانکۆکانی کوردستان و عێراق، چەندین خاوەن نامەی ماستەر و دکتۆراش سوودیان لە بەرهەمەکانی وەرگرتووە.

ئەو هاوسەرگیری کردووە و خاوەن(٧) منداڵە چوار کوڕ و سێ کچ، خوا تەمەن درێژیان بکات، بۆ خۆشی هەر سەرکەوتوو سەرفراز بێت بۆ خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریی کوردی و عەرەبی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامەی نووسەر و ڕۆژنامەنووس شێرزاد شێخانی، کە لە سەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## دانا عەبدولجەبار

هونەرمەندێکی عاشق بە هەولێر، عاشق بە قەڵا و منارە، خاوەنی گۆرانی(هەولێر، قەڵاو منارە)، گۆرانیبێژی دەنگ خۆش و ناسراوی کورد، دانا عەبدولجەبار...

ناوی تەواوی(دانا عەبدولجەبار شەوکەت)ە، لە ساڵی ١٩٦٩ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، خوێندنی ئامادەیی و بەشی مۆسیقای لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی سەر بە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر تەواوکردووە.

هونەرمەندی دەنگخۆش دانا عەبدولجەبار، هەر لە منداڵییەوە حەز و خولیای کەوتۆتە سەر گۆرانیی و مۆسیقای کوردی، لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو هاتۆتە ناو دنیای گۆرانیی و ئاواز و مۆسیقای کوردی، ئەو عاشقی شاری هەولێرە، عاشقی قەڵا و منارەیە، بۆیە گۆرانییەکی تایبەت بە هەولێر و یەکێکی دیکەشی بە ناوی(قەڵا و منارە) بە ڤیدیۆ کلیپ تۆمارکردووە، ئەو ماوەیەک بێ دەنگی هەڵبژاردووە و هیچ بەرهەمێکی پێشکەش نەکردووە، لە ساڵی ٢٠١١ بە کۆنسێرتێک کە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئێستا(بەشی مۆسیقا و هونەری)یە لە



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی گۆرانیبێژی ناسراوی کورد، ڕەوانشاد فوئاد ئەحمەد،**
**هونەرمەند دانا عەبدولجەبار**

هەمان وەزارەت، لە هۆڵی میدیا بۆی سازکردبوو، گەڕاوەتەوە ناو دنیای هونەر و گۆرانی و مۆسیقا، لە لێدوانێکدا خۆی دەڵێت:( دوای ماوەیەکی زۆر ئەم جارە بە کۆنسێرتێکی گۆرانی دێمەوە ناو جەماوەر و چەند گۆرانییەکی دانسقە پێشکەش دەکەم، هیوادارم زۆرترین بینەر ئامادە بن، بۆ ئەوەی بتوانم بە بەرهەمەکانم هەم دیسان بینەر بە هۆڵەکان شاد بکەم)، هەر ئەم کۆنسێرتەی هەولێری لە شارەکانی سلێمانی و دهۆک و دەڤەری سۆران پێشکەش کردووە.

هونەرمەندی گۆرانیبێژ دانا عەبدولجەبار، دوای ماوەیەک دابڕان، لە مانگی ٥ی ساڵی ٢٠٢١، بە ڤیدیۆ کلیپی گۆرانیی(هەولێر)کە هەر خۆشی دەق(تێکست)و ئاوازی بۆ داناوە، هونەرمەند(بڵند سۆران) کاری دەرهێنانی هونەری بۆ کردووە. بۆ جارێکی دیکە هاتۆتەوە ناو دنیای گۆرانی و مۆسیقا.

ئەو خاوەنی چەندین گۆرانی و ڤیدیۆ کلیپە و چەندین کۆنسێرتیشی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان ئەنجامداوە، ئەمانەش هەندێک لە بەرهەمە هونەرییەکانییەتی:

- له ساڵی ١٩٩٠ - ١٩٩٣، ئەلبۆمی جێم مەهێڵە.
- له ساڵی ٢٠٠٢، سەمای دڵ.
- له ساڵی ٢٠٠٣، دیاری.
- له ساڵی ٢٠٠٦، تۆ گوڵ نەبووی.
- له ساڵی ٢٠٠٠، وەکو ئەکتەر ڕۆڵی سەرەکی له فلیمی(قەدەر) بینیووە و چەندین گۆرانیشی تێدا ووتوە.
- له ساڵی ٢٠١٠ ئەلبۆمی(خەیاڵ)ی بڵاوکردۆتەوە.

چەندین گۆرانیی دیکەشی بە ڤیدیۆ کلیپ تۆمارکردووە، لەوانە:(بۆ ناز ئەکەی، یەکەم جار بوو کە تۆم بینی، گەر مەیلت وەک جارانە، یەکەم سات بوو، شەوەزەنگە، هەولێر، قەڵاو منارە، بێکەس نەبووم، ناگەڕێمەوە) چەندانی دیکەشی ئامادەیە بۆ تۆمارکردن، بەڵام دیارە باری ئابووری و ئیمکانییەتی کەمە، لایەنە پەیوەندیدارەکانیش ئاوڕی لێنادەنەوە.




**له لای ڕاستەوە: هونەرمەند دانا عەبدولجەبار،**
**هونەرمەندی مۆسیقا و ئاوازی کوردی سەید ئەحمەد ڕواندزی**




هونەرمەندی گۆرانیبێژ دانا عەبدولجەبار، هونەرمەندێکی دەنگ خۆش و بە ئەزموونە، خزمەتێکی زۆری بە هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی کردووە، بەشێک لە تێکست و ئاوازی گۆرانییەکانی هی خۆیەتی، هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بێت بۆ خزمەتی هونەری گۆرانیی و مۆسیقای کوردی.


سەرچاوەکان:
١ - کوردیپێدیا، نووسینێکی نووسەر خالید عومەر عوسمان.
٢ - ماڵپەڕی Bes news، لە ٢٠- ٤-٢٠١٩.
٣ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی چرا، نووسینێکی نووسەر مەسعود مەلا هەمزە، لە ١٢-٩-٢٠١١.
٤ - ماڵپەڕی ڕووداو، وتارێک بە ناو نیشانی(هونەرمەند دانا عەبدولجەبار ١٧ گۆرانی ئامادەیە بۆ تۆمارکردن) لە ١٧-١-٢٠١٦.
٥ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی گوڵان میدیا، لە ٢٨-٥-٢٠٢١.
٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.




# مەجید عەبدولڕەحمان

نووسەرێکی(کەم نووس و جوان نووسە)، نووسەر و لێکۆڵەر مامۆستا مەجید عەبدولڕەحمان...

ناوی تەواوی(مەجید عەبدولڕەحمان قادر)ە، لە ١- ٧- ١٩٥٨ لە داوێنی چیای سەفین و شارە جوان و ڕەنگینەکەی شەقڵاوە لە خێزانێکی دەستکورت و کوردپەروەر لە دایکبووە، ئەوان بە ڕەچەڵەک خەڵکی گوندی(ترگالە)ی دەوروبەری شاری شەقڵاوەن، کە ئێستا کەوتۆتە ناو شاری شەقڵاوە، ساڵی ١٩٦٣- ١٩٦٤ چووەتە بەر خوێندنی سەرەتایی تا پۆلی سێی لە قوتابخانەی (کاوێس) خوێندووە، دواتر قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی خۆشناو هەر لە شاری شەقڵاوە تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٧٣ تێکەڵ بە کاری سیاسی بووە و لە ڕیزی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان چالاکی نواندووە، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ پاش ڕێکنەکەوتنی سەرکردایەتیی کورد لەگەڵ ڕژێمی بەعس لەسەر جێبەجێکردنی تەواوی بەندەکانی



نووسەر و لێکۆڵەر مەجید عەبدولڕەحمان بە جاحێڵی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر کەمال سەعدی، نووسەر ئاسۆ حەسەن، نووسەر مەجید عەبدولڕەحمان

ڕێککەوتننامـەی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠، بـە خـۆی و خێزانەکـەی ڕوویـان لـە ناوچـە ئازادکراوەکانی شـۆڕش کردووە، پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران بووە، ماوەیەک لـە ئۆردوگای(بابک)بووە لـە شـاری دیزەفۆل، لـە ١٢-٧- ١٩٧٦ هاتوونەتـەوە باشـووری کوردسـتان و ڕەوانـەی ناحیەی(حوسـێنی) یە لـە پارێزگای کەربـەلا کراون، لە وێ ماوەیـەک وەکو کارمەند لـە پارێزگای کەربـەلا دەسـتبەکار بووە، لـە سـاڵی ١٩٧٨ بەر لێبووردنی گشـتی کەوتوون و گەڕاونەتـەوە شـاری شـەقڵاوە، هەمان ساڵ قۆناغی خوێندنی ناوەندی لە قوتابخانـەی ئێوارانـی شـەقڵاوە تەواوکـردووە، پاشـان خانـەی مامۆسـتایانی لـە شـاری هەولێـر تەواوکـردووە و بۆتـە مامۆسـتای سـەرەتایی، لـە سـاڵی ١٩٨٠ لەگـەڵ دەسـتپێکردنی شـەڕی عێراق و ئێران داواکراوە بۆ سـەربازی، بـەڵام نەچۆتـە سـەربازی، دووبارە ڕووی لـە ناوچـە ئازادکراوەکانی شـۆڕش کردووە تـا ڕاپەڕینی سـاڵی ١٩٩١، زیاتر خەبات و چالاکیی ئەو بۆ پسـپۆڕانی بـواری سیاسـیی لێدەگەڕێـم.

ئـەو ئێسـتا مامۆسـتای خانەنشـینە، لـە قوتابخانەیەکی(ئەهلـی- ناحکومـی) وانـەی زمانـی کـوردی بـە قوتابیانـی پۆلـی(٩.٨.٧) دەڵێتـەوە.

نووسـەر و لێکۆڵـەر مەجیـد عەبدولڕەحمـان لـە مـاوەی سـاڵانی ١٩٨٠- ١٩٩١ هـەر خەریکـی خوێندنـەوە بـووە، لـە ڕێـگای نووسـەر و ڕۆماننـووس

سابیر ڕەشید گرۆگاڵی نووسین کردووە، تا لە ساڵی ١٩٨٢ یەکەم نۆبەرەی بەرهەمەکانی خۆی کە نووسینێک بووە بە ناو نیشانی(چەند بەیتێکی فۆلکلۆریی ناوچەی خۆشناوەتی) لە پاشکۆی ڕۆژنامەی(ئەدەب و هونەر) بڵاوکردۆتەوە، ئیدی بەردەوام بووە لە نووسینی وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و بابەتی هەمەجۆری دیکە.

تا ئێستا دوو کتێبی لە چاپداون و بڵاوی کردوونەتەوە، کە ئەمانەن:

- کتێبی(تۆ کێیت) کە لەسەر گەشەپێدانی مرۆییە، زیاتر لە(٦٠) سەرچاوەی کوردی و عەرەبی تێدا بەکارهێناوە، ساڵی ٢٠٢١ چاپیکردووە و بڵاوی کردۆتەوە.



**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز سمکۆ ئەنوەر، دکتۆر مەجید حەمەدەمین، نووسەر مەجید عەبدولڕەحمان**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر عیسا حوسێن، نووسەر مەجید عەبدولڕەحمان، هونەرمەند عومەر دزەیی، نووسەر و ڕۆمانनووس سابیر ڕەشید، نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەمید بەدرخان، نەناسراوە**

- کتێبی(خدری زندە) کە هەقایەتی ناوچەی خۆشناوەتییە، ساڵی ٢٠١١، بڵاوی کردۆتەوە.

چەند بەرهەمێکیشی ئامادەیە بۆ چاپ کە ئەمانەن:


- کتێبی ڕۆمانی(پینەدۆز).
- کتێبی(بەسەرهاتە ڕاستەقینەکانی خۆم و برادەران).

نووسەر و لێکۆڵەر مەجید عەبدولڕەحمان، چەندین چالاکیی دیکەی لە بوارەکانی ڕۆژنامەگەری و کاری ڕێکخراوەیی ئەدەبی و ڕۆشنبیری نواندووە، ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

- لە ساڵی ١٩٩٢ەوە، ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێرە.
- هەر پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ چەندین هاوڕێی خۆی لە نووسەران و ئەدیبانی شەقڵاوە، یانەی ڕۆشنبیری و سەنتەری ڕۆشنبیرییان



نووسەر مەجید عەبدولڕەحمان






**بەرهەمەکانی نووسەر مەجید عەبدولڕەحمان**

لە شەقڵاوە دامەزراندووە، چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیان دەرکردووە، لەوانە(گۆڤاری مەم) کە دوو ژمارەی لێ دەرچووە، گۆڤاری دەنگارە.

- چەندین بابەتی هەمەجۆری لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە و کۆڕوکۆبوونەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریشی ئەنجامداوە و بەشداریش بووە لە زۆر چالاکیی دیکەی ئەدەبی لە شەقڵاوە و شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان.
- بەردەوامە لە نووسینە جوان و پوخت و بەپێزەکانی، هەر سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و وشەی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر مەجید عەبدولڕەحمان، کە لە سەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ڕەشید عەباس

مامۆستای پەروەردە و شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ ڕەشید عەباس..

ناوی تەواوی(ڕەشید عەباس حوسێن مستەفا)یە، لە ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی(بۆراز)ی نزیک کەناری ڕووباری فورات لە کەرتی ڕۆژئاوای شاری کۆبانیی ڕۆژئاوای کوردستان لە خێزانێکی هەژار و کاسبکار لە دایک بووە، حوسێن مستەفای باوکی و خاتوو خالیدە حەجی محەمەد عەلی دایکی، زۆر بایەخیان بە خوێندن و خوێندەواری داوە، سەرەڕای دەستکورتیان و سەرقاڵبوونیان بە کاری کشتوکاڵی و مەڕوماڵات بە خێوکردن، هەر زوو ناردوویانەتە بەر خوێندن لە قوتابخانەی(قۆلمغ) کە نزیک بووە لە گوندەکەی خۆیان، خوێندنی سەرەتایی لەوێ تەواوکردووە، ناوەندی و دواناوەندیشی لە(تەڕابلس و مەنبەج) تەواوکردووە، بۆ ماوەی ساڵێک بووەتە مامۆستای سەرەتایی لە قوتابخانەی قۆلمغ، دواتر بە هۆی کوردبوونی و هەڵوێستە سیاسییەکانی لە کەرتی پەروەردە دوورخراوەتەوە، بەڵام ئەو سوور بووە لەسەر خوێندن، چووەتە کۆلێژی ئاداب و زانستە مرۆییەکانی زانکۆی(البعث)لە شاری(حمص)و بەشی زمان عەرەبی تەواوکردووە، بۆتە مامۆستا لە قوتابخانەکانی گوند و شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری شاری حەلەب، ئەو هەر بەردەوام بووە لە خوێندن و بڕوانامەی دبلۆمی(تأهيلي) پەروەردەیی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی حەلەب وەرگرتووە، بەردەوام



**شاعیر ڕەشید عەباس لە کاتی ناساندن و واژۆ کردنی بەرهەمەکانی**

بووە لە خزمەتکردن لە کەرتی پەروەردەدا، بەڵام چونکە کورد بووە، ئازار و ئەشکەنجە و دوورخستنەوەی زۆری بینیوە لە ژیانی مامۆستاییدا.

شاعیر ڕەشید عەباس هەر لە منداڵییەوە حەزی لە شیعر و ئەدەب و هونەری گۆرانی بووە، دەستی بە خوێندنەوەی شیعر و پەخشان و شانۆنامە و چیرۆک کردووە، پاشان هەستی کردووە کە بەهرەو توانای نووسینی هەیە، ئەو کاتەی قوتابیی ئامادەیی بووە، دەستی بە نووسینی شیعر و پەخشان کردووە، چەندین شیعری کوردی و ئینگلیزیشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، ئەو لەبەر ئەوەی هەر بە عەرەبی خوێندوویەتی، بۆیە نووسینەکانی هەمووی بە زمانی عەرەبییە، بەڵام بارودۆخی ناهەمواری کورد و ستەم و زوڵم و سەختییەکانی ژیانی خۆی و کۆمەڵی کوردەواری لە ڕۆژئاوای کوردستان و هەموو کوردستان لە شیعر و نووسینەکانی بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە، تا ئێستا دوو دیوانی شیعری لە چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- أثقلت بالهواجس أغنيتي، کۆمەڵە شیعر، لە چاپخانەی(دار الزمان) چاپکراوە.
- على ساحل القلب، کۆمەڵە شیعر، لە چاپخانەی(دار الزمان) چاپکراوە.
- عزف على وتر الذكرى، کە ڕێگای پێنەدراوە چاپ بکرێت.

دوو دیوانی شیعری دیکەشی ئامادەیە بۆ چاپ، یەکێکیان بە زمانی کوردییە.

شاعیر و نووسەر ڕەشید عەباس، سەرەڕای نووسینی شیعر و پەخشان و وەرگێڕان، وەکو مامۆستای پەروەردەیی و کوردێکی چالاک چەندین چالاکی دیکەشی هەبووە و هەیەو لەوانە:

- لە بەشی زۆری فیستیڤاڵە شیعرییەکانی ناو سووریا و وڵاتانی عەرەبی بە هۆنراوەیەک یان زیاتر بەشداری کردووە.
- لە ساڵ ی ٢٠٠٦-٢٠١٢ ئەندامی لیژنەی ئامادەکردنی فیستیڤاڵی شیعری کوردی بووە، کە لە قامشلۆ ئەنجامدراوە، چەندین جاریش ئەندامی لیژنەی ڕەخنە و هەڵسەنگاندن بووە لە فیستیڤاڵەکان.
- لە ساڵی ٢٠١١ ەوە، ئەندامێکی چالاک بووە، لە بڵاوکردنەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە شاری کۆبانی، هەموو ئەو کارانەشی خۆبەخشانە کردووە.



**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا ئاراس حەسۆ مامۆستای بەشی ئەدەبی کوردی لە زانکۆی کۆبانی، مامۆستا عەبدولکەریم عەلوش مامۆستای بەشی کوردی لە زانکۆی کۆبانی، شاعیر ڕەشید عەباس ،ئەم وێنەیە لە دەزگای چاپ و پەخشی(ئاڤا) گیراوە.**




**بەرهەمەکانی شاعیر ڕەشید عەباس**

- لە ساڵی ٢٠٠٧- ٢٠٠٨ لە کێبڕکێی فیستیڤاڵی(الشارقة) بە کۆمەڵە شیعری(عزف علی وتر الذکری) بەشداری کردووە، پاشان لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندنی(حلب) ناردوویەتییە وەزارەتی ڕاگەیاندنی سووریا بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی لە چاپدانی، بەڵام ڕەزامەندییان نەداوەتێ.
- بەشداریی بەشی زۆری چالاکییە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی شارەکانی(حەلەب، حمس، دیمەشق، کۆبانی، مەنبەج) کردووە.

بۆ شاعیر و نووسەر ڕەشید عەباس هەر سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی زمانی ئەدەبی کوردی و عەرەبی.

سەرچاوەکان:

١ – کورتەیەک ژیاننامەی شاعیر ڕەشید عەباس، برای بەڕێزم کاک ئیبراهیم عەباس لە هەولێر بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عەلی چل ئاغا

شاعیر و نووسەر و یاسازان و چالاکوانی بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی، ڕەوانشاد عەلی چل ئاغا...

ناوی تەواوی(عەلی ڕەمەزان عەلی)یە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە عەلی چل ئاغا ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٩ لە هەندێ سەرچاوەی دیکە ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی(کەرکی- کەرکا -خەلۆ)ی سەر بە ناحیەی(چل ئاغا) ی ڕۆژهەڵاتی شاری قامشلۆی ڕۆژئاوای کوردستان لە خێزانێکی جۆتیار و کاسبکاری کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان تەواوکردووە، خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە شارۆچکەی(چل ئاغا) تەواوکردووە، دواتر کۆلێجی(ماف- حقوق)ی لە زانکۆی حەلەب بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە.

شاعیر نووسەر عەلی چل ئاغا هەر زوو لە تەمەنی(١١)ساڵیدا لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان دەستی بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی عەرەب و کورد کردووە، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە شیعر نووسین بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی کردووە، ئەو بە شاعیرێکی نوێخواز هەژمار دەکرێت، شیعرەکانیشی زیاتر نیشتمانپەروەری و کۆمەڵایەتین، ئەو خەمی خۆی و خەلک، زوڵم و زۆرداریی داگیرکەران و



له لای ڕاستەوە: نووسەر و لێکۆڵەوەر کۆنی ڕەش، شاعیر و نووسەر عەلی چل ئاغا

نەهامەتیی میللەتەکەی لە هەموو کوردستان لە شیعرەکانی زۆر بەڕوونی ڕەنگی داوەتەوە، تا ئێستا دوو دیوانی شیعری لە چاپداوە و بڵاوکردۆتەوە، دوو دیوانیشی ئامادەن بۆ چاپ، جگە لە دوو ڕۆمانیش، لە بەرهەمە بڵاوکراوەکانی:

- دیوانی شیعری(ئاریا- ARYa) ساڵی ٢٠٢١ یەکێتیی نووسەرانی کورد لە سووریا چاپی کردووە و بڵاویکردۆتەوە.



بەرهەمی شاعیر عەلی چل ئاغا

- دیوانی شیعری(هەیاس - Hayas) ساڵی ٢٠٢٢ بڵاوکراوەتەوە، بەشی زۆری هۆنراوەکانی ئەم دیوانە شیعرییەی نیشتمانپەروەرین، باس لە قارەمانێتی و بەرگریکردن لە(عەفرین) دەکات.

دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و یاسایی و ئابووری لە گۆڤارە کوردی و



عەرەبییەکان بڵاوکردۆتەوە لەوانە گۆڤاری (Nivisskar - نڤیسکار) و ڕۆژنامەی(ڤەدەنگ- بویار -Vedeng buyar).

شاعیر و نووسەر عەلی چل ئاغا سەرەڕای نووسینەکانی، هەمیشە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، لە بواری ڕێکخراوەیی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و هەتا سیاسیش، لەو ماوە کورتەی تەمەنی چەندین چالاکی نواندووە لەوانە:

- یەکەم کەس بووە وەکو مامۆستا، لە ناوچەی خۆیان و دەوروبەری گەنجانی کوردی فێرە زمانی کوردی کردووە،
- یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە ڕۆژئاوای کوردستان ساڵی ٢٠١٣، لەم بوارەدا خزمەتێکی زۆری لێقەوماوانی کردووە.




پۆلێك لە نووسەرانی کوردی ڕۆژئاوا

- یەکێکە لە دامەزرێنەرانی فیستیڤاڵی شیعری کوردی کە ساڵانە لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەنجام دەدرێت، چەندین جار وەکو لێژنەی(دادوەر- الحکام) هەڵبژێردراوە.

شاعیرێکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر بوو، لە تەمەنێکی زۆر کورت ماڵئاوایی لە کەس و کارو ئەدیب و ڕۆشنبیران و هەوادارانی کرد، لە ڕۆژی ٢٨-١ - ٢٠٢١ بە نەخۆشیی دڵ کۆچی دوایی کردووە، تەرمەکەشی لە شاری چل ئاغا بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

لە ٢٨-١- ٢٠٢٣ بە بۆنەی دووەمینساڵیادی کۆچی دوایی شاعیر عەلی چل ئاغا، یەکێتیی نووسەرانی کورد لە سووریا ئێوارە کۆڕێکیان بە ئامادەبوونی ئەدیب و ڕۆشنبیران لە شاری چل ئاغا ئەنجامداوە.

سەرچاوەکان:

١ - ژیاننامەی شاعیر عەلی چل ئاغا، هاوڕێی بەڕێزم ئیبراهیم عەباس بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- Kurd online، نووسینێکی ڕۆژنامەنووس خاتوو دیالا مراد، لە ٢٥-٣-٢٠٢٣.


٣ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی ENKS، لە ٢٩-١-٢٠٢١.

٤ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی Rojava. net، لە ٢٨-١- ٢٠٢١.

٥ – ماڵپەڕی walate me.

٦ - ماڵپەڕی(صدی الواقع السوري) لە ٢٨-١- ٢٠٢٣.


٧- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# خالید شەیدا

شـاعیر و نووسـەر، هونەرمەنـدی دیزاییـن و هونەرکاری(پۆرترێت)، مامۆسـتا خالیـد شـەیدا..

نـاوی تەواوی(خالید مەغدید تەها)یە، لـە ناوەنـدی ئەدەبـی و ڕۆشـنبیری بە خالید شـەیدا ناسـراوە، لـە سـاڵی ١٩٥٧ لـە گەڕەکی(سـێتاقان)ی نـاو شـاری هەولێـر لـە خێزانێکـی کوردپـەروەر لـە دایـک بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی لـە قوتابخانـەی سـۆران و هـەژاری سـەرەتایی تەواوکـردووە، قۆناغـی ناوەنـدی لـە ناوەندیی(الجمهوریـة) و ئامادەییشـی لـە ئامادەیـی کوردسـتان هـەر لـە شـاری هەولێـر تەواوکـردووە، سـاڵی ١٩٨٤ بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـی لـە بەشـی زمانـی ئینگلیزیـی کۆلێـژی ئادابـی زانکـۆی بەغـدا بەدەسـتهێناوە، ماوەیـەک وەکـو مامۆسـتای زمانـی ئینگلیـزی لـە قوتابخانـە ناوەندییەکانـی نـاو شـاری هەولێـر دەسـتبەکار بـووە.



شاعیر و نووسەر خالید شەیدا بە مێردمنداڵی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیری گەورەی کورد عەبدوڵڵا پەشێو، شاعیر خالید شەیدا، نووسەر و ڕۆژنامەنووسی دیار و ناسراوی کورد جەمال خەزنەدار**

شاعیر و نووسەر خالید شەیدا، لە ساڵی ١٩٨٦، لە بەر بارودۆخی سیاسیی ئەو کاتی کوردستان و عێراق، ڕووی لە هەندەران کردووە و لە شاری هانۆڤەری وڵاتی ئەڵمانیا گیرساوەتەوە، ئێستاش لەوێ دەژییێت.

شاعیر خالید شەیدا، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی شیعر و بابەتی فەرهەنگی و هەمەجۆری دیکە کردووە، فەرهەنگێکی کوردی- کوردی بە ناوی(فەرهەنگی شەیدا) و کۆمەڵە هۆنراوەیەک بە ناو نیشانی(شۆستە خوێناوییەکان) نووسیوە و ئامادەی کردووە، بەڵام دیارە لێی فەوتاوە و بە چاپی نەگەیاندووە.

ئەو بەردەوام بووە لە نووسینی شیعر و وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی وەکو(ڕۆشنبیری، بەیان، ڕۆژی کوردستان، پاشکۆی عێراق، هاوکاری، کاروان و چەندانی دیکە) بڵاوکردوونەتەوە.

تا ئێستا چەند بەرهەمێکی پوخت و جوان و سوود بەخشی چاپ کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- ڕوحە وونبووەکان، کۆمەڵە شیعر، ساڵی ٢٠١٩.

- تۆ نیشتمانمی، کۆمەڵە شیعر، ساڵی ٢٠٢١.
- لە جاران زیاتر خۆشم دەوێ، کۆمەڵە شیعر.

شاعیر و نووسەر خالید شەیدا، وەکو هونەرکاری دیزایین و (پۆرترێت) دەیان کاری جوان و دەیان وێنەی هونەرمەندان و نووسەران و کەسایەتییەکانی کوردی بە شێوەی(پۆرترێت) دروستکردووە، بە بەردەوامی لە ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆی زۆر چالاکانە بڵاویان دەکاتەوە.



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر مەولود ئیبراهیم، شاعیر خالید شەیدا، دکتۆر ئازاد حەمە شەریف، نووسەر جەمال خەزنەدار**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر خالید شەیدا، نووسەر جەمال خەزنەدار، شاعیر خاتوو سروە عوسمان خۆشناو(سروەی بەیان)**

بەردەوامیشە لە بڵاوکردنەوەی هۆنراوە و وتاری هەمەجۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان و سایتە ئەلیکترۆنییەکان.

وەکو شاعیر و نووسەرێکی چالاک لە زۆربەی کۆڕوکۆبوونەوە و کۆنفراسە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی وڵاتی ئەڵمانیا و وڵاتانی دەوروبەری ئامادە دەبێت.


شاعیر خالید شەیدا لە ساڵی ١٩٩٩ هاوسەرگیری لەگەڵ بەڕێز



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر خالید شەیدا، نووسەر و لێکۆڵەر و وەرگێڕی گەورەی کورد ڕەوانشاد عەزیز گەردی**



**لە لای ڕاستەوە: خاتوو بانوو، خاتوو هێشوو،کچەکانی شاعیر خالید شەیدا، شاعیر خالید شەیدا، خاتوو(خەبات) هاوسەری شاعیر خالید شەیدا**



لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووسی گەورەی کورد ممتاز حەیدەری، شاعیر خالید شەیدا




لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆماننووس حسام بەرزنجی، شاعیر خالید شەیدا

خاتوو(خەبات) کردووە و خاوەنی دوو کچن بە ناوەکانی(هێشوو و بانوو) خوا تەمەن درێژیان بکات، بۆ خۆشی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

وا پارچە شیعرێکی شاعیر خالید شەیدا- تان بۆ دەنووسمەوە، کە بە بۆنەی ساڵیادی کۆچی دوایی نووسەر و لێکۆڵەر و وەرگێری گەورەی کورد ڕەوانشاد عەزیز گەردی نووسیوە:

**بۆ مامۆستا عەزیز گەردی**

زۆر تامەزرۆت بووم و ،
هەر دەمودەست بتبینم ...
کە تۆم بینی ...
بەم شێوەیە ، لە سەر جێگا ڕاکشاوی ،
بێناز دوور لە کتێبەکانت ...
وەکو هاوڕێیەکی بەوەفا ...
چاوم پڕ بوون لە فرمێسک ..



**لە لای ڕاستەوە: میدیاکار نەبەز ڕەشاد، نووسەر و ڕۆماننووس سابیر ڕەشید، شاعیر خالید شەیدا**

کورەی دڵم ئاگری گرت ،
هەمووی داغ بوون ...
هەزار خۆزگەم دەخواست ..
تۆم هەرگیز بەم شێوەیە ..
قەت نەدیبا ..!
کتێبەکان و قەڵەمەکانت ..
هەمیشە بە دیارتەوە بوون و ئامێزیان
بۆ تۆ دەکردەوە و ،
هەر لەگەڵ تۆ بوون و ،
هەرگیز لێت دوور نەکەوتوونەتەوە ...
یەک بست چییە لێت دانەدەبڕان ،
هەر لەگەڵ تۆ بوون ...
دەست لە ناو دەست ..
مامۆستا گیان ...
ئەو کاتەی کە تۆم بینی ...!


نەمتوانی بەرامبەرت بوەستم ،
بەری چاوم لێ تاریک بوو ...
ئەژنۆم شل  بوون ...
ناخم پڕی ئاخ و داخ بوون ...
 لە دڵمدا کەوتمە پارانەوە و نزا ،
چرای ژینی ئەم کەڵە  پیاوە ...
کز نەبێت و بکوژێتەوە ...
بەڵکو هەر گەشاوە و  داگیرساو بێت ..
خوایە ئەو پاشایەمان لێ نەستێنێ ...
ئەو بۆ خۆی پاشای ...
مەملەکەتی وشەیە ...
لەوەتەی ئەو دوور  کەوتۆتەوە ...
وشەکان هەمووی مات و غەمبا ر و مەڵوولن ..
دەست بە ئەژنۆن لە سەر چۆکن ...
لە دڵەوە  پەڕێشانن ...
هەموو ڕۆژی دوعا و نزا دەکەن ...
چونکە کەس  نییە ...



بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر خالید شەیدا

نازیان هەڵگرێ ...
منیش دەڵێم ...
ئەی وشە ژیکەڵەکان و خنجیلەکان
بێخەم بن ...
پاشای ئێوە ورەی بەرزە ...
بە قەت چیای قەندیل و هەیبەت سولتان ..
چرای ژینی ئەو قەت کز نابێت ...
چەرخی ڕۆژگاری ئەو قەت ناسوێت ...
چاوەڕێ بن ..!
لە پڕ دەگەڕێتەوە بۆ لاتان ...
ئامێزتان بۆ دەکاتەوە لەگەڵتان دەبێت ...
تاهەتایێ ... تاهەتایێ

سەرچاوەکان:
١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر و نووسەر خالید شەیدا، لە سەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆرغازی بامەڕنی

هونەرمەند عومەر دڵپاک دەڵێت:(ئەو مامۆستای هەموومان بووە)، مامۆستای زانکۆ و نووسەر و هونەرمەندی دەرهێنەر، ڕەوانشاد غازی بامەڕنی...

ناوی تەواوی(غازی عەبدوڵلا بامەڕنی)یە، بە دکتۆر غازی بامەڕنی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٤٢ لە شارۆچکەی بامەڕنی سەر بەقەزای ئامێدی پارێزگای دهۆک لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە ئامێدی تەواوکردووە، دواتر پەیمانگای هونەرە جوانەکانی لە بەغدا تەواوکردووە، بووەتە مامۆستای هونەری لە ئامادەیی سلێمانی، هەر لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بۆتە ئەندام لە تیپی نواندنی سلێمانی.

هونەرمەند دکتۆر غازی بامەڕنی کاری نواندن و ئەکتەری نەکردووە، ئەو تەنها کاری دەرهێنانی هونەری کردووە، بە چوونی ئەو بۆ شاری سلێمانی جوڵە و چالاکییەکی بەرچاوی خستۆتە نێو شانۆی کوردی، لەژێر گوشار و فیشاری کاربەدەستانی ڕژێمی بەعس لە کەرکوک لە ساڵی ١٩٧٧ بە مەبەستی خوێندنی باڵا ڕووی لە وڵاتی فەرەنسا کردووە، لەوێ بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرای لە بواری شانۆدا بەدەستهێناوە، لە ساڵی ٢٠٠٨ گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان وەکو مامۆستا لە بەشی هونەری




**هونەرمەندی دەرهێنەر دکتۆر غازی بامەڕنی**

شانۆ لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی دهۆک دەست بەکاربووە.

مامۆستا و هونەرمەندی دەرهێنەر دکتۆر غازی بامەڕنی، نۆبەرەی کارە هونەرییەکانی بە دەرهێنانی شانۆگەریی(نرخی ئازادی) لە نووسینی ئەمانۆئیل ڕۆبلس دەستپێکردووە، کە لە ڕۆژانی ٧-١ هەتا ١٠-١ ساڵی ١٩٧١ لەسەر شانۆی(ثانویة- سانەوی)ی سلێمانی نمایشکراوە، دواتر ساڵی ١٩٧٢ وەک دراما لە تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمارکراوە و لە تەلەفزیۆنی کەرکووکیش پەخشکراوە، ئیتر بەردەوام بووە لە دەرهێنانی کۆمەڵێک شانۆگەری و درامای تەلەفزیۆنی کە ئەو کات دەنگ و سەدایەکی زۆری هەبوو لە شاری سلێمانی و هەموو کوردستان، ئەمانەش هەندی لە کارە هونەرییە جوانەکانییەتی:

- لە ساڵی ١٩٧٢ کاری هونەری بۆ شانۆگەریی(داوی مەرگ)کردووە، هەر هەمان ساڵیش کاری دەرهێنانی هونەری بۆ درامای تەلەفزیۆنی(من کێم؟)کردووە.

- لە ساڵی ١٩٧٣ کاری دەرهێنانی بۆ شانۆگەریی(چاوی کوردستان) کردووە، هەر لە هەمان ساڵیش شانۆگەریی(کۆتایی زۆرداری) دەرهێناوە، دواتریش وەک درامایەک لە تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمارکراوە.

- لە ساڵی ١٩٧٤ بە شێوەیەکی هونەری و جوان شانۆگەریی(دزی زۆرزان)ی دەرهێناوە.

- هەر لە ساڵی ١٩٧٤ کە تیپی نواندنی سلێمانی بە شانۆگەریی(شاخەوانی مەزن) بەشداریی لە فیستیڤاڵی شانۆی کوردی لە (قاعة الخلد، هۆڵی خولد) کرد، پلەی یەکەمیان بەدەستهێنا، لە دەرهێنانی هونەمەندی دەرهێنەر غازی بامەڕنی بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ کاری دەرهێنانی هونەری بۆ درامای تەلەفزیۆنیی(فیلەکەی خاوەن شکۆ)کردووە، هەر هەمان ساڵیش شانۆگەریی(ڕێڕەوەی گەل) و شانۆگەریی(مانگرتن)ی دەرهێناوە، لە ڕاستیدا ئەوەی بەندە ئاگادار بێت، لە ساڵی ١٩٧٦ ئەو کاتەی خەریکی تۆمارکردنی شانۆگەریی(مانگرتن) بوو وەک درامایەک بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووک، دەزگاکانی ڕژێمی بەعسی ئەوسا داوایان لێ کردبوو لە کاتی تۆمارکردنی(مشهد- دیمەن)ی مانگرتنی کرێکاران دروشمی(وحدة و حرية و إشتراكية) بڵێن، بەڵام هونەرمەند غازی بامەڕنی لەسەر هەڵوێستی خۆی سوور بوو بەمە ڕازی نەبوو، هەر چەندە چەند دیمەنێکیش لە دراماکە تۆمارکرابوو، بەڵام وازیان لێهێناو تەواویان نەکرد و گەڕانەوە سلێمانی.

ئەم کارە زۆر کاریگەری لە هونەرمەند غازی بامەڕنی کرد، هەر ئەم هۆیەش وایکرد کە لە ساڵی ١٩٩٧ بە مەبەستی خوێندن ڕوو لە وڵاتی فەرەنسا بکات.

هونەرمەند غازی بامەڕنی جگە لە کارە هونەرییەکانی چەندین کتێبی سەبارەت بە(ئەحمەدی خانی، دەرویشی عەبدی و چیرۆکی بێتاری) نووسیوە، پاش گەڕانەوەشی کۆمەڵێک کاری هونەری ئەنجامداوە لەوانە دەرهێنانی شانۆگەریی(مەم و زین)، دەرهێنانی بۆ چەندین کاری هونەری دیکەش کردووە.

هەموو ئەو شانۆگەری و درامایانەی کە تۆماری کردوون و هەندێکیشیان

تۆمار و بە ئەرشیف نەکراون کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بزووتنەوەی شانۆی کوردی هەبووە، ئەو زیاتر لە(٥٠) ساڵ خزمەتی هونەری دەرهێنانی کردووە.

سەبارەت بە هونەرمەند غازی بامەڕنی، هونەرمەند عومەر دڵپاک دەڵێت:( بەبڕوای من ئەم تەگەرەیەی کە کەوتە بەردەمی لە تەلەفزیۆنی کەرکووک لە کاتی درامای مانگرتندا، کە داوای لێکرا بۆ مۆڵەتدان بەتۆمار کردنی دراماکە دروشمەکانی حیزبی بەعس بەرز بکاتەوە، هۆکارێکی سەرەکی بوو، بۆ بیرکردنەوە لە بەجهێشتنی وڵات و ئەوە بوو لە سەرەتای ١٩٧٧دا ڕووی کردە وڵاتی فەرەنسا بەمەبەستی خوێندن). هەر هونەرمەند عومەر دڵپاک سەبارەت بە مەرگی غازی بامەڕنی، دەڵێت:( «هونەرمەندی شانۆکار غازی بامەڕنی، خزمەتێکی گەورەی بە هونەری شانۆی کوردی کردووە، کارە هونەرییەکانی و ناوی ئەو هەمیشە بەزیندوویێتی دەمێنێتەوە، بامەڕنی مامۆستای هەمومان بوو).



پەیکەری هونەرمەند دکتۆر غازی بامەڕنی



پۆلێك هونەرمەند لە بەردەم پەیکەری هونەرمەند دکتۆر غازی بامەڕنی، لە لای ڕاستەوە: سێیەم کەس هونەرمەندی گەورەی کورد ئەنوەر قەرەداغی، ئەوانی دیکە نە ناسراون

هەر دەربارەی هونەرمەند غازی بامەڕنی، نووسەر و هونەرمەند دێرین حامد دەڵێت:(بۆ من غازی بامەڕنی جێگەی پرسیارو تێرامانێکی زۆرە چۆن لەو ساڵانەدا بەو تێڕوانینە قووڵەوە لە پرۆسەی کاری شانۆیی و بەتایبەت دەرهێنانی شانۆی ڕاماوە و بیری لێکردووەتەوە، ئەو وەک یەکەم دەرهێنەر لە مێژووی شانۆی کوردیدا بۆ یەکەم جار لەسەر پەڕەیەک لە پەڕەکانی دەلیلی شانۆکەی بۆچوونی خۆی وەک دەرهێنەرێک تۆمار دەکات و تێڕوانینەکانی دەخاتە ڕوو، نایشارمەوە لە ئێستای ئێمەدا کە بۆ خۆم بەرکەوتنم لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری شانۆکارانی کورددا هەیە، هیچ دەرهێنەر و ئەکتەرێکی کوردم نەبینیوە کە لە دەرەوەی ئەو تێڕوانینەی غازی بامەڕنی توانیبێتی تێڕوانینێکی نوێتری هەبێت و ئەو بۆ چوونە تێپەڕێنێت).

هونەرمەند غازی بامەڕنی لە ١٦-١٢- ٢٠٢٠ لە شاری پاریس لە وڵاتی فەرەنسا کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

لەسەر بیرۆکەی بەڕێز(نیاز مەلا مەحمود) لە بەردەم چالاکیی قوتابخانەکان لە شاری سلێمانی، بە سپۆنسەری(کۆمەڵگای پەروەردەی مارگرێت)، بە دەست و پەنجە ڕەنگینەکانی هونەرمەندی پەیکەرتاش(عومەر جەمیل) پەیکەرێک بۆ هونەرمەند غازی بامەڕنی دروستکراوە و بە ئامادەبوونی لێپرسراوان و هونەرمەند و ڕۆشنبیرانی شاری سلێمانی لە ڕۆژی ٢٧-٣- ٢٠٢١ پەردە لە سەر پەیکەرەکە لادراوە.

سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی ڕوانگەو ڕەخنە، وتارێکی نووسەر و هونەرمەند دێرین حامد، بە ناونیشانی(غازی بامەڕنی وەک یەکەم دەرهێنەری پێشمەندی کورد).

٢ - کوردستان TV، نووسینێک بە ناوی(دکتۆر غازی بامەڕنی لە پاریس کۆچی دوایی کرد) لە ١٦-١٢- ٢٠٢١.

٣ - PUK Midia، لە ٢٧-٣-٢٠٢١.

٤ - کوردیپیدیا.

٥ - ماڵپەڕی ئاوێنە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ هونەرمەند عومەر دڵپاک، لە ١٠-٢- ٢٠٢١.

٦ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# شەمال ئاكرەیی

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ، شەمال ئاكرەیی...

ناوی تەواوی(شەمال ئیسماعیل دەرویش)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە شەمال ئاكرەیی ناسراوە، لە ١- ٨-١٩٦٧ لە شارۆچكە جوان و ڕەنگینەكەی ئاكرێی سەر بە پارێزگای دهۆک لە دایک بووە، قۆناغەكانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە ئاكرێ تەواوكردووە، لە ساڵی ١٩٩٢ بڕوانامەی بەكالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە كۆلێژی پەروەردەی زانكۆی موسڵ وەرگرتووە، بۆتە مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە ئاكرێ تا ساڵی ١٩٩٧، پاشان ڕووی لە هەندەران كردووە و وەكو پەنابەر لە وڵاتی هۆڵەندا نیشتەجێ بووە، لە ساڵی ٢٠٠٦ هاتۆتەوە باشووری كوردستان و لە بواری نووسین و ڕۆژنامەگەری درێژەی بە خزمەتكردن داوە.

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ شەمال ئاكرەیی، هێشتا هەر قوتابی بووە حەز و خولیای چۆتە زمان و ئەدەب و شیعری كوردی و عەرەبی و شیعری شاعیرانی جیهانی، بە نووسینی شیعری نوێخوازی دەستی پێكردووە و دواتریش ڕووی لە نووسینی شیعری هایكۆ و شیعری چوارخشتەكی بە هاوبەشی لەگەڵ شاعیرانی دیكە و وەرگێڕانی شاكارە عەرەبیی و جیهانییە



له لای ڕاستەوە: بەڕێز عزەت یوسف، نووسەر دکتۆر فازل عومەر، نووسەر مامۆستا حەجی جەعفەر، نووسەرو لێکۆڵەر مسەدەق توڤی، بەڕێز عەزیز نیعمەتی، نووسەر شەماڵ ئاکرەیی

وەرگێڕدراوەکان کردووە، ئەو زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بە باشی دەزانێت، بۆیە وەرگێڕانی لە کوردی بۆ عەرەبی و بە پێچەوانەش لە عەرەبی بۆ کوردی و چەندین شاکاریشی لە زمانی ئینگلیزی وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی لەوانە بەرهەمەکانی هەر یەک لە شاعیر و نووسەران:(ئێرنست هێمنگوای، بروس ستێرلینگ، فیۆدۆر دیستۆڤسکی، دوگ.گ، نیکیتا بۆزلی، پاتریک ویزوڤیسکی، مۆ بەشیر، بورهان شاوی، ساجێ سوورین، بیکاسۆ و چەندانی دیکە).

ئەو تا ئێستا کۆمەڵێک بەرهەمی سوودبەخشی چاپ کردووە و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- دیوانا چاخێ ڕۆژ دپەیڤیت، ٢٠٠٥.
- دیوانا ژ سێتاڤکێن دوهی و ئەڤرۆ، ٢٠١٠.
- وەرگێرانا دیوانا نێڕین ل ئاڤێ ( یا هەلبەستڤانێ عیراقێ یێ ناڤدار )منعم الفقیر، ٢٠٠٨.
- پەرتووکا مۆزاییک، ب هەڤپشکی لگەل( ٢ )نڤیسەران کو بۆ بیبلوگرافیا هەلبەستڤانێن کوردێن کلاسیکە هاتیە تەرحانکرن.
- گولبژێرەک ژ هەلبەستا ئینگلیزی.

- دلەکێ لاواز، یا روماننڤیسێ روس، وەرگێڕان ژ ئینگلیزی.
- وەرگێڕانا رۆمانا سیخۆر، یا پاولۆ کویلۆ ژ ئینگلیزی بۆ کوردی.
- وەرگێڕانا دیوانا سەمایا پەیڤان، یا عەبدولکەریم گەیلانی ژ عەرەبی بۆ کوردی.
- وەرگێڕانا پەرتووکا، لدۆر ئۆجەلانیزمێ لە عەرەبی ب هەڤپشکی ل گەل دکتۆر ئەمجەد عوبێد.

ئەم کتێبانەشی ئامادەن بۆ چاپ:

- کومەکا کورتە چیروکێن زاروکا یێن وێنەدار وەرگێران ژ ئینگلیزی.
- کومەکا کورتە چیروکان وەرگێران ژ ئینگلیزی.
- پەرتووکا،خەلاتێ نوبل ، سەربوور و نهێنی وەرگێران و بەرهەڤکرن.
- وەرگێران کومەکا هەلبەستێن خۆ بۆ سەر زمانێ عەربی.
- دەیان وتار و پارچە شیعر و کورتە وەرگێڕان بە زمانی کوردی و عەرەبی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕ و سایتە ئەلیکترۆنییەکان بڵاوکردۆتەوە.

نووسەر شەمال ئاکرەیی، سەرەڕای نووسینی و شیعر و شیعری هایکۆ و وەرگێڕان، ڕۆژنامەنووس و میدیاکارێکی بە تواناشە، چەندین چالاکی



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و لێکۆڵەر ئیسماعیل بادی، نووسەر شەمال ئاکرەیی، نووسەر مەحفوز مائی، نووسەر و چیرۆکنووس ئیسماعیل هاجانی**

- سەرنووسەری گۆڤاری(سیپە)بووە.
- سەرنووسەری گۆڤاری(تلۆڤە)ی منداڵان بووە لە ئاکرێ.
- بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری(الجسر)بووە، کە بە زمانی عەرەبی دەردەچوو.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(بیاڤ) بووە.
- بەڕیوەبەری ڕادیۆی دەنگی کوردستان بووە لە ئاکرێ.
- هەتا ساڵی ٢٠٢٢ بەڕێوەبەری نووسینگەی کوردستان ٢٤ بووە لە ئاکرێ.
- ئێستاش سەرنووسەری گۆڤاری(مەتین)ە.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- ئەندامی کۆمەڵەی وەرگێڕانی عێراقییە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆکە.
- لە ١- ٧-١٩٩٧ ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری بزووتنەوەی ڕۆشنبیری بووە لە ئاکرێ.
- چەندین کۆڕوکۆبوونەوە و سیمیناری ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە ئاکرێ و شار و شارۆچکەکانی دیکەی پارێزگای دهۆک گێڕاوە و بەشداری لە هەندێکی دیکەشدا کردووە.




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر ئوسامە هەسنی ، نووسەر شەمال ئاکرەیی**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و وەرگێڕ شەمال ئاکرەیی، هونەرمەندی گۆرانیبێژ برادەر**

بۆ شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ، شەمال ئاکرەیی، هەر سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

چەند نموونەیەکی شیعری شاعیر شەمال ئاکرەیی- تان بۆ دەنووسمەوە:

شیعری هایکۆ

بێدەنگی ..

نقوومبوونا ئەزمانی یە

ددەریایا پەیڤان دا .

***

ل جەم گولفرۆشان

من چ گول

ژ گرنژینا تە رندتر نەدیتن

***

دەنگێ تە
بایەک بوو
کەلا دلێ من هینکر
***
شیعر بە ناوی
عەڤر
دوو جاران حەز ژ عەڤران دکەم :
دەما ب سەنگا خۆ بەرەڤ ژووردا دهێن و ..
دبنە باران .
دەما ب پایەدارییا خۆ بەرەڤ عەڤراز دچن و ..
دبنە هەلم و عەڤر .
دوو جاران ژی حەز ژ عەڤران ناکەم :
دەما زۆریێ دکەن،
رۆژێ ژ زەڤییان دگرن .



لە لای ڕاستەوە: نووسەر شەمال ئاکرەیی، مامۆستا ڕەمەزان نەسرەدین کێڤلی




بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر شەمال ئاکرەیی

دەما دقێرینن،

زارۆیەکێ نڤستی دترسینن .

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر و نووسەر شەمال ئاکرەیی، هاوڕێم نووسەر و لێکۆڵەر ئیسماعیل بادی لە سەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عەبدولستار خدر


شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ، شارەزای بواری کتێب و کتێبخانە، مامۆستا عەبدولستار خدر ...

ناوی تەواوی(عەبدولستار خدر ئیبراهیم)ە، لە ساڵی ١٩٦٣ لە داوێنی چیای سەفینی سەرکەش، لە گوندی(خۆران)ی ناوچەی خۆشناوەتی سەر بەقەزای شەقڵاوە لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٦٦ ماڵی باوی بەخاوخێزانەوە هاتوونەتە ناو شاری هەولێر، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەکانی هەڵمەت و دەشتی و(زەهاوی)ی ئێواران لە شاری هەولێر بە سەرکەوتوویی و بە پلەی یەکەم لە سەر هاوپۆلەکانی تەواوکردووە، قۆناغی ناوەندی لە ناوەندیی سەیداوە و ئامادەیشی لە ئامادەیی کوردستان تەواوکردووە.

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ عەبدولستار خدر، ئەو کاتەی قوتابیی ئامادەیی بووە، تیکەڵ بەکاری سیاسی بووە، لەسەر هەڵوێستە سیاسی و ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران، لە لایەن ڕژێمی بەعس دەستگیرکراوە، لە(دادگای(هیئة کرکوک) بۆ ماوەی دوو ساڵ حوکمدراوە، دواتر بۆتە پێشمەرگەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، وەکو مامۆستای شۆڕش دەستبەکار بووە، دواتر بەشی(کۆمەڵناسی- علم الإجتماع)ی لە




لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر عەبدولستار خدر، شاعیر و ڕۆژنامەنووس نازم دڵبەند



شاعیر و نووسەر عەبدولستار خدر

کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین تەواوکردووە.

شاعیر و نووسەر عەبدولستار خدر، هێشتا قوتابی سەرەتایی بووە، حەز و خولیای چۆتە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکیی کوردی، شعیرەکانی شاعیران(هەژار و حەبیب عەلی میرانی) ئەزبەرکردووە، ئەو لە قۆناغی ئامادەیی بە هاندانی مامۆستای(ئەحمەد تاهیر) گڕوگاڵی شیعر نووسینی کردووە، لە ناوەندی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بۆ یەکەمین جار نۆبەرەی شیعرەکانی کە پارچە شیعرێک بووە، لە ڕۆژنامەی(هاوکاری) بڵاوکردۆتەوە، بۆ یەکەمین جاریش

بەشداری لە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە کردووە، کە یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر ڕێکیخستووە.

ئەو بەردەوام بووە لە نووسینی شیعر و دەستی بە وەرگێڕانیش کردووە، تا ئێستا(٣) بەرهەمی پوخت و بە سوودی بە زمانێکی کوردیی سادە و ساکار و ڕەوان نووسیوە و چاپی کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- دەروازەیەک بۆ خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، وەرگێڕان، بە هاوبەشی.
- بێدەنگیی خەمەکان، کۆمەڵە شیعر.

فەرهەنگی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی(کوردی- عەرەبی- ئینگلیزی)، وەرگێڕان.

لە داهاتووشدا پلانی ئامادەکردن و وەرگێرانی و لە چاپدانی، فەرهەنگی مرۆڤناسی(کوردی، عەرەبی- ئینگلیزی)، هەیە.

وەکو ئەندامێکی چالاک لەم ڕێکخراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیری و پیشەییانەش چالاکی نواندووە:

- ئەندامی ڕێکخراوی زیندانانی کوردستانە.




**لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، شاعیر عەبدولستار خدر**



شاعیر و نووسەر عەبدولستار خدر

- ئەندامی ڕێکخراوی کۆمەڵناسی و دەروونناسی کوردستانە.
- ئەندامی کۆمەڵەی ڕێکخستنە دێرینەکانی کوردستانە.
- ئەندامی کۆمەڵەی کتێبخانەکانی کوردستانە.

وا پارچە شیعرێکی شاعیر عەبدولستار خدر- تان بۆ دەنووسمەوە:

## نازەخانم

بووم بە پەیژە.....
سەرنەکەوتی بۆ سەربانی،
شیعرەکانم.
بووم بە پردو....
نەچوویتە ئەو بەر ڕووباری،
حەزەکانم.
بووم بە باریکە ڕێی دۆڵێ....




بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر عەبدولستار خدر

شۆڕ نەبوویتەوە نێو ناخی،

خەمەکانم.

بووم بە پێشمەرگەی کوردستان


تۆ بوویت بەرەخت و فیشەکدان

بۆ شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ، عەبدولستار خدر، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و شەی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامەی شاعیر و نووسەر عەبدولستار خدر، کە لە سەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ناجی تەها بەرواری

شاعیر و ڕۆماننووس ورۆژنامەنووس و لێکۆڵەر، مامۆستا ناجی تەها بەرواری....

ناوی تەواوی(ناجی تەها سەعید)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە ناجی تەها بەرواری ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی(ئیکماڵی)ی سەر بە دەڤەری بەرواری باڵای پارێزگای دهۆک لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(هیسێ) و ناوەندی لە ناوەندیی(کانی ماسێ) و ئامادەییشی لە ئامادەیی(برایەتی) لەناو شاری دهۆک تەواوکردووە، دواتر بەشی بایۆلۆژی لە کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی موسڵ بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە، پاشان درێژەی بە خوێندنی باڵا داوە و بڕوانامەی ماجستێری لە بواری بایۆلۆژی بەدەستهێناوە، لە ساڵی ٢٠١٢ بووەتە سەرپەرشتیار و پسپۆری(زیندەزانی) لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی دهۆک، تا ئێستا لە خزمەتکردن بەردەوامە.

شاعیر و نووسەر ناجی تەها بەرواری، هەر لە سەردەمی لاوێتیدا حەز و خولیای چۆتە سەر زمان و ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردی، ئەو بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی(مەلای جزیری و ئەحمەدێ خانی و فەقێی تەیران و حاجی قادری کۆیی، شیعری شاعیرانی نوێخوازی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر ناجی تەها بەرواری، بەڕێز ئیحسان ئامێدی**

کوردی و عەرەبی عێراقی و جیهانییە وەرگێڕدراوەکان) دەستی پێکردووە، تواناو بەهرەی خۆی پێگەیاندووە، لە ساڵی ١٩٧٩ دەستی بە نووسینی شیعر و وتاری هەمەجۆر کردووە، تا ئیستا(١٠) کتێبی بەشێوەزاری کرمانجی ژووروو(بادینانی)، لە هەڵبەست و ڕۆمان و بابەتی دیکە چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- داڤەرست، کۆمەڵە شیعر، ١٩٩٤.
- تەزنیک، کۆمەڵە شیعر، ٢٠٠٠.
- ئەو ئاشی دەراف لێ وەرگێڕای، ڕۆمان، ٢٠٠٢.
- زمانستان، کۆمەڵە شیعر، ٢٠٠٤.
- ژ رەوشەنبیریاکوردی، ڤەکۆلین و گوتار، ٢٠٠٥.
- ژ ئاوازێن جوانیێ، شیعر، ٢٠٠٦.
- چەند هرزێن رەوشەنبیری، شیعر، ٢٠٠٧.
- ئەز و تو ب دیتنەکادی، شیعر، ٢٠١٠.
- داهێنان و ئەدەب د گوتارا رەوسەنبیریا سەردەمدا، گوتار، ٢٠١٠.


- وێنەیێن هزری، شیعر، ٢٠١٤

دوو کتێبیشی ئامادەیە بۆ چاپ.

دەیان پارچە شیعری داوەتە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پرۆگرامی خوێندنی قوتابیان.

شاعیر و نووسەر ناجی تەها بەرواری، لە بواری ڕۆژنامەگەری و کاری ڕێکخراوەیی چەندین چالاکی دیکەی هەبووە و هەیە لەوانە:

- لە ساڵی ١٩٩١ بەشداریی لە کۆنگرەی(ڕاپەڕین) لە شەقڵاوە کردووە، وەکو ئەندامێکی کاراش لەم کۆنگرەیە وەرگیراوە.
- دەیان هەڵبەست و وتاری ئەدەبی و لێکۆڵینەوەی ڕۆشنبیری لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.
- ماوەی(٨)ساڵ سەرنووسەری گۆڤاری(پەیڤ)بووە، کە یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی دهۆک دەری دەکرد.
- لە ساڵانی ١٩٩٩- ٢٠١٠ لە چوار خولی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر ناجی تەها بەرواری، نەناسراوە**





دهۆک ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر بووە و خولێکی سکرتێری بەشی ڕۆشنبیری بووە.

- دەیان دیمانە و چاوپێکەوتنی لە گەڵ ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە لۆکاڵی و کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردی ئەنجامداوە.
- بەشداریی بەشی زۆری کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفراسە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی شاری دهۆک و شارەکانی دیکەی کوردستانی کردووە.
- وەکو شاندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بۆ وڵاتانی دەوروبەر(سوریا، تورکیا) بەشدار بووە.
- ئەندمی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

بۆ شاعیر و نووسەر ناجی تەها بەرواری، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.


شاعیر و نووسەر ناجی تەها بەرواری





**بەرهەمەکانی شاعیر ناجی تەها بەرواری**

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر ناجی تەها بەرواری، کە لە سەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئەرسەلان حەسەن

شاعیر و ڕۆژنامەنووس وچیرۆکنووس، شارەزای ئەدەبی منداڵان، وەرگێڕ و لێکۆڵەر، مامۆستا ئەرسەلان حەسەن...

ناوی تەواوی(ئەرسەلان حەسەن عەبدولڕەحمان)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە ئەرسەلان حەسەن ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی(ژاراوە) ی سەر بە قەزای قەڵادزێ لە خێزانێکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی ژاراوە و ناوەندی لە قەڵادزێ تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٤ ئامادەیی کشتوکاڵی لە بەکرەجۆ تەواوکردووە، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، خولێکی(٣) مانگی پێگەیاندنی مامۆستایانی لە ڕانیە بینیوە و بۆتە مامۆستای سەرەتایی لە گوندی(بۆسکین)، دواتریش درێژەی بە خوێندن داوە تا لە ساڵی ٢٠٠٧- ٢٠٠٨ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلێژی یاسای زانکۆی کۆیە بەسەرکەوتوویی بەدەستهێناوە.

نووسەر و وەرگێڕ ئەرسەلان حەسەن، لە خێزانێکی ڕۆشنبیر لە دایک بووە، بە هۆی براکانی لە ماڵەوە کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردیان هەبووە، هەر لە منداڵییەوە ئاشنای زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی بووە، ئەو هێشتا پۆلی چوارەمی سەرەتایی بووە، بۆ یەکەمین جار چیرۆکێکی منداڵانی بە ناوی(پیاوە بچکۆلەکە)ی ڕەوانشاد مامۆستا



**له لای ڕاستەوە: نووسەر ئەرسەلان حەسەن، شاعیر ڕەوانشاد جەلالی مەلەکشاه**

فەرەیدون عەلی ئەمینی خوێندۆتەوە و زۆر کاریشی تێکردووە، لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووو، وەکو هەموو گەنجێکی سەردەمی خۆی بە شیعر نووسین دەستی پێکردووە، دواتر ڕووی لە نووسینی شیعر و چیرۆکی منداڵان و وەرگێڕان کردووە، ساڵی ١٩٩١ یەکەمین بەرهەمی خۆی بۆ منداڵان کە چیرۆکێک بووە بە ناوی(لاساییکردنەوە) لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردۆتەوە، لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری منداڵان بابەتی ئەدەبی منداڵانی بڵاوکردۆتەوە بە تایبەتی گۆڤاری پەپوولە، لەم بوارانەدا کۆمەڵێک چیرۆک و ڕۆمان و بابەتی فیکری و فەلسەفی لە زمانی فارسی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، (٣٠) کتێبی لەچاپداوە و بڵاوکردۆتەوە بەرچاوترینیان ئەمانەن:

- کتێبی(ورچەکە! دەیەوێت خۆی بشارێتەوە)، کۆمەڵە چیرۆکێکی منداڵانە، وەرگێڕدراوە، کە خانەی سمۆرە بۆ منداڵان بۆی لە چاپداوە.
- کتێبی(کەڵەشێرە پۆینە سوورەکە)، کۆمەڵە چیرۆکێکی منداڵانە، بە هاوبەشی لەگەڵ چەند وەرگێڕێکی دیکە ، ناوی چیرۆکێکیشە کە نووسەر خۆی وەریگێڕاوە، دەزگای چاپی سەردەم لە چاپیداوە.
- ئازادی و خیانەت لە ئازادی، (٢٠١٦).

- ئاشنابوون بە بێرکلی، (٢٠١٥).
- پۆست کۆمۆنیزم، (٢٠١٧).
- پەیوەندیی ڕووسیا و ئەمەریکا لە جیهانی دوای جەنگی سارد، (٢٠١٧).
- جارێکی دیکە شارێک کە خۆشم دەویست، (٢٠١٦).
- خەوتن لەگەڵ شەیتان، (٢٠١٥).
- ژنان لە بەهاری عەرەبیدا، (٢٠١٧).
- سەرەتایەک لە سەر ئاسایشی سروشتی، (٢٠١٧).
- هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی نەرمی قەتەر، (٢٠١٧).
- کوردەکانی سووریا، (٢٠١٧).
- دووانەیەکی لێکچوو (ڕۆمان)، (٢٠١٧).
- پێکەنینی سوور (ڕۆمان)، (٢٠١٧).
- دۆنکیشۆتی ڕووسی (چیرۆک). (٢٠١٦).
- قوومار لەبەرەبەیاندا (ڕۆمان)، (٢٠١٧).
- سیخووڕی و دژە سیخووڕی، (٢٠١٧).




**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا عەبدولقادر عەزیز، نووسەر ئەرسەلان حەسەن، شاعیر حەمە ئەحمەد جاف**

- چارەنووس (ڕۆمان)، (٢٠١٣).
- نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلیتیکەکانی. (٢٠١٦).
- خەوون (ڕۆمان)، (٢٠١٧).
- عەشق و ئەهریمەنەکانی تر (ڕۆمان)، (٢٠١٦).
- ئەرکی سیخوڕانی نهێنی، (٢٠١٧).
- ئاشنابوون بەگرامشی (بەرگی یەکەم)، (٢٠١٥).




**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز خاتوو نەسرین کوردە، نووسەر ئەرسەلان حەسەن**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و وەرگێڕ خاتوو شاناز هیرانی، نووسەر ئەرسەلان حەسەن، نووسەر و وەرگێڕ یوسف محەممەد نووسەر**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجی، شاعیر و نووسەر فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، نووسەر ئەرسەلان حەسەن**

- کۆمەڵـە چیرۆکێکـی منـداڵان بـە ناوی(مـام بایـز و منداڵانـی گوندەکـەم) ئامادەیـە بـۆ چـاپ.

چەند کتێبێکی دیکەشی ئامادەیە بۆ چاپ.

شیعرێکی منداڵانی بە ناونیشانی(ئێمە منداڵی ڕانییەین)لە لایەن هونەرمەند سـەرکەوت بورهـان، ئاوازی بۆ داندراوە و کراوەتـە گۆرانـی لـە تەلەفزیۆنـی کوردسـات پەخشکراوە.

نووسـەر و وەرگێـڕ و لێکۆڵـەر ئەرسـەلان حەسـەن، چەندیـن چالاکیـی دیکـەی لـە بـواری ڕۆژنامەگـەری و کاری ئیـداری و ڕێکخراوەیـی هەبـووە، ئامانـە هەندێکیانـن:

- ئەندامـی دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤاری(زنـار) بـووە کـە لـە قـەڵادزێ دەردەچـوو.
- بەڕێوەبـەر و سـکرتێری نووسـینی گۆڤاری(پشـدەر)بووە، کـە لـە قـەڵادزێ دەردەچـوو.
- ماوەی(٤)ساڵ بەڕێوەبەری ڕادیۆی ڕاپەڕین بووە لە ڕانیە.



له لای ڕاستەوە: خاتوو مریەم مەولود هاوسەری نووسەر ئەرسەلان حەسەن، نووسەر ئەرسەلان حەسەن



نووسەر ئەرسەلان حەسەن بە خۆی و هاوسەر و منداڵەکانی

- ماوەی(٥)ساڵ وەکو سەرپەرشتیاری پرۆژەی(کتێب، گۆڤار، هەڵەچنی، پێداچوونەوە، هەڵسەنگاندن) لە دەزگای (ئایدیا) بۆ فیکر و لێکۆڵینەوە کاری کردووە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانییە.
- بەشداری چەندین کۆڕو کۆبوونەوە و سیمیناری ئەدەبی و ڕۆشنبیری کردووە، چەندین دیمانە و چاوپێکەوتنی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی لەگەڵدا




**بەرهەمەکانی نووسەر ئەرسەلان حەسەن**

کراوە سەبارەت بە ئەدبی منداڵان و بابەتی هەمەجۆری دیکە، لەوانە بەرنامەی(گورج و گۆڵ) لە تەلەفزیۆنی کوردسات.

- خەڵات و رێزلێنانی لە لایەن گۆڤاری(پەپوولە) و دەزگای(ئایدیا) و یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی پێبەخشراوە.

نووسەر و وەرگێر ئەرسەلان حەسەن، هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو مریەم مەولود کردووە، خاوەنی دوو کوڕ و دوو کچن بە ناوەکانی(لیڤا، لارا، کارا، ئارا) خوا تەمەن درێژیان بکات، بۆ خۆشی هەر سەرکەوتوو بەردەوام بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک ژیاننامەی نووسەر ئەرسەلان حەسەن لە سەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# شەرمین عەبدوڵڵا

نووسەر، وەرگێڕی بواری ئەدەبی منداڵان، خاتوو شەرمین عەبدوڵڵا ...

ناوی تەواوی(شەرمین عەبدوڵڵا قادر)ە، لە ساڵی ١٩٧١ لە گەڕەکی(خانەقا-بیرێژی)یانی ناو شاری هەولێر لە خێزانێکی هونەر دۆست لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی پیشەیی هەر لە شاری هەولێر تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٩٢ وەکو شێوەکارێک لە بەشی هونەری و شێوەکاری لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە، تا ئێستاش وەکو فەرمانبەر هەر لە خزمەتکردن بەردەوامە.

نووسەر و وەرگێڕ خاتوو شەرمین عەبدوڵڵا، هەر لە منداڵییەوە حەزی لە زمان و ئەدەب و هونەری تەمسیل و نواندن و فلیمی سینەمایی بووە، لە بەشی زۆری شانۆگەری و کارە هونەرییەکانی هونەرمەندانی هەولێر لە هۆڵی گەل ئامادە بووە، پاشان لە قوناغی ناوەندی ئامادەیی پیشەیی دیسان لە بەشی زۆری فیستیڤاڵی شیعر خوێندنەوە و چالاکیی قوتابخانەکان بە شیعر و گۆرانیی وتن بەشداری کردووە، پلەی دووەمیشی وەرگرتووە.

ئەو وەکو خۆشنووس و نیگارکێشیش توانا و بەهرەیەکی بەرچاوی




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر هۆگر ڕواندزی، نەناسراوە، شاعیر کاروان عەبدوڵڵا، نووسەر شەرمین عەبدوڵڵا**

هەیـە، لـە بـواری ئەدەبی منـداڵان چەندیـن بەرهەمـی نووسـەرانی عەرەبـی و بیانـی وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی، یەکـەم بەرهەمـی خـۆی لـە گۆڤاری(هەنـگ)ی منـداڵان بڵاوکردۆتـەوە، تـا ئێسـتا(٨) کتێبـی لـە چاپداوە وبڵاویشـی کردوونەتـەوە کـە ئەمانـە:

- ڕاستگۆیی، چیرۆکی منداڵان، وەرگێڕان لەعەرەبییەوە، ساڵی ٢٠٠٨.
- ساتی ڕاستگۆیی ، چیرۆک، لە نووسینی نووسەر دکتۆر نەوال سەعداوی، وەرگێڕان لەعەرەبییەوە، ساڵی ٢٠١١.
- جوولەکەکانی عێراق، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، ٢٠١٣.
- دەروونناسـی سـەرکەوتن، وەرگێـڕان لـە عەرەبییـەوە، دکتـۆر برایـان تریسـی، سـاڵی ٢٠١٥.
- کـڵاو، چیرۆکی منداڵان وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، ٢٠١٧.
- هێـزی زیرەکـی ئاخاوتـن، لـە نووسـینی تونـی بـوزان وەرگێـڕان لەعەرەبییـەوە، ٢٠٢٠.
- باڵندەیەکـی ڕەنگاوڕەنـگ، چیرۆکـی منـداڵان، وەرگێـڕان لەعەرەبییـەوە، ٢٠٢٠.

- هەگبەی ژیان، چیرۆکی فۆلکلۆریی کوردی، ئامادەکردن، ٢٠٢٣.

دەیان بابەتی بواری ئەدەبی منداڵان و وەرگێڕان لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە لەوانە (برایەتیی ئەدەب و هونەر، پاشکۆی هێلانەی منداڵان، خەبات، دەنگی ئافرەت، گوڵان، جگەرگۆشەکانی منداڵان، دەنگی ئافرەت، کاروان، هەرێم، ئاسۆی فۆلکلۆر، شەنگی ئافرەتان، پەپوولەی منداڵان، هەنگی منداڵان، سمۆرەی منداڵان و چەندانی دیکەش).




لە لای ڕاستەوە: مامۆستا بەهائەدین، نووسەر شەرمین عەبدوڵڵا، شاعیر هۆگر ڕواندزی، میدیاکار هەمزە سەرحان



نووسەر شەرمین عەبدوڵلا لە گەڵ هاوسەرەکەی مامۆستا بەهائەدین و هەردوو کوڕەکەیان(بەهەست و مەبەست)



**لە لای چەپەوە: میدیاکار و ڕۆشنبیر هەمزە سەرحان، نووسەر شەرمین عەبدوڵڵا**





**نووسەر شەرمین عەبدوڵڵا**

نووسەر و وەرگێڕ، شەرمین عەبدوڵڵا وەکو ڕۆژنامەنووس و پەیامنێر و فەرمانبەر لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چەندین چالاکی دیکەی هەبووە و هەیە، ئەمانە هەندێکیانن:

- بە بۆنەی ڕۆژی هونەر، لە گەڵ سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان-




بەرهەمەکانی نووسەر شەرمین عەبدوڵڵا

لقی هەولێر، چوار جار بە چەند تابلۆیەک لە هۆڵی میدیا لە هەولێر، بەشداریی پیشانگای هاوبەشی کردووە.

- لە ساڵی ١٩٩٣ لە پیشانگای شێوەکاریی ڕۆژی ئافرەتانی جیهانی بەشدار بووە.
- لە ساڵی ١٩٩٨- ٢٠١١ وەکو فەرمانبەر و نووسەر و پەیامنێری گۆڤاری کاروان دەستبەکار بووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٨- ٢٠٠٩ وەکو نووسەر و پەیامنێری گۆڤاری(شەنگ)ی ئافرەتان کاری کردووە.
- لە زۆربەی کۆڕوکۆبوونەوە و کۆنفراسەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و چالاکییە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان ئامادە بووە.
- لەبەر چالاکییەکانی ڕادیۆی ڕێگای کوردستان خەڵات و ڕێزلێنانیان بۆ کردووە.
- لە ساڵی ١٩٩٨ەوە، ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە، لە

ساڵی ٢٠٠٦ەوە، ئەندامی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتییە.

ئەو خێزاندارە خاوەنی دوو کوڕە بە ناوەکانی(بەهەست و مەبەست) خوا تەمەن درێژیان بکات.

بۆ نووسەر و وەرگێڕ خاتوو شەرمین عەبدوڵڵا، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمان ئەدەب و هونەری کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر و وەرگێڕ، خاتوو شەرمین عەبدوڵڵا، لە سەر داخوازیی من، هاوڕێم میدیاکار و ڕۆشنبیر هەمزە سەرحان بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.

**ڕوونکردنەوە:**

لە بەرگی یەکەمی کتێبی (خۆم و ئەستێرە گەشەکان) لە دێری (٧)ی لاپەڕە (٣٤٩) دا هاتووە، کە ئیحسان ڕەشاد موفتی ساڵی ١٩٧٦ - ١٩٧٧ بەشی کیمیای کۆلێژی زانستی زانکۆی سەلاحەدینی تەواو کردووە، ڕاستییەکەی لە هەمان ساڵی خوێندندا لە زانکۆی سلێمانی تەواوی کردووە، نەک لە زانکۆی سەلاحەدین.

# بیبلیۆگرافیای

## کتێبی خۆم و ئەستێرە گەشەکان

## بەرگەکانی ( ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦،٧)

**ئامادەکردنی: عوسمان پیرداوڵ**


| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| أ | | |
| أ .ب .هەوری | 6 | 127 |
| ئـ | | |
| ئاراس ئیلنجاغی | 7 | 419 |
| ئارام تیگران | 6 | 213 |
| ئازاد عەبدولواحید | 1 | 135 |
| ئازاد عوبێد ساڵح (دکتۆر) | 3 | 331 |
| ئازاد هاشم | 4 | 385 |
| ئاسۆ حەسەن | 5 | 477 |
| ئامانج غازی | 5 | 367 |
| ئاوڕەحمانی حاجی مارف (دکتۆر) | 6 | 217 |
| ئایشە شان | 1 | 181 |
| ئەبو صباح – محێدین تاهیر (وێنەگر) | 1 | 503 |
| ئەبوبەکر خۆشناو (دکتۆر) | 4 | 261 |
| ئەحلام مەنسوور | 2 | 537 |
| ئەحمەد سالار (هونەرمەند) | 1 | 173 |
| ئەحمەد ئابلاخی | 7 | 37 |
| ئەحمەد تاقانە | 5 | 121 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ئەحمەد حسێن | 3 | 465 |
| ئەحمەد حەمەدەمین (دکتۆر) | 5 | 289 |
| ئەحمەد سەعید خەتات | 7 | 273 |
| ئەحمەد شوکری (دکتۆر) | 5 | 175 |
| ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر (دکتۆر) | 3 | 99 |
| ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل | 6 | 317 |
| ئەحمەد ناجی | 1 | 289 |
| ئەحمەدی مەلا (دکتۆر) | 4 | 273 |
| ئەرخەوان ڕەسوڵ | 2 | 541 |
| ئەردەڵان بەکر | 4 | 531 |
| ئەردەوان زاخۆیی | 5 | 381 |
| ئەرسەلان بایز (دکتۆر) | 6 | 63 |
| ئەرسەلان حەسەن | 7 | 497 |
| ئەزوەر بەرچەم | 7 | 425 |
| ئەستێرە گەشەکان پڕۆژەیەکی بەردەوام | 4 | 9 |
| ئەستێرە گەشەکان پڕۆژەیەکی بەردەوام | 4 | 7 |
| ئەستێرەیەک لە شاری مێژووەوە.... | 5 | 7 |
| ئەسعەد عەدۆ | 6 | 285 |
| ئەسکەندەر عوسمان | 4 | 377 |
| ئەمجەد شاکەلی | 4 | 343 |
| ئەمین محەمەد | 7 | 209 |
| ئەمین موتابچی (دکتۆر) | 2 | 51 |
| ئەنوەر تۆفی | 3 | 153 |
| ئەنوەر قەرەداغی (دکتۆر) | 1 | 113 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ئەنوەر مائی | 4 | 75 |
| ئەیاز زاخۆیی | 3 | 521 |
| ئەیوب هەورامی | 4 | 151 |
| ئیبراهیم ئەحمەد | 4 | 29 |
| ئیبراهیم ئەمین باڵدار | 5 | 139 |
| ئیبراهیم سەلمان(دکتۆر) | 2 | 289 |
| ئیبراهیم هەورامانی | 5 | 199 |
| ئیحسان خەیات | 3 | 565 |
| ئیحسان رەشاد موفتی | 1 | 349 |
| ئیحسان شیرزاد | 1 | 53 |
| ئیحسان فوئاد (دکتۆر) | 2 | 27 |
| ئیسماعیل بادی | 3 | 435 |
| ئیسماعیل تەنیا (نوسەر) | 1 | 463 |
| ئیسماعیل خەیات | 4 | 391 |
| ب | | |
| بافڵ هیوا سەرهەنگ | 3 | 297 |
| باکوری | 1 | 257 |
| بڵند حەیدەری | 4 | 321 |
| بەختیار عەلی | 3 | 281 |
| بەختیار کەڵهوڕی | 7 | 259 |
| بەدرخان سندی (دکتۆر) | 2 | 155 |
| بەدەل ڕەفۆ مزووری | 2 | 471 |
| بەدیع باباجان | 3 | 311 |
| بەدیعە دارتاش | 3 | 229 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| بەشیر موشیر | 5 | 161 |
| بەکر مەعروف | 2 | 625 |
| بەناز سابیر ڕەشید | 7 | 293 |
| بەهادین جەلال مستەفا | 2 | 585 |
| بەهرام محەمەد | 2 | 463 |
| بەیان سەلمان | 5 | 61 |
| بورهان بەرزنجی | 7 | 247 |
| بورهان جاهید | 1 | 191 |
| بۆتان جەلال | 2 | 405 |
| بیبلیۆگرافیا.... | 5 | 495 |
| بێری شەلماشی | 6 | 307 |
| بێکەس حەمە قادر | 5 | 431 |
| پ | | |
| پاکیزە ڕەفیق حیلمی (دکتۆر) | 2 | 57 |
| پشکۆ نەجمەدین | 5 | 415 |
| پەری قەرەداغی | 5 | 463 |
| پەیمان سەرهەنگ | 1 | 409 |
| پیربال مەحموود | 1 | 247 |
| ت | | |
| تاریق ئیبراهیم شەریف | 1 | 453 |
| تاریق جامباز | 1 | 429 |
| تاریق جەوهەر سارمەمی (میدیاکار) | 1 | 493 |
| تاریق کارێزی | 4 | 475 |
| تایەر تۆفیق | 1 | 107 |

| لاپەڕە | بەرگ | ناو |
|---|---|---|
| 155 | 1 | تحسین تەها |
| 169 | 1 | تەلعەت سامان |
| 395 | 5 | تەحسین ناڤشکی |
| 205 | 4 | تەیب جەبار |
| 19 | 4 | تۆفیق وەهبی |
| 175 | 7 | تیرۆژ ئامێدی |
| | | ج |
| 111 | 7 | جان تۆماس |
| 315 | 5 | جان دۆست |
| 37 | 4 | جگەرخوێن (شاعیر) |
| 69 | 6 | جەبار جەمال غەریب |
| 519 | 1 | جەبار سابیر |
| 53 | 5 | جەعفەر مائی |
| 209 | 2 | جەلال بەرزنجی |
| 347 | 7 | جەلال بەیار |
| 241 | 6 | جەلال دەباغ |
| 591 | 2 | جەلال زەنگابادی |
| 529 | 3 | جەلال سەعید |
| 251 | 5 | جەلال مەدحەت خۆشناو |
| 71 | 5 | جەلال مەلەکشا |
| 121 | 1 | جەلالی میرزا کەریم |
| 305 | 2 | جەلیل زەنگەنە |
| 333 | 5 | جەلیل کاکەوەیس |
| 281 | 6 | جەمال ئامێدی |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| جەمال بابان | 6 | 51 |
| جەمال بەرواری | 4 | 509 |
| جەمال خەزنەدار | 3 | 147 |
| جەمال شارباژێڕی | 2 | 161 |
| جەمال عیرفان | 4 | 57 |
| جەمال گردەسۆری | 6 | 423 |
| جەمال نەبەز (دکتۆر) | 3 | 23 |
| جەمال هیدایەت | 1 | 339 |
| جەمشید حەیدەری (دکتۆر) | 5 | 45 |
| جەمیل ڕەنجبەر | 1 | 209 |
| جەمیل عیسا (دکتۆر) | 6 | 221 |
| جەمیلە جاسم | 5 | 81 |
| جەواد حەمە ساڵح ڕەش | 7 | 433 |
| جەودەت ئەحمەد ناجی (ڕووناکبیر) | 1 | 241 |
| جەودەت هوشیار (دکتۆر) | 2 | 597 |
| جەوهەر غەمگین | 3 | 263 |
| جەوهەر کرمانج | 2 | 457 |
| جوان حاجۆ | 5 | 311 |
| جومعە کانی لەلەیی | 3 | 579 |
| چ | | |
| چەتۆ حەسەن | 2 | 345 |
| چەتۆ نەورۆز | 6 | 313 |
| چیا عومەر ساقی | 2 | 449 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ح | | |
| حاجی مەکی عەبدوڵڵا (عەلییە فەندی) | 4 | 399 |
| حافز قازی | 4 | 81 |
| حجی جەعفەر | 2 | 579 |
| حسام بەرزنجی | 2 | 367 |
| حسێن عارف | 1 | 185 |
| حسێن میسری | 5 | 349 |
| حەمە کەریم هەورامی | 1 | 71 |
| حەبیب کەلەش | 6 | 465 |
| حەجیێ جندی (دکتۆر) | 5 | 225 |
| حەسەن زیرەک | 7 | 133 |
| حەسەن سلێڤانی | 3 | 165 |
| حەسەن قزڵجی | 5 | 283 |
| حەسەن گەرمیانی | 5 | 341 |
| حەسەنێ جزیری | 7 | 127 |
| حەسیب قەرەداغی | 2 | 375 |
| حەکیم عەبدوڵڵا | 6 | 439 |
| حەکیم کاکەوەیس | 6 | 353 |
| حەلیم یوسف | 6 | 445 |
| حەمە ئەحمەد جاف | 3 | 569 |
| حەمە ڕەئووف کەرکووکی | 6 | 207 |
| حەمە ساڵح فەرهادی | 4 | 279 |
| حەمە سەعید حەمە کەریم جاف | 3 | 253 |
| حەمە عەباس | 6 | 265 |

| لاپەڕە | بەرگ | ناو |
|---|---|---|
| 247 | 6 | حەمە فەریق حەسەن |
| 253 | 6 | حەمە کەریم عارف |
| 81 | 6 | حەمەی حەمە سەعید |
| 393 | 1 | حەمید بەدرخان (رۆژنامەنووس) |
| 449 | 1 | حەیدەر عەبدولرەحمان بەقال |
| 359 | 2 | حەیدەر عەبدولڕەحمان |
| 19 | 5 | حوسێن حوزنی موکریانی |
| 405 | 4 | حوسێن عەلی |
| | | خ |
| 553 | 3 | خالد سالْح حەسەن |
| 483 | 4 | خالد عەلی سلێڤانی |
| 457 | 1 | خالید بەکر ئەیوب |
| 417 | 1 | خالید جوتیار |
| 421 | 1 | خالید دلێر |
| 373 | 5 | خالید ڕەسوڵ |
| 469 | 4 | خالید سەرکار |
| 463 | 7 | خالید شەیدا |
| 499 | 1 | خالید کۆچەر (شاعیر) |
| 459 | 6 | خدر ئیبراهیم خدر |
| 145 | 4 | خەسرەو جاف (دکتۆر) |
| 75 | 6 | خەلیل عەبدوڵڵا |
| 87 | 6 | خەلیل عەلی موراد (دکتۆر) |
| 391 | 6 | خەلیل وەندی |
| 569 | 2 | خەلیل یابە |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| خەلیلێ چاچان مورادۆڤ | 7 | 27 |
| خورشیدە بابان | 3 | 237 |
| خۆم و ئەستێرە گەشەکان پڕۆژەیەکی کراوە و ناکۆتا | 7 | 7 |
| د | | |
| دارا محەمەد عەلی | 3 | 317 |
| دانا عەبدولجەبار | 7 | 445 |
| دایکی ئاریان (عەتیە خانم) | 7 | 267 |
| دایکی سۆلاڤ | 4 | 411 |
| دکتۆرغازی بامەڕنی | 7 | 471 |
| دکتۆر ئاراس حەمە ساڵح | 7 | 323 |
| دکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم | 7 | 81 |
| دکتۆر جەبار قادر | 7 | 51 |
| دکتۆر جەمال ڕەشید | 7 | 43 |
| دکتۆر حەمە مەنتک | 7 | 399 |
| دکتۆر ڕەئووف عوسمان | 7 | 317 |
| دکتۆر عوسمان دەشتی | 7 | 97 |
| دکتۆر مارگریت ڕۆدینکۆ | 7 | 145 |
| دکتۆر مستەفا زەنگەنە | 7 | 191 |
| دکتۆر نورەدین زازا | 7 | 335 |
| دڵداری شاعیر | 3 | 139 |
| دڵزار حەسەن | 3 | 545 |
| دڵزاری شاعیر | 5 | 243 |
| دڵشاد عەبدوڵڵا | 2 | 259 |
| دڵشاد محەمەد سەعید | 1 | 345 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| دڵشاد مەریوانی | 2 | 175 |
| دەیکا دالیایێ | 4 | 417 |
| دوڕیە عەونی | 6 | 187 |
| ر | | |
| ڕزگار خۆشناو | 1 | 199 |
| ڕەسول گەردی | 1 | 405 |
| ڕەشاد موفتی (زاناو مامۆستای گەورەی کورد) | 1 | 9 |
| ڕەفیق سابیر (دکتۆر) | 2 | 553 |
| ز | | |
| زارا ئەحمەد جاف | 7 | 215 |
| زاهیر عەبدوڵڵا | 2 | 353 |
| زاهیر محەمەد کۆیی (هونەرمەند) | 1 | 483 |
| زرار سەرتاش | 5 | 483 |
| زرار محەمەد مستەفا | 4 | 525 |
| زەکیە ئیسماعیل حەقی | 1 | 497 |
| زەینەب خان | 6 | 153 |
| زوبێر بیلال ئیسماعیل | 2 | 105 |
| زوزان ساڵح یوسفی | 7 | 183 |
| زوهێر عەبدولمەسیح | 2 | 387 |
| زیاد ئەسعەد | 6 | 237 |
| زیاد ڕەشاد قادر | 7 | 361 |
| زیوەر خەتاب | 6 | 195 |
| ڕ | | |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ڕەئوف بێگەرد | 3 | 221 |
| ڕەئووف حەسەن | 5 | 423 |
| ڕەئووف شێخ جەمیل | 6 | 405 |
| ڕەحیم حەمید | 5 | 337 |
| ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی | 5 | 297 |
| ڕەزا شوان | 7 | 199 |
| ڕەشید عەباس | 7 | 455 |
| ڕەشید فندی | 4 | 287 |
| ڕەفیق چالاک | 4 | 229 |
| ڕەفیق حیلمی | 4 | 45 |
| ڕەوشەن بەدرخان | 5 | 37 |
| ڕوپاک عەبدولقادر | 2 | 483 |
| ڕووناک شوانی | 5 | 303 |
| ڕوونکردنەوەیەکی پێویست | 3 | 617 |
| ڕۆژ هەڵەبجەیی | 5 | 267 |
| ڕۆستەم باجەلان | 7 | 105 |
| ڕۆستەم خامۆش | 7 | 223 |
| ڕێباز مستەفا | 6 | 337 |
| ڕێبوار سیوەیلی | 4 | 223 |
| س | | |
| سابیر ڕەشید | 2 | 421 |
| سابیر گۆران | 7 | 285 |
| سادق بەهائەدین | 2 | 111 |
| سالار سەمین | 4 | 295 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| سالار کۆشار | 2 | 427 |
| سالّح حەیدەری | 1 | 315 |
| سامی شۆرش | 1 | 261 |
| سامیە چاوشلی (دکتۆر) | 4 | 489 |
| سدیق شەرۆ | 4 | 307 |
| سروە عوسمان | 2 | 435 |
| سەباح ئیسماعیل | 4 | 299 |
| سەباح زاخۆیی | 6 | 471 |
| سەباح ڕەنجدەر | 2 | 393 |
| سەباح عەبدولڕەحمان (هونەرمەند) | 1 | 159 |
| سەباح هورمز | 2 | 443 |
| سەبری بۆتانی | 4 | 51 |
| سەبریە هەکاری | 7 | 253 |
| سەحەر موعێزی | 7 | 151 |
| سەدیق وەلی بەرواری | 6 | 411 |
| سەربەست بامەرنی | 3 | 117 |
| سەرتیب ئاغا واحید بەگ | 3 | 605 |
| سەردار ئەحمەد کۆیی | 2 | 631 |
| سەردار فەتاح ئەمین (ڕۆژنامەنووس) | 1 | 523 |
| سەرفراز نەقشبەندی | 6 | 181 |
| سەروین دەروێش | 3 | 407 |
| سەعدوڵلا پەرۆش | 1 | 221 |
| سەعدون یونس | 2 | 491 |
| سەعدی عەلی | 3 | 585 |

| لاپەڕە | بەرگ | ناو |
|---|---|---|
| 101 | 6 | سەعید یەحیا خەتات |
| 355 | 4 | سەگڤان عەبدولحەکیم |
| 515 | 3 | سەلام کۆیی |
| 245 | 2 | سەلام محەمەد |
| 259 | 5 | سەلام ناوخۆش (دکتۆر) |
| 323 | 3 | سەلما تۆما کاکۆ |
| 135 | 4 | سەلیم بەرەکات |
| 277 | 2 | سەڵاح شوان |
| 471 | 5 | سەڵاح عومەر |
| 341 | 7 | سەمەر دریَعی |
| 353 | 5 | سەمیر زاخۆیی |
| 491 | 3 | سەمیرە عەلی مەندی |
| 495 | 4 | سەید ئەحمەد بەرزنجی |
| 327 | 5 | سەید ئەحمەد ڕواندزی |
| 37 | 6 | سەیدا ساڵح یوسفی |
| 465 | 4 | سوبحی کۆیی |
| 383 | 7 | سۆلاڤ شەیدا |
| 7 | 1 | سیمبولێک بۆ گەورەیی مێژوو |
| 303 | 7 | سیمین چایچی |
| 329 | 7 | سینەم چێی |
| | | ش |
| 57 | 6 | شاکر خەسباک (دکتۆر) |
| 303 | 1 | شاکر فەتاح (نووسەری شەهید) |
| 355 | 7 | شلێر کۆیی |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| شەرمین عەبدوڵلا | 7 | 505 |
| شەفیق بەیاد | 7 | 73 |
| شەفیقی حاجی خدر | 2 | 315 |
| شەمال ئاکرەیی | 7 | 477 |
| شەماڵ سائیب | 1 | 287 |
| شەماڵی عەبە ڕەش | 5 | 321 |
| شەمس عەنتەر | 6 | 483 |
| شەهابەی هەولێری | 5 | 363 |
| شوکر مستەفا | 2 | 37 |
| شوکری فەزڵی | 5 | 169 |
| شوکریە ڕەسووڵ (دکتۆر) | 2 | 123 |
| شیرین سابیر | 2 | 497 |
| شیلان حمو | 4 | 537 |
| شێخ محەمەدی خاڵ | 6 | 23 |
| شێرزاد حەسەن | 3 | 291 |
| شێرزاد سەرسپی | 1 | 233 |
| شێرزاد شێخانی | 7 | 439 |
| شێرزاد عەبدولڕەحمان | 3 | 483 |
| شێرزاد هەینی | 3 | 445 |
| شێرکۆ بێکەس (شاعیر) | 1 | 59 |
| شێرکۆ عەبدوڵلا (دکتۆر) | 5 | 217 |
| ع | | |
| ع .ع .شەونم | 5 | 87 |
| عارف حیتۆ(دکتۆر) | 3 | 419 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| عبدالغني علي يحيا | 1 | 437 |
| عزەددين فەيزی | 1 | 55 |
| عەباس بەدری | 4 | 369 |
| عەباس عبدوڵلا یوسف | 2 | 503 |
| عەبدولجەبار کانی | 2 | 511 |
| عەبدولخالق سەرسام | 1 | 433 |
| عەبدولخالق مەعرو (نووسەری شەهید) | 1 | 265 |
| عەبدولرەزاق چەلەبی (دکتۆر) | 1 | 327 |
| عەبدولڕەحمان بامڕنی | 6 | 381 |
| عەبدولڕەحمان فەرهادی | 1 | 129 |
| عەبدولڕەحمان مزوری | 2 | 225 |
| عەبدولڕەزاق بیمار | 3 | 205 |
| عەبدولڕەزاق شەمسەدین | 6 | 495 |
| عەبدولڕەقیب یوسف | 5 | 153 |
| عەبدولستار جەباری | 5 | 181 |
| عەبدولستار خدر | 7 | 485 |
| عەبدولعەزیز سلێمان | 5 | 359 |
| عەبدولفەتاح بۆتانی (پرۆفیسۆر) | 4 | 63 |
| عەبدولقادر مەردان | 6 | 373 |
| عەبدولکەریم شێخانی | 2 | 253 |
| عەبدولکەریم فندی | 6 | 133 |
| عەبدولمەجید لوتفی | 6 | 175 |
| عەبدولواحید ئیدریس (دکتۆر) | 4 | 235 |
| عەبدولواحید مەرجان | 1 | 425 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| عەبدولوەهاب تاڵەبانی | 3 | 245 |
| عەبدوڵلا زێڕین | 5 | 345 |
| عەبدوڵلا ئاگرین (دکتۆر) | 3 | 67 |
| عەبدوڵلا پەشێو | 1 | 79 |
| عەبدوڵلا حەداد (دکتۆر) | 1 | 317 |
| عەبدوڵلا سەڕاج | 4 | 241 |
| عەبدوڵلا عەباس | 2 | 129 |
| عەتا قەزاز | 3 | 191 |
| عەتا محەمەد | 6 | 329 |
| عەدنان حاجی کاکە | 6 | 451 |
| عەدنان کەریم | 3 | 507 |
| عەرەبی شەمۆ | 5 | 25 |
| عەریف خدر | 1 | 479 |
| عەزیز شارۆخی | 6 | 323 |
| عەزیز گەردی | 1 | 215 |
| عەزیزی مەلای ڕەش | 4 | 255 |
| عەلائەدین سەجادی | 1 | 39 |
| عەلی ئەحمەد | 7 | 389 |
| عەلی بەندی | 6 | 499 |
| عەلی چل ئاغا | 7 | 459 |
| عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجەیی | 5 | 451 |
| عەلی کەندی | 4 | 313 |
| عەلی مەردان | 1 | 97 |
| عەونیی شاعیر | 3 | 13 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| عوسمان پیرداود | 2 | 573 |
| عوسمان چێوار | 7 | 87 |
| عوسمان خۆشناو | 3 | 175 |
| عوسمان سەبری | 6 | 45 |
| عوسمان هەورامی | 4 | 89 |
| عومەر ئەمین | 3 | 455 |
| عومەر چاوشین | 7 | 379 |
| عومەر دزەیی | 1 | 103 |
| عومەر ساقی | 2 | 185 |
| عومەر سەید | 5 | 437 |
| عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی | 3 | 197 |
| عومەر عەبدولڕەحیم | 5 | 145 |
| عومەر عەبدوڵڵا | 7 | 369 |
| عومەر مەعروف بەرزنجی | 3 | 49 |
| عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ (پرۆفیسۆر) | 1 | 33 |
| عیسا بەرواری | 7 | 231 |
| غازی غەفوور | 6 | 489 |
| غەفوور مەخمووری | 6 | 161 |
| **ف** | | |
| فاروق جەمیل خەزنەیی (پارێزەرو یاساناس) | 1 | 297 |
| فارووق سەید حسن | 1 | 507 |
| فازل عومەر | 3 | 599 |
| فازڵ جاف (دکتۆر) | 3 | 273 |
| فازیل شەورۆ | 7 | 165 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| فاڕوق ئیبراهیم شەریف (لیوا) | 2 | 309 |
| فرەنسیس داود | 6 | 139 |
| فەرهاد شەریف | 1 | 275 |
| فەرهاد پیربالّ (دکتۆر) | 5 | 131 |
| فەرهاد حەمزە | 7 | 413 |
| فەرهاد شاکەلی (نووسەرو شاعیر) | 1 | 145 |
| فەرهاد عەونی | 3 | 109 |
| فەرەیدەن عەلی ئەمین | 2 | 321 |
| فەرەیدون دارتاش | 4 | 459 |
| فەریاد فازیل(دکتۆر) | 5 | 193 |
| فەرید زامدار | 1 | 399 |
| فەلەکەدین کاکەیی (نووسەر و ڕۆژنامەنووس) | 4 | 111 |
| فەهمی بالایی | 3 | 391 |
| فەیسەل مستەفا | 3 | 351 |
| فوئاد ئەحمەد | 1 | 165 |
| فوئاد سەڕاج | 4 | 247 |
| فوئاد مەجید میسری | 5 | 99 |
| ڤینۆس فایەق | 6 | 345 |
| ق | | |
| قاسم شێروانی (شاعیر) | 1 | 251 |
| قەدری جان | 4 | 215 |
| قەناتی کوردۆ (پڕۆفیسۆر) | 5 | 31 |
| قەهار شێخانی | 4 | 347 |
| قوبادی جەلیزادە (شاعیر) | 2 | 197 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ک | | |
| کاکە مەم بۆتانی | 1 | 75 |
| کانی | 6 | 201 |
| کەریم شارەزا | 1 | 87 |
| کەریم دەشتی (شاعیر) | 1 | 281 |
| کوردستان موکریانی (دکتۆرە) | 1 | 91 |
| کۆکردنەوەی پەرتەوازەکان | 6 | 7 |
| کاروان عوسمان خەیات | 5 | 441 |
| کاکەی فەلاح | 3 | 91 |
| کامل ئەلبەسیر (دکتۆر) | 4 | 97 |
| کامەران موکری | 3 | 41 |
| کامیل ژیر | 4 | 105 |
| کاوس قەفتان (دکتۆر) | 3 | 33 |
| کەریم سۆفی | 3 | 559 |
| کەریم کابان | 4 | 439 |
| کەریم کاکە | 6 | 169 |
| کەژاڵ ئەحمەد (شاعیر) | 2 | 329 |
| کەژاڵ ئیبراهیم خدر | 2 | 611 |
| کەمال ڕەئووف محەمەد | 3 | 85 |
| کەمال سەعدی (دکتۆر) | 2 | 413 |
| کەمال غەمبار (دکتۆر) | 2 | 117 |
| کەمال فوئاد (دکتۆر) | 2 | 61 |
| کەمال مەزهەر (دکتۆر) | 2 | 43 |
| کەمال میراودەلی (دکتۆر) | 2 | 191 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| کەیفی ئەحمەد (دکتۆر) | 6 | 299 |
| کۆسرەت ئەحمەد بێکەس | 5 | 387 |
| گ | | |
| گرفتار کاکەیی | 3 | 535 |
| گەزیزە (خوشکە گەزیزە) | 7 | 239 |
| گولنار عەلی | 4 | 499 |
| گوڵبەهار | 4 | 447 |
| گوڵستان ئاواز | 7 | 297 |
| گوڵستان پەروەر | 6 | 367 |
| گوڵێ سەلیم | 7 | 309 |
| گیوی موکریانی | 6 | 15 |
| ل | | |
| لەماڵێکدا پرۆژەیەک بە شەونخونیی هەمووان | 3 | 613 |
| لەتیف هەڵمەت | 2 | 167 |
| م | | |
| مارف خەزنەدار (پرۆفیسۆر) | 1 | 25 |
| مارف عومەر گوڵ (دکتۆر) | 3 | 123 |
| محەمەد شەهاب چەلەبی | 1 | 331 |
| محەرەم محەمەد ئەمین | 5 | 239 |
| محەمەد ئەحمەد ئەربیلی | 3 | 375 |
| محەمەد ئەمین پێنجوینی | 1 | 45 |
| محەمەد ئەمین هەورامانی | 4 | 125 |
| محەمەد ئۆزون | 7 | 19 |
| محەمەد بەدری | 6 | 227 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| محەمەد تۆفیق وردی | 5 | 277 |
| محەمەد جەزا بەرزنجی | 3 | 381 |
| محەمەد جەزا (هونەرمەند) | 1 | 357 |
| محەمەد چەلکی | 5 | 408 |
| محەمەد حسێن موهەندیس | 6 | 415 |
| محەمەد زادە (خۆشنووس و دیزاینەر) | 1 | 365 |
| محەمەد ڕەسوڵ هاوار | 4 | 173 |
| محەمەد ڕەشید فەتاح | 3 | 357 |
| محەمەد ڕەشیدی ئەمینی | 5 | 401 |
| محەمەد ساڵح بەرزنجی | 6 | 397 |
| محەمەد ساڵح دیلان | 3 | 77 |
| محەمەد سەلیم سواری | 2 | 517 |
| محەمەد شێخۆ | 4 | 453 |
| محەمەد عارف سیامەنسووری (دکتۆر) | 2 | 337 |
| محەمەد عارفێ جزیری (سترانبێژ) | 1 | 203 |
| محەمەد کەریم نانەوا | 3 | 591 |
| محەمەد کوردۆ | 4 | 361 |
| محەمەد مەردان | 3 | 363 |
| محەمەد مەهدی جەواهیری | 2 | 89 |
| محەمەد مەولود (مەم) | 1 | 67 |
| محەمەد موکری | 4 | 331 |
| محەمەد وەسمان | 3 | 497 |
| محەمەدی ماملێ | 4 | 425 |
| محەمەدی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس | 2 | 19 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| محێدین زەنگەنە | 6 | 107 |
| مریەم خان | 6 | 333 |
| مستەفا زەڵمی (دکتۆر) | 4 | 11 |
| مستەفا ڕابەر | 7 | 281 |
| مستەفا ساڵح کەریم | 2 | 559 |
| مشکۆ هەولێری | 1 | 325 |
| معروف جیاووک | 1 | 293 |
| من و ئەستێرە گەشەکان پڕۆژەیەکی کەم وێنە .. | 2 | 7 |
| مهاباد قەرەداغی | 2 | 605 |
| مەجید ئاسنگەر | 3 | 185 |
| مەجید خۆشناو | 7 | 405 |
| مەجید عەبدولڕەحمان | 7 | 449 |
| مەحفوز مایی | 5 | 233 |
| مەحمود زامدار | 1 | 311 |
| مەحموود دەروێش | 2 | 139 |
| مەدحەت بێخەو (شاعیر) | 1 | 319 |
| مەدیحە برادۆستی | 2 | 601 |
| مەدیحە سۆفی (دکتۆرە) | 5 | 209 |
| مەزهەری خالقی | 6 | 145 |
| مەسعود پەرێشان | 2 | 399 |
| مەسعود محەمەد (بیرمەندو رووناکبیر) | 1 | 19 |
| مەغدید سەپان (دکتۆر) | 4 | 165 |
| مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی (بیرمەندو ڕۆناکبیر) | 2 | 11 |
| مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس | 5 | 11 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| مەلا مەسعودی بێبەش | 1 | 141 |
| مەلای گەورەی کۆیە | 7 | 11 |
| مەولود ئیبراهیم حەسەن (دکتۆر) | 4 | 119 |
| موئەیەد تەیب | 2 | 231 |
| موحسن عەبدولڕەحمان | 6 | 505 |
| موحسین ئاوارە (شاعیر) | 1 | 237 |
| موحسین قۆچان | 3 | 129 |
| موسەدەق تۆڤی | 3 | 343 |
| مومتاز حەیدەری | 1 | 269 |
| میرزا مەنگوڕی | 6 | 119 |
| ن | | |
| ناجی تەها بەرواری | 7 | 491 |
| نارین عومەر | 7 | 63 |
| ناز فەلەکەدین | 6 | 359 |
| نازم دڵبەند (شاعیرو نووسەر) | 1 | 385 |
| نازم کەریم | 6 | 433 |
| ناسر حەسەن | 2 | 299 |
| ناسری ڕەزازی | 4 | 431 |
| نافیع ئاکرەیی (دکتۆر) | 1 | 329 |
| ناهیدە ڕەفیق حیلمی | 7 | 33 |
| نەجمەدین موفتی | 1 | 335 |
| نەبیل عەریف خدر (وێنەگر) | 1 | 513 |
| نەجات خەتات | 1 | 475 |
| نەجاتی عەبدوڵڵا (دکتۆر) | 2 | 77 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| نەجمەدین عەزیز سمایل | 1 | 529 |
| نەجمەدین غوڵامی | 7 | 393 |
| نەجمەدین مەلا | 6 | 31 |
| نەجیب بالایی | 2 | 527 |
| نەزەند بەگیخانی (دکتۆر) | 4 | 157 |
| نەژاد عەزیز سورمێ | 5 | 107 |
| نەسرین شێروان | 6 | 477 |
| نەسرین فەخری (دکتۆرە) | 2 | 97 |
| نەوزاد ڕەفعەت | 3 | 211 |
| نەوزاد عەلی ئەحمەد | 1 | 371 |
| نووری عەلی ئەمین | 5 | 187 |
| نیعمەت عەبدوڵڵا | 1 | 445 |
| هـ | | |
| هادی چاوشلی | 1 | 343 |
| هادی زیائەدینی | 7 | 119 |
| هاشم جەباری (میدیاکار) | 1 | 487 |
| هاشم عەلی مەندی | 2 | 269 |
| هاوڕێ باخەوان | 7 | 157 |
| هاوژین سلێوە (دکتۆر) | 6 | 291 |
| هەردەوێڵ کاکەیی | 4 | 335 |
| هەژار موکریانی | 4 | 179 |
| هەڵوەستەیەک....(خۆم و) یان (من و) | 3 | 11 |
| هەنار موفتی | 4 | 515 |
| هوشیار سەید ئەحمەد (هونەرمەند) | 1 | 441 |

| لاپەڕە | بەرگ | ناو |
|---|---|---|
| 225 | 1 | هیوا سەرهەنگ |
| 397 | 3 | هێڤی بەرواری |
| 191 | 4 | هێمن موکریانی |
| | | و |
| 195 | 1 | وریا ئەحمەد (هونەرمەند) |
| 67 | 2 | وریا عومەر ئەمین (دکتۆر) |
| 159 | 3 | ولیەم یۆحەننا |
| 7 | 3 | وەرزی یادکردنەوەی ئەستێرەکان |
| 461 | 3 | ویداد قازی |
| | | ی |
| 273 | 6 | یاسین قادر بەرزنجی |
| 489 | 5 | یاسین مستەفا |
| 469 | 1 | یەحیا مەرجان (هونەرمەند) |
| 473 | 3 | یوسف مەنتک |

## پێرست


خۆم و ئەستێرە گەشەکان پڕۆژەیەکی کراوە و ناکۆتا ٧
مەلای گەورەی کۆیە ١١
محەمەد ئۆزون ١٩
خەلیلێ چاچان مورادۆڤ ٢٧
ناهیدە ڕەفیق حیلمی ٣٣
ئەحمەد ئابڵاخی ٣٧
دکتۆر جەمال ڕەشید ٤٣
دکتۆر جەبار قادر ٥١
نارین عومەر ٦٣
شەفیق بەیاد ٧٣
دکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم ٨١
عوسمان چێوار ٨٧
دکتۆر عوسمان دەشتی ٩٧
ڕۆستەم باجەلان ١٠٥
جان تۆماس ١١١
هادی زیائەدینی ١١٩
حەسەنێ جزیری ١٢٧
حەسەن زیرەک ١٣٣
دکتۆر مارگریت ڕۆدینکۆ ١٤٥
سەحەر موعێزی ١٥١
هاوڕێ باخەوان ١٥٧
فازیل شەوڕۆ ١٦٥
تیرۆژ ئامێدی ١٧٥
زوزانساڵح یوسفی ١٨٣
دکتۆر مستەفا زەنگەنە ١٩١

ڕەزا شوان ١٩٩
ئەمین محەمەد ٢٠٩
زارا ئەحمەد جاف ٢١٥
ڕۆستەم خامۆش ٢٢٣
عیسا بەرواری ٢٣١
(خوشکە گەزیزە) گەزیزە ٢٣٩
بورهان بەرزنجی ٢٤٧
سەبریە هەکاری ٢٥٣
بەختیار کەڵهوڕی ٢٥٩
دایکی ئاریان(عەتیە خانم) ٢٦٧
ئەحمەد سەعید خەتات ٢٧٣
مستەفا ڕابەر ٢٨١
سابیر گۆران ٢٨٥
بەناز سابیر ڕەشید ٢٩٣
گوڵستان ئاواز ٢٩٧
سیمین چایچی ٣٠٣
گوڵێ سەلیم ٣٠٩
دکتۆر ڕەئووف عوسمان ٣١٧
دکتۆر ئاراس حەمە ساڵح ٣٢٣
سینەم چێی ٣٢٩
دکتۆر نورەدین زازا ٣٣٥
سەمەر درێعی ٣٤١
جەلال بەیار ٣٤٧
شلێر کۆیی ٣٥٥
زیاد ڕەشاد قادر ٣٦١
عومەر عەبدوڵلا ٣٦٩

| | |
|---|---|
| عومەر چاوشین | ٣٧٩ |
| سۆلاڤ شەیدا | ٣٨٣ |
| عەلی ئەحمەد | ٣٨٩ |
| نەجمەدین غولامی | ٣٩٣ |
| دکتۆر حەمە مەنتک | ٣٩٩ |
| مەجید خۆشناو | ٤٠٥ |
| فەرهاد حەمزە | ٤١٣ |
| ئاراس ئیلنجاغی | ٤١٩ |
| ئەزوەر بەرچەم | ٤٢٥ |
| جەواد حەمە ساڵح ڕەش | ٤٣٣ |
| شێرزاد شێخانی | ٤٣٩ |
| دانا عەبدولجەبار | ٤٤٥ |
| مەجید عەبدولڕەحمان | ٤٤٩ |
| ڕەشید عەباس | ٤٥٥ |
| عەلی چل ئاغا | ٤٥٩ |
| خالید شەیدا | ٤٦٣ |
| دکتۆرغازی بامەڕنی | ٤٧١ |
| شەمال ئاکرەیی | ٤٧٧ |
| عەبدولستار خدر | ٤٨٥ |
| ناجی تەها بەرواری | ٤٩١ |
| ئەرسەلان حەسەن | ٤٩٧ |
| شەرمین عەبدوڵلا | ٥٠٥ |
| بیبلیۆگرافیا | ٥١٣ |